حکومەتی هەرێمی کوردستان– عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان/ بەشی زمانی کوردی

# کاریگەری بەیاننامەی ئەدەبی لەسەر ڕەخنەی کوردی

نامەیەکە

کۆسار ابوبکر حسین

پێشکەشی بەشی زمانی کوردی–کۆلێجی زمان– زانکۆی سلێمانی کردووە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

بە سەرپەرشتی

پ.د.عەلی تاهیر حسین

٢٧٢٣ کوردی

٢٠٢٣ زاینی

ئەم نامەیە: (( کاریگەری بەیاننامەی ئەدەبی لەسەر ڕەخنەی کوردی )) بە سەرپەرشتی و چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

ناو : پ. د. عەلی تاهیر بەرزنجی

ڕۆژ : ١٦ / ١ / ٢٠٢٣

بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

ناو: پ. ی. د. محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی کوردی

ڕۆژ : ٢٣/ ٢ / ٢٠٢٣

ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە شایەنی ئەوەیە بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

ناو : پ. ی. د. هاوژین سلێوە عیسی

ئەندام

ڕۆژ : ١٦/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو : پ. د. ئیدریس عەبدوڵڵا مستەفا

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ : ١٦/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو: پ. ی. د. سەبور عەبدولکەریم حمەکریم

ئەندام

ڕۆژ : ١٦/ ٤/ ٢٠٢٣

ناو: پ. د. عەلی تاهیر حسین

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ : ١٦/ ٤/ ٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەند کرا.

ناو : پ. د. شاخەوان جەلال حاجی فەرج

ڕاگری کۆلێجی زمان

ڕۆژ : ٣/ ٥/ ٢٠٢٣

پێشکەشە بە :

– بە هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، لەگشت قۆناغەکانی خوێندنمدا، زانستیان پێداوم و پاڵپشتییان کردووم.

– بە گیانی پاکی، دایک باوکی کۆچکردووم.

– بە هاوسەری ئەزیزم، بە کورە تاقانەکەم کۆشەن.

– بە هەموو خوشک و براکانم.

– بە هەموو ئەدەب دۆستان و ئەوانەی سوود لەم توێژینەوەیە دەبینن.

## سوپاس و پێزانین :

سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەم بەڕێز و لایەنانەی خوارەوە دەکەم :

– سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی و ڕاگرایەتی کۆلێجی زمان و بەشی زمانی کوردی.

– بەڕێز مامۆستای سەرپەرشتم (پ. د. عەلی تاهیر بەرزنجی)، کە بەدڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم نامەیەی گرتە ئەستۆ و بەڕێنمایی و سەرنجەکانی خۆی نامەکەی دەوڵەمەند کرد.

– فەرمانبەرانی کتێبخانەی کۆلێجی زمان و کتێبخانەی ناوەندی زانکۆ.

– هەموو ئەو بەڕێزانەی  هاوکاریان کردووم، بەتایبەت لە ڕووی سەرچاوەوە، یاخود ئەگەر بە وشەیەکیش بووبێ.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە :


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ١–٢ |
| بەشی یەکەم: زاراوە و چەمک و پێناسەی بەیاننامەو گرنگییەکەی | ٣–١٩ |
| یەکەم : زاراوەی بەیاننامە | ٣ |
| دووەم : چەمکی بەیاننامە | ٤–٥ |
| سێیەم: پێناسەی بەیاننامە | ٥–٦ |
| چوارەم: گرنگی بەیاننامە | ٧–١٩ |
| بەشی دووەم: بەیاننامە دەرەکییەکان | ٢٠–٦٤ |
| یەکەم: بەیاننامەی دادایزم | ٢٠–٣١ |
| ١– سەرەتایەک لە بارەی بەیاننامەکەوە | ٢٠–٢١ |
| ٢– کاریگەری بەیاننامەی دادایزم لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا | ٢٢–٣١ |
| دووەم: بەیاننامەی سوریالیزم | ٣٢–٤١ |
| ١– سەرەتایەک لە بارەی بەیاننامەکەوە | ٣٢–٣٤ |
| ٢– کاریگەری بەیاننامەی سوریالیزم لە ئەدەبی ڕۆژهەلاتیدا | ٣٥–٤١ |
| ١/٢ سوریالیزم لە میسر | ٣٥–٣٧ |
| ٢/٢ سوریالیزم لە عێراق | ٣٧–٣٨ |
| ٣/٣ سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا | ٣٩–٤١ |
| سێیەم : بەیاننامەی ( شعر ٦٩) ی عێراق | ٤١–٦٠ |
| ١– سەرەتایەک لەبارەی بەیاننامەکەوە | ٤١–٤٢ |
| ٢– کاریگەری بەیاننامەی (شعر٦٩) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا | ٤٢–٦٠ |
| ١/٢ گرووپی (ڕوانگە) | ٤٣–٥٢ |
| ٢/٢ گرووپی ( کەرکووک–کفری) | ٥٢–٥٥ |
| ٣/٢ گرووپی پێشڕەو (تەلیعییەکان) | ٥٥–٥٧ |
| ٤/٢ گرووپی ( وێران ) | ٥٨–٦٠ |
| چوارەم: بەیاننامەی (شعر حجم)ی فارسەکان | ٦١–٦٤ |
| ١– سەرەتایەک لە بارەی بەیاننامەکەوە | ٦١–٦٢ |
| ٢– کاریگەریی بەیاننامەی (شعر حجم) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا | ٦٢–٦٤ |
| بەشی سێیەم: بەیاننامە کوردییەکان | ٦٥–١٤٦ |
| یەکەم : بەیاننامە دەستەجەمعییەکان | ٦٥–١١٠ |

| | |
|---|---|
| ١- بەياننامەی گرووپی ڕوانگە | ٦٥-٨٠ |
| ٢- بەياننامەی  گرووپی کەرکوک-کفری | ٨٠-٩٠ |
| ٣- بەياننامەی گۆڤاری پڕۆژە | ٩٠-٩٦ |
| ٤- بەياننامەی گرووپی وێران | ٩٦-١٠٣ |
| ٥-  پڕۆژەی برادەرانی زناک | ١٠٣-١٠٥ |
| ٦- بەياننامەی بزاڤی تەغريبی | ١٠٦-١٠٩ |
| ٧- بەياننامەی دەستپێکردن | ١٠٩-١١١ |
| دووەم : بەياننامە تاکەکەسييەکان | ١١٢-١٤٦ |
| ١- ئەنوەر مەسيفی | ١١٢-١٢٣ |
| ٢- سەباح ڕەنجدەر | ١٢٣-١٣٣ |
| ٣- کەريم دەشتی | ١٣٤-١٤٢ |
| ٤- ئەحمەدی مەلا | ١٤٣-١٤٧ |
| ئەنجامی توێژينەوەکە | ١٤٨-١٤٩ |
| ليستی سەرچاوەکان | ١٥٠-١٥٥ |

## پێشەکی :

دەرکردنی بەیاننامە، کاریگەری خۆی لەسەر پێشخستن و فراوانکردنی بواری ئەدەبی و ڕەخنەیی هەیە، کە تیایدا پرەنسیپ و هێڵە گشتییەکانی نوێگەری دیاریدەکرێت، لە ئەدەبیاتی جیهانی و ناوچەیی و کوردیشدا، بەیاننامەکان کاریگەری خۆیان هەبووە، ئاسۆی بیری خوێنەریان فراوانتر کردووە. چونکە هەمیشە کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر( وەرگر )خاڵیکی جەوهەرییە، بەیاننامەش ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لەنێوان دەق و وەرگردا، لەگەیاندنی پەیام و هێما شاراوەکانی دەق بە وەرگر، دەبێتە پردێکی پەیوەندی بەهێز لەنێوانیاندا، بەتایبەت بۆلێکۆڵەر و ڕەخنەگری دەق، چونکە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی دەق پێویستی بە تێگەیشتنی درووست هەیە. بەیاننامەش تێگەیشتن فراوانتر دەکات.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دەرخستنی کاریگەری بەیاننامە دەرەکی و کوردییەکان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی. توێژینەوەکەشمان بەسەر سێ بەشدا دابەشکردووە، بەشی یەکەم کە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە لەخۆدەگرێت، بریتییە لە( چەمک و زاراوە و پێناسەی بەیاننامە، لەگەڵ خستنە ڕووی گرنگی بەیاننامە). بەشی دووەم لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکەیە، بریتییە لە کاریگەری (بەیاننامە دەرەکییەکان)، هەرچی بەشی سێیەمیشە بریتییە لە کاریگەری بەیاننامە (دەستە جەمعی و تاکەکەس)یە کوردییەکان لەسەر ڕەخنەی کوردی. لەکۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکەمان بە هەر سێ زمانی (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) خستووەتەڕوو.

## میتۆدی توێژینەوەکە :

لەم توێژینەوەیەدا، میتۆدی (وەسفی شیکاری)مان بەکار هێناوە، کەرەستەی توێژینەوەکەش، بریتییە لە بەیاننامە( دەرەکی و کوردییەکان) و بەرهەمی هەندێک لەشاعیرانی سەر بەو گرووپە نوێخوازە ئەدەبییە کوردییانەی بەجۆرێک لەجۆرەکان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئەوبەیاننامانەوە.

## سنووری توێژینەوەکە :

لەسنووری کارکردنی توێژینەوەکەماندا، ئەو بەیاننامانەی کارمان لەسەر کردوون، سێ ئاست لەخۆ دەگرێ. ئەویش ئاستی ( جیهانی ، ناوچەیی ، ناوخۆیی)یە. لەسەر ئاستی جیهانی هەردوو بەیاننامەی (دادایزم و سوریالیزم) و لە ئاستی ناوچەییشدا، بەیاننامەی ( شعر٦٩)ی عێراقی و بەیاننامەی (شعر حجم)ی فارسییە. لە ئاستی ناوخۆیی "بەیاننامە کوردییەکان"یش، ئەو بەیاننامانە لەخۆدەگرێ، کە لە ساڵی (١٩٧٠–٢٠٢٠) لەباشووری کوردستان، لە ئاستی گرووپ و تاکەکەسیداو بەشێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، توانیویانە بە جۆرێک لەجۆرەکان کاریگەری خۆیان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی بەجێ بهێڵن.

## گرفتی توێژینەوەکە :

هەموو توێژینەوەیەک لە ئەنجامی بوونی گرفتێکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەم گرفتەش دەبێتە هۆکارو پاڵنەرێک بۆ ئەوەی توێژەر ( توێژینەوە) ئەنجام بدات . ئەو گرفتەی لای ئێمەی توێژەریش بۆتە جێگەی پرسیارو بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە و چارەسەری ئەوگرفتەدا بگەڕێین، ئەوەیە، کە بەیاننامەی ئەدەبی چییە؟ گرنگی چییە لەبواری ئەدەب و بەتایبەتیش لەبواری ڕەخنەییدا، ئەو بەیاننامە جیهانی و ناوچەیی وکوردیانە کامانەن، کە کاریگەریان لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەبووە، ئەگەر کاریگەرییان نەبووە هۆکارەکەی چییە؟.

## ئامانجی توێژینەوەکە :

دەرکردنی بەیاننامە، کاریگەری خۆی لەسەر ئەدەبیات و ڕەخنەی ئەدەبی هەیە، کە تیایدا پرەنسیپ و هێڵەگشتییەکانی نوێگەری دیاریدەکرێت. لە ئەدەبی جیهانی وناوچەیی و کوردیشدا، بەیاننامەکان کاریگەری خۆیان هەبووە، مەیدانی بواری ڕەخنەیی و بیری خوێنەریشیان فراوانتر کردووە.

## گرنگی توێژینەوەکە :

بەیاننامە، بابەتێکی کاریگەرە، بەتایبەت لە بواری ڕەخنەییدا، توێژینەوەی ئەکادیمی لەسەر نەکراوە، بەتایبەت بەیاننامە کوردییەکان ،لە ناویشیاندا بەیاننامە تاکە کەسییەکان . بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە کاریگەری ئەو بەیاننامانە لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخەینەڕوو.

## یەکەم : زاراوەی بەیاننامە

بەیاننامە (مانیفێست): لەڕووی زاراوەییەوە، مێژوو و بنچینەی ئەم وشەیە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی ئیتاڵی، دواتر هاتۆتە ناو زمانی فەرەنسی و لە وێشەوە بۆ زمانەکانیتر گوازراوەتەوە. ( بنچینەی ئەم وشەیە (manifest) یاخود (manifesto) دەگەڕێتەوە بۆ وشەی (manifestus) ی لاتینی، کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەزمانەکانی فەرەنسی و ئیتاڵییەوە هاتۆتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە، یاخود دەکرێت لەڕێگەی دەقەکانەوە ڕاستەوخۆ هاتبێتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە، کە لە هەردوو وشەی (manus) بە واتای "دەست" و (festus) بە واتای "لێدان" پێکهاتووە.)(ابادی، ١٣٩٤، ٦٦)

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ( واتا سەرەکییەکەی " manifesto" "نووسینی ئاشکراو دەستنووس" کە لە "manifest" ی ئەمڕۆ کەمتر بەکاردێت و واتاکەشی لێوەی نزیکە، بەواتای بەڵگەو دەقی ڕوون و بەرچاو دێت. هەر بەم واتایەشەوە مانیفێست هاتۆتە ناو زمانی فارسییەوەو فەرهەنگنووسان وشەی (بیانیە) یان لەبەرامبەریدا داناوەو چەندین پێناسەیان بۆ کردووە.)(ابادی، ١٣٩٤، ٦٦)

لە زمانی عەرەبیشدا وشەی "البیان" بەشێوە گشتییەکەیی و "البیان الادبی" لەبواری ئەدەبدا لەبەرامبەر "manifest" یاخود "manifesto" بەکاردێت، بۆنموونە لە کتێبی " البیانات السوریالیة"ی اندریە بریتۆن"" کە( صلاح برمدا) وەریگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی و( نبیل الحفار) لەبابەتێک بەناونیشانی "البیان الادبی" دا وشەی "البیان"یان بەکارهێناوە.

هەر لەڕووی زاراوەییەوە لەزمانی کوردیدا لەبەرامبەر "manifest"دا (بەیاننامە)،(بانگەواز) یاخود (پەیام) یان (ڕاگەیەنراو) بەکاردێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی "بەیاننامە" بەربڵاوترە لەبەکارهێناندا، بۆنموونە هەریەک لە دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی لە نامەی ماستەرەکەیدا بەناونیشانی "کاریگەری ڕوانگە لەنوێگەری شیعری کوردیدا " و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا لەبابەتێکی ئەدەبیدا بەناونیشانی " خوێندنەوەیەک بۆ بەیاننامەی شیعری( داکار)دا وشەی " بەیاننامە " یان بەکار هێناوە، هەوەها (ئازاد حەمەشەریف) لەهەڤپەیڤینێکی گۆڤاری "ڕامان " ژمارە(١٣٦) ی ساڵی ٢٠٠٨ دا زاراوەی " بانگەوازی بەکارهێناوە.

هۆکاری ئەوەی کە زیاتر لە زمانی کوردیدا (بەیاننامە) بەکاردێت، دەگەڕێتەوە بۆ گاریگەری زمانی عەرەبی بەسەر زمانی کوردییەوە، چونکە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، شاعیران و نووسەرانی کورد زیاتر کەوتبوونە ژێر کاریگەری شاعیرو نووسەرانی نوێخوازی عەرەب و زمانی عەرەبییەوە بۆیە زاراوەی ( بەیاننامە) لە (البیان)ی عەربییەوە وەرگیراوە.

دووەم : چەمکی بەیاننامە

چەمکی بەیاننامە، جگە لە ئەدەب، بوارەکانی تری وەکو (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئاینی، زانستی،...هتد) لەخۆدەگرێت، کە پرەنسیپ و بیرۆکە و شێواز و ستایلی کارکردنی تایبەت بەهەریەک لەو بوارانەی تیادا دەخرێتەڕوو. جا ئەو بەیاننامەیە بەشێوەی تاکەکەسی بێت یاخود دەستەجەمعی. بۆیە دەکرێت لە دوو ڕووەوە ئاماژەی پێبدەین. ئەویش لەڕووی گشتی و لەڕووی ئەدەبییەوە.

١- چەمکی بەیاننامە لەڕووە گشتییەکەیەوە : ئەگەر لە ڕووە گشتییەکەیەوە باس لە چەمکی بەیاننامە بکەین (( وشەی " سوریالیزم " یەکەمجار لەلایەن گیوم ئاپۆلینر- ەوە بەکار هاتووە و ناوی شانۆنامەیەکی خۆی بووە، بە ناونیشانی " Les Mamelles de Tirelas-١٩١٦ " و بە " درامایەکی سوریالیست " ی ناو بردووە. هەڵبەتە کە ئەو زاراوەیە یان ئەو وشەیەی بەکار هێناوە بەو مەبەستە نەبووە کە بیکات بە بناغەی ئەو قوتابخانە تازەیەی کە ئێستا باسی دەکەین، بەڵکو دەیویست بەم وشەیە جۆرە شیعرێکی خەیاڵی و فانتازی بێ وێنە نیشان بدات. ئیدی ئاندریە بریتۆن فیلیپ سۆپۆ ئەم زاراوەیان لا ئاپۆلینر- ەوە وەرگرت، بەڵام بەم مەبەستە نا کە لاسایی ئەو بکەنەوە، بەڵکو مەبەستیان لەم وشەیە هەمان چالاکی دەروونی و ئەقڵی خەون ئاسا بووە کە ڕۆژانێک ژراردو نرڤال پێی دەگوت " سوپەر ناتورالیزم " ))(حسەینی، ٢٠١٨، ٢٣٨) واتە زاراوەی بەیاننامە ( مانیفێست) بەر لەوەی بێتە ناو بواری ئەدەبییەوە ، زیاتر لە ناو سیاسەتدا بەکارهاتووە، کە تیایدا حزبێک یان گروپێکی سیاسی بەرنامەو ئامانجی کاردکرنی خۆیانیان تێدا بەیان کردووە.

٢- چەمکی بەیاننامە لەڕووی ئەدەبییەوە : دواتر ئەم زاراوەیە تەنها لەچوارچێوەی سیاسەتدا نەمایەوەو هاتە ناو ئەدەبیاتیشەوە، (مانیفێست لەبواری ئەدەبی و هونەریدا بۆ یەکەمجار ژان مۆراس، بەبڵاوکردنەوەی " مانیفێستی سیمبولیزم " لەساڵی(١٨٨٦)ز دا، لەڕۆژنامەی نیگارۆ بەکاریهێنا. دوای ئەویش نەریتی مانیفێست نووسین بوو بەتایبەتمەندییەکی جیهانی مۆدێرن و پۆستمۆدێرن، قوتابخانەکانی وەکو فۆتۆریزم و دادایزم و سوریالیزم ...تاد، بەبڵاوکردنەوەی مانیفێستی تایبەت بەخۆیان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکانیان خستەڕوو.)(ابادی، ١٣٩٤، ٦٨، ٦٩)

هەروەها " مانیفێست " لە پەیامە ئاسمانییەکانیشدا بەکار هاتووە چونکە( ئەم وشەیە واتای مەزهەبیش لەخۆ دەگرێت، بەجۆرێک، کە لە دەقە وەرگێڕدراوە مەزهەبییەکانی زمانی ئینگلیزیدا، زۆر بەکار هاتووەو هەر چواردۆخەکەش لەخۆدەگرێت کەپێشتر ئاماژەمان پێداوە، لە بەناوبانگترین پەیامە وەرگێڕدراوەکانی وەکو " تەورات، ئنجیل " ٣٩ جار و لە کۆنترین وەرگێڕدراوی دەقی قورئانی پیرۆزدا بۆ زمانی ئینگلیزی ١٠٥ جار بەکار هاتووە) (ابادی، ١٣٩٤، ٦٦ ). لێرەوە دەکرێت بڵێین: کە پەیامە ئاسمانییەکانی وەکو " قورئان ، ئنجیل ، تەورات،... هتد " باشترین و کاریگەرترین جۆری

بەیاننامەن، کە خودای مەزن بەرنامەو کاری خۆی سەبارەت بە درووستکراوەکانی، بەتایبەت مرۆڤ خستووەتەڕوو، تا بەرچاوڕۆشنبن لە ژیانکردن و بەرەوپێشبردنی ژیانی دنیایی و خۆ گونجاندن و پەیبردن بە سەرجەم درووستکراوەکانیتر، هەروەها ئاگاداربوون لەدنیای دیکەو، لەوەش کەکۆتایی و ئاخیرەتی مرۆڤ بەرەو کوێیە.

## سێیەم: پێناسەی بەیاننامە

بەیاننامە، بەگشتی و لەئەدەبدا بەتایبەتی، بەشێوازی جۆراوجۆر پێناسەی بۆکراوە؛ کە لەخوارەوە هەندێک لەو پێناسانە دەخەینەڕوو .

١- ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی پێناسەی بەیاننامە(manifest) بکەین : ((نووسراوێکە، کە گروپێک یان حیزبێک، بۆچوونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئاینی، فەلسەفی و ئەدەبی خۆیان ڕادەگەیەنن.)) (ابادی، ١٣٩٤، ٦٦)، یاخود بەجۆرێکیتر بەیاننامە: (( بەڵگە نامەیەکە، کە حیزبێکی سیاسی بڵاوی ئەکاتەوە، لەم بەڵگەنامەیەدا ئەو بەرنامەو ئامانجانەی کە دوای وەرگرتنی دەسەڵات دەیگرێتەبەر ڕوون دەکاتەوە، مانیفێست زیاتر ڕێکەوتنی نێوان گروپەکانی ناو حیزب ڕادەگەیەنێت و بەواتای بەرنامەیەکی تەوافوقی دێت))(ابادی، ١٣٩٤، ٦٦، ٦٧)

هەروەها سمکۆ محەمەد بەمجۆرە پێناسەی بەیاننامە دەکات و دەڵێت: ((مانیفێستۆ ئەو ڕاگەیاندراوە یە کە هەم لەنێو سیاسەت و هەم لەنێو ئەدەبیاتیشدا مێژووییەکی هەیە، ئەوەی کە لەنێو سیاسەتدا هەیە بریتی یە لە ئیدیۆلۆژیا و کێبەرکێی سیاسی، یان ڕاگەیاندنی فکرێکی نوێ، یان سیاسەتێکی نوێ، ئەوەش کە لەنێو ئەدەبدا هەیە بریتی یە لەکۆمەڵێک فکری جیاواز لەسیاسەت، بەڵام چونیەک لەفۆرمی ئەدەبی. لەهەردوو بارەکەشدا بەکارێکی دیکۆمێنتی ئەژمار دەکرێ.))( محەمەد: ٢٠٢٠،٥٥)

٢- پەیوەست بە ئەدەبیشەوە نووسەران بەم جۆرە پێناسەی بەیاننامەیان کردووە.

نبیل الحفار، بەم جۆرە پێناسەی بەیاننامەی کردووە (البیان الادبی- The Literary Manifesto) :((مانیفێستی ئەدەبی زاراوەیەکە کە چەمکی گشتی بەیاننامەیەک دەبەستێتەوە بە واتای بەیەنامەیەک بە بواری ئەدەبەوە، گوزارشت لەڕاشکاوی بەرنامەیەکی نووسراو و بڵاوکراوە دەکات لەسەر بیرۆکەو مەبەست و ئامانجەکانی نووسەرێک یان کۆمەڵە نووسەرێک یان تەوژمێکی ئەدەبی، لەڕووی گرنگی ئەدەب و جوانیناسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی. کەدەکرێت بەیاننامەکە شێوەی وتارێک، شیعر، وتار، پێشەکی بۆ کاری ئەدەبی داهێنەرانە یان لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری وەربگرێت و لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیدا بابەتی گفتوگۆبێت.))( الحفار، ٢٠١١، لینک)

یاخود بژار حەکیم لەبارەی بەیاننامەوە دەڵی: (( ئامانجی سەرەکی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەو مانیفێستی ئەدەبی تایبەتن بە دیاریکردنی ڕێچکەو ستایلی ئەو نووسیارانەی لەڕێگەی بەیاننامەوە زمان و ستایلی کارکردنیان لە ئەدەبدا ڕاگەیاندووە.))(بژار حەکیم، ٢٠١٦، لینک)

یاخود کامل عوید العامری، بەم جۆرە پێناسەی بەیاننامە–البیان manifest دەکات و دەڵێ: ((پێشاندانێکی تیۆرییە، بەشێوەی ڕاگەیەندراوێکی نووسراوە کە بزوتنەوەیەک، یان حیزبێک، ئاڵا هەڵگری دەبن و لەدەوری کۆدەبنەوەو هزرو دیدو بۆچوونی خۆیانی تێدا بڵاودەکەنەوە، وەک بەیاننامەی شیوعی کارل مارکس و بەیاننامەی سوریالی کە ئەندرییە بریتۆن نووسیویەتی، بەشێوەیەکی گشتی بەیاننامە ڕاگەیاندنێکی گشتییە، لەبواری ئەدەبیشدا نووسەر هێڵەگشتی وپرەنسیپەکانی دەخاتە ڕوو))( العامری، ٢٠١٨، ٢١٩)

بەیاننامەی ئەدەبی (البیان الادبی–The Literary Manifesto)زاراوەیەکە بە دوو مانا دێت، یەکەمیان بە مانا باوەکە دەربڕین دەگەیەنێت، لە ئەدەبدا بەیاننامە بریتییە لە بەرنامەیەکی نووسراو مەبەستی دیاریکراوی نووسەرێک، یان کۆمەڵە نووسەرێک لەبارەی ڕەوتێکی ئەدەبییەوە دەردەبڕێت..)(بەرزنجی،٢٠٢٣، ٦٥)

ئەوانەی سەرەوە کۆمەڵێک پێناسەی (بەیاننامە ) بوون، چ لە بواری ئەدەبداو چ لەدەورەی ئەدەبدا خستماننە ڕوو ، لەهەردوو بارەکەشدا بەیاننامە دەرکردن بە مەبەستی گەیاندنی بیرو بۆچوون و ئایدیاو ئامانجی کارکردنی نووسەرە. جا بە شێوەی( کۆ) بێت یان تاکەکەسی. هەر لەچوارچێوەی ئەو پێناسانەدا، بەپشتبەستن بەو ڕوونکردنەوانەی لەم بارەیەوە خراونەتەڕوو دەکرێت بڵێین: مانیفێست بە دەقێک ناوببرێت کە کۆمەڵێک بیرۆکەو شێوازو ئایدیای سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری و...یە، کە تاک یان کۆمەڵێک واژۆیان کردبێت و لەسەری ڕێکەوتبن و لەڕووی وشەکەشەوە واتای "بەرچاوڕوونی و خستنەڕوو" بگەیەنێت

بەر لەوەی بچینە سەر گرنگی  بەیاننانە  بە پێوستی دەزانین کورتەیک لە مێژووی دەرکەوتن و سەرهەلدانی بەیاننامە بخەینەڕوو.

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژووی ئەدەبی لەجیهاندا، دەبینین کە سەرەتاکانی سەهەڵدانی  بەیاننامە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی شانزە(( لەسەدەکانی ناوەڕاستدا پەیوەندی بوون بەهونەرەوە لەئاستێکی دووردا بووەو چەمکە ڕەسەنایەتییەکان بوونی نەبووە، بۆیە زۆرجار هونەرمەند، نەیتوانیوە گوزارشت لەدیدو بۆچوونەکانی بکات، بەیاننامە دەرکردن لەسەردەمانێکی تازەدا هاتۆتە کایەوە، بەیاننامەی "دوبیلی"  لەساڵی ١٥٤٩ز دەربارەی داکۆکی کردن و ڕوونکردنەوەی زمانی فەرەنسی، بەیەکەم بەیاننامە ئەژمار دەکرێت. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا بەیاننامە دەرکردن گەیشتە ئاستێکی باڵا، بەتایبەت ئەوە سەردەمەی کە ڕەخنەی ئەدەبی بووە ڕەگەزێکی سەرەکی ئەدەب. هەندێ جاریش، پێشەکی نووسین، ڕۆڵی بەیاننامە دەبینێ، وەک ئەو پێشەکیانەی "ڤیکتۆر هۆگۆ" ساڵی ١٨٢٦ز بۆ کروموێل و، ئەوەی "بەلزاک" یش ساڵی ١٨٤٢ز بۆ نووسەری کۆمیدی "کۆمیدیای مرۆڤایەتی" نووسیویانە))(العامری: ٢٠١٨، ٢١٩)

دوای ئەوەی کە بەیاننامەدەرکردن بەناو ئەدەبیاتی ئەورووپیدا بڵاو بووە، ئەدەبیاتی ئینگلیزیشی گرتەوە و زۆرێک لە شاعیرانی سەر بەو ئەدەبە بەیاننامەی خۆیان نووسی. ((لەمێژووی ئەدەبی ئینگلیزیدا زۆر شاعیر مانیفێستی ئەدەبییان بڵاوکردۆتەوە. بۆنموونە هەردوو شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی"ولیام وێردسوۆرس" و "ساموێل تایلەر کۆلدێرج" ساڵی (١٧٩٨) "پێشەکی بۆبەستەی لیریکی" یان نووسی، کە بە"مانیفیستی شیعری ڕۆمانسی" لە ئەدەبی ئینگلیزی دەدرێتە قەڵەم، بەڵام ئەوان ڕێچکەیان بۆ شیعری ڕۆمانسی ئینگلیزی دیاریکرد، نەک تەنیا بۆ شیعرەکانی خۆیان، هەربۆیەش ئەو مانیفێستەی ئەوان بووە هۆی گۆڕینی ڕێچکە و ئاراستەی شیعری ئینگلیزی. جگە لەمەش " ساموێل تایلەر کۆلدیرج " ساڵی (١٨١٧) "بایۆگرافیای ئەدەبی" نووسی کە ئەویش مانیفێستێکی شیعری ڕۆمانسسیەو دەرکەوتن و ئاکار و خوڵقاندنی شیعری ڕۆمانسی بەڕوونی دەستنیشان دەکات) (حەمەشەریف، ٢٠٠٨، ٤١)

لەدوای ئەمانیشەوە، بەیاننامە دەرکردن لە بواری ئەدەبیدا تا دەهات بەرەوپێشتر دەچوو ، تا ئەوکاتەی((یەکەمین هەوڵ بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی ئەدەبی جیهانی بە نووسینی مانیفێست، لەساڵی ١٨٨٦ز لەلایەن (ژان مورئاس) بۆ بڵاوکردنەوەی (مانیفیستی سەمبۆلیسم) لە ڕۆژنامەی فیگارۆ ڕوویدا. بەدوای ئەو مانیفێستگەلی ئەدەبی وەکو فۆتۆریسم، دادائیسم، سوررئالیسم و... نووسران. بێگومان هەلومەرجیک کە ڕۆژئاوا تێیدا بەسەری دەبرد لە بەدیهاتنی ئەو مانیفێستانە کاریگەری هەبوو، ئەم دۆخە مێژووییەی ڕۆژئاوا بەئاشکرایی لەدەقی هەریەک لەو مانیفێستۆیانە بەدیدەکرێت))( محەمەد پور، ١٣٩٥، online)

لێرەوە بۆمان دەردەکەویت، کە لەپێش بوونی بەیاننامەوە زۆرجار پێشەکی ڕۆڵی بەیاننامەی بینیوە، بەڵام پێشەکی نەیتوانیوە بەتەواوی ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە بەیاننامە لە بەیانکردنی بیرۆبۆچوون ئامانجی نووسەردا دەیگێڕیت،چونکە بەیاننامە فراوانترو وردتر ڕێچکەو ستایلی نووسەر دەخاتەڕوو، هەرچەندە لەدوای هاتنە کایەی بەیاننامەشەوە پێشەکی بوونی هەرماوە، بەڵام لە ئێستادا هەریەکەیان ئەرکی خۆی بەجێدێنت.

## چوارەم: گرنگی بەیاننامە

لێرەوە گرنگی بەیاننامە بە چەند خاڵێک دەخەینەڕوو

### ١- ڕۆڵی بەیاننامە لەگەیاندنی ئامانج و شێوازی کارکردنی نووسەر

لەم چوار چێوەیەدا بەیاننامەکانیش بەگشتی دوو جۆرن

#### ا- بەیاننامەی تاکە کەسیی

بەیاننامە تاکەکەسییەکان، لەئەزموونی تاکەکەسی نووسەرخۆیەوە دەستپێدەکات. کاتێک دەیەوێت لەڕێگەی بەیاننامەکەیەوە، بنەما فکرییەکانی بخاتەڕوو و هێماو ڕمووزە شاراوەکانی ناو دەقەکەی بگەیەنێتە خوێنەر و شێواز و بەرنامەی کارکردنی ڕوون بکاتەوە. هەروەک سەباح ڕەنجدەر دەڵێت: (( وەک پرۆژەیەک مانیفێستی شیعری خۆم ڕاگەیاند، بۆ ئەوەی ئەم ڕاگەیاندنە ببێتە پاڵپشت و تیشکۆ بۆ ئەزموونی شیعریم. مانیفێست و خۆ ڕوونکردنەوە، پەنجەمۆر و ڕوانینی تایبەتی نووسەرن، بەکەرەستەیەکی خەملیو و ئەزموونێکی ڕاستەقینەوە بەرانبەر نووسین و ئاسۆی چاوەڕوانی نووسین.))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٧٤، ٧٥)

هەر لەبارەی گرنگی بەیاننامەوە د.عەلی تاهیر بەرزنجی دەڵێ: ((دەرکردنی بەیاننامە شتێکی ئاساییە، تێیدا چەند جیهانبینییەک دەخرێتە ڕوو، سوریالییەکان، عەرەب و فارس، چەندین بەیاننامەی ئەدەبیان بڵاو کردۆتەوە، کوردیش بەیاننامەی ڕوانگەو گروپی کفری هەبووە، ئەمەش زۆرجار لەلایەن کۆمەڵێک نووسەرەوە دەردەچێت، وەک ڕوانگەو ٦٩ی عێراقی و حەجم گەرایی فارسی، هەندێ جاریش، لەلایەن تاکە نووسەرێکەوە دەردەچێت، ئەمە لای خۆمان، لای سەباح ڕەنجدەرەوە دەبینرێت، هەروەها لەساڵی ١٩٩٢دا لەگۆڤاری " پرۆژە " کۆمەڵێک نووسەر، لەوانە " عەبوڵڵا تاهیر بەرزنجی، سەلاح پاڵەوان، محەمەد ئەمین "و چەند کەسێکیتر، بەیاننامەیەکی ڕەخنەییان بڵاو کردۆتەوە، کاریگەریخۆی لەسەر تیۆرەکانی ڕەخنە بەجێ هێشتووە.))(بەرزنجی، ٢٠٢٠، ٢٥٣، ٢٥٤)

زۆرجار چالاکییە ئەدەبییەکان لەسەرئاستی تاکەکەسی ئەنجام دەدرێن؛ مەبەستیانە بە دیدو بۆچوونە تایبەت و جیاوازەکانیان ئەدەب لەقۆناغی پێشووەوە بەرەو قۆناغی نوێ ببەن و پێشی بخەن. بۆ ئەم مەبەستەش، بەیاننامە دەکەنە بنەمایەک بۆ دەستپێک و دەرخستنی ئەو بیرو بۆچوون و پرۆگرامە جیاوازانەی کە دەیانەوێت کاری لەسەر بکەن. چونکە "بەیاننامە" ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەبینێت لەبەیانکردن و خستنەڕووی بیرۆکەو شێوازو ستایلی کارکردنی نووسەرێک یان کۆمەڵە نووسەرێکی سەر بەو بزووتنەوە نوێیە.

## ب- بەیاننامەی دەستە جەمعی

هەرچی بەیاننامەی دەستە جەمعیشە، کۆباسی ناوەندی ڕۆشنبیری گشتییە کە زیاتر کار دەکاتە سەر ناوەندی ڕۆشنبیری سەرەدەمەکەی خۆیی و دوای خۆشی. زۆرجار ئەرکی ئەدەب و ڕۆشنبیری لە ئەرکی تاکەکەسی دەردەچێت و دەبێتە ئەرکی گروپی و دەستە جەمعی، کە ئەم گروپەش کۆمەڵە کەسێکی ئەکادیمی و خاوەن ئەزموون لەخۆدەگرێت و بە بۆچوونێکی هاوبەش ئەو ئەرکە ئەدەبیەی خۆیان لەڕێگەی بەیاننامە دەرکردنەوە جێبەجێ دەکەن و بەرنامەو شێوازی کارکردنی خۆیان دەخەنەڕوو، کارو چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی خۆیانی تێدا بەیان دەکەن. ئەگەر نووسەرو ڕۆشنبیر لەسەر ئاستی تاکدا بتوانێت لەڕێگەی ئەدەبەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا بەجێبهێڵێت. ئەوا بێگومان ئەو کاریگەرییە لەسەر ئاستی گرووپ و بەشێوەی دەستە جەمعی زیاتر دەبێت. ((بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکان هەوێنی درووستکردنی کۆی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری گشتین. بریتین لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەکەسێک کە دەیانەوێت بۆ کارەکانیان سەربەرزانە بژین و کاربکەن. ڕێبازێکی هاوبەشیان هەیە بەشێوازێک و زمانێکی لەیەکتر نزیک دەنووسن " . هەروەها ئەم بزووتنەوانە خاوەنی " یەکێتییەکی فکری و ئەدەبی و پرۆگرامی هاوبەشن ". بەردەوام بزووتنەوە ڕۆشنبیرییەکان سیمای کۆمەلگا پێشکەوتووەکانەو تایبەتمەندێتی قۆناغێکی گەشەی مێژووییە کە تێیدا مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕەی چیتر جووڵە تاکەکەسییەکان ناتوانن گۆڕان درووست بکەن و کارتێکەری بەجێبهێڵێت، بۆیە بیر لە درووستکردنی هێزێکی گەورەتر دەکەنەوە بۆدرووستکردنی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا، لەم کۆمەڵگا هاوچەرخانەدا مرۆڤ هەمیشە لەبری ئازادی خۆی دایەتی و دەیەوێت لەڕێی ئەم سەربەستییەوە لە لاسایيکاريی ڕزگاری بێت.))( میره : ٢٠١٢، ٢٩، ٣٠). بزووتنەوە ئەدەبیەکان زۆر جار لەکۆمەڵە نووسەرێک یان شاعیرێک پێکدێن، کە ڕێبازێکی هاوبەش کۆیان دەکاتەوەو بەشێوازێک و زمانێکی نزیک لەیەک دەنووسن، واتە خاوەن یەکێتییەکی فکری و ئایدیایی و پرەنسیپی هاوبەشن. ئەمانیش بەهەمان شێوە بەیاننامە دەکەنە بنەمایەک بۆ گەیاندنی ئەو شێوازو فکرە هاوبەشەیان. بەڵام بە بۆچوونی ئێمە، زۆرجار دەکرێت پێچەوانەکەی ئەم بۆچوونەی ( میره) ڕاستبێت. چونکە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا نموونەی چەند بزووتنەوەو گرووپێکمان لە ڕبردوودا

هەبووە، کە  بەهۆی ناکۆکی فکری و جیاوازی لە ئەدای کارکردنیاندا، گرووپەکەیان هەڵوەشاوەتەوەو ، لە ئاستی تاکە کەسیدا کاریان کردووە، لەوانەش، هەردوو گرووپی پێشڕەو ( تەلیعییەکان) و گرووپی (وێران).

## ٢– گرنگی بەیاننامە لە داهێناندا

نوێگەری و داهێنان بەو واتایەیە، کە نووسەر  هەوڵدەدات کۆن بگۆڕێت بە تازە، بەسوود وەرگرتن لەڕابردوو کار لەسەر ئێستا دەکات و هەنگاو بەرەو داهاتووش دەنێت، مەبەستییەتی ئەوەی لەڕابردوودا نەکراوە بیکات، یاخود ئەوەی کراوەو تەواو نەکراوە ئەم تەواوی بکات. نوێگەری دەکرێت تەواوکەر و درێژەپێدەری پێش خۆی بێت  لەچوارچێوەی گۆڕانکاری و داهێنانی تازەدا،  هەموو ئەمانەش لەناو کار و بەرهەمی ئەدەبی نووسەردا دەکرێن، زۆرجار دەکرێت ئەم داهێنان و گۆڕانکارییەش بەشیعر بێت((... ژیان پڕییەتی لەشتی پێچەوانە و هاودژ و ناماقووڵ، شیعریش لەڕێگەی بەدوادا گەڕان و خوڵقاندنی کۆدو هێمای نوێوە، دەکرێ هەموو ئەو شتە هاودژو پێچەوانەو ناماقووڵانە لەنێو هەناوی کۆد و هێماکانیدا لەخۆ بگرێت، چونکە شیعر نووسینەوەی ژیانە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە..! بۆیە ئاساییە کۆدو هێماکان هەڵگری پرسیارو گومانی جۆراوجۆر بن.))(حەسەن، ٢٠١٨، ٧، ٨) ، هەموو ئەو کۆدو هێما شاراوانەی ناوشیعریش ، پێوستە لە بەیاننامەدا ئاشکرا بکرێن و بخرێنەڕوو بک تا زیاتر ئامانج و مەبەست و تێڕوانینی نووسەر بۆ ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی ڕوون بێتەوە.

زۆرجاریش دەکرێت، داهێنان گۆڕانکاری ڕیشەیی بێت بەواتای ڕەتکردنەوەی سەر لەبەری پێش خۆی بێت. چونکە لەم بارەیاندا نووسەر ئەدەبەکەی پێش خۆی بەجۆرێک لە کۆتوبەند دەزانێت و بەئەدەبێکی سەپاوی دادەنێت،((مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک پڕە لە بەرەوڕووبوونەوەو خوڵقاندن و بەگژاچوونی، فۆڕم و بیرۆکەی جیاوازی نووسەران بۆ دەربازبوون لەگوتار، یاخود شێوازێکی مێژینە کە لە پرۆسەی مێژوویدا بەسەر نووسەر سەپاوە. ئەو بەرەنگارییەو" دژەکلاسیک" بوونی نووسەرانی ئەدەبییە کەبەناوی" نوێخوازی " و " نوێگەری "  لە وێژەدا دێتە ئاراوە. دیارە کە دۆخی تایبەتی مێژوو پێکهێنەری گووتاری زاڵی ئەدەبی دەبێتەوەو نووسەری ئەدەبی ناراستەوخۆ–لەبڕێ جاریش ڕاستەوخۆ–دەچێتە ژێر هێژموونی ئەو گوتارەو دەبێتە ئامرازێک بۆ نواندنی شێوازێکی تایبەت لە ئەدەبیاتدا.))( محەمەد پور، ١٣٩٥، online). بۆ گوزارشتکردن لەم شێوازە تایبەتەشی، نووسەر پێویستی بە هێنانە ئارای بەیاننامەیە، چونکە بەیاننامە دۆخیکی ئاگایی لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی ئەدەب دێنێتە کایەوە، هەروەها دەربڕینی ئەو ئەندێشەو ئایدیا نوێیەی نووسەرە کە پێی

گەیشتووە، ئەمەش دەکرێت ببێتە سەرچاوەیەک بۆ نووسەرانی تر، تا بەرچاوڕۆشنی باشتریان هەبێت لە هەنگاونان بەرەو نوێگەری و داهێنان.

## ٣- گرنگی بەیاننامە پەیوەست بە ڕەخنەوە

هەمیشە کارلێکی نێوان دەق و خوێنەر یان وەرگر خاڵێکی جەوهەرییە، بەیاننامەش ڕۆڵی بەرچاو دەبینێت لەنێوان دەق و وەرگردا لەگەیاندنی پەیام و هێما شاراوەکانی دەق بە وەرگر، دەبێتە پردێکی پەیوەندی بەهێز لەنێوانیاندا. بەتایبەت بۆ لێکۆڵەرو ڕەخنەگری دەق، چونکە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی دەق پێویستی بە تێگەیشتنی درووست هەیە. تێگەیشتن لە دەق دەبێ لەسەرووی ڕواڵەت و شێوەی دەقەوەبێت. بەو واتایەی تێگەیشتنبێت لە هەردوو جەمسەری هونەری و جەمسەری جوانی(( مەبەست لە جەمسەری جوانی دەقی ئەدەبی دۆزینەوەو بەرجەستەکردنی ئەو واتایانەی دەقە، کە خوێنەر یان بیسەر، بۆ دەقەکەی بەدی دێنێ و بەو هۆیانەوە جوانییەک بۆ دەقەکە درووست دەکات))(عەبدوڵلا، ٢٠٢٠، ١٨) جەمسەری هونەریش ، ئەو شێوازە تایبەتەیە کە نووسەر دەقەکەی پێ بەرهەم دێنێت. ئەمەش کاریگەری خۆی دەبێت لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی، چونکە(( ڕەخنەو ڕەخنەگریی، کە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و بڕیارو داوەری لە بابەت شتێکەوە تەنیا پەیوەند بەئەدەبیات نییە، بەڵکو لەزۆربەی شتەکانی تردا پێویستییەکی واقیعی حاڵە، هەروەکو لە فەلسەفەو مێژوو و رەچەڵەک و زمانیش...بریتییە لە ناساندنی چاک و خراپ و جیاکردنەوەی سەرەو ناسەرە لە هەموو هونەرەکاندا لەزۆربەی لقەکانی زانست و زانیاری مرۆڤایەتیدا هەیەو تایبەت بە بەرهەمی ئەدەبییەوە نییە))(حوسێن، ٢٠٢٠، ١٥، ١٧). تێگەیشتنی دەقیش زیاتر لە بەیاننامەدا فەراهەم دەبێ، بۆیە لەنێوان بەیاننامەو ڕەخنەشدا پەیوەندییەکی بەهێز هەیە، بەو واتایەی بەیاننامە دەرکردن هێمایەکە بۆ جوڵەو گەشەی ئەدەبی سەردەمەکەی خۆی و خستنەڕووی دیدوبۆچوون و تێڕوانینی نووسەرە بەرانبەر بە " ئەدەب " لە ڕابردوو و ئێستاو داهاتووداو ئاشکراکردنی بەرنامەو شێوازی کارکردنییەتی سەبارەت بە ئەدەبەکەی،((گومان لەوەدا نی یە ڕەخنە چاپووک ئەبێت ئەگەر دەقی ئەدەبی چاپووک بێت و دەقی ڕەخنە سستی تێ ئەکەوێت ئەگەر دەقی ئەدەبی سست بێت))(پرۆژە، ١٩٩٢، ٩، ١٠ )

بەجۆرێکیتر بەیاننامە بەرچاوڕۆشنی دەداتە ڕەخنەگر تا لەڕێگەیەوە بۆچوونی خۆی سەبارەت بەدەقی ئەدەبی نووسەر بخاتەڕوو، لایەنە باش و خراپەکانی دیاری بکات و هەڵسەنگاندن بۆ شێوازی کارکردنی بکات، لە بیرو ئایدییای بەباشی تێبگات. تا لەوڕێگەیەوە بڕیار بدات کە دژی بووەستێتەوە یاخود پشتگیری بکات، واتە(( ڕەخنە ئامرازێکە بۆ باش تێگەیشتن لە ئەدەب، جۆرە سەر لێشێوانێک بۆ خوێنەر بەدی ناهێنێت. سەربەخۆیی دەق و خوێنەر گرنگە، کردەیەکی شارستانی و زانستییە ڕۆشنبیر سەداسەد خۆشحاڵە پێی))( ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٧٦، ٧٧). ئەوەی ئەم بواری ڕەخنەییەش فراوانتر دەکات بەیاننامەیە. چونکە هەر لەدوای دەرکردنی بەیاننامەوە، لەدەرەوەی بیرو بۆچوونی خاوەن

بەیاننامەکەوە ڕەخنەگرو نووسەرانیتر خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکەن و بیروبۆچوونی خۆیان دەربارەی دەخەنەڕوو، جا دەکرێت هەندێک لەو ڕەخنەگرانە پشتگیری بکەن و هەندێکی تریش دژی بووەستنەوە، واتە یارو نەیاری بۆ درووست دەبێت، بەمەش بەیاننامە  گۆمی ئەدەب و ڕەخنە دەشڵەقێنێت وکاریگەری لەسەر  بەجێدەهێڵێت. چونکە(( دانانی هەر پڕۆژەیەکی ئەدەبی، یان دەرکردنی هەر بەیاننامەیەک مەرج نییە، هەمووکەس لەگەڵی بێت، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پانتاییەکی فراوان والآدەکات لەبەردەم ورووژاندن و پرسیارکردن، هەژانێک دەبێت، بەدوای کپی و خامۆشیدا دێت، کۆمەڵێک پرسیار دەبێت، بەکۆمەڵێک وەڵامی جیاوازەوە، خۆئەگەر لەکاتی خۆیشیدا لۆجیکی سەردەم ڕاڤەیەکی دیاریکراوی هەبێت بۆی ئەوە دواڕۆژو ڕۆژگار ڕاستی و درووستی هەندێک لایەن ڕوون دەکاتەوە. دەرکردنی بەیاننامەی ئەدەبیش لەمێژووی ئەدەبیاتی گەلاندا شتێکی نامۆ نییە، مێژووی ئەدەبیش گەواهی بۆ چەندین بەیاننامەی ئەدەبی دەدەن، هەر لەئەدەبی ئەوروپاییەوە بگرە تا ئەدەبی عەرەبی و فارسیش خاوەنی چەندین بەیاننامە بوون، جاری واهەیە، تایبەتبووە، بەکەسێک هەندێ جاریش گوزارشی لە دیدوبۆچوونی کۆمەڵێک نووسەر کردووە. نوێگەری و داهێنانیش تەنها بەدەرکردنی بەیاننامەیەک نایاتەدی، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕۆڵی بەرچاوی خۆی دەبێت، هەموو بەیاننامە ئەدەبیەکانیش بەڕاشکاوی و یەکسەر جێگەی پەسەندکردن نەبوون، بەڵکو نەیارانیشی بۆ پەیدا بووە.))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٩٢)

بۆنموونە ئەگەر سەیری دادابیەکان بکەین هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیانەوە دژایەتییەکی زۆر کران و لە لایەن نووسەرانی دەرەوەی خۆیان و خەڵکیش  زۆر بەتووندی ڕەتکراونەتەوە، بەجۆرێک کەئیهانەو جنێو و تەنانەت لێدانیشی لێکەوتەوە ،هەروەک ئەوەی لە((یەکەم کۆڕی گوتاربێژی ئەم گروپە لە ١٩٢٠/٢/٥ دا گیرا، لەم کۆڕەدا بەیاننامەی قوتابخانەی دادا، کە لە لایەن " فرانسیس پیکابیا" وە نووسرابوو، خوێندرایەوە ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە: "تێدەگەن کە ئێمە چ دەکەین؟ وانییە؟ دۆستانی ئازیز ! ئێمە خۆمان لە ئێوە کەمتر لەم بابەتە تێدەگەین. چەندخۆشە! هەقتانە. حەزم دەکرد جارێکیتر لەهەمێزی پاپدا بخەوم. هەمدیس تێناگەن؟ منیش تێناگەم چەند مایەی گریانە!.

خەڵکەکە کە گوێیان لەم بەیاننامە سەیرەبوو لەقاقای پێکەنینیان داو بەگاڵتەیان زانی. دووەم کۆڕیان لە ٢٠ / ٣ / ١٩٢٠ دا بە گەرم و گوڕییەکی زیاترەوە سازدرا، کاردانەوەی ئامادەبووان بە ڕاددەیەک توندبوو کە کار گەییە جنێودان و تێهەڵدان و هێزی ئینزیبات ناچاربوو بکەوێتە بەینەوەو بەزۆر هۆڵەکە چۆڵ بکات. کۆڕەکانی دواتر کە لەهەمانساڵدا گیران هێدی ترو ئارام تر بوون ، لێ وتارەکانی تریستیان تزارا، کە بەزمانی تایبەتی دادا پێشکەش دەکران، لەنێو هاواری ناڕەزایی خەڵکیدا دامرکانەوە))(حسەینی، ٢١٨،٢٢٨، ٢٢٩)

لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە بەياننامە بەبێ ڕەخنە نابێت، لەدوای دەرکردنيەوە کۆمەڵێک پرسياردەورووژێنێت، ڕووبەڕووی چەندين ڕەخنە دەبێتەوە، جا ئەو پرسيار و ڕەخنانە ئەرينی بن ياخود نەرێنی. ئەمەش زۆرجار پەيوەستە بەخودی بەياننامەکە و نووسەری بەياننامەکەوە، کە تاچەند نووسەرێکی سەرکەوتووەو کارەکانی جێی بايەخی کۆمەڵگاو ڕەخنەگرانن، ئەمەش شتێک نييە تايبەتبێت بە ئەدەبی نەتەوەيەکەوە، بەڵکو لە ئەدەبياتی جيهانييشدا هەروايە، کاتێک((تريستان تزارا، کە پاش تێکڕمانی ڕێبازی دادا چووە نێو ڕیزی سورياليستەکان surrealiste، لەساڵی ١٩٤٨ دا وتارێکی بەناوی " سورياليستەکان و دوای شەڕ " بڵاوکردەوە، وەک پێش باری سورياليزم ديفاعی لە دادايزم کردو بەشۆڕشێک لەدنيای ئەدەب و کۆمەڵ و هەستانەوەيەک لە بەرانبەر خەرابکاران و نەزانان‌دا داينا. پاشان لەبارەی لايەنە پڕ لەگاڵتەو شەرماوييەکەيدا، ئاوای نووسی: لێرەدا لايەنە پڕ هەراو پڕ لەعەيبەکانی دادا ناشارينەوە، چونکە ئەوانيش يەکێک بوون لە هۆيەکانی شاعيرانەبوونی دادا. لەبيرمە لەساڵی ١٩٢١ دا شانۆيەکمان لە " هێڵی گاو " هەبوو. خەڵک هەموويان هەستابوونە سەرپێ و دەستيان ڕادەوەشاندو هاتوهاوارێکی زۆريان وەڕێ خستبوو و جنێويان دەدا. شانۆی واقيعی لەهۆڵەکەدا دەکراو ئێمە هەمووشمان لەلای پەردەی شانۆکە کۆبووينەوەو چاومان لە هۆڵەکە دەکرد.))(پيربال، ٢٠٠٦، ٣٣٠، ٣٣١، ٣٣٢)

ڕووبەڕووبوونەوە و ڕەخنەگرتن لە نوێگەری، بەتايبەت لە بواری ئەدەبيدا، تەنها تايبەت نەبووە بە میللەتێک ياخود بە ئەدەبێکی ديارىکراوەوە، بەڵکو لەناو هەموو ميللەتانی دنيادا بوونی هەبووە، (( لە ئەدەبياتی کورديشدا، کاتێک بەياننامەی "ڕوانگە" يش دەرچووە ڕۆژگاری ململانێی توندوتيژی جەمسەرەکان و بزووتنەوەی چەپ و ڕەوتە فيکرييەکان بووە، ئەمەيش بەشێوەيەکی بەرفروان و کاريگەری خۆی بەجێدەهێشت دوای بڵاوکردنەوەی بەياننامەی ڕوانگە کۆمەڵێک وتار لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکرايەوە، بەتايبەت ڕۆژنامەی "هاوکاری" هەندێک لەگەڵی وەهەندێکيتريش دژی وەستان، خوێندەواران و ڕۆشنبيرانی ئەوکاتە بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری ڕيزيان دەگرت، "شێرکۆبێکەس" لەم بارەيەوە دەڵێ: " ئەمە خۆی لەخۆيدا جۆرێک جوڵانەوەی درووستکرد نووسينی ئەو وتار و ڕەخنانە بەهەردووبارەکەدا بۆ يەکەمجار پرسياری ڕەخنەيی هێنايە کايەوە بەپۆزەتيڤ بێت يا نێگەتيڤ " يەکێک لەلايەنگرانی بانگەوازەکە دەڵێ: "خوێنەرانی کورد ئەمرۆ پێويستە بەئەدەبی تەکييەو خانەقا، سەرگوزەشتەی ڕشتەی مرواری فێر نەکرێن، ئەمرۆ ئێمە لەبارێکدا دەژين پێوستمان بە دژەوەستانی ئازاد و ملکەچی و گۆشەگيرييە تەفروتوناکردنی هەموو پاشماوەيەکی ناشيرين و بنياتنانی جوانی لەسەر بنەڕەتی خۆشەويستی مرۆڤ لە ڕەگەوە هەڵکێشانی بيری کۆن و کۆنپەرستی و داکوتاندنی باوەڕی نوێی بەرەو ڕووناکی دانەدواوەی ملکەچی و کوڕنۆشبردن و ڕاپەڕين بۆ سەربەستی و ئازادی مرۆڤی کورد" بەم جۆرەو بەپێی ئەمە پێويستە شۆڕشگێڕانە و بێ سڵکردنەوە ڕێگا بگرێتەبەر " ئەمەش ئاماژەکردنە بەڕۆڵ و کاريگەری شيعر لەو قۆناغە نوێيەدا، وە نەبێ ئەو

بیروباوەڕانەی، کە شاعیرانی دەستەی ڕوانگە لە بانگەوازەکەیاندا دەریان بڕیبوو، هەر تەنها لەبانگەوازەکەدا باسکرابێت، بەڵکو لەزۆربەی کۆڕو سیمینارەکاندا جەختیان لەسەر بیرو بۆچوونی خۆیان دەکردەوە.))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٩٢، ٩٣ ) ئەم نموونانە بەڵگەی ئەوەن کە هیچ نوێگەری و داهێنانێک بە بێ ڕووبەڕووبوونەوە نابێت، بەتایبەتی لە ئەدەبدا، ئەوەی ئەم گۆمی ڕەخنەییەش زیاتر دەشڵەقێنێت دەرکردنی بەیاننامەیە.

بێگومان نووسەرێک یان کۆمەڵە نووسەرێک کە زیاتر لەناو کۆمەڵگادا ناسراون و قبووڵکراون بەیاننامەکەشیان بایەخی زیاتری پێدەدرێت و زیاتر دەچێتە ناو کۆمەڵگاو ڕەخنەگرانیشەوە.((هەر تێکستێکی ئەدەبی توانیبێتی خوێنەرێک بۆخۆی پەیدابکات، ئەوا ئەو تێکستە چووەتە کۆنەستی کۆمەڵایەتییەوە و جۆرێک لە هێزی مەعریفی بۆخۆی پەیداکردووەو بەو هێزە مەعریفییەش دەتوانێت شوێندەست لەناو واقیعی کۆمەڵایەتیدا بەجێبهێڵێت. ئەمەش ئەوکاتە دێتەدی ئەدیب پەیوەستبێت، " ئەدیبی مولەزیم دەتوانێت ڕێزی خۆیی و خوێنەرەکەی بگرێت و دواجاریش گۆڕان لە کۆمەڵگادا درووستبکات و ئاراستەی  دیاردەکان بگۆڕێت و ڕێچکەیەکی دی بۆ بیرکردنەوە دیاری بکات " )) (میرە، ٢٠١٢، ٢٠). بۆیە بەیاننامە ئەدەبیش، تا زیاتر کاریگەری هەبێت، لەڕووی ڕەخنەییەوە زیاتربایەخی پێدەدرێت و بۆچوونی ڕەخنەیی زیاتر لەبارەوە دەوترێت و دەنووسرێت.

داوەریکردن و هەڵسەنگاندنی بەیاننامەش  لە بواری ڕەخنەییدا زۆر گرنگە، کە لەسەر بنەمای کاری " باش و خراپ " بێت و خودی دەق لەبەر چاو بگیرێت، نەک ئەوەی کێ خاوەنی دەقەکەیە. بەو واتایەی حەقی تەواو بدرێت بەدەقەکە جا بە باشبێت یان بەخراپ، ڕەخنەکە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی. بۆیە دەپرسین ڕەخنەگر کێیە؟ یاخود ((ڕەخنەی ئەدەبی کامەیە؟ ڕۆڵی ڕەخنە لە گەشەپێدانی ئەدەبدا چییە؟ ڕەخنەگر کێیەو ئەتوانێ چی بکا؟ بۆچی ڕەخنەی ئەدەبیمان نییە؟! کۆمەڵێک پرسیارن وەڵامێکی زۆر و گفتوگۆی باشیان لەسەر کراوەو ئەکرێ، بەڕاددەیەک ئەتوانم بڵێم تاکە بابەتێکی ئەدەبی نییە لەم سەردەمەدا، بەم یان بەو شێوە پەلی بۆ ئەم باسە نەهاویشتبێ. ئەگەرچی من پێموایە چەند بابەتێکیان نەبێ کە بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن، ئەوانیتر لەسنووری وتووێژی ئاسایی نەچوونەتە دەرەوە، بۆچی؟! چونکە ئەرکی ڕەخنەگر بەتەنها ئەوە نییە هێڵێکی ڕاست و چەپ بکێشێ بەسەر بەرهەمێک یان کۆمەڵە بەرهەمێکدا و خاوەن بەرهەم هەڵکێشێ بۆ ئاسمان یان نوقمی ناخی زەوی بکا. ڕەخنەگر بەر لەهەرشتێک ئەبێ و مەرجە دەستی هەبێ لە پرۆسەی گەشەپێدانی ڕێبازێکی ئەدەبیدا. ئەویش تەنها کاتێک ئەبێ ڕەخنەگر بەبیر و لێکدانەوە و تیۆرێکی زانستییەوە بێتە مەیدان و لەو ڕوانگەیەوە ڕەوتی پەرەسەندنی ژیان و دیاردە جۆربەجۆرەکانی هەڵسەنگێنێ بەدیاردەی ئەدەب و هونەریشەوە. تێنەگەیشتن یاخود پشتگوێ خستنی ڕوانگەی زانستی سەبارەت بە ململانێی کۆمەڵایەتی و شێوەی بیرکردنەوەو تێڕوانینی فیکری هێزە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی، کۆسپێکی

گەورەیە لەبەردەم گەشەکردنی بیری زانستی کە لە ماتەرمالیزمی مێژوویی و دیالێکتیکییەوە سەرچاوە ئەگرێ. ئەو بناغە تیۆرییە پتەوەی کە ئەتوانێ داهێنانی هونەری لەشوێنی شیاوی خۆیدا دابنێ و ببێتە فاکتەرێکیش بۆ باشتر تێگەیشتن لە ژیان و چێژوەرگرتن لەجوانی. ))(میسری، ٢٠٢١، ٩٣)

لێرەدا( میسری ) باس لە داوەری و تیۆری زانستی دەکات بۆ هەلسەنگاندنی دەقی ئەدەبی، بەپێویستی دەزانێ. کە ڕەخنەگر لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە بۆ هەر بەرهەمێکی ئەدەبی بڕوانێت، ئەمە لەکاتێکدایە، کە خۆشی یەکێکبوو لەو ڕەخنەگرانەی، کە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەو پێودانگە سیاسییەیان کردبووە بناغەیەک بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی گرووپی ڕوانگە، کە لە فەلسەفەی مارکسیزمەوە سەرچاوەی گرتبوو. بەو واتایەی کە تەنها لە یەک لایەنەوە دەیانڕوانییە بەرهەمی ڕوانگەییەکان ،ئەویش لایەنی سیاسی بوو، لەم بارەیشەوە پەریز سابیر دەڵێ: (( سەرجەم ئەو بیرو رایانە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشیت کە بایەخ تەنها بە لایەنێکی بەرهەمە ئەدەبییەکان دراوەو تەنها گرنگی ناوەڕۆک لەبەرچاو گیراوە و لە روانگەیەکی یەکلایی تەسکەوە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەئەدەبییەکانکراوە))(سابیر،٢٠٠٦،٩٦) ئەمەش خۆی لە خۆیدا، جۆریک بوو لە نادادی هەڵسەنگاندن بۆ هەر دەقێکی ئەدەبی.

بێگومان داوەریکردن و هەڵسەنگاندی دەق، لەسەر بنەمای زانستی و بە شێوازێکی ئەکادیمی، ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لە بەورەوپێشبرنی ئەدەبداو بەپێچەوانەشەوە دەبێتە کۆسپ و لەمپەرێکی گەورە. هەر لەبارەی داوەریکردنی ڕەخنەگرەوە سەباح ڕەنجدەر دەڵێ: ((لەو ڕەخنانەی وەک مەبەست ڕایدەکێشمە ناو ئەو نووسینەوە یەکێکیانم بۆ دەستنیشان نەکرا پسپۆرانە لەناو دەقێکم بەپرۆگرامێکی ئەکادیمی، یان خەیاڵێکی داهێنەرانە کاریکردبێت و بەشێک لە کردەی ڕەخنەیی لەناو خۆیدا هەڵگرتبێت. کەم ئەزموونی و کەموکورتیی دەقی منی خستبێتە بەردەم کۆمەڵێک نیشانەوە، یان خوێنەری خستبێتە خوێندنەوەیەکی تایبەتییەوە، کە پشت بە میتۆدەکانی ڕەخنەگر ببەستێت. ئەو دیاردانە وامان لێدەکەن بپرسین، ئەرێ ئەم نووسینانە بۆ ڕێکدەخرێن. حەقیقەت لەکوێیە. ئایا هیچ لەو نووسەرانەی، کە ڕۆشنبیری خۆیان ئامادەیی لەنووسینە ڕێکخراوەکەدا نەبینیوە، توانیویانە پەیوەندییەکانی نێوان دەقەکانم بخوێننەوە و خۆیان تێیدا ئامادە بکەن بۆ کارێکی زانستیانە، کە توانای مانەوەی هەبێت، خاڵێک، یان چەند خاڵێکی قەناعەت پێکەر بخاتە ناو گفتوگۆوە، کە مەترسی بێت بۆ ئەو بیروڕا هونەریانەی من پێشکێشم کردوون، ئاڕاستەو بڕوای ئەدەبی منیان پێکهێناوە. ڕەخنەگرانی ئەکادیمی و خەیاڵ داهێنەریش، توانیویانە پانتاییەکی هەمیشە ئامادەی ئەزموونم پیشان بدەن. هەستیارییەکی قووڵی تێدابێت لەناویدا ئاسودە بیربکەمەوەو پەیوەست بم بە خەونی نووسین. )) (ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٧٧، ٧٨). لێرەدا سەباح ڕەنجدەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ڕەخنە، دیاردەیەکی شارستانییەو ئامرازیکی باشە بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب، ئەگەر بێت و بەشێوازێکی پسپۆڕانەو

ئەکادیمیانە کاری پێبکرێت. لە هەمان کاتدا ئاماژە بە هەندێک ڕەخنە  دەدات، کە لەبارەی هەندێک لەو دەقانەیەوە خراونەتە ڕوو، کە خۆی بەو دەقانە ناویان دەبات خاوەنی حەقیقەتترین بنەمای شیعرین. بەڵام ئەوی ئێمە لێرەدا مەبەستمان بیخەینەروو، سەرنجێکی ڕەخنییە لەبارەی کۆی ئەوبەیاننامانەی لە تەواوی ژیانی ئەدەبی خۆیدا نووسیوییەتی.

لەم رووەوە دەڵیین :ئەوەی بۆ بەیاننامەگرنگە ئەوەیە، کە(بەچاوکردنی گشتی لەدەقی مانیفیستەکان بۆمان دەرئەکەوێت کە هەر مانیفێستەی بەشێوەی گشتی دەبێت ئەم چەندخاڵەی تیدا بەدی بکرێن :

١– دەقێک کە لەڕووی ئەدەبی دیار، ڕوون و هیچ دژوارنووسی و گۆیی تێدا بەکار نەبردرابێت

٢– دەرئەنجامی ئەندێشەی تاک یان جەماعەتێک نووسەرە کە شێوازو ڕێساو بنچینەی ئایدیای نوێ باس ئەکات کە لە کۆمەڵگادا بلاو بۆتەوە.)( محەمەد پور، ١٣٩٥، online).

ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە، هۆکارێکن  تا لەڕێگەیانەوە بتوانرێت ناڕوونییەکان و هێما شاراوەکان بخرێنە بەردەستی خوێنەر و وەرگر.

خستەن ڕووی ئەم سەرنجە ڕەخنەییانە، لە چوارچێوەی (گرنگی بەیاننامە پەیوەست بەرەخنەوەبوو). چونکە بوونی بەیاننامەو ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکرێن بە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، جووڵەیەک دەخەنە ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

ئەگەر بە گشتیش باس لەڕۆڵ و گرنگی بەیاننامە کوردییەکان  بکەین ڕاستە((لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی هەر بەم شێوە کە دەقێکی ئەدەبیمان نییە کە ناوبانگی جیهانی(جیهانی مۆدێرن) هەبێت تا ئێستاش مانیفێستێک نەنووسراوە کە بتوانێت وەکو مانیفێستە جیهانییەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەدەبی جیهانی هەبێت. هەڵبەت ئەمە کارێکی زۆر دژوارەو لەتوانستی وێژەی زۆرینەی نەتەوەکاندا نییە چ بگاتە ئەدەبی لاوازی کوردا!. هۆی ئەو کەموکوڕیانە زۆر هۆو لایەن دەگرێتەوە. بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە مێژووی ئەدەبی کوردی، چاومان بەچەند دەق دەکەوێت کە بەناوی مانیفێستی ئەدەبی بڵاو بوونەوە و ساڵانێکیش لەلایەن نووسەرانیان دەقی بۆ نووسراوە و ساحێبی بەرهەمی ئەدەبی بوون. ئەو مانیفێستانە تەنیا لەناو ئەدەبی کوردیدا ڕەنگدانەوەیان هەبووە تەنانەت ئەدەبی دراوسێیەکانی کوردیشیان ژێر کاریگەری خۆیان نەداوە. بێگومان یەکێک لەم هۆیانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەقی مانیفێستەکان تەنیا باسی بارودۆخی کوردستانی کردووە و بنەمایەکی فکری لە فەلسەفەو زانستی جیهانیان پێوە دیار نەبووە و لەلایەکیترەوە دەقێکی ئەدەبی لەلایەن نووسەری کورد بەرهەم نەهاتووە کە بتوانێت لە ئاستێکی جیهانی جیاواز لەمێژووی ئەدەبی جیهانی خۆی نیشاندات. بێگومان هەروەک باسمانکرد، ئەم کەموکوڕییە هۆگەلی جیاوازی هەیە، کە بەشێکی زۆریان شیاوی باوەڕە و پاساوی درووستی هەیە.))( محەمەد پور، ١٣٩٥، online).  بەڵام بە

بڕوای ئێمە، ئەگەرچی دەقی بەیاننامە ئەدەبییەکانی کورد لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا نەبوون، تەنیا لە سنووری کوردستاندا ماونەتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەهەرمی هەندێک لەنووسەران و شاعیرانی دیادری ناو ئەدەبی کوردی هەن، کە بەرهەمەکانیان،نەک هەر لەناو کوردا بەڵکو ئاستی ناوچەییشیان تێپەراندووە، وەرگێڕدراونەتە سەر چەند زمانێکی زیندووی جیهانی، لەوانە چەند دەقێکی شیعری (شێرکۆ بێکەس )و ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)

ئەگەر باس لەپەیوەندی نێوان کۆن و نوێ بکەین، بپرسین : ((پەیوەندی کۆن و نوێ چییە؟ خەسڵەتەکانی کامانەن؟ ئایا ئەتوانین هەموو شتێکی کۆن ڕەتبکەینەوە تەنها لەبەر ئەوەی شوناسی کۆنی دراوەتێ و لە قۆناغی پێشووتردا هاتۆتە دنیاوە؟ یان ڕەوایە هەموو شتێکی نوێ شوناسی نوێی بدەینێ و دڵی خۆمانی پێ خۆش بکەین، تەنها لەبەر ئەوەی مۆرکی سەردەمی پێوەیە؟ ئەم دوو پرسیارە تەنیا ئەو کەسانە دەتوانن وەڵامی ڕاست و دروستی بدەنەوە، کە لەڕوانگەی زانستەوە ئەڕواننە ژیان و دەرهاویشتەکانی. بەر لەهەرچی ئەبێ ئەو حەقیقەتە بزانین کە هەڵسەنگاندنی هەر دیاردەیەک پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە هەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتوری سەردەمی خۆیەوە. گومان لەوە دانییە کە گۆڕان و گەشەکردن یاسایەکی گشتییەو بەسەر تەواوی بوارەکانی ژیاندا جێبەجی ئەبێ بە ئەدەب و هونەریشەوە. بۆیە هیچ نوێیەک بەبێ کۆن نابێ و ئەگەر کۆن نەبێ بۆچی نوێیە؟ یاخود لەچیدا نوێیە؟ لە ئەمڕۆدا دەکرێ لە هێزوپێزی دەیان بابەتی کۆن بکۆڵرێتەوەو تەنانەت بشکرێنە بناغە بۆ بیناکردنی شتی نوێ، پرۆسەی گەشەکردن، پەیوەندی کۆن و نوێ بەوجۆرە لێک ئەداتەوە کە نوی لەمنداڵدانی کۆندا درووست ئەبێ و دواجار دێتە ژیانەوە. هەر ئەو نوێیەش بەرەو کۆنبوون ئەچێ  تاکو نوێیەکی دیکە لەمنداڵدانی خۆیدا پەروەردە ئەکاو سەرەنجام کۆنی بێ کەڵک ئەچێتە مۆزەخانەی مێژووەوە))(میسری، ٢٠٢١، ١٢٧، ١٢٨). ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین، کە لە هەموو بەیاننامەکاندا بابەتی کۆن و نوێ دیالۆگی زۆری لەسەر کراوەو بۆچوونی جیاواز هەبوون.

دەکرێت بڵێین، بەیاننامە شتێک بەیان دەکات، کە پێشتر نەبووە و نەکراوە یاخود هەبووە، بەڵام پەردەی لەسەر لا نەدراوە، بەو واتایەی بەیاننامەی ئەدەبی پەردە لەسەر ڕاستیی دۆخی ئەدەبێک هەڵدەداتەوە، کە پێشتر پێیدا تێپەڕیوە، لە هەمان کاتدا دۆخی ئێستاش لەبەرچاو دەگرێت ،تا ئایندەی لەسەر بنیاد بنێت. بۆیە(( بەیاننامە دەرکردن بەو واتایە نییە، کە سنوور بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری دابنرێت، هیچ کاتێکیش بەیاننامەیەک چەندێ بەهێزیش بێت لەتوانایا نییە، چوارچێوە دابڕێژێ و ئەدەب تەسک بکاتەوە. لەسەردەمە تازەکانی ئەدەبیشدا بەحوکمی ئەوەی نوێگەری بەرفراوان بووەو فەزایەکی کراوەوە بێکۆتایی بووە لەهەمان کاتیشدا سەربەستی بۆ خود "الذات" ڕەخساندووە چەندەها هەوڵی جیاوازو دوور لەیەک و پرۆژەی جیاو بگرە دژیش لەشێوەی بەیاننامەدا خراوەتەڕوو، جا ئەو هەوڵە بەیاننامە ئامێزانەیش لافی سنووری کۆتایی و کاری بە ڕەها گەیشتنیان لێنەداوە، نموونەی ئەم

بەیاننامانە چەنێ تازەبن، بەڵام لای میللەتانیتر تەمەنی درێژتریان هەیە، ئەو بەیاننامە بەناوبانگەی جیهان یا لەدوای سەرهەڵدانی یا کاتی سەرهەڵدانی ڕووداوێکی گرنگ، یا تەنگەژەیەکی سەخت هاتوونەتە کایەوە، یا پاش ئەوە بووە ترسێک لەوە پەیدابووە کێشەو تەنگوچەڵەمەی شێوازەکان بگەنە بنبەست و پیربوون، ئەگەر سەیری ئەو بەیاننامە جیهانیانە بکەین کە لەنیوەی یەکەمی ئەم سەیەدا دەرچوون  ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە هیچ یەک لەو بەیاننامە گرنگانە نەیانتوانیوە بەیەکجارەکی بوونی ڕەوت و بۆچوونەکانی تری سەردەمەکە بسڕنەوە، ڕەنگە کاریگەری هەندێکیشیان کاتی دەرچوونی دەرنەکەوتووبێ، بۆ نموونە بەیاننامەکانی سوریالییەکان ئەوەندەی لەم ساڵانەی دوایدا بایەخیان پێدراوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەرکراوەوە لە ئەدەب و هونەردا لەهەندێک ڕووەوە سودیان لێدەبینرێت ئەوەندە لەکاتی خۆیاندا لایان لێنەکراوەتەوەو لەلایەن ڕیالیزم خوازەکانەوە بەتووندوتیژی بەرپەرچ دراونەتەوە .لەبەرئەوەی بەیاننامە شتێکی گشتی و ڕەها نییەو ناشتوانرێت بەم مەبەستە باربکرێت بۆیە شتێکی ئاساییە کەسانێک پشتگیری لێبکەن و کەسانێکیتریش دژی بووەستن، دیدو بۆچوونی جیاواز دەربارەی دەرببڕن، دەربڕنی بۆچوونی جیاوازیش نابێت والێکبدرێتەوە، کە هێمای لاوازییە، بەڵکو بەپێچەوانەوەو زۆرجار کاریگەری باشی دەبێت و بابەتەکە بەرەو پێشەوە دەبات.))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٩١،٩٠). ئێمەش لەگەڵ ئەو ڕایە داین، کە هەندێ لە بەیاننامەکان کاتی خۆی زۆر بایەخیان پێنەدراوە، بەڵام بەیاننامەی سوریالی چونکە ئاستێکی جیهانی وەرگرتووە، زۆر لە ڕەخنەگرانی نەتەوە جیاوازەکان پرەنسیپەکانی ئەم بەیاننامەیان تاوتوێ کردووە.

هەر لەو بارەیەوە کە بەیاننامە ناتوانێت پێشخۆی بسرێتەوەو تێپەڕێنێت " سەباح ڕەنجدەر" دەڵێ:(( بەهیچ شێوەیەک بڕوام بەتێپەڕاندن نییە، بگرە بڕوام بەگۆڕان و جیهانبینینی جیاکار هەیە. تائێستاش نەمتوانیوە بڕوا بەوە بهێنم " نالی " ، " باباتاهیر" ی، تێپەڕ کردووە هەروەها " گۆران " جەستەی شیعری کلاسیکی بەتەوای جێهێڵاوە. ئێمەمانانیش خاڵی جیابوونەوەی ڕەهامان لەگەڵ نەوەی پێشخۆماندا نابێت. دەقئاوێزانییەکیی بەهێز لەنێوان هەموو نەوەکاندا ئاشکرایەو لەوانەیە دوای ئێمە مانانیش بەردەوامی دەمێنێت. وادەبینم هەر ڕۆژورۆژگارێک جیهانبینینی خۆی بەسەر کەسی خاوەن جیاهانبینینی ڕۆشنکار و هێمای هەمەچەشن دەسەپێنێت. وەک چۆن هەموو وەرزێک بە فراوانی سەیری ئاو و هەوای تایبەت بەخۆی دەکات و دەیسەپێنێتیش، ئەم ئاو و هەوایەش کەم و زۆرێ کاریگەری بە بارستی خۆی بەسەر نەشو نمای درختەکان جێدەهێڵێت. ئەوەی تێنینیم کردووە نەوەی پێش ئێمە ستوونی ژیانیان هێنایە ناو شیعر و ئەزموونیانکرد. ئێمە ستوونی و ئاسۆیی و بازنەیی ژیان و خەیاڵ و خەونمان هێنایە ناو شیعر و فراوانتر ئەزموونمانکرد و درەوشاوەو دەوڵەمەنتر ناساندمان.))( ڕەنجدەر : ٢٠١٩، ٨٥ )

لەکۆتایی ئەم بەشەدا ئەوەی ماوەتەوە بیلّێین، ئەوەیە: بوونی بەیاننامە بۆ هەرگروپێک یاخود بزووتنەوەیەکی ئەدەبی ڕۆڵیکی گرنگ دەبینێت لە خۆ بەیانکردنیدا. بەتایبەت لەبواری ڕەخنەییدا، چونکە لەکاتی هەڵسەنگاندن و دیارکردنی ئاستی کارتێکردنی ئەو گرووپ و بزووتنەوە ئەدەبییە لەسەر کۆمەڵگاکەی خۆیی و دەرەوەی خۆشیدا. هەڵسەنگێنەر پشت بە بەیاننامەو پرۆگرامی تایبەت دەبەستێت کە تیایدا بیرو ئایدیاو بەرنامەی کاری گرووپ و بزووتنەوەکەی لەخۆ گرتبێت بۆیە بوونی بەیاننامە بۆ هەر بزووتنەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لەهەر بارودۆخ و سەردەمێکدا زەروورییەت و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە تا کارتێکردن و کاریگەرییان بەسەر ئەدەب و کۆمەڵگادا دیاری بکا.

## یەکەم: بەیاننامەی دادایزم

### ١– سەرەتایەک لەبارەی بەیاننامەکەوە

ئەگەر سەرەتا باسێک لەخودی دادایزم بکەین،دادایزم " Dadaisme " ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری بوو. لە مانگی دووی ساڵی (١٩١٦) لە ئەوروپادا، لەسەر دەستی نووسەری بەرەچەڵەک ڕۆمانی " تریستیان ترازا " بەیاوەری ڤۆڵتێر لە " زووریخی " سویسرا سەریهەڵدا، لە ئەمریکاش لە ١٩١٥– ١٩١٢٠ دادایزم هاوکاتبوو لەگەڵ دادایزم لە ١٩١٦– ١٩١٩ ،دواتریش ئەڵمانیاو دوای گەڕانەوەی " ڕیشارد هۆڵسنبگ " بۆ " بەرلین " لەساڵی ١٩١٧ لایەنگرێکی زۆری لەدەوری دادیزم کۆکردەوە. هەروەها لەدوای سالی ١٩١٩شەوە وردە وردە گەیشتە پاریسی فەرەنسا، بەتایبەت لەدوای گەڕانەوەی " تریستان ترازا " لە ١٩٢٠، کە خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ: (( لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٠ گەڕامەوە پاریس. ئەمە سەرەتای دادایزم بوو لە پاریس: لە بیست و سێی کانونی دووەمی ١٩٢٠، لە ئێوارەکۆڕێکدا کە گۆڤاری ( ئەدەبیات) سازی کردبوو. هەر نووسەرێک ( لویس ئاراگۆن، ئەندرێ برۆرتۆن، فیلب سوپو، فرنسیس پیکابیا. مارسیل دووشامپ) چەند برگەیەکیان لە بەرهەمەکان بۆ میوانەکان خوێندوە..))( پیربال، ٢٠٠٦، ٣١٦)

پەیدابوونی ئەم ڕێبازە لەکاتێکدابوو، کە نائومێدی و پەشێوی و ڕەشبینی ،لە ئەنجامی شەڕو کاولکاریی جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، باڵی بەسەر جیهانی مرۆڤایەتیدا کێشابوو، هیچ ئومێدێک بۆ نووسەران و هونەرمەندان نەبوو بۆ ئەوەی دۆخەکە بێتەوە سەر باری ئاسایی خۆی بۆیە باوەڕیان بەهیچ شتێک نەمابوو بەتایبەت ئەوکاتەی (( شەڕی یەکەمی جیهانی باڵی خوێناوییەکانی خۆی بەسەر ئەوروپادا کێشا. لەبەرەکانی شەڕدا، لەنێو تەرمی بێ گیانی سەربازاندا، روخساری خوێناوی نووسەران و شاعیرانی گەورەش دەبینران: گییوم ئاپۆلینێر و سارۆل پێگی peguy: قوربانیانی جەنگ بوون. لەکتێبێکدا بەناوی ( گوڵبژێرێک لەبەرهەمی ئەو نووسەرانەی کە لەشەڕدا مردوون، لەساڵی ١٩٩٢ دا بڵاو کراوەتەوە) ناو و دەستنووسی پێنجسەد شاعیرو نووسەر کە لە شەڕدا کوژراون، هاتووە. لەماوەی دووساڵی یەکەم دا، هەموو ئەدەبی ئەوروپا تووشی ئیفلیجی هات. جگە لەڕووداوی ترسهێن و بیری ئاڵۆزو کاریگەر، هیچ شتێکی دیکە نەدەهاتە مێشکی ئینسان.))( پیربال، ٢٠٠٦، ٣١٧، ٣١٨)

دامەزرێنەرانی " دادا " ئەم ڕێبازەیان کردە زمانحاڵی خۆیان بۆ دەربڕیبی ئەو نائومێدی و ڕەشبینییەی کەبەرانبەر بەو بارودۆخە ئاڵۆزو ناهەموارەی سەردەمەکە هەیانبوو،ئەم ڕیبازە تەنها بواری ئەدەبیی لەخۆنەگرتبوو، بەڵکو لەبوارەکانی تری وەک( وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و شانۆ و مۆسیقا) شدا بە فراوانی ڕەنگی دابوەوە، (( ڕاستە دادایزم لایەنی ئەدەبی هەبوو و لە جیهانی ئەدەبدا

سەریهەڵداو پەیدابوو، لی دەبێ ئەوە بزانرێ کە ناتوانرێ تەنیا لە ڕوانگەی ئەدەبییەوە هەڵسەنگێنرێ. بەڵکو دادا لە بنەڕەتدا ڕەوتێکی فەلسەفی تەوس ئامێز بوو کە بۆ ڕەخنەگرتن لە وەزع و حالی ژیانی سەردەمی جەنگ و پاش جەنگ هاتبووە ئاراوە، بەتایبەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوی بەڕێوەبەرانی فشەکەری ئەدەبیات هاتبووە ئاراوە. دادا نکۆڵی لە بایەخی هەمووشتێک دەکرد. نووسەری دادایی دەینووسی" دنیا چییە؟ ناشرین و جوان کامەیە؟ گەورە و لاوازو بەهێز چییە؟ کارپانتیەو رنان فوس کێ بوون؟ نایان ناسین! " کار گەییە ئەوەی کە کاتێ لە داداییەکانیان دەپرسی دادا چی دەڵیت، وەلامیان دەدایەوە " دادا هیچی ناوێ" ))(حسەینی، ٢٠١٨، ٢٣٠، ٢٣١)

دادایزم وەک ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری، پرەنسیپ و ئامانجی تایبەت بەخۆی هەبوو. ئامانجی گەورەشی ڕزگاربوونی تاک بوو لەو ئاستەنگانەی ڕێگربوون لە دەربڕین و داهێنانی هونەریدا. ئەم ئامانجانەشیان لە ڕێگەی  بەیاننامەیەکەوە لە ساڵی (١٩١٦ )دا، کە لەلایەن (ترستیان تزارا)ی ڕێبەری ڕێبازەکەوە نووسرابوو، خستەڕوو. هەرچەندە لەدوای ئەم بەیاننامەیەوە چەند بەیاننامەیەکی تریان بڵاوکردوە لەوانە: بەیاننامەی( هونەرمەندە دادایستە توندڕەوەکان) لە ساڵ(١٩١٩) و بەیاننامەی (داداخوازانی بەرلین) لە ساڵی(١٩١٨) بەیاننامەی (دادا Dada) لەساڵی ( ١٩٦٢)، بەلام بەیاننامەی ڕەسمیان، بەیاننامەی یەکەم بوو، کە تریستان تزارا نووسیبووی، لە سەرەتای بەیاننامەکەشدا نووسیبووی(( کەسێک ئەگەر دژی ئەم مانیفێستە بێت، خۆی داداییە))(پیربال، ٢٠٠٦، ٣٣٧)، لەدوای بڵاوکردنەوەشی، کاریگەری ئەم بەیاننامەیە تەواوی ئەوروپاو جیهانیشی گرتەوە، بەتایبەت لەبواری ئەدەبیدا. هەروەک چۆن کۆمەڵیک ڕێبازیتر بوونە هەوێن و پاڵنەرێک بۆ دروستبوونی ڕێبازی دادایزم، بەهەمان شێوە دادایزمیش نەک هەربووە هۆی لە دایکبوون و هاتنە ئارای ڕێبازی سوریالیزم بەڵکو بووە پێشەکییەکیش بۆ سوریالیزم، چونکە، ((ڕێبازی سوریالیزم  لەهەموو ڕێبازەکانیتر زیاتر لە دادایزم نزیک دەبێتەوە، چ لە ڕووی کات و زەمەنەوە کە ڕاستەوخۆ سوریالیزم بەدوای دادایزم دا هات ، چ لە ڕووی زۆرێک لە بنەما سەرەکییەکان و بنچینە فکری و بۆچوونە ئەدەبی و هونەرییەکانەوە، هەروەها چەندین میکانیزم و تەکنیکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیەو ژمارەیەکی زۆر بەرچاویش لە ڕابەرو دامەزرێنەرانی دادایی دواتر لە سوریالیزمدا دەرکەوتن))(حسێن، ٢٠٢١، ٤٨)، ئەمەش وایکرد کە هاوبەشییەک هەبێ لەشێوازی بڵاوبوونەوە کاریگەرییان لەسەر ئەدەبیاتی ئەوروپی و بەتایبەتیش لەئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتیدا، بۆیە دەکرێت بڵێین: کاریگەری بەیاننامەی دادایزم و سوریالیزم بە هەمان ڕێگاو هۆکار گەیشتەنە ناو ئەدەبیاتی عەرەبی و کوردیشەوە. کە دواتر لە کاریگەری بەیاننامەی سوریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا، ئەوە دەخەینەڕوو.

## ٢- كاریگەری بەیاننامەی دادایزم له ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئەدەبیاتی کوردیش وەک ئەدەبیاتی میللەتانیتر لە جیهاندا، بەدەر نەبووە لە کاریگەربوون بەئەدەبی تازەی جیهانی. جا چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ بووبێت یان بە ناڕاستەوخۆ، ئەم کاریگەرییەش زۆربەی ژانرەکانی ئەدەبی گرتۆتەوە، بەتایبەتی شیعر. ڕێبازی (دادایزم)یش، یەکێک بوو لە ڕێبازانەی کاریگەری خۆی هەبوو بەسەر ئەدەبیاتی کوردییەوە، سەرهەڵدان و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئەم ڕێبازەش لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، هۆکاری خۆی هەبوو. ((سەرهەڵدانی شیعری نوێخوازی کوردی لە ئەنجامی دووئاراسەتەوە لەدایکبووە، ئاراستەی سیاسی، کە کورد لە ناو بزووتنەوەیەکی سیاسی و شۆڕشگێڕی گەورەدا دەژیا، کە لە دەستپێکی ساڵی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە تا دەستپێکی ساڵی نەوەدەکان، شاعیرانی کورد کەوتبوونە ژێر کاریگەری نوێخوازی شۆڕشگێڕی، ئاراستەی دووەم، ئاراستەیەکی ڕۆشنبیری بوو، ئەوەش سەرهەڵدانێکی ڕۆشنبیری ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی پەرتووکی نوێ و دروستبوونی گرووپ و بزاڤی ئەدەبی و دەرکردنی بەیاننامەو ئاڕاستەو ڕێبازی جیاجیای نوێخوازی شیعری جیهانی، بەتایبەتی شیعری نوێی فەڕەنسی، شاعیرانی کوردیش کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو ئاراستەو ڕێبازە ئەدەبیانەوە کە ڕێبازی دادایزم یەکێک بوو لە وانە، کاریگەری دادایزم لەسەر هەندێک لە شیعری شاعیرانی کورد تا ڕادەیەکی زۆر دیاربوو، هەرچەندە دادایزم وەکو ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەژیانی ئەواندا ڕەنگی نەدابووەوە، بەڵکو زیاتر لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی دابووەوە.))(حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٦٣)

سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو، سەرەتایەک بوو بۆ دەرکەوتن و کاریگەری ڕێبازی دادایزم لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەم کاریگەرییەش سەرەتا بەشێوەی ناڕاستەو خۆ و لەڕێگەی ئەدەبیاتی عەرەبییەوە هاتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەتایبەت شاعیران و نووسەرانی عێراقی کە کاریگەری باشیان لەسەر شاعیرە کوردەکانی ئەو قۆناغە هەبوو. دواتریش لە ساڵانی هەشتاکان و نەودەکان و بەتایبەتیش دوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)، کاریگەری دادایزیم تا دەهات زیاتر لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا ڕەنگی دەدایەوە، چونکە لەم قۆناغەدا کاریگەری دادایزم ڕاستەو خۆ کاریگەری لەسەر بەشێک لەو شاعیرانە هەبوو.

بەگشتی لەسەرەتای حەفتاکانەوە تا دوای ڕاپەڕینیش، کۆمەڵێک شاعیری نوێخواز هەبوون، کە بەشێک لە بنەماو تەکنیکەکانی دادایزم لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی دابووەوە،((کە دەتوانین هەندێک لەو ناوانە بڵێین:( عەباس عەبدوڵلا یوسف، لەتیف هەڵمەت، ئەنوەر مەسیفی، فەرهاد پیرباڵ، ئەحمەدی مەلا، هاشم سەراج، سەباح ڕەنجدەر، نەوزاد ڕەفعەت، کەریم دەشتی، دڵشاد عەبدوڵلا، جەلال بەرزنجی، فەرید زامدار، هزرڤان عەبدوڵلا، مهاباد قەرەداغی، عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، تەحسین موحسین،

موجود سامان، عارف حەیتۆ، زەبەنگ بەهائەددین، دلاوەر قەرەداغی، شوکری شەهباز،،....))( حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٦٣)

لەسەر ئاستی گرووپیش، یەکێک لە دیارترین ئەو گرووپانەی؛ کە کاریگەریی ڕێبازی دادایزمیان لەسەربوو، گرووپی وێران، گرووپێکی ئەدەبی و هونەری نوێخواز بوو لەناو ئەدەبی کوردیدا، کە لەدوای ڕاپەڕین و لەساڵی (١٩٩٤) لە ئەنجامی پرۆژەی(ئەوروپا– هەولێر) دامەزرا. مەبەست لەو پرۆژەیە، ئەوەیە کە گرووپی (وێران) پرۆژەیەکی هاوبەشی کۆمەڵێک شاعیرو نووسەری کوردی (ئەوروپاو هەولێر)بوو. ئەو شاعیر و نووسەرانەی لەئەوروپا بوون بریتیبوون لە ( فەرهاد پیرباڵ و ئەحمەدی مەلا)، ئەوانەشی لە هەولێر بوون بریتیبوون لە( مەحمود زامدار، عەباس عەبدوڵا یوسف، هاشم سەراج، ئازاد حەمە شەریف..هتد)، پرۆژەکە هی شاعیرانی ئەوروپا بوو کەپێشکەشی شاعیرانی هەولێریان کرد و دوای ڕێکەوتنیان گرووپی ( وێران)یان دامەزراند.

یەکێکی تر لەو گرووپە نوێخوازانی لەژێر کاریگەری دادایزم دا بوون، گرووپی (برادەرانی زناک) بوو، کە ئەندامانی ئەم گرووپە بریتیبوون لە ( هاشم سەراج، زانا خەلیل، حەمە عەلی خان، فریاد حەسەن هیرانی ).

ئەم گرووپانە، پێکەوە نووسین و بەکارهێنانی زمانێکی نائاسیی لە نووسیندا و بایەخدان بە لایەنی ئیستاتیکی و تەکنیکی (نائاگایی)یان کردبوو بنەمای سەرەکی لە نووسینی شیعردا. کە ئەمەش لە بنەما تایبەتەکانی دادیزم بوو.

لەدوای ئەمانیشەوە گرووپی( بزاڤی تەغریبی ) بوو. کە گرووپێکی سێ کەسی بوون، دامەزرێنەرانی ئەم گرووپە بریتیبوون لە ( ڕۆستەم باجەلان، عەباس عەبدوڵلا یوسف، د. کەمال مەعروف )، کە ٢٨ / ٥ / ٢٠٠١ لە هەولێر گرووپەکەیان ڕاگەیاند.(( هەر چەندە ( نامۆیی – هاڤیبوون الاغتراب–Alienation) دیاردەیەکی جیهانی یە لە ئەدەبیاتی ئەورووپی دا و لە بەرهەمەکانی ( فرانز کافکا، جیمس جۆیس، مارکس، سارتەر، هنری میلەر، و گەلێکی تردا بەردەردەکەوێت، لە ئەدەبی عەرەبیشدا لەلای ( جەبران خەلیل جەبران، تاهر بن جەلون، کاتب یاسین، غسان کنفانی) دەردەکەوێت))( حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٥٤). بۆیە دامەزرێنەرانی ئەم گرووپەش( بزاڤی تەغریبی) بیرۆکەی بزاڤەکەیان لەو ئەدەبانەوە وەرگرتبوو. هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم بزاڤەش، ئەو ڕەشبینی و ناهەمووارییە بوو کە بارودۆخی سیاسی ئەوسای کوردستانی گربووەوە، بەتایبەتی لەڕووی سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتییەوە.

ئێمە لێرەدا بەهۆی سنووورداری بابەتەکەمانەوە، ناتوانین ڕەنگدانەوەی هەموو تەکنیکەکانی دادا لەسەر تەواوی ئەو شاعیرانە بخەینەڕوو، بۆیە هەوڵدەدەین  چەند نموونەیەک لەو بنەماو تەکنیکانە لەشیعری چەند شاعیرێکی سەر بەو گرووپانە بخەینەڕوو.

ا . تەکنیکی هۆنراوەی دەنگی ( بینینی): لەم جۆرە تەکنیکەدا تایبەتمەندی  " دەنگ و بینین " بەکاردێت و دەستبەرداری زمانی شیعر دەبن، واتە لە ڕێگەی دەنگ و ڕیتمەوە، دوبارەکردنەوەی وشەکانەوە، وێنەی شیعرەکە درووست دەکەن وپەیامەکە دەگەیەنن.

ئەگەر  لەسەر ئاستی تاکەکەسی باس لەم کاریگەرییە بکەین، یەکێک لە شاعیرە دیارەکانی دادایزمیی  ئەدەبی کوردی ( عەباس عەبدوڵلا یوسف)ە، ((ئەم شاعیرە یەکێکە لە دەنگە دیارەکانی نێو جیهانی شیعری کوردی. دەنگێکە هەردەم یاخییەو لە پێشەنگی یاخیبووانە، هەردەم لە بەکارهێنانی وشەدا نالۆجیک بووە، بە واتایەکی تر وشەکانی بەشیوەیەک بەکار هێناوە، کە دەگەڵ عەقڵ و لۆجیکدا نەگونجێن، ...،شاعیر دوای هەردوو نامیلکەی ( ئاو –١٩٧٤) ( لم نیازمە – ١٩٧٨) هەرایەکی گەورەی لەناو ئەدەبی کوردی دروستکرد، گڕوتینێکی تری بەشیعری نوێی کوردیدا. جگە لەوەی دەیان شیعرو هۆنراوەی تاکدێڕی بڵاو کردووەتەوە))( مەنتک، ٢٠١١، ٦٤ )

شاعیر (عەباس عەبدوڵلا یوسف) تەکنیکی (هۆنراوەی بینین)ی لە دیوانی (لم نیازمە)دا، بەکار هێناوە، کە لەخوارەوە نمونەیەکی ئەو دیوانە دەخەینەڕوو

حەزی لە جگەرەکێشانە: بەبا بکە وەک منداڵێکی لاسار

ئحمە ئحمێکی لێوەبێ و بڵێ: هەم

تەمەنم هەزار ساڵە جاویدم

کوندە، نەرمە، دەدەستی دا دە

بەربادە، قژی خۆیی و دایک و خوشکی جۆلانەیە

ئاشقی زریانی ئەمزستانەیە

.

.

.

**ئا ا ا ە ئا ا ا ە**

**ئا ا ا ه ئه ... ئه ... ئه**

**مەیدانی مەرگە، منی جەنگاوەری بەرەو پێش چووی**

**دیلانێ مە**

**گۆڕی فیرعەونیمە........       ( حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٧٣)**

## ب . نووسینی ئۆتۆماتیکی :

نووسینی ئۆتۆماتیکی یەکێک بووە لە تەکنیکە دیارەکانی دادابیەکان. تایبەتمەندی ئەم جۆرە شیعرە ئەوەیە، کە شاعیر بەبێ بیرکردنەوەو خۆ ئامادەکردنێکی پێشوەختە، ئەوەی بەمێشکی دابێت دەیڵیت، یان دەینووسێت، ئامانج لەم جۆرە تەکنیکەش، ڕێگایەکە بۆ ئازادکردنی ئەو بیرو بۆچوونانەی لەناخی مرۆڤ یاخود شاعیردا پەنگی خواردۆتەوە، دەربڕینییەتی پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەری عەقڵەوە.((ئەگەر ئێمە سەرنج لەم تەکنیکە بدەین لەناو شیعری نوێی کوردیدا، دەبینین ئەم ئەزموونە بۆیەکەمجار  لە لایەن( فەرهاد پیربال و ئەحمەد مەلا) ئەنجامدراوە،. هەر وەک ( د. فەرهاد پیربال ) دەڵیت: لە ئیوارەیەکی زۆر درەنگی باراناوی ڕۆژی (٢٧ / ٦ / ١٩٩١)دا بوو، پێش چوونەدەرەوەمان، پێکەوە یەکەم ئەزموونی نووسینی شێوەی (Ecriture Automatique) ئەنجامدا کە تەکنیکی دادابیەکان بوو، ئەم کارە پێکەوە من و ئەحمەد مەلا کە بریتیبوو لە (٨٠) لاپەرەیەکی فولسکاب ، یەکەمین بەرهەم و هەنگاوی سەرکێشانەی ئێمەبوو لەژێر کاریگەرێتی سوریالیزم دادایزمی ئەورۆپی.))(حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٦٥)

هەروەها شیعری (زرنگانەوەی داهاتوو)  کە(  فەرهاد پیربال و ئەحمەد مەلا) بەیەکەوە  لە(٦ / ٦ / ١٩٩٠) نووسیویانە یەکێکە لەو نموونانەی کە بەم تەکنیکەو لەژێر کاریگەری دادایزم دا نووسیویانە.

پەرداخێکم لەگویی ڕووبارێک

زستان هات من مامەوە

گیا لەدەورم سەزبوون.

مندالّیم زەنگێکە

لەدوورەوە دەزرنگێتەوە

وەک پەرداخەکەی جاری جاران

بەهار بەتەنیشتما تێپەڕی

ئەمێستاکەش هەر دەزرنگێمەوە

بە من بێ

پشت لە هەمووشتێک بکەم بڕۆم

لەسەر کەلاوەی گردێک دانیشم

داڵ و کۆترە یادگارەکان بێن

کەپۆلم بکەنە هێلانەی خۆیان

کەینێ سەرەتای ئەم وەرزانە دەدۆزمەوە؟

کەینێ وەرزان دەمدۆزنەوە

کەلاوەی کلیسام ئەمن

گوێ لە زەنگی دەنگم بگرن:

– داهاتوو

– داهاتوو (حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٦٥، ١٦٦)

**ت . شیعری پێکەوەیی (الانیه) :**

ئەمەش تەکنیکێکی تری دادایزمییەکانە، تایبەتمەندی ئەم جۆرە شیعرە، ئەوەیە کە زیاتر لە شیعرێک یان چەند پارچە شیعرێک بەیەکەوە بخوێنرێنەوە، کە دەنگی مۆسیقاو فیکەو جۆرێک لە قەرەباڵغی لەگەڵدابێت، ئەم جۆرە بەو شێوازە لە شیعری کوردیدا ئەنجام نەدراوە و بەشێوازێکی تر بەکار هاتووە، بەو واتایەی کتومت لاساییکردنەوەی ئەو تەکنیکەی دادایەکان نەبووە، بەڵکو تەنها شاعیران خۆیان؛ بەشێوەیەکی هەڕەمەکی و بەبێ خۆئاماکردن، هەریەکەو لەئاست خۆیەوە شیعری دەخوێندوەو جۆرێک لە قەرەباڵغی و ژاوەژاویان لە کاتی خوێندنەوەی شیعرەکانیاندا درووست

دەکرد،(( لە مانگی نیسانی ساڵی (٢٠٠٠)و لەهۆڵێک، لەشاری هەولێرو بە ئامادەبوونی جەماوەر، شاعیرانی نوێخواز (ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەراج، ئیسماعیل بەرزنجی، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، فەرهاد پیربال) بەشێوەیەکی هەڕەمەکی ( عفوی)، بێ ئامادەکاری پێشوەختە، دەستیانکرد بەخوێندنەوەی شیعرەکانیان))( حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٦٧)

نموونەیەک لەشیعری پێکەوەیی

فەرهاد پیربال: شیعر...شیعر...شیعر...شیعر

خۆی...شیعر...کەم دەکاتەوە

بیپلیشێنەوە عەباس عەبدوڵڵا یوسف

وەک چۆن چەندین ساڵە دەپلیشێیتەوە

گوڵێ شیعر بپلیشێنەوە

مادام شەرەفت لە ژێر پێی ئێوەدا دەپلیشێتەوە

عەباس عەبدوڵڵا یوسف : شیعر– شیعر– شیعریش– شیعر– شیعر– شیعر–شیعریش

شیریش ok

لە دارستانێکا حوتێکم بینی

هەموو دار سنۆبەرەکانی ڕەنگ کارتی شیعرە

فەرهاد پیربال ئەوە کارتی شیعرە

کارتی شیعر قەل فڕی

ئەنوەر مەسیفی : ئەو مرۆڤە چیمەنتۆیانە لەسەر گیا چ دکەن؟!

ئەو کۆشکە کاغەزانە بۆ لەناوی ئاو تەڕدەبن

ئێمە بەشێکین لە ئێمە

ئێمە بەشێکین لە بای ناو دەرەوەی داهاتوو

ئێمە هیچمان چاومان سەدلەسەد تەواو نییە

هەمووومان لەبەر کەپومان گوێمان گران بووە..

هاشم سەراج :     تەرمگ زۆر جوانن تەرمووکە

ڕمۆڵەکان زۆر جوانن

بەبۆنەی خاسە ڕەنگ ئاڵەوە جوانتر دەبن

زۆر زۆر جوانن ئەو تەرمکانەی ئێمە هەڵیان دەدەین

تەرمک تەرمک تەرمک جوانن..

ئیسماعیل بەرزنجی:  هاوینی ڕابردوو ١٦٢ مرۆڤ لە سەربانی شوقەکە

دەخەوتین،

مەنگولەکەشمان لەگەڵ بوو

مەنگولەکە

دۆستێکی گیانی بەگیانیمە

بەسەر سینگو پشتی  ژن و کچەکەمان بازی داداوە

دەیگۆ ( بەع بەع بەع بەع)                    ( حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٦٧، ١٦٨، ١٦٩)

برادەرانی زناک جگە لە نێوان خۆیاندا لەگەڵ شاعیرانی تریشدا، شیعری (پێکەوەیی)یان دەنووسی

بۆنموونە، ئەم دەقەی خوارەو بەشێکە لە( فیردەوسی بەفرەکا)) لەلایەن حەوت شاعیرەوە نووسراوە، ئەوانیش شاعیرانی (برادەرانی زناک) و چەند شاعیرێکی تر بوون.

((فیردەوسی بەفرەکان))

شەو ئۆخژەنی دڵە سامگرتوەکانی ماچەو

ڕۆحەکانی خۆر، لەوێندەر ڕووەو مێزەکانی مۆم و

بەفرەکانی شەو، هەنگاو دەنێن

له جوانترین و سەرابیترین چرکە گوێزانیەکاندا

مۆمەکان دانەگیرسان.

خەفەتە نێرگزیەکان هەڵوەدای ئازیزترین

ئیستاتیکا و ، غوربەتە مردن.

شەو لەگەڵ ستێرە ژەنگ گرتووەکان

لە هێمنترین بێدەنگیدا

گەورەترین سەرفەرمان داگیرساند

پەنجەرەی قامکان ئاوەڵا کە ... ئافەریدەی یەزدانی

هەمیشە ڕۆشن

شەو مۆمەکانی دانەگیرساند

ماچە خۆراییەکان دیدالۆسن،

مەترێزە جوانەکان پڕ ئاشوب دەکەن

تاعوون بەردەبێتە شارەکان.. منیش دەمرم

لەم سات و لەم ناوەدا.. بدرەوشێ

ئەی خوداوەندی شیعرە ئەپۆلۆیەکانی کەفی دەریا

پەپوولەی عەبەسیش

لەبەر کەوێڵی هزرە نازدارەکانی ڕۆح و

ئارانەکانی ئایندە دادەگیرسێین،

من گۆڕ هەڵکەنی

لە مێژوو دەڕوانم..،... (خەلیل، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)

ئەو نمونانەی سەرەوە، بەرهەمی ئەو شاعیرانەبوون، کە لەسەرەتای سالآنی حەفتاکانەوە تا سەرەتای سالّی نەوەدەکان  و دوای نەودەکانیش، بەجۆرێک لەجۆرەکان کاریگەری دادایزمیان بەسەرەوەبووە، جگە لەمانیش  شاعیرانی تریش هەبوون ، کە بەهەمانشێوە کاریگەری دادایزمیان بەسەرەوە هەبووە و لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. بەڵام بەشێوەی ئەو شاعیرانەی کە ناومان هێنان، کاریگەری(دادایزم)یان بەسەرەوە نەبووە. ئەوەی جێی خۆیەتی لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە، کە لەنێوا ئەو شاعیرە نوێخوازانەشدا دیارترینیان (ئەنوەر مەسیفی)یە کە زۆرترین کاریگەری دادایزمیی لەسەربووە.

بێگومان ئەم کاریگەرییەش، ڕۆڵی خۆی بینیوە لەبەرەوپێشبردنی بواری  ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا، چونکە گومان لەوەدا نییە هەر تازەگەرییەک  بەگشتی و بەتایبەتیش لە ئەدەبدا، جموجۆڵێکی ڕەخنەیی دێنێتە ئاراوە، هەندێک دژی دەوەستنەوە و هەندێکیتریش پشتیوانی لێدەکەن، بەیاننامەی داداش دوای گەیشتنی بەئەدەبیاتی کوردی و کاریگەربوونی شاعیرانی ئەو سەردەمە بەو بەیاننامەیە، بووە هۆی پەیدابوون و سەرهەڵدانی بیری نوێخوازی پەیدابوونی شیعر و بەرهەمی نوێ و دەرکردنی بەیاننامەی ئەدەبی. ئەمەش وایکرد کە  ئاستی تێگەیشتنی  خوێنەر لە سنووری بەرتەسکی بچێتە دەرەوە و مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەرفروانتر بێت، چەندین نووسەرو ڕەخنەگر دەستیان دایە نووسین و بڵاوکردنەوەی گوتاری ڕەخنەیی ئەرێنی و نەرێنی. تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، ئەم کاریگەرییە بەسەر ڕەخنەوە هەرماوەو ڕەخنەگران بە باش و خراپ لەسەری دەدوێن.

بۆ نموونە (ئارام سدیق) ، یەکێکە لەو نووسەرانەی بۆچوونی ئەرێنیانەی خۆی لەبارەی ئەم شاعیرە نوێخوازانەوە دەردەبڕێت و دەڵێت: ((شیعری هاوچەرخی کوردی خاوەنی چەندین دەنگی جۆراوجۆرە. ئەوەی جوانی بە شیعری هاوچەرخی کوردی بەخشیوە، ئەوەیە کە بەشێک لەم شاعیرانە خاوەنی ئەزموونی جیاوازی شیعرن و دەنگ و ڕەنگی تایبەت بەخۆیانیان هەیە. هەر بۆیە دەکرێت ئەزموونی هەریەکەیان بە جیاواز سەیر بکرێت و بخوێنرێتەوە. بێگومان لەگەڵ ئەم جیاوازییەشدا خاڵی هاوبەش لەنێوان زۆرێکیاندا هەیە. کە بەلای منەوە ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە. ئەگەر لە ئەزموونی شیعری هاوچەرخی نوێ وردبینەوە و نموونەی هەریەک لە ( دڵشاد عەبدوڵا، هاشم سەراج، هیوا قادر، سەباح ڕەنجدەر، کەریم دەشتی، دلاوەر قەرەداغی، کەژاڵ ئەحمەد، دڵسۆز حەمە و قوبادی جەلی زادە...) وەربگرین، دەبینین تاڕادەیەک بەر ئەزموونی جیاوازی شیعری دەکەوین و کە هەریەکەو بە دنیابینی تایبەتی خۆی، ماڵێکی شیعری بۆ خۆ چێ کردووە. بۆیە بەلای منەوە شیعری هاوچەرخی کوردی لەوەدایە کە بەر ئەزموونی جیاواز دەکەوین، هەربۆیە دەکرێت خوێندنەوە بۆ ئەو ئەزموونە جیاوازە بکرێت و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان دەستنیشان بکرێت.))(سدیق، ٢٠١٧، ٤٧، ٤٨).

هەر لەبارەی شاعیرانی نوێخوازەوە، ( ڕێبوار سیوەلی)ش، لە دیدارێکی ئەدەبیانەدا، باس لەو شێوازە تازانە دەکات کە لە قۆناغی نوێخوازی شیعری کوردی لە حەفتاکان بەدواوە، لەژێرکاریگەری ڕێبازە ئەدەبییە نوێخوازییەکانی جیهاندا هاتوونە ئاراوە بەتایبەتی دادایزم و سوریالیزم ، ئەرێنیانە لەبارەیانەوە دەدوێت و دەڵیت : (( من لەهەر شوێنێ شیعری کەریم دەشتی ببینم، شێوازەکەی دەناسمەوە. ئەنوەر مەسیفی گەورەترین شێوازگەرای کورد بوو. موئەیەد تەیب یەکێکە لە خاوەن دەنگە تایبەتەکان. دڵشاد عەبدوڵڵا شاعیرێکی گەورەیە کەشێوازی خۆی داهێناوەو دەنگێکی سەربەخۆیە. حەیفە شیعرەکانی دڵشاد کاکی لەبیر بکەم، یان کەژاڵ ئەحمەد و سارا فەقێ خدر و ڕەفیق سابیر و پەشێو وکەسانیتر. هەریەک لەم شاعیرانە خاوەن فەرهەنگی شیعری و زمانی تایبەت بەخۆیانن و لە میانەیساڵەکانی ئەزمونیاندا شێوازی تایبەتی خۆیان گەشە پێداوە. سەباح ڕەنجدەر یەکێکە لەشاعیرە گەنجە بە ئەزموون و خاوەن شێوازەکان))(سدیق، ٢٠٢٠، ١٥٢)

لەپاڵ ئەم بۆچوونە ئەرێنیانەشدا کەسانێک هەن کە بۆچوونەکانیان سەبارەت بەم شاعیرە نوێخوازانە نەرێنیە. (حسێن سۆران) یەکێکە لەو نووسەرانەی کە ڕەخنەی توندیان لێدەگرێت، ئەو پێی وایە کە جگە لە (ئازاد سوبحی)، لەدوای گۆرانەوە شاعیرێک نییە کە توانیبێتی تازەگەری بکات و بەتایبەت لەڕووی زمانەوە داهێنانێک ئەنجام بدات.بۆیە دەڵێ:(( هەرچەندە دوای تازەگەری گۆرانی شاعیر..شاعیرێک نەبووە بە مانای وشە توانای داهێنانی زمانێکی تایبەتی شیعری بۆ مۆزەخانەی شیعری کوردی هەبێت، ئەوەی هەیە لە ژێر کاریگەری دەوروبەر دایەو یان لاساییکردنەوەیە...، بە درێژایی سەدان ساڵە شیعری کوردی کوشتەی دەستی وێنەو یاری کردن بە زمان و دیاردەکانە. ئەوەی ئازاد لە مێژووی شیعری کوردی جیا دەکاتەوە سەروکاری لەسەر نادیارو دەرەوەی سروشت بووە، بۆیە شیعرەکانی هەرهەموویان تێکستی فەلسەفی شیعرین و ناکرێت بەراوردی شاعیرانی دیکەی بکەیت، هەرچەنە من بۆخۆم شاعیرێک نابینم لە باشووری کوردستان دەنگی خۆی بێت، بەڵکوو دەنگی کەسێکی دیاریکراوی ترە، یان وڕێنەکردن و گەرەلاوژێتی کۆی گوتارەکەی داپۆشیوە، یان ناو لەپ و ناوکەف هانیداوە، هێڵنجی ناپاکی خۆیمان پیشکەش دەکات.. بەکوردی شیعری کوردی زیاد لەپێویست قێزەونەو جەستەیەکی بۆگەن و شێواوە لە وێناکردنی شتەکان و دیاردەکان!. ))(سۆران ، ٢٠٢١، ١١، ١٦، ١٧).

ئەگەر بەراوردێک لەنێوان ئەم بۆچوونە جیاوازانەدا بکەین، دەبینین، کە زۆربەی بۆچوونەکان لەگەڵ ئەوەدان، کە ئەدەبی نوێی کوردیش بەهەمانشێوەی ئەدەبی گەلانی تری جیهان و ناوچکەش بەدەر نەبووە لە کاریگەری (دادایزم)، هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەو نموونانەش کە خستماننە ڕوو، دەکرێت بڵێین ئێمەش لەگەڵ ئەو بۆچوونەداین، کە دادایزم کاریگەری بەسەر نووسەران و شاعیرانی کوردەوە هەبووە جا چ لە ئاستی گرووپ دا بێت یان تاکەکەسی.

## دووەم: بەیاننامەی سوریالیزم

### ١- سەرەتایەک لەبارەی بەیاننامەکەوە

سوریالیزم، وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی نوێ و خاوەن ڕێبازێکی تایبەت، لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم و دوای کۆتایی هاتنی دادایزم، لە ئەنجامی کۆمەڵێک هۆکارو بارودۆخی سەردەمەکە، هاتە ئاراوە.(( سوریالیزم " surrealism " بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری بوو، پاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ١٩١٤-١٩١٨، واتە لەدوای قوتابخانەی دادایزم، لەفەڕەنسا هاتە ئارا، دژ بەهەموو لۆژیک و شێوەو ڕێکوپێکییەکی ئەدەبی و هونەری ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و سیاسی باو))( پیربال، ٢٠٠٦، ٢٢٧). ئەم ڕێبازە لەسەر کۆمەڵێک بنەمای تایبەت کاری دەکرد، یەکێک لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی کە کاری لەسەر دەکرد نائاگایی ( نەست) بوو، هەموو بەرهەمەکانی خۆیان بە ئیستاتیکایەکی بێهۆشی و بە نائاگاییانە دەردەبڕی، ئەوان دژی هەموو بنەما عەقڵی و لۆجیکییەکان بوون، چونکە بەلای ئەوانەوە ئەو هەموو کاولکاری و ماڵوێرانییەی دژی مرۆڤ و مرۆڤایەتییەی کە جەنگی جیهانی یەکەم بەدوای خۆیدا هێنای، بەرهەمی عەقڵ و لۆجیک، کاتێکیش ئەمە بەرهەمی ئەقڵ و لۆجیک بێت ئەوان بە هەموو شێوەیەک دژی دەوەستنەوە.

دواتر ئەم قوتابخانەیە لەچەند بەیاننامەیەکدا، دید و بیروبۆچوون و ئایدیا تایبەتییەکانی خۆیان بۆ ڕای گشتی خەستەڕوو، ئەم قوتابخانە ئەدەبییە بەگشتی خاوەنی سێ بەیاننامەی ڕەسمییە، دوای ئەوەی ((یەکەم گۆڤاری سوریالی بەناونیشانی " لیتێراتۆر " لەساڵی ١٩١٩ لە پاریس لەلایەن فیلیپ سوپۆ و ئەندرێ برۆتۆن و ئاراگۆن و پۆل ئێلوار بڵاو کرایەوە. دوای ئەوەش ئەندرێ برۆتۆن مانیفێستی سوریالیزمی لە ١٩٢٤ دا بڵاو کردەوە و تێیدا نووسیبووی: " سوریالیزم بیرکردنەوەیەکە، بێ گوێدانە هیچ جۆرە لەبەرچاوگرتنێکی ئەقڵ، لەدەرەوەی هەموو جۆرە دەسەڵاتێکی زیهنیی جوانیناسی یا ئەخلاقی، خۆی بەیان دەکات " ))(پیربال، ٢٠٠٦، ٢٣١)، لەسەرەتای دامەزراندی قوتابخانەی سوریالیزم و دوای دەرکردنی بەیاننامەی یەکەم، قوتابخانەکە بەشێوەیەکی دەستەجەمعی لەسەر ڕێبازەکەی خۆی بەردەوام بوو ، کە کۆمەڵێک نووسەر و شاعیری ناوداری سەردەمەکەی لەخۆ گرتبوو. لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیەوە، سەرەڕای ئەوەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ڕەخنەی توندی کۆمەڵگاو هەندێک لەنووسەران بووەوە وەک لەبەشی یەکەم ئاماژەمان پێداوە. بەڵام لەلایەن چەند شاعیرێکی فەرەنسیەوە هەر زوو پێشوازییەکی باشی لێکرا، دواتر بەشێوەیکی خێرا هەموو ئەوروپاو ئەمریکای گرتەوەو شوێنکەوتوان و هەوادارێکی باشی بۆخۆی پەیداکرد ،بەجۆرێک کە کاریگەری تەواوی بەسەر ئەدەبیاتی ئەوروپی و ئەمریکاو وڵاتانی تریش بەجێهێشت.

بەڵام ئەم دەستە جەمعییەی سوریالییەکان زۆری نەخایاند ناکۆکی کەوتە نێوانیان تا ئەوکاتەی، ئاندریە بریتۆن لەساڵی ١٩٢٩ دووەم بەیاننامەی سووریالیزم ی بڵاو کردەوەو تیایدا هەڵوێست و رەوشی سیاسی ئەم رێبازەی روونکردەوە، بۆچوونی نارەزایی خۆی سەبارەت بە هەندێک لە هاوکاران و شوێنکەتوانی خۆی دەربڕی و دواتر لە قوتباخانەکە دەریکردن، تەنانەت هەندێک لەو دەرکراوانە لەدەستەی دامەزرێنەرای سوریالیزم بوون. (( لەساڵی ١٩٢٩دا کە دووەمین بەیاننامەی سوریالیزم بڵاوبووەوە ئاندریە بریتۆن وەزعی سیاسی "حیزب" ی دیاریکرد و چەند کەسێکی تری لە هاوکاران و موریدانی خۆی ترۆ کرد. لەوانە ئانتۆنن ئارتو، لەبەر ئەوەی کە لەپێناوی خۆپەرستی و خۆهەڵکیشاندا شانۆنامەی " خەون "ی " ستریند بیرگ " ی لە حزوری گەورە سەفیری سوئید نیشان داوە بەر " پاکسازی و ترۆکردن " کەوت. تەنانەت چەند کەسێک لەدامەزرێنەرانی سوریالیزم-یش وەکو فلیپ سوپو بەگوناحی پەیرەویکردنی " شێوە ئەدەبییەکان " و روبرد سنوس بەتۆمەتی بایەخدانی لە رادەبەدەر بە نووسینی خۆبەخۆ.. بەر غەزەب کەوتن و دەرکران. لەم قۆناغەدا تەنیا ئاراگۆن و پۆل ئیلوار و پیر ئونیک لەبنی بێژنگەکەدا مانەوە.))(حسەینی، ٢٠١٨، ٢٦٩). ئەمەش کاریگەری نەرێنی گەورەی کردە سەرئەدەبی ئەوروپی و ئەمریکی بەگشتی و خودی قوتابخانەی سوریالیزم و کارو چالاکی و ئەو ئامانجە گەورەیەی کە نووسەرانی سەر بەو قوتابخانەیەی لەدەوری یەک کۆکردبۆوەو کاریان بۆ دەکرد.

لەدوای دەرکردنی بەیاننامەی دووەم و هاتنە ئارای ئەو ناکۆکی و لێکترازانەی نێوان نووسەران و شاعیرانی سەر بەرێبازی سوریالیزم و دژایەتی کردن و مجامەلەکرنی یەکتر، هەروەها، تێکچوونی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەئەوروپا بەگشتی و بەتایبەت شەری ناوخۆی ئیسپانیاو زاڵبوونی ئەڵمانیا بەسەر فەرەنسادا، بارودۆخی سوریالزمی خراپتر کرد. لەدوای ئەوەش((هەر کە جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکرد،سلڤادۆر دالی و یوتانگی بۆ ئەمریکا هەڵاتن. بنجامین پرە کە تاساڵی ١٩٤١ لەپاریس مابۆوە، دوای ئەوە بۆ مەکسیک رۆیی. ئاندرەی بریتۆن -یش جلی پزیشکی لەبەر کردووەو لەگەڵ ئاندریە ماسون رێگەی ئەمریکای گرتە بەر تا بەکەماڵی ئیسراحەت و ئازادی و سەربەستی تەواوەوە درێژە بە لێکۆڵینەوە سوریالیستەکانی خۆی بدات، لەساڵی ١٩٤٢دا دیباجەی سێیەمین بەیاننامەی سوریالیزمی لە نیۆیۆرک بلاو کردەوە. لەساڵی ١٩٤٦دا پاش کۆتایی جەنگ و بەر قەراری ئاسایش و تەناهی بۆ پاریس گەرایەوەو لە دیمانە رۆژنامەوانییەکانیدا نەگۆریی بیروباوەرەکانی خۆی راگەیاند و گوتی: " لە قۆناغ و سەردەمێکدا کە چەرخی کۆمەڵگە لە ئەنجامی هەڵکشانی تەماح و ئارەزووی ماددیدا لەتەوەری خۆی دەرچووە، پتر لەجاران هەست بەزەروورییەتی گەران بەدووی ئارمانج و مەراماندا دەکرێ، لەسەردەمی تەقینەوەی ئەتۆمدا پێویستە لەسەر مرۆڤ دژی چەمکێن درووستکراو و قالبگرتوو راپەرێ وەهەموو توانای خۆی بۆ بەرقەراری سەردەمێکی تازەی دیکە بخاتە گەر.))(حسەینی، ٢٠١٨، ٢٧٢. ٢٧٣)

بەگشتی بەیاننامەی سوریالیزم، هەر لەیەکەم بەیاننامەوە تا کۆتایی، لە ئەوروپاو ئەمریکادا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕا لەداهێنان و تازەگەری بەرەوپێشچووندا، نەک هەر لەبواری ئەدەبیاتدا بەڵکو لەسەرجەم بوارەکانی تریشدا ڕەنگی دایەوە، ((سوریالییەکان خەونی زۆرگەورەیان هەبوو. لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی عەقڵ و لۆجیک و چەمکی تردسیۆنی ڕۆژئاوا و بورژوازییەت و پشتبەستن بە نەست و خەون و نائاگایی" لاشعور " دەیانەوێ مرۆڤی نوێ دروست بکەن و تەنانەت ژیان و جیهان بگۆڕن. ئامانجی سەرەکی ئەوان گۆڕینی ژیان بوو، چونکە ئەوان شەڕی گەورەی یەکەمی گێتییان دیبوو، هەوڵی دروستکردنەوە و بنیاتنانەوەی ژیانیان دەدا بەشێوەیەکی جوانتر و نوێتر و جیاوازتر، ئەم باوەڕەی ئەوان وایکرد ڕێبازی سوریالییەت بەشێوەیەک پەرەسەندن بەخۆیەوە ببینێ که لەسەر ئاستی تاکەکەس زۆر کەس کردبوویانە شێوە ژیانی خۆیان. تەنانەت لە هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەرو نیگارکێشی و سینەماو شانۆو مۆسیقا ڕەنگی دایەوە.))( مەنتک، ٢٠١١، ١٤). ئەم ڕێبازە بەتەنها لەفەڕەنسادا نەمایەوە، بەڵکو لەسەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی ئەمریکاو هەموو وڵاتانی تری ئەوروپاشی لەساڵی ١٩٤٠ گرتەوە تەنیا بەریتانیا نەبێت کە درەنگتر ئەم ڕێبازەی پێگەیشت((سوریالیزم گرنگترین بزووتنەوەی ئەدەبی سەردەمی ئێستامانە. کاریگەرییەکەی لە هەموو وڵاتانی جیهاندا زۆر گەورە بوو، تەنها لەبواری ئەدەبیدا نەمایەوە ، لە شێوازی بیرکردنەوەمان و تەنانەت شێوازی ژیانیشماندا ڕەنگی داوەتەوە،. کە لە " بەیاننامەی سوریالیزم"دا ئەندرێ بریتۆن بنەما تیۆری و ئامانجە دوور مەوداکانی ئەم بزووتنەوە شۆڕشگێرییەی خستۆتە ڕوو.))(برمدا، ١٩٧٨، ٧)

٢- کاریگەری بەیاننامەی سوریالیزم لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیدا

دیارە کە بەیاننامەی سوریالی دوای بڵاوبوونەوەی لە ئەوروپاو ئەمریکا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشی گرتەوە بەتایبەت ئەدەبییاتی عەرەبی، وڵاتی میسر یەکێک بوو لە وڵاتانەی یەکەم جار کاریگەری سوریالیزمی پێگەیشت و لەوێشەوە گوازرایەوە بۆ وڵاتانی تری عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی، بەتایبەتی عێراق و دواتریش باشووری کوردستان.

## ١/٢ سوریالیزم لەمیسر

ئەدەبی عەرەبی لە کۆنەوە تاکو ئێستا خۆی ئەدەبێکی دەوڵەمەند بووە، هەم لەپێش ئیسلام و هەمیش دوای ئیسلام . چونک خاوەنی شارستانییەتییەکی گەورەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سودی لە ئەدەبیاتی زیندووی جیهان بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی بینیوە. هەر ئەمەش وایکردووە کە عەرەبیش وەکو هەموو گەلانیتری جیهان خاوەن ئەدەبیاتی کۆن و نوێی خۆی بێت. هەمیشە ئەدەبی عەرەبی بۆنوێکردنەوەی ئەدەبەکەی سودی لەئەدەبیاتی تازەی جیهان بینیوە بەتایبەت ئەدەبی زیندووی

ئەوروپی . لەهەمان کاتدا خۆشی کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی میللەتانیتر هەبووە ، بەتایبەتی ئەو میللەتانەی کە موسوڵمان بوون و کەوتوونەتە ژێر کاریگەری ئاینی ئیسلامەوە، وەکو کوردو فارس و تورک، ...یەکێکیش لەو ئەدەبانەی کە کاریگەری لەسەر ئەدەبی عەرەبی هەبووەو سودی لێ بینیوە لە تازەکردنەو بەرەوپێشبردنی ڕێبازی ئەدەبی " سوریالیزم " بووە.((سوریالیزم بەپێچەوانەی وڵاتانی ئەوروپا، درەنگتر گەیشتە وڵاتانی ڕۆژهەڵات. لەوانەیە یەکێک لەهۆکارەکانی ئەم درەنگ گەیشتنە: دەسەڵاتی دین و دەوڵەت و نەریتەکان بووبن، کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا سانسۆرێکی توندی دامرکێن و چەپێنیان هەیە. لە هەمان کاتدا هۆیەکی دیکەشی ئەوەبوو کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا بەشێوەیەکی گشتی پرەنسیپی ئازادی تاکەکەسی–کە فاکتەرو ڕێگە خۆشکەرێکی بنجیيە بۆ داهێنان–ڕەفز دەکرێتەوە.))(پیربال ٢٠٠٦، ٢٦٨، ٢٦٧)

لەگەڵ ئەوەی کە سوریالیزم درەنگتر گەیشتە وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بەڵام میسر یەکەم وڵاتی ڕۆژهەڵاتی بوو، کە ڕێبازی سوریالیزمی پێگەیشت. هۆکاری ئەوەش کەبووە هۆی ئەوەی میسر وەک یەکەم وڵاتی ڕۆژهەڵات ڕێبازی سوریالیزمیی پێبگات و تیایدا گەشەبکات ئەوەبوو، کە (( وڵاتی میسر هەر لەکۆنەوە لانکەی شارستانییەت و نوێبوونەوە و داهێنان بوو. ئەم بزووتنەوەیە " سووریالییەت " هەر لەساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوو لەمیسر سەریهەڵدا، دەتوانین بڵێین هەر لە دەوروبەری سەرهەڵدانی سووریالیزم لە ئەوروپا، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەم ڕێبازە لە میسر لەپێش ئەوروپا سەریهەڵدابێت، نەخێر بگرە لەژێر کاریگەری ڕێبازە ئەوروپییەکان سەریهەڵداوە. لێرەدا ڕۆڵی فرانکفۆنییەکان نابێ لەبیر بکرێ کە لەساڵی ١٩٢٨ لەمیسر کۆمەڵەی Les Essayistes پێکهێنا کە پێکهاتبوون لە کۆمەڵێک ڕۆشنبیر کە زۆر کاریگەربوون بەو ڕێبازانەی لە ئەوروپا ڕۆژئاوا سەریهەڵدەدا بەتایبەتی فەرەنسا ئەم کۆمەڵەیە بڵاوکراوەیەکیان بەناوی " un Effort " هەبوو کە زمان حاڵی ئەو کۆمەڵەیەبوو، ئەم گۆوارە زۆر لە ڕۆشنبیرە فرانکفۆنییەکانی لەخۆ گرتبوو. لەمیسر چەند کەسێک ڕۆڵی باڵایان هەبوو لە پێکهێنانی سووریالیزم لەوڵاتی میسر، کەنووسەر " جۆرج حەنین " و کۆمەلەی " هونەروئازادی " میسر بوون. ئەمانە بەرهەمی سووریالییان بڵاو دەکردەوە کە پڕبوون لە یاخیبوون و نوێبوونەوە.))( مەنتک، ٢٠١١، ٤١)

هۆکارێکیتر کە لەزۆربەی میللەتانی تری جیهاندا بوونی هەبووە بە ئێستاشەوە، کۆچی نووسەران و ڕۆشنبیرانە لەوڵات و شوێن زێدی لەدایکبوونی خۆیانەوە بۆ شوێن و وڵاتیتر، بەتایبەت ولاتانی پێشکەوتووی ئەوروپا، جا ئەم کۆچە کۆچی بەزۆر بێت بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتی،کومەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و جەنگ،..هتد. یاخود کۆچی بەویست بێت ، کە بەمەبەستی خوێندن نووسەران و ڕۆشنبیران کۆچی بۆ بکەن . کاتێک لەوڵاتی میسر باس لەسوریالیزم دەکەین، یەکەم کەس دەبێ ئاماژەی بۆبکەین " جۆرج حنین "ە، کە بە دامەزرێنەرو سەرمەشقی ڕێبازی سوریالیزم دادەنرێت

لەئەدەبیاتی عەرەبی و میسر بەتایبەتی.(( جۆرج حنین یەکێکە لەنووسەرە هەر یاخییەکانی عەرەب. دەتوانین بەیەکەم نووسەری سووریالی عەرەبی دابنێین. چونکە لە سەردەمێکی زۆر زووەوە کەوتۆتە ژێر کاریگەی ڕێبازە زیندووەکانی جیهان بەتایبەتی ڕێبازی سووریالیزم. جۆرج حەنین لە ساڵی (١٩١٤) لە میسر لەدایک بووە. شاعیرو نووسەرێکی گەورەی عەرەبە. بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەورپاو فەڕەنسا ژیاوە بۆیە سوودێکی زۆری لە ئەدەبیاتی نوێی فەڕەنسی وەرگرتووە. شاعیر کاتێک لەساڵی (١٩٣٤) گەڕایەوە قاهیرە پەیوەندی بە کۆمەڵەی(Les Essayistes) کردو بووە یەکێک لە چالاکترین نووسەرەکانی. دەگەڵ (جۆزیف حەبەشی) بەهاوبەشی لەساڵی (١٩٣٥) بەیانێکیان لەژێر ناوی " Le Rappei al ordure" دەرکرد کە ئەمەش ناونیشانێکی جوانە بۆ پابەندبوون. لە ساڵی (١٩٣٥–١٩٣٦) جۆرج حەنین بەهەموو شێوەیەک لەڕێبازی سووریالییەت نزیک کەوتەوەو لەماوەی( ١٩٣٦–١٩٤٨) جۆرج حەنین پێوەندی بەکۆمەڵەی سووریالییەکان کرد .))( مەنتک، ٢٠١١، ٤٢)، بەر لە دەرکردنی گۆڤارەکە جۆرج حەنین لەساڵی (١٩٣٥)دا بەمەبەستی دەرکردنی گۆڤارەکەو بڵاوکردنەوەی پرەنسیپەکانی سووریالیزم لەو گۆڤارەدا لەمیسر، نامەیەکی ئاراستەی ئەندرێ بریتۆن کرد.(( ئەویش بە دڵگەرمییەوە وەڵامی نامەکەی دایەوەو بۆی نووسی : (( بێگومان، چونکە شەیتان باڵیکی ئەوەتا لێرەیەو باڵێکی دیکەشی لە میسر، پێویستە دژیان بجەنگین))( پیربال، ٢٠٠٦، ٢٧٠)

دواتر جۆرج حەنین، لە ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ چەندین نووسەرو هونەرمەندی دیکەی میسری ، کۆمەڵەیەکی سوریالیستیان دامەزراند و لە گەلێک بواری وەک ( ئەدەب، هونەری شێوەکاری، کلتور بەگشتی) لە سەر بنەمای سوریالیستی دەستیان کرد بە کارو چالاکی، هەر لەو ساڵەشدا بەیاننامەیەکیان بە ناوی " بژی هونەری ئاست نزم " بڵاوکردەوە کە تیایدا ئامانج و پرنسیپەکانی خۆیان بۆ هەموو بوارەکان بەگشتی و ئەدەب بە تایبەتی، بۆ ڕای گشتی خستەڕوو. بەم شێوەیە سوریالیزم تا دەهات زیاتر لەوڵاتی میسردا پەرەی دەستان، نووسەران و ڕۆشنبیرە سوریالییەکان، بەتایبەت " جۆرج حەنین" و " کۆمەڵەی " هونەرو ئازادی " ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەگەیاندنی بیری سوریالیزمی.ئەمەش لەڕێگەی کۆمەڵێک چالاکی وەکو کردنەوەی پێشانگاو پێشکەشکردنی شانۆگەری و ئەو وتارو بابەتانەی لە گۆڤارەکاندا بڵاویان دەکردەوە. ئەمەش بووە هۆی ئەوی کە ئەدبییاتی میسری بەتایبەتی و عەرەبی بەگشتی بەرەو پێشچوون و گۆڕانکاری گەورە بەخۆیەوە ببینێت و قاڵبێکی نوێی ئەدەبی وەربگرێت، ئەدەبی میسری و عەرەبی بەچەندین چەمک و بیری نوێ ئاشنا بکەن. ((سوریالیزم کاریگەری هەبوو بەسەر ئەوەی کە میسر بەچاویکی تازەو جیاواز، بەڕۆحیاتێکی هاوچەرخەوە بروانێتە کلتورو نەریتەکانی پێشووی خۆی ))( پیربال، ٢٠٠٦، ٢٧١). هەروەها لە ساڵانی (١٩٦٠–١٩٧٠) ئەم شەپۆلی سوریالیزمە بەجۆرێک لەمیسردا پەرەی سەندبوو وە کاریکردبووە سەر ئەدەبەکەیان، کە کاریگەری گەیشتە دەرەوەی میسر و وڵاتانی تری عەرەبی،

بەتایبەتی لوبنان و عێراق و سوریا، کە بەتەواوەتی کەوتبوونە ژێر کاریگەری شەپۆلی ئەدەبی سوریالیزمی و بەئاشکرا سوریالیزم لە نوسەران شاعیرانی ئەو ساڵانەدا ڕەنگی دابووەوە.

### ٢/٢سوریالیزم لە عێراق

دوای ئەوەی سوریالیزم لە ئەوروپاوە گەیشتە وڵاتانی عەرەبی، میسریش یەکەم وڵات بوو کە لەسەردەستی" جۆرج حەنین " سوریالیزمی پێگەیشت، بەهەمانشێوە عێراقیش لەدوای ئەوەی سوریالیزم لە میسر گەیشتە لوتکەو پەلی هاویشت بۆ وڵاتانی تری عەرەبی، یەکێک بوو لەو وڵاتە عەرەبیانەی کە لە ساڵانی ( ١٩٦٠– ١٩٧٠ ) بەڕێباز و بەرنامەی سوریالیزمی ئاشنابوو.

دەکرێت بڵێین: هەروەک چۆن لە وڵاتی عەرەبیی میسردا " جۆرج حەنەین " بەیەکەم سوریالیستی عەرەب دادەنرێت، لەدوای ئەو و کۆمەڵەی " هونەروئازادی " میسر، لە عێراقیشدا " عەبدولقادر جەنابی " کە نووسەرێکی گەورەی عەرەبی عێراقییە، سوریالیزم لەسەردەستی ئەو گەیشتە لووتکە. (( عەبدولقادر جەنابی کەسێکی تاسەر ئێسقان سوریالی بوو. داوای دەکرد گەنجەکان خۆیان لە پێوەستبوون بە ئاین و دابوونەریت بپارێزن. هەوڵ بۆ کوشتنی باوک بدەن، کە ئەمانەش هۆیەکن بۆ خۆدەربازکردن و بەدەستهێنانی ئازادی. کەواتە عەبدولقادر جەنابی یەکێکە لە سوریالییە عەرەبە گەورەکان کە بەراستی کاریگەرییەکی زۆری لەسەرنوێکردنەوەی شیعری نوێی عەرەبی هەبووە. سوریالییەت لە شیعرو ئەدەبی عەرەبی نەبوو. دوای کۆمەڵەی " هونەرو ئازادی "، جۆرج حەنین و هاوڕێکانی کە عەبدولقادر جەنابی لە ساڵی ١٩٧٣ پێش مردنی ناسیوییەتی. هەندێ هەوڵ و جێبەجێکردنی سوریالی هەبووە لێرەولەوێ وەک کتێبی " الصوفیةو السوریالیة "ی " ئەدۆنیس " و چەند هەوڵیکی تر، لەلای عەبدولقادر جەنابی گەیشتە لوتکە، بۆیە لەو بڕوایەدان کە سوریالییەتی جۆرج حەنین و کۆمەڵەی " هونەرو ئازادی " بریتیبوو لە یاخیبوون لە واقیعی عەرەبی، وەک تیۆرێکی ئەدەبی پێشکەشیان نەکرد. بەڵکو ئەوان کردیانە هۆیەک دژی سیاسییەکان. ))( مەنتک، ٢٠١١، ٤٨)

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، کۆچکردنی نووسەران و ڕۆشنبیران و جێهێشتنی وڵات، بەهۆی خوێندن و باردۆخی سیاسی گەلێک بارودۆخی ترەوە هۆکارێک بووە بۆ ئاشنابوون و کرانەوەی ئەو نووسەرانە بە کلتورو ئەدەبیاتی زیندووی میللەتانی تر. ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لە بەرەوپێشبردن و تازەکردنەوەی ئەدەب و هونەری میللەتەکەی خۆی. "عەبدولقادر جەنابی "ش وەک زۆرێک لە نووسەران و ڕۆشنبیرانی عەرب و میللەتانیتر، بەمەبەستی خوێندن وڵاتی جێهێشتووە و ڕووی لە ئەوروپا کردووە. ((شاعیر لە ساڵی ( ١٩٤٤ )لە شاری بەغدا لەدایک بووە. ژیانی ئەدەبی لە ناوەراستی شەستەکان دەستپێدەکات کاتێک دەستی بە وەرگێڕانی شیعری ئینگلیزی کردووە. لەساڵی ( ١٩٧٠ ) عێراقی بەجێ هێشتووەو بۆ لەندەن چووە، دووساڵ

لەویَ مایەوە لەساڵی ( ١٩٧٣ ) كۆواری (الرعبةالاباحة)ی سوریالی دەركرد. دواتریش هەردوو كۆواری (النقطة) و كۆواری (فرادیس)ی دەركرد، ژمارەیەک ئەنتۆلۆجیای بەزمانی فرەنسی بۆ پێناسەكردنی شیعری عەرەبی بڵاو كردەوە، لەوانە (Arabe moderne Le poeme) كە نزیكەی (٩٦) شاعیری تێدایە لە سەرەتای پەنجایەكان تاكو سەرەتای هەشتایەكانی سەدەی ڕابردوو. زۆر لە بەرهەمی فرەنسی وەرگێڕاوە لەوانە(الافعى بلارأس ولا زيل) كۆمەڵێک توێژینەوەی گرنگ. كۆمەڵێک بەرهەمی شیعری هەیە لەوانە (في هواء اللغة الطلق)و (مرح الغربة الشرقية) و(حياة ما بعد الياء) . ژیاننامەیەكی بەناوی (تربية عبدالقادر الجنابى) لەساڵی ١٩٩٤ بڵاو كردەوە. كە بۆ چوار زمان وەرگێڕاوە لەوانە (فرەنسی، ئەڵمانی، ئیسپانی، كاتالانی). هەروەها دووكتێبی هەیە لەبواری توێژینەوە، یەكەمیان موحازەرەیەكە لەسەر بزووتنەوەی سوریالیزم لەمیسر لەزانكۆی (فانكفۆر) پێشكێشی كرد دووەمیان ڕەخنەیە لە سوریالیزمی نویَ.))(مەنتک، ٢٠١١، ٤٧، ٤٨)

یەكێک لە هونەرەكانی ڕێبازی سوریالیزم بریتییە لە " هونەری گەمەكردن ". ئەم هونەرەش بەلای سوریالیستەكانەوە تاموچێژێكی تایبەتی هەیە و بریتیە لەوەی، لەنێوان دوو نووسەر یاخود دوو شاعیردا ئەنجام دەدرێت. كەتیادا نووسەر پرسیار ئاراستەی بەرامبەرەكەی دەكات و ئەویش بەبیَ بیركردنەوە، وەڵام دەداتەوە،كە هونەرو چێژەكە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەم هونەری گەمەو گاڵتە پێكردنەش بەلای سورياليیەكانەوە گرنگی خۆی هەیە، چونكە بەلای ئەوانەوە ئەم گەمەیە ڕێگە خۆشكەر دەبێت بۆ ئەوەی پەوەندییە باوەكانی نێوان دیاردە باوەكان تێكبشكێنرێت و لە ڕوانگەیەكی ترەوە بۆ دیاردەو شتەكانی دەوروبەر و دنیاش بڕوانرێت، كە ئەمە هۆكاری هەم دڵخۆشی و چێژ بینینە بەلایانەوە هەمیش هۆكارێكە بۆ فێربوون.(( لەئەدەبی عەرەبیدا ئەم گەمەیە سیَ جار ئەنجام دراوەن( ئەوەندەی ئێمە ئاگاداربین و لەسەرچاوەكان بەرچاوماان كەوتبیَ). دوویان لەلایەن شاعیر ( عەبدولقادر جەنابی) ئەنجام دراوە، جاری یەكەم دەگەڵ هەردوو شاعیری عیراقی ( سەعدی یوسف و سەرگۆن پۆلس) و جاری دووەم دەگەڵ شاعیر (ئەدۆنیس)، جاری سێیەم دەگەڵ ( مەحمود دەروێش). كەسی پرسیار لێكراو دەبیَ ئامادەیی تەواوی هەبیَ، واتە لەڕووی بیركردنەوەو دەروونییەوە ئامادەبیَ. ئەو گەمانەی ئەنجام دروان لە ئەدەبی عەرەبی لەساڵی (١٩٩١) بوو دەگەڵ (ئەدۆنیس) كە لەژمارە دووی كۆواری ( فرادیس) دا بڵاو كراوەتەوە. لەساڵی ( ١٩٩٥) دەگەڵ ( مەحمود دەروێش) ئەنجام دراوە لە ژمارەی (١٠)ی دا هەمان كۆوار بڵاو كراوەتەوە. ))(مەنتک، ٢٠١١، ٤٩)

## ٣/٢ سوریالیزم لە ئەدەبی نوێی کوردیدا

زۆرن ئەو قوتابخانە ئەدەبیانەی  کە لە کات و سەردەمی جیاوازدا کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی جیهانی بەگشتی ئەدەبی کوردیش هەبووە لەوانە( رۆمانسیزم، ریالیزم، فۆرمالیزم، دادایزم ، ... تاد )، سوریالیزمیش بەتایبەت، یەکێکە لەو قوتابخانە ئەدەبیانەی ، چ بە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ کاریگەری خۆی لەسەر ئەدەبیاتی کوردی داناوە. سوریالیزم درەنگتر لەولاتانی رۆژهەلات و ولاتانی عەرەبی وەک " میسر " و تەنانەت " عێراقی" ش گەیشتە کوردستان، بەلام لەدوای گەیشتنی زۆربەی بوارەکانی وەک ( نیگار کێشی و شیعر و چیرۆک و رۆمان و،... )ی گرتەوە. هۆکاری ئەم درەنگ گەیشتنەش دەگەرێتەوە بۆچەند هۆکارێکی وەک: ناهەمواری بارودۆخی  و کۆمەلایەتیی، زالبوونی دەسەلاتی ئاینی و کۆمەلایەتی، بەسەر نووسەران و رووناکبیراندا، کە رۆلی بەرچاویان هەبووە لە بەرتەسککردنەوەی ئازادی بیروڕادەربڕین و کاری نووسین و رۆژنامەگەری و ئازادی تاکەکەس،(( لێرەوە بایەخی قسەکەی برۆتۆن دەردەکەوێ کە لە " سوریالیزم چییە " دا لەساڵی ١٩٢٤ دا دەڵێ: ئازادکردنی زیهن، بەپلەی یەکەم واتای ئازادبوونی مرۆڤ دەگەیەنێ، ئەمەش مانای وایە کە ئێمە بە هەموو هێزی نا ئومێدی خۆمانەوە پێویستە دژی زنجیرەکانمان بجەنگین ( پیربال. ٢٠٠٦، ٢٦٩).

هەروەها هۆکارێکی تری ئەم درەنگ گەیشتنە، درەنگ کرانەوەی کۆمەلگای کوردی بەرووی دەرەوە، نە بوونی دەرفەتی پێویست و رەخسانی کەشوهەوایەکی لەبار بۆ نووسەران رۆشنبیرانی کورد تا لەدەرەوە بخوێنن و ئاشنای دابونەریت و ئەدەبیاتی زیندووی گەلانی جیهان بن، بەتایبەت ئەوروپا.((سەرەتای سەرهەلدانی ئەدەبیاتی نوێخوازی کوردی جولەو هەولی تاکەکەسی بوون، کە رۆشنبیرانی کورد لەئەنجامی کارتێکردنی  شەپۆل و بزووتنەوەی بیانی، بیری نوێخوازی لەبوارە جیاوازەکانی ئەدەبی لێکەوتەوە، دواتر وەکو گرووپ  لەدەوری یەکتر کۆبوونەوە ناوی جیا جیا یان لەخۆیان نا))(زیاب، ٢٠٠٥، ٤٥)

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بەهۆی کۆمەلێک هۆکارەوە سوریالیزم درەنگ گەیشتە ناو ئەدەبیاتی کوردی، ئەویش لە رێگەی نووسەر و شاعیرانی نوێخوازی عەرەبییەوە بوو، بەتایبەت شاعیرانی نوێخوازی عێراقی، کە لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا رۆلێکی بەرچاویان بینی لە نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی عەرەبی و بلاوکردنەوەی بیری سوریالیستی لە عێراق و ناوچەکەدا، هەر لەو سالانەشدا کۆمەلێک شاعیری نوێخوازی کورد هەبوون، کە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو شاعیرانەوەوە، بۆیە (( کاتێک باس لە رێبازی سوریالیزم دەکەین لە ئەدەبی کوردی دەبێ ئەوە بزانین کە زۆر درەنگ گەیشتە ناو ئەدەبی کوردی. دەتوانین بلێین دوای سالانی ١٩٧٠ لەدیوانی هەندێک لەشاعیرە نوێ خوازەکان دەرکەوت. دواتر لەلای شاعیرە گەنجەکانی دەیەی هەشتاکان وەکو گرووپی ( پێشڕەو) و شاعیرانی تری وەک : ( جەلال بەرزنجی، دلشاد عەبدولا، سەباح رەنجدەر، ئەنوەر

مەسیفی، هاشم سەراج، فەرید زامدار.. .). برەویان بەم ڕێبازە دا. لێ ئەوەی کە بە تەواوی سوریالییەت لەناو بەرهامەکانیان ڕەنگی دایەوە و ئیشیان لەسەرکرد ...، پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ بەهۆی ئەو ئازادییەی کە پەیدابوو، شاعیران و نووسەرانی دوورە وڵات گەڕانەوە نیشتیمان، بەهۆی ئەو ئاشنایەتییەی کە هەیانبوو دەگەڵ ئەدەبیاتی ئەورووپی توانیان کاریگەرییەک لەناو ئەدەبی کوردی لەهەموو ژانرەکان دروست بکەن و توانیان فۆڕمی تازە بهێننە ناو ئەدەبی کوردی گرۆتینێکی تازەیان بەئەدەبی کوردی دا.))(مەنتک، ٢٠١١، ٥٥)

ئەگەر باسی سەرەتاکانی سوریالیزم بکەین لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، ئەم کاریگەرییە تەنها یەک لایەنی ئەدەبی نەگرتۆتەوە، بەڵکو زۆرێک لەژانرەکانی تری ئەدەبیشی گرتۆتەوە، کە لەڕێگەیانەوە بیروبۆچوونی سوریالییان پێ دەربڕاوە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەدەبی کوردی، ڕاستە زۆربەی زۆری بەرهەمی ئەدەبیمان بەشیعربووە، بەڵام لەم دواییانەداو بەهۆی ئاشنابوونی نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بەئەدەبیاتی زیندووی جیهانی و دراوسێش، ژانری تری ئەدەبیش هاتنە ناو ئەدەبییاتی کوردییەوە. بۆیە ناکرێت لێرەدا، تەنها باس لە ڕەنگدانەوەی سوریالیزم لە شیعردابکەین . سوریالیزم(( لەسەرەتادا لە ڕێگەی هونەری شێوەکارییەوە بەشێوەیەکی زۆر سەرەتایی و ڕووکەش پێی نایە نا کولتوری کوردەواریمان. یەکەم هونەرمەندی نیگار کێش کە کاریگەرێتییەکی سادەی سوریالیزمی لەخۆ گرتبێت وە هەوڵی دابێت سوودی لە جیهانی سوریالیزم وەرگرتبێت، (ئەنوەر تووڤی)یە کە لە ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٦٠ دا نەک هەر تەنیا چەندین تەختیت و تابلۆی سوریالیستانەی کێشاوە، بەڵکو لە شاری سلێمانی شەخسییەت و ژیانێکی سوریالیستانەیشی هەبووە.))(پیربال، ٢٠٠٦، ٢٧١).

دواتریش لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، بەهۆی ئەو بارودۆخەی کە هاتبووە ئاراوە، لە سەرهەڵدان و پەیدابوونی بزوتنەوەو گرووپی ئەدەبی جیاجیاو دەرکردنی چەندین گۆڤار ی تایبەت بە ڕیبازو بەیاننامەی " سوریالی " . کۆمەڵگای کوردیش بەتایبەت شاعیران ونووسەران، بە گەڕانەوە بۆ کلتورو ئەدەبیاتی کوردی و سودوەرگرتن لەو بزوتنەوەو گرووپە نوێیانە بەتایبەت سوریالیزم و گروپە سوریالییەکانی ڕۆژهەلاتی، هەنگاویان بەرەو نوێبوونەوەنا. دەرئەنجامی ئەمەش کۆمەڵێک گرووپ و بزووتنەوەی ئەدەبی جیاجیای کوردی سەریهەڵدا. ئەمە جگە لەوەی کە لەسەر ئاستی تاکەکەسیش کۆمەڵە نووسەرێکی باش هەبوون کە کاریگەری سوریالیزمیان لەسەربوو.(( باسکردنی ئەم گرووپ و بزوتنەوانە بە واتای ئەوە نایات پێش ئەم قۆناغە لە مێژووی ئەدەبیی و ڕۆشنبیری کوردیدا هەوڵی نوێخوازی و تێپەڕاندنی قۆناغی پێشتر و واقیعی چەسپاوەو مەنگی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی نەدرابێت. بەپێچەوانەوە لەم بوارەدا گەلێک هەوڵی ناوازەو گەورە دەبینرێت کە زۆرجار کارتێکەرییان بەڕاددەیەکی مەزن و ئاشکرابووە. بەڵام تایبەتمەندێتی و

خاسییەتی ئە هەوڵانە ئەوەبووە زۆرجار تاکەکەسی بوون و زۆرجاریش پەرشوبڵاو بێ بەرنامەو بێ بەیاننامە بوون واتە کۆبوونەوەی کۆمەڵێک نووسەر نەبووە بۆ ئەوەی پێکەوە کاربکەن بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا، لەپێناوی درووستکردنی فشار لە ناوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ناو کۆمەڵگای کوردیدا.))( میرە، ٢٠١٢، ٨٠) لەگەڵ ئەوەشدا کە هەوڵەکان تاکە کەسی بوون و نووسەران خاوەنی بەیاننامە نەبوون ، بەڵام دەکرێت بڵێین: شاعیرێکی وەکو( شیخ نووری شێخ ساڵح) و هەوڵەکانی ڕۆڵێکی باشیان هەبوو لە هاندانی شاعیرانیتر بۆ وازهێنان لە شێوازە باوکەی کلاسیک چ لە ڕووی وەزن و قافییە و چ لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، ئەمەش بۆخی نارستەوەخۆ ڕۆڵی بەیاننامەی بینیوە.

لەبەر ئەوەی کاریگەری " بەیاننامەی سوریالی" لەسەر ئەدەبیاتی کوردی زیاتر لەڕێگەی ئەدەبی نوێی عەرەبی و بەتایبەت ئەدەبی نوێی عێراقییەوەبووە، بۆیە وردەکاری ئەم کاریگەرەییە و باسکردنی لەئاستی گرووپ و تاکەکەسیدا بۆ پاری دواتر ( کاریگەری بەیاننامەی شیعر ٦٩ ی عێراقی لەسەر ئەدەبی کوردی) هەڵدەگرین

## سێیەم : بەیاننامەی ( شعر ٦٩) ی عێراق

### ١- سەرەتایەک لەبارەی بەیاننامەکەوە

لەدوای شکستی عەرەب بەرامبەر بە ئیسرائیل لەساڵی ١٩٦٧ ، ئەدەبی عەرەبی، بەتایبەت لەعێراق ئەزموونیکی تازەی بەخۆوە بینی، بەتایبەت ، دوای دەرچوون و بڵاوبوونەوەی کۆمەڵێک گۆڤاری وەک ( الاداب )ی بەیروتی و ( شعر )ی لوبنانی. ئەمانە ئەو گۆڤارانە بوون کە بەزمانی عەرەبی و لەدەرەوەی عێراقەوە بە خوێنەرانی عێراقی و کوردستانیش دەگەیشتن. لەناوەوەی عیراقیش گۆڤاری (الکلمە ) ، کە لەلایەن شاعیری نوێخوازی عێراقی (حمید المطبعی) یەوە لەنەجەف دەردەچوو. ئەم گۆڤارانە کاریگەری گەورەو بەرچاویان هەبوو لە بواری رۆشنبیری و سیاسی کۆمەڵیەتیدا، بەتایبەتی گۆڤاری ( الکلمە ) توانی بە دەیان نووسەرو ڕەخنەگری عێراقی نوێخواز لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. لەدوای ئەمانیشەوە (( گرووپێک نووسەری عەرەب کە بە جەماعەتی شیعر ٦٩ ناسرابوون و بریتیبوون لە (سامی مەهدی)( خالید عەلی مستەفا )( فەوزی کەریم ) ( فازیل ئەلعەزاوی )و ئەوانیش لەژێر کاریگەری بیروڕاکانی ( ئەدۆنیس )و تێزە ئەدەبییەکانی گۆڤاری (شیعر )ی لوبنانیدا وەک ڕەوتێک خۆیان ناساندبوو.))(میسری : ٢٠٢١، ١٣). دواتر ئەم گروپە لە مانگی پێنجی ساڵی ١٩٦٩ یەکەم ژمارەی گۆڤاری ( شعر٦٩ )یان دەرکرد و بەیاننامەیەکیان تێدا بڵاوکردەوە. کەڕێگای بەتەواوەتی بۆ شیعری نوێ خۆشکرد. هەرچەندە ئەم بایاننامەیش خۆی لەژێر کاریگەری بەیاننامەی سوریالیەکاندا بوو. بەڵام ڕۆڵیکی گرنگ و بەرچاوی گێڕا لە بواری ئەدەب ڕەخنەیی ئەدەبی، لەئەدەبییاتی عێراق و

ناوچەکەشدا. (( دەرکەوتنی بەیاننامەی شیعری لەکولتوری عیراقی هاوچەرخماندا بەشێوەیەکی مێژووی و ڕەخنەیی سەیر دەکرێ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی گرنگیەکی دیارو بەرچاوی لە بیری زیندووی شیعردا هەبوو بۆ گەران بەدوای فۆرم و شێواز و ستایلی تازە .گۆڕانێک بوو لەمێژوو و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیماندا. ئەگەر بەراوردێکی ئەم قۆناغە بکەین بەقۆناغەکانی تری شیعریمان و ململانێکانی نێوانیان، خاڵیکی جەوهەری دەبینین لەم قۆناغەدا ئەویش ئەو دەستکەوتە شیعریانەن کە لە ڕێگەی بەیاننامەوە بەدەست هاتوون، لە ڕووی شێوازو ئیستاتیکاو بیری نووسینەوە، کە ئەمەش ئاماژەیە بۆ پێشبینییەکی گاریگەر بۆ داهاتوو.))(الفواز، ٢٠٠٦، ٩)

## ٢- کاریگەری بەیاننامەی (شعر٦٩) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

بارودۆخی بەر لە ساڵانی حەفتاکان، بارودۆخێکبوو کە تیایدا لێرەو لەوێ هەوڵی نوێبوونەوەو گۆڕانکاری لە ڕەوتی ئەدەبی کوردی دەدرا، ئەمەش بەهۆی چەند فاکتەرێکی دەرەکی و ناوەکییەوە بوو. فاکتەرە دەرەکییەکان بریتیبوون لەوەی کاتێک کاریگەری ئەدەبی نوێی جیهانی، بەتایبەت هەردوو ڕیبازی( سوریالیزم و دادایزم )، گواسترایەوە بۆناو ئەدەبیاتی عەرەبی، بەتایبەت لە( میسرو سوریا و عێراق)، ئەویش لەڕێگەی ئەو گۆڤارانەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێدان. ئەم شەپۆلی کاریگەرییە ئەدەبی نوێی کوردیشی گرتەوە. بەتایبەت نووسەرانی ئەوکات کە هەموویان گەنج بوون و هاوتەمەنی یەکیتریش بوون، ئەمە وایکردبوو کە زیاتر هۆگری تازەگەری و نوێخوازی ببن و لەڕیگەی وەرگێرانەوە ئاشنا بوون بە هەندێک لەنووسەرانی ئەوکاتەی جیهان وەکو ( ئەلبیر کامۆ، لامارتین، وێڵسۆن، سارتەر.. هتد) کردەوە.

یەکێکیتر لەفاکتەرە ناوەکییەکان، ڕیککەتننامەی ١١ ی ئازاری ١٩٧٠، کە کۆمەڵی گۆڕانکاری گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا و ئەدەبی کوردی لەو دۆخە لاوازییە هێنایە دەرەوە کە سەرەتای ساڵانی شەستەکان بەخۆیەوە بینیبووی، هەروەها بوونی یەکێتی نووسەرانی کورد وئێستگەی کوردی لە بەغدا، زیادبوونی ژمارەی گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییەکان، بزووتنەوەی شانۆ و هونەری شێوەکاری و گۆرانی و مۆسیقای کوردی گەشەیان کرد، ئەمانەش تا ڕاددەیەک دەرگایان لەسەر ئازادی بیروڕادەربڕین کردەوە و لە چەندین لاوە جموجۆڵی ئەدەبی دەرکەوت، ئەم فاکتەرە دەرەکیی و ناوەکییانە بوون کە جموجۆڵی نویخوازیان لە ئەدەبی کوردی ئەو سەردەمدا هێنایە ئاراوە، ئەو جموجۆڵانەش سەرەتا تاکەکەسی بوون و دواتر سەرهەڵدانی چەند بزووتنەوە گرووپێکی نوێخوازی لێکەوتەوە.

ئێمە لێرەدا، ئەوەی مەبەستمانە " چۆنییەتی کاریگەری " بەیاننامەی ( شیعر٦٩ )ی عێراقی، لەسەر چوار گرووپی دیاری نوێخوازیی وەک ( ڕوانگە ) و ( کەرکووک-کفری ) و ( پێشڕەو ) و (وێران)،

دەخەینەڕوو .هەروەها لەئاستی تاکە کەسیشدا چەند شاعیرێکی دیاری سوریالی ناو ئەدەبی کوردی وەردەگرین

## ١/٢ گرووپی (ڕوانگە)

سەبارەت بە ڕۆڵ وکاریگەری بەیاننامەی( ٦٩)ی عێراقی لەسەر گرووپی ڕوانگە، گومان لەوەدا نییە کە ئەم بەیاننامەیە کاریگەری خۆی لەسەر ئەم گرووپە هەبووە، ئەمە لەلایەن نووسەران و شاعیرانی سەر بە هەردوو گرووپەکەشەوە پشتڕاست کراوەتەوە لەم بارەیەوە شیرکۆ بێکەس دەڵێ: (( گۆڤارەکانی گالیری ٦٨ی میسرو گۆڤاری شیعری لوبنان و ئاداب و گۆڤاری ٦٩ ی شیعری نوێخوازی عەرەب لەعێراقدا. ئەمانە هەموویان بە سەدەها نەقدی وەرگێردراو لە زمانە زیندووەکانی دنیاوە بۆ زمانی عەرەبی. کۆڕو سیمینارە ئەدەبییەکانی ناو یەکێتی نووسەرانی عیراق. ئەمانە هەموویان ئەو گیانی تازەکردنەوەو گەڕان بەشوێن زمانێکی تازەدا، وایان لێ کردین کە ئێمەش لەم کاروانە ڕاچڵەکیوەدا بەشدارییەک بکەین و ئاوڕێک لەزمانی ئەدەبی و فیکری چەقبەستووی خۆمان بدەینەوە.))(بێکەس، ٢٠١١، ٦، ٧)

هەر شیرکۆ بێکەس، لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێ: (( بزووتنەوەی خوێندکارانی پاریس دەورێکی لەبەرچاوی هەبوو بۆ کارکردنە سەر لاوانی ئەو سەردەمەی دونیاو ئێمەش بەشێک بووین لەوان، شەستەکانی سەدەی ڕابوردو گەلێک سیمبولی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو لەوانە گیڤارا کە بۆ ئیمە پێغەمبەرێک بوو، بزووتنەوەی نوێخوازی لە عێراق، بەتایبەتیش گۆڤاری (گەلەری) میسری و (شیعری ٦٩) عێراقی کاریگەری زۆریان لەسەر ئێمە هەبوو))(میرە، ٢٠١٢، ٨٨). هەر لەم بارەیەوە، ڕوانگەییەکان لە بەیاننامەکەیاندا دەڵێن : ((ئەدەبەکەمان تا لە قاوغی تەنگەبەری ناوچەییدا بمێنێتەوەو لە تاقیکردنەوە سەرکەوتووەکانی ئەدەبی تازەی جیهانەوە ڕۆشنایی وەرنەگرێت، وەک ئاوی ڕاوەستاو بۆگەن ئەکات. ئێمە بەری ئاوی ڕاوەستاو بەرئەدەین تا بڕژێتە زەریای ژیانەوە. ))( نووسەرانی ڕوانگە، ٢٠١١، ٢١٥)

بۆ نموونە یەکێک لەو بنەمایانەی کە سوریالیزمی لەسەر دامەزرابوو (یاخیبوون) بوو. یا بۆ ژیانی مرۆڤایەتی دایانبوو، یاخیبوون بوو لەو کۆتوبەندانەی کە (واقیع) بۆ مرۆڤایەتی دانابوو، یاخی بوون بوو دژی ئاین و ڕەوشت، بەدوای ئازادی تاکەکەسییەوە بوون، چونکە باوەڕیان وابوو ئازادی تاکەکەسی مرۆڤ بەرەو سەربەستی و داهێنان دەبات. ئەوان لەسەررووی واقیعەوە کە (سوریالیزم)یش هەر بەو واتایە دێت، بۆ (ژیان )یان دەڕوانی. (( یاخیبوون ( التمرد) خاڵێکی گرنگە، پێویست بەوە دەکات کەمێک لە ئاستیدا ڕابووەستین، لە بەیاننامەی ڕوانگەدا یاخیبوون و هاندان بۆ یاخیبوون زۆر دووبارە بۆتەوەو ڕووبەرێکی زۆری لاپەڕەکانی داگیرکردووە زۆرجار هەر وشەی

یاخیبوون یا هاوواتاکانی بەشێوەیەکی ڕاستەخۆ وتراون، هەندێ جاریش بەچەند ڕستەو دەربڕینێکیتر ئەم یاخیبوونە وەک مەبەستێک دەربڕاوە))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٣١ )، زۆرجار چەوسانەوەو ئێش و ئازاری مێللەتێک و تێکچوونی ژیان لە زۆر ڕووی وەک سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە، گیانی یاخیبوون بە نووسەران و شاعیرانی ئەو سەردەمە دەبەخشێت، بۆ دەربازبوون لە دۆخە چەقبەستووە بەتایبەت لەڕووی ئەدەبییەوە، ڕوانگەییەکانیش کۆمەڵێک نووسەرو شاعیری یاخیبووی سەردەمەکەی خۆیانبوون، کە یاخیبوونیان کردبووە بنەمایەکی ئەساسی بزووتنەوەکەیان، بۆ بەگژاچوونەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی ئەو سەردەمە، هەر لەبارەیەوە " حسێن عارف " کە یەکێکبووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی گرووپی ڕوانگە، دەڵێ: (( ئێمە لە زۆر نووسین و کۆڕی قسەو باسدا وتومانە شاعیر و نووسەری نەوەی نوێمان ، وەختێک لەم پلەیەی ئێستای کۆمەڵەکایاندا چاو بەژیان هەڵدێنن، وا هەستئەکەن کە بەشورەیەکی بەرزو ئەستووری درۆ و دەلەسەو تەڵەکەبازی ئابلۆقە دراون. وەک ئەشچنە کۆڕی ئەو ژیانەوە، دەستەویەخە ڕووبەڕووی ئە شورەیە بەرزە ئەبنەوەو تیژتر ئەو باوەڕەیان لا ئەچەسپێ.))( عارف، ٢٠١١، ٥٤)

کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانیش، قۆناغێکبوو، کە بەبڕوای ڕوانگەییەکان وەرچەرخان و نوێبوونەوە؛ لەگشت بوارەکانی ژیانی ناو کۆمەڵگای کوردی لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئاینی و سیاسی و بەتایبەتیش لەبواری ئەدەب وشیعردا، پێویستییەکی حەتمی بوو کە دەبوایە بکرێت و بانگەوازێکی یاخیبوون لە دژیان ڕابگەیەنن. بۆیە (( لەڕووی ناوەڕۆکەوە ( یاخیبوون )گرنگترین بابەتی ئەوانبوو، کە بانگەوازییان بۆدەکرد؛ یاخیبوونی کۆمەڵایەتی، یاخیبوون لە دەسەڵاتی ئاینی و یاخیبوون دژی نەریتی کۆنی کۆمەڵگاو یاخیبوون لەدەسەڵاتی سیاسی))( زیاب، ٢٠٠٥، ٥٣) ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە، کە شێرکۆ بێکەس دژی کامە دابونەریت و کام پیاوانی ئاینی دەوەستایەوە؟ دیارە، کە لە هەمو سەردەم و بارودۆخیکدا و لەناو هەموو چین و توێژێکدا بە ئێستاشەو باش و خراپ هەر هەبووە، ئەگەر لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەو سەردەمە بگەڕێنیەوە دەبینی کە کۆمەڵگای کوردی بەشێکی زۆری نەخوێندەوار بووە و دنیا بینییەکی فراوانیان نەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگایەک بووە کە بەشی هەرە زۆری لەرووی بیروباوەڕەوە موسوڵمان بوون و وەلائێکی زۆریان بۆ ئاینەکەیان هەبووە، سەرچاوەی شارەزابوونیشیان بەم دینە،زیاتر پیاوانی ئاینی بووە، بۆیە زۆربەی زۆری کۆمەڵگای کوردی لەو کاتەداو بەئێستاشەوە لەژێر رکێفی پیاوانی ئاینیدان و بوون، بۆیە دەکرێ لە ناو ئەم پیاوە ئاینیانەشدا کەسانێک هەبووبن بە بیریکی توندڕەوانەوە دژی بەیاننامەی (ڕوانگە)و بەتایبەتیش (شێرکۆ بێکەس) وەستابنەوەو کۆمەڵگاشیان لەدژیان هاندابێت. ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی کە (شێرکۆ) هاوڕیکانی هەڵوێستێکی پەرچە کردارانەیان هەبێت بەتایبەتیش ئەمە لە بەیاننامەی دووەمی ڕوانگە (ئەی قەلەمە نەترسەکان... یەکگرن)دا بە ئاشکرا بەدی

دەکرێت، کە هەر لە ناونیشانی بەیاننامەکەوە دیارە کە بە نەفەسێکی پەرچەکردارنەو هەڵچوونەوە نووسراوە.

لێرەدا پارچەیەک لە شیعری " دڵداری ناو شارێکی مردوو" ی شێرکۆ بێکەس وەک نموونەیەکی دیارو بەرچاوی ڕوانگەییەکان وەردەگرین، کەدەڵێت:

پێکرام.. لەپشتەوە.. پێکرام

هەر بەو تیغە ژەنگاوییەی...

کە(بەدرخان)ی پێ کوژرا.. منیش کوژرام

تیغی جاڕی شەیتانی سەر منارەکان..

تیغی زمانی ماری سەر:

بەردەنوێژی مزگەوتەکان

خنکام.. لەدووکەلی فەتوای ناومێزەری

توونی بابای.... پیلانەکەی،

( مەلای خەتێ) دابوو خنکام

سوتام.. لەگێژاوی گڕی دەمی ئەژدیهای حەوت سەری

" مەلای خەتێ " دابوو .. سوتام ( بێکەس، ١٩٧٤، ٣٥١)

شێرکۆ بێکەس لەو پارچە هۆنراوەیەی سەرەوەدا، دژی دەسەڵاتی ئاینی دەوەستێتەوەو لەپیاوانی ئاینی یاخی دەبێت.

لەشیعریکی ترداو بەناوی " لەژێرەوە " دژ بە دابونەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی دەوەستێتەوە، کە دەڵێت:

لەژێر کەشی شارەکەما

لەژێر مێزەری گەورەیا

لەناو قوببەی منارەیا

ڕۆژی هەزار بەچکە ڕێوی

چاوزیت ئەزێن

ڕۆژی هەزار

ڕۆژی ملیۆن

سوێندو بەڵین

لە تەنافی بەنگەخوێنی ئابڕویەوە

هەڵ ئەواسرێن ( بێکەس، ٢٠٠٨، ٤٠١)

بەم شیعرە، شاعیر یاخیبوونی خۆی لە دیاردە قیزەونەکانی کۆمەڵگا دەخاتەڕوو، دژی دابوونەریتی کۆن و دواکەوتوویی و چەوساندنەوەی ژن و زەوتکردنی مافەکانیان و کوشتنیان لەپێناو پاراستنی شەرەف و ئابڕووەوە، ئەویش لەژێر کاریگەری قسەی کۆلکە مەلاو ئەوانەی کە لەدین تێنەگیشتوون و بەناوی دینەوە فەتوای کوشتن دەردەکەن .(( لێرەدا " شێرکۆ بێکەس" وەکو شاعیرێک و مرۆڤێکی ڕۆشنبیرو زووتر دەرک بە کۆمەڵێک دیاردەی دزێوی کۆمەڵایەتی و ناشارستانی دەکات، چارەیەکی گونجاویشی بەدەستەوە نییەو پەیامبەرێکی نوێش نییە، ناچاردەبێت ئەو دیاردە دزێوانەی ناو کۆمەڵ بداتە بەر تیشکی ڕەخنەو یاخیبوونێکیش دژیان بەرپا کات، تا لەورێگایەوە بتوانێت جەماوەر هۆشیار بکاتەوە. دیارە هۆشیار کردنەوەیش خۆی لەخۆیدا زەمینە خۆشکەری شۆڕش و گۆڕانی بنەڕەتییە))( بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٣٣)

لەبواری ڕەخنەییشدا، ڕەخنەگران بۆچوونی جیاوازیان هەیە سەبارەت بە کاریگەری بەیاننامەی (شیعر ٦٩) لەسەر ڕوانگەییەکان. ئەمانیش دەبن بە دوو دەستەوە. دەستەی یەکەمییان ، ئەم کاریگەرییە بە ئاسایی وەردەگرن نایخەنە چوارچێوەی لاساییکردنەوەیەک کت و مت و کوێرانەوەکە ئەم کارتێکردنە بەجۆرێک نەبووە، کە نووسەرانی ڕوانگە لاسییکردنەوەیەکی تەواو و کوێرانە ی ئەو بەیاننامانە بکەنەوە، بۆنموونە (عەلی تاهیر بەرزنجی) لەم بارەیەوە دەڵێت: (( بەیاننامەی ڕوانگە کوتومت لاساییکردنەوەی بەیاننامەی ٦٩ سوریالییەکان نەبووە، وەک ئەوەی هەندێک بۆی چوون، بەڵام دەتوانرێ بگوترێ، ڕوانگەییەکان بەشێوەیەکی ناڕاسەوخۆ زیاتر لەڕێگەی ئەدەبی عەرەبییەوە، کەوتوونەتە ژێر کاریگەی ڕێبازە ئەدەبییەکانی ئەوروپاوە، ئەمەش زیاتر لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، نەک خودی بەیاننامەکە، هەروەها لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەیشی پێوە دیار نییە، خودی ( شیرکۆ بێکەس) لەزۆربەی چاوپێکەوتنەکانیدا ئاماژە بە کاریگەربوونی خۆی بە ( ئەدۆنیس)ەوە دەکات و، ( سامی مەهدی)یش بە بەڵگەو نموونەوە دەیسەلمێنێت، کە (ئەدۆنیس) لەژێر کاریگەری سوریالییەکاندابووە.))( بەرزنجی، ٢٠٠٨، ١٢٨)

واتە ڕوانگەییەکان توانیان لەژێر کاریگەری بەیاننامەی (شعر٦٩)ی عێراقیدا، بەبێ لاسییکردنەوەیەکی کوێرانە تەوژمێکی نوێخوازی لەناو ئەدەبی کوردی ئەو قۆناغەدا بێێنە ئاراوە. (( بەرپاکردنی ئەم تەوژم و بزاڤە نوێخوازییە لە ئەدەبی کوردیدا لەلایەن دەستەیەک لە نووسەری پێشکەوتووخوزاو یاخیبووی میللەتەکەمانەوە بوو، کە ئەوانیش: (حسین عارف، شێرکۆبێکەس، کاکەمەم بۆتانی، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێری) بوون، کە بانگەوازی ئەو بزووتنەوەیان ئیمزاکرد وبڵاویان کردەوە. ڕوانگەییەکان خۆیان ئاماژە بەوە دەکەن، کەوا پێویستە کۆمەڵ و ئەدەبیات لە پێناوی پێشکەوتن لە قاوغی تەسک و تێرامانی ناوچەییدا بێتە دەرەوەو چەمکی ( بەجیهانیبوون) جێگەی بگرێتەوە. ))(حوسێن، ٢٠٢٠، ٦١،٦٢)

ڕاسته که ڕوانگەییەکان  کاریگەری بەیاننامەی (شیعر٦٩) یان لەسەر بووە، بەڵام کارتێکردن و گاریگەری مەرجنییە هەمووکات لاسییکردنەوەیەکی دەقاودەقی کارتێکەربێ،بەڵکو دەکرێ ئەم کاریەگەرییە لەلایەن وەرگرەوە بە شێوازو جۆرێکی جیاوازتر کاری پێبکرێت داهێنانێکی نوێ بەدواوەبێت. لەم بارەیەوە( شادمان قادر حەسەن )پێی وایە، کە کارتێکردن  ( وەرگرتن) ڕەوایە، کاتێک ئەم کارتێکردنە داهێنانی بەدواوەبێت و ببێتە بنەمایەک بۆ نوێگەری، بۆیە دەڵێت : ((  وەکو شتێکی ئاسایی کە مێژووی شارستانییەت فیری کردووین وەرگرتن.  جارێکی تر دارشتنەوەی ئەو وەرگرتنە بەشێوەیەکی هاوچەرخانە بەرەوایی لەقەلەم دراوە. هەر بۆیە ئەم جۆرە داهێنان و نوێخوازییە لەخۆوە درووست نەبووەو خۆڕسک نی یە. بەڵکو لە ئەنجامی شارەزاییەکی باشی ئەدەبی ئەوروپایی و عەرەبییەوە هاتووە. بە تایبەتی لەژێر کاریگەری هەردوو ئەزموونی گۆڤاری (کلمە– شعر ٦٩) دابوون کە زۆر ئاساییە پێشتر لەژێر ئە م دوو ئەزموونەدا ئەوەی خۆیان گەلاڵە کردبێ. بەتایبەتی جورئەتەکانی ( فاضل العزاوي و حميد المطيعي و سامی هادی) بۆ ئینقلاب کردن بەسەر بەسەر ئەزموونەکانی ( بدر شاكر السياب–نازک الملائكة– عبدالوهاب البياتی) کە ئەمانە هەموویان کاریان کردە سەر هەست و بیری ئەم دەستە لاوەو بووە هۆی بیرکردنەوەیان بۆ داهێنانێکی نوێ و دروستبوونی ئەدەبێکی نوێ کە تازەترو پێشکەوتو تر بێ))(حەسەن، ٢٠٠١، ٣٣، ٣٤)

هەرچی دەستەی دووەمیشە، بۆچوونەکانیان تەواو پێچەوانەی دەستەی یەکەمە،تەنانەت هەندێکیان بەجۆرێک باس لە کاریگەری ئەو بەیاننامەیە دەکەن بەسەر گرووپی روانگەوە، کە بەلایانەوە ڕوانگە لاساییکردنیەوەیەکی سەد لە سەدی (شیعر٦٩)یە.بۆنموونە لەتیف هەڵمەت کاتێک باس لەگرنگی گۆڤاریی شیعر٦٩ ی عێراقی و بەیاننامەکەیان  دەکات لەڕووی بەرەو پێشبردنی شیعری نوێی عێراقییەوە، بەهۆکاری سەرهەڵدان و هاتنەمەیدانی گرووپی ڕوانگەشی دەزانێت و دەڵێ: (( گۆڤاری شیعر٦٩ کە لە بەغدا دەردەچوو شۆڕشێکی گەورەی ڕۆشنبیری لە عیراقدا راگەیاند و ڕێگای بە تەواوەتی بۆ شیعری نوێ خۆشکردو کاریگەری ئەو گۆڤارە بۆ کۆنە خوازەکان ئەوەندە بە زەبر بوو ڕژێم بە پەلەپەل دوای دەرچوونی چوار پێنج ژمارە گۆڤارەکەی داخست.. بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو. ئەو چوار پێنج ژمارەیەی گۆڤارەکە بەتایبەتی ئەو بەیاننامە شیعرییەی کە لەژمارە یەکی گۆڤارەکەدا بڵاوکرابووەوە بومەلەرزەی لەناوەندی ڕۆشنبیری و ڕۆشنبیراندا بەرپاکردبوو.. تەنانەت ئەو بومەلەرزەیە ناوەندی ڕۆشنبیری کوردییشی گرتەوەو هەندێ لە ڕۆشنبیران و شاعیران و چیرکنووسانی کورد سوودیان لە گوتاری ژمارەکانی ئەو گۆڤارە و ئەو بەیاننامە شیعرییەی ژمارە یەکی گۆڤارەکە وەرگرت و توانیان کەم یان زۆر گۆرنکاری لەناوەندی ڕۆشنبیری کوردی دا بکەن و ئەگەر برادەرانی ڕوانگە پێیان خۆش بێ و پێیان ناخۆشبێ دەڵێم گۆڤاری ڕوانگەو بەیاننامەکەیان لەژێر کاریگەرێتی شیعر ٦٩ ی عیراقی و بەیاننامە شیعرییەکەی دا هاتنە کایەوەو.. ئێمە ئێستا

گۆڤارێکمان پێویسته لەجۆری ئەو گۆڤارانەو کورد دەڵێ: هەزار شێری مردوو سامی شێرێکی زیندووی نییە!))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٣٤٨)

جگە لەمەش، لەتیف هەڵمەت بۆچوونی وایە کە (روانگە) نەک هەر لاسایی بەیاننامەی شیعر (٦٩) بووە، بەڵکو ڕوانگە بەلاساییکەرەوەی گرووپی کەرکووک–کفریش دەزانێ، بۆیە دەڵێ: ((ڕوانگە لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی–البیان الشعری–گرووپی–شعر ٦٩ی عێراقی بوو. وەکو دەقیش لاسایی دەقەکانی گرووپی کفریان دەکردەوە و هەتاکو ئێستاش هیچ شاعیرێک لەو گرووپەدا، واتە لەگرووپی ڕوانگەدا کە دوای چەند ساڵێک تەفرو تونابوو. نەبووە بە هاوتای شاعیرانی گرووپی کفری ))(بەرزنجەیی، ٢٠٠٥، ٦٧، ٦٨). هەروها لەکتێبی " شیعر–خەنافس تەنوورەی مینیجۆب "دا دەڵێ: (( ئەم برادەرانە ڕیزم هەیە بۆ بەهرەی سێ و چوارێکیان پێی بزانن یا نەزانن شتێکی تازەیان نەکردووەو شاعیرانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان لەوبوارەدا زۆر زۆر بە ڕەسەنایەتیەوە ڕەوتی شیعری کوردییان گەیاندۆتە لوتکەو باشتر وایە ئەم برا شاعیرانەی  کە لە پڕێ خۆیان کردۆتە کۆڕێ، بەو دەقانەدابچنەوە کە شاعیرانی پێش خۆیان نووسیویانە بۆ ئەوەی هەر نەبێ بارودۆخی شیعرەکانیان بارودۆخێکی کوردانە بێ.. هەروەها هەندێ شاعیری دی هەن ورگ و ڕیخۆڵەی شیعرەکانی سەلیم بەرەکات و فازیل عەزاوی و حسێن مەردان و ئەدۆنیس و یوسف الخال و خەلیل حاوی و چەندین شاعیری تریان دەرکردووەو کردوویانە بە هی خۆیان.. ئەم جۆرە یارییە ڕەنگە بەسەر خوینەری سادەدا تێپەڕێ، بەلام من لام سەیرە شاعیرانێک کە هێشتا لە سەرەتادابن و وابزانن لەخۆیان زیاتر کە هەندێکیان بەنیوەناچڵ زمانی عەرەبی دەزانن.. یا نازانن، لەخۆیان زیاتر کەسی دی ئاگاداری شیعری نوێی جیهان و وڵاتانی دەوروبەر نەبووەو نییە. ))( هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٤١)

فوئاد قەرەداغیش، کە باسی ناوەڕۆکی  ئەدەبی روانگە دەکات و ئەوە دەردەخات کە ئەو ئەدەبە ئەنجامی کۆمەڵێک ناکۆکییە کە یەکێک لەو ناکۆکییانە لە لاساییکردنەوەی نموونەی ئەو ئەدەبییاتە دەبینێت کە لەگەڵ واقیعی ژیانی میللەتی کورددا ناگونجێت بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: (( ئەمانە لە ونبوونە (وەک خۆیان ئەڵێن ونین) کەوتن بەسەر مۆدێلە نوێخوازەییەکانی ڕۆژئاوادا وە بەرەبەرە لەو گێژاوی ونبوونەدا کەوتوونەتە داوی نووسینەکانی سارتەرو کۆڵن  ویڵسن و ئلبێرتۆ مۆرافیاو... هتد، ئەمە واقعی ڕێبازی ئەدەبی ڕوانگەو ڕوانگەییەکانە))( سابیر، ٢٠٠٦، ٤٧٧)

فوئاد مەجید میسریش، کە خۆی بە نەیاری ڕوانگە دەزانێت، هەر لەم بارەشەو لە ساڵی (٢٠٢١) کتێبێکی بەناو نیشانی " من نەیاری ڕوانگەبووم " بەچاپ گەیاند. بە بۆچوونی ئەو ڕوانگە جگە لە لاساییکردنەوەیەکی دەقاودەقی گرووپی (شیعر٦٩) لە تازەکردنەوەی ئەدبی کوردیدا بەردێکیان نەخستۆتە سەر بەرد، بۆ پشتگیری بۆچوونەکەشی  لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا؛ وتەی چەند نووسەرو شاعیرێکی سەر (بەڕوانگە)ی وەک و بەڵگە خستووەتەڕوو . بۆیەدەڵێ: (( یەکەم گۆڤاری

شیعر٦٩ لە مانگی مەی ١٩٦٩ دەرچوو بانگەوازەکەی (ڕوانگە)یش لە ١٩٧٠/٤/٢٥ بڵاو کرایەوە واتە نزیکەی ساڵێک دوای گۆڤاری شیعر٦٩ و ٤٥ ڕۆژ دوای دەرچوونی بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠. لێکچوونی هەموو ئەو تێزە ئەدەبیانەی چ لە گۆڤاری شیعر ٦٩ دا بڵاو ئەبوونەوە و چ ئەوانەیشی کە ڕوانگە خوازەکانی لای خۆمان بەکوردی دەیاننووسی، حەقیقەتێک ئەسەلمێنن کەشتێکی نوێیان دانەهێنابوو. ئەمان تاقیکردنەوەی دەستەیەک نووسەری عێراقییان دەقاودەق گواستەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی کوردی لە هەلومەرجێکدا کە هەریەک لە ( حسەین عارف)(شێرکۆ بێکەس)( کاکە مەم بۆتانی)( جەلالی میرزا کەریم) دانیشتووی بەغدا بوون. جا چونکە تەوژمەکە ڕەگ و ڕیشەی نەبوو، هەر بەو خێراییەی سەریهەڵدا سەریشی نایەوە. ڕەنگە بەراوردکردنی چیرۆکی ( وەچەی یاسای خۆڵ و دۆ) ی ( حسەین عارف) بە ڕۆمانی ( شار)ی، هەمان نووسەر هەروەها شیعرەکانی سەردەمی ڕوانگەی (شێرکۆ بێکەس) بە شیعرەکانی دوای ساڵی ١٩٧٥ باشترین بەڵگەی ئەم حەقیقەتەبن.))( میسری، ٢٠٢١، ١٤). دیارە بۆچوونەکانی فوئاد مەجید میسریش، زیاتر لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای مارکسیزم و ڕێبازی سۆشیالیزمیدا بوون.

ئەوانەی کە گرووپی ڕوانگە بە لاساییکەرەوەی بەیاننامەی شیعر ٦٩ دەزانن، تەنها نووسەرانی سەردەمی گرووپی ڕوانگە نەبوون، بەڵکو نووسەری تازەش هەن، کە لە ئێستاشدا لەسەر ڕوانگە دەنووسن و پێیانوایە کە ڕوانگە جگە لە لاساییکردنەوەی گرووپە نوێخوازە عەرەبییەکان بەتایبەتیش گرووپی (شیعر ٦٩)ی عێراقی هیچیتری نەکردووە.

بۆنموونە، (حەمەسەعید حەسەن) لە بابەتێکدا بە ناونیشانی ( شیعر وەک هونەری بێدەنگی)، دەڵێ: (( ڕوانگە لاساییکردنەوەی ئەو بزووتنەوە شیعرییەبوو، کە بە دەستپێشخەری فازیل عەزاوی لە عێراقدا سەری هەڵدا، ساڵی ١٩٦٩ کە عەزاوی و هاوڕێیانی گۆڤاری ( شیعر٦٩) بڵاو دەکەنەوە، تەنیا چوار ژمارەی لێ دەردەچێت، ساڵی ١٩٧٠ کە شێرکۆ بێکەس و هاوڕێکانی گۆڤاری ڕوانگە بڵاو دەکەنەوە، تەنیا سێ ژمارەی لێ دەردەچێت.))(حەسەن: ٢٠٢١، لینک). لێرەدا نووسەر ژمارە و نزیکی ساڵی دەرچوونی گۆڤارەکانی هەردوو گرووپ، دەکاتە پێوەر بۆ لێکچوونی (ڕوانگە) لەگەڵ ( شعر٦٩) و لاساییکردنەوەی. هەروەها بەبڕوای ئەو، بونیادخوازی عەرەبی خۆی لاساییکەرەوەیە، کەواتە ئەوەی ڕوانگە دووجار لاساییکردنەوەیە، ئەمەش یەکەم کاری لەم شێوەیە نییە. بۆیە دەڵێ: (( " نحو تحليل بنيوي للشعر الجاهلي" یەکەمین لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە بە میتۆدی بونیادخوازی، بە زمانی عەرەبی، ساڵی ١٩٧٥ کەمال ئەبودیب سەبارەت بەشیعری ( لەبید) نووسیوییەتی. (پرۆپ) بە چ میتۆدێک ، جیرۆکی میللی ڕووسیایی بە سەر کردووەتەوە، کەمال ئەبودیبیش هەوڵی داوە، بۆ لێکدانەوەی شیعری جاهیلی، هەمان میتۆد بگرێتە بەر. نزیکەی دە ساڵ بوو، بونیادخوازی لە زێدی خۆی باوی نەمابوو، ئینجا گەیشتە عەرەبستان، دوازدە ساڵ زێتر بوو گەیشتبووە عەرەبستان، ئینجا

گەیشتە باشووری کوردستان. وەک چۆن کەمال ئەبودیب بە لاساییکردنەوەی پروپ دەستی پێ کرد، بونایدخوازانی کوردیش بە لاساییکردنەوەی کەمال ئەبودیب، بە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەستیان پێکرد... بونیاد خوازیی عەرەبی بە شێوەیەکی گشتی، وێنەیەکی شێواوی بونیادخوازییە ئەورووپاییەکەیە، بونایدخوازی کوردیش وینەیەکی شێواوی بونیادخوازییە عەرەبییەکەیە.))(حەسەن: ٢٠٢١، online). ڕاستە بەیاننامەی ڕوانگە هەندێ هێڵی گشتی بۆ نوێگەری دیاریکردووە، بەڵام لە بەیاننامەکەدا بەهیچ شێوەیەک باسی میتۆدی بونیادگەرییان نەکردووە.

هەروەها سمکۆ محەمەد، لەکتێبی " ژانرە ئەدەبییەکان " دا بەم جۆرە باس لەڕەخنەی ئەدەبی کوردی سەردەمی گرووپی ڕوانگە و گرووپەکانی تر دەکات و دەڵێ: (( لەناوەڕاستی دەیەکی حەفتا تاکو دەیەکی هەشتاکانیش ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گیرۆدەی ئەو چەمکە فکرییانە بوو. کە لە ڕۆژئاواوە دزەیانکردبووە نێو کایەی ئەدەبی کوردی، یەکێک لەو چەمکە فکریانە بوونگەرایی ( الوجودیة)بوو، بەڕادەیەک ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەدەبییاتی کوردی، تا ئەو جێگەیەی لە ناو دەقێکی چیرۆک یان ڕۆمان و شانۆیی و شیعر دەوترا، دەقێکی بوونگەرایی، تەنانەت دەقنووسەکەش بەکەسێکی بوونگەرایی دەناسرا، لەحاڵێکدا ئەم بیرکردنەوەیە لەلای ڕۆژئاواییەکان بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو، یان باشتر بڵێین هیچ ئەدیبێک نە بڕوای پێی مابوو، نە کاری پێ دەکرا بگرە ئەم چەمکانە کەوتنە بەر ڕەخنەی فکری ئەدەبییەوە، بەڵام چونکە ئەدەبیاتی کوردی هەمیشە لە پەراوێز و لەژێر کاریگەری ڕۆژئاواو هەندێک جاریش لەژێر کاریگەری ئەدەبی عەرەبی و فارسی بوو، بۆیە نەیدەتوانی بیرکردنەوەی پشت دەقەکانی خۆی بشکێنێت، یان خۆی لەو فەزا بیرکردنەوەیە ڕزگار بکات و سەربەخۆیی ئەدەبی وەربگرێت)) ( محەمەد، ٢٠٢٠، ١١، ١٢)

لەگەڵ هەموو ئەو بۆچوونانەشدا، ئەوەی لێرەدا بەشێوەیەکی بابەتیانە، بۆچوونی خۆی بەرامبەر بەم کارییەگارییە خستۆتەڕوو ،(د. عەلی تاهیر بەرزنجییە)، کە لە نامەی ماستەرەکیدا بەناوی ( کاریگەری ڕوانگە لەنوێگەری شیعری کوردیدا) بەراوردێکی وردی بەیاننامەی ڕوانگەی بەرانبەر بە هەردوو بەیاننامەی (شیعر ٦٩ ) عیراقی و ( حەجم گرایی) فارس، کردووە، لەم بەراوردکارییەدا (بەرزنجی) بەڕوونی بۆچوونی خۆی لەبارەی ئەو سێ بەیاننامەیەوە دەخاتەڕوو، لێکچوون و جیاوازییان لەچەند لایەنێکەوە دیاری دەکات. ئێمە لێرەدا بە چەند خاڵێک ئەو بەراوردکردنە کورت دەکەینەوە.

١– سەبارەت بەمێژووی دەرچوون و نوێگەری سێ بەیاننامەکە، دەڵێ: (ئەم سی بەیاننامە ئەدەبییانە ڕوانگەو بەیاننامەی (٦٩) و بەیاننامەی شیعری حەجم لەدەرکەوتنو شوێنی سەرهەلدانیان لەیەکەوە نزیکبوون، هەرسێکیان لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا دەرکراون، واتە ساڵ یا دووساڵ جیاوازی زەمەنیان هەیە، کە زۆر لەیەکەوە نزیکن، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و مێژوویی

ئایینی و ڕۆشنبیری ،واتە تا ڕاددەیەک لێکچوونێک لە پێکهاتەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییاندا دەبینرێت، ئەگەر چی ئاستیان جیاوازە،... هەرسی بەیاننامەکە ویستوویانە شتی جیاواز بخەنەڕوو، تا لە سنووری نوێگەری یەکەم ڕزگاریان بێت، ئاشکرایە نوێگەری یەکەم لە شیعری ئەم سێ میللەتەدا سەرەڕای بایەخدانیان بە لایەنی ستاتیکی شیعر بە ئاستی جیاواز، بەڵام بە شێوەیەکی ئێجگار فراوان لکابوون بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە، وەک خەباتی چینایەتی، کۆششی نەتەوایەتی، کێشەی ئافرەت، لەکاتێکدا نوێگەری لای ئەدیبانی بەیاننامەکان، تا ڕاددەیەک ڕووەو تاک و لایەنە ستاتیکاکە وەرچەرخابوو، لیرەدا زیاتر مەبەستمان بەیاننامەی فارس و عەرەبەکانە، ئەگینا ڕوانگە بەجۆرێکی هونەریانەتر خۆیان لە کۆمەڵ و کێشە کۆمەڵایەتییەکان نزیک کردۆتەوە.)( بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٧٠، ٧١)

٢- لەبارەی تایبەتمەندیی هونەری و ئەدەبیشەوە، دەڵێ: (( ئەدەبییەتی ئەدەب و ئامانجی شیعر لە بەیاننامەی شیعری حەجم و بەیاننامەی ٦٩ دا ئاماژەی چاکی بۆکراوە، ئەم تایبەتمەندییە هونەرییە ئەدەبیانە لە بەیاننامەی ڕوانگەدا زۆر ئامادەییان نییە، ئەگەر هەیشبێت، ئەوە لە ڕێگای گشتگیری و ڕاگوزەرییەوەیە.. بەیاننامەی شیعر زۆر لەسەر پەیوەندییە هونەرییەکان و شیعرییەتی دەق و سوریالییەت و خەون و سیحر و ڕێگاکانی بەدیهێنانی خەون بۆ پتەوکردنی فەزای شیعرو چەندەها تایبەتمەندی سەر بەهونەری شیعر وەستاوە، یا بەدرێژی لە کاریگەری نائاگایی بۆسەر شیعرییەت دواوە، تەنانەت شاعیرەکان نموونەیشیان لەشیعری جیهانی هێناوەتەوە، ئەم تایبەتمەندییە هونەری شیعرییەو پەیوەندی نێوان شیعرو دەروونناسی و نائاگایی بەهیچ جۆرێک لە بەیاننامەی ڕوانگە ڕەنگیان نەداوەتەوە، لەڕوانگەدا باسی ناوچەی شیعرو گەڕان بەدوای ناوچەی شیعر و خەون و بێ ئاگایی نەکراوە، هەروەها باسی خەفەکردن و کەمکردنەوەی حاڵەتی هۆش نەکراوە بۆ فەراهەمکردنی بێ ئاگایی((لاوعی)) کە تیایدا کەش وهەوای شیعرییەت گونجاو بێت. ))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٧٥، ٨٣، ٨٤)

٣- لەبارەی پەیوەندی و ئاگاداربوونی هەرسێ بەیاننامەکە لە ئەدەبیاتی نوێی جیهان و بەتایبەت بەیاننامەی (سوریالی و دادایيەکانە)ەوە دەڵێ: ( دەتوانین بڵێین بەیاننامەی شیعر (٦٩) لەژێر کاریگەری بەیاننامەی سوریالیەکاندا بووە، چونکە سوریالییەکان هەمیشە باسیان لە ڕەتکردنەوەی پێوەری ئەقڵ و لۆجیک کردووە، بۆ نموونە یەکێک لەرابەرەکانیان، کە بە (( ئارنیست دی گینباگ)) بەناوبانگە، لە وەڵامی پزیشکێکدا، کە داوای لێکردبوو لەنووسینی ئۆتۆماتیکی دوورکەوێتەوە گوتوویەتی : ( من ڕەوتی ڕوحی و بێ ئارامی و بێ ئومێدیم لە ڕەوتی لۆجیکی و عەقڵی عەقڵ پێ باشترە) نەک هەر بەیاننامەی شیعری ٦٩، بەڵکو دەتوانین بڵێین ( ئەدۆنیس)یش، کە خۆی بە پێشەنگی نوێگەری عەرەب دادەنێت لەژێر کاریگەری بەیاننامەی سوریالییەکاندا بووە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە چەند وتەیەکی خۆیەتی، کە دەڵێت: ( خاوەن جیهانبینی (رویا) جیهانی لۆجیک و عەقڵ ڕەت دەکاتەوە... دەکرێت بڵێن شاعیرانی بەیاننامەی شیعری ٦٩ و شیعری "حەجم" ئاگایەکی چاکتریان لە ئەزموونی

جیهان بووه، تەنانەت سوودی زۆریان لە بەیاننامە جیهانییەکانی پێش خۆیان بینیوە، وەک سوریالییەت و دادئییەت، هەردوولاشییان ئاماژەی بۆدەکەن. ئەدیبانی روانگە ئەم لایەنەیان فەرامۆش کردووە، ئەگەر ئاگایشییان لێبووبێت، ئەوە لەبەر تایبەتمەندێتی قۆناغە نەتەوەیی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکەی ئەوکاتە نەیانتوانیوە زۆر پەل بهاون و بەرەوڕووی برۆن)(بەرزنجی، ٧٨، ٨٢)

## ٢/٢ گرووپی ( کەرکووک–کفری)

یەکێکیتر لە گرووپە پێشەنگەکانی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان گرووپی (کەرکووک –کفری)یە،نووسەرانی دیاری سەر بەم گرووپە بریتیبوون لە( لەتیف هەڵمەت،لەتیف حامد، فەرهاد شاکەلی، ئەحمەد شاکەلی، کەنعان مدحەت، عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، هیشام تاهیر بەرزنجی، صەدرەدین عارف، عەبدولعەزیز خانەقا) دەربارەی ئەندامانی ئەم گرووپە لەتیف هەڵمەت دەڵێت: ((...دەبێ ئەوە بڵێم بەزۆری تەنها ئەنوەر شاکەلی و ئەحمەد شاکەلی و من، بەتەواوی سەرقاڵی کێشەی گۆڕانکاری شیعر و تازەکردنەوەو بەرەوپێشەوەبردنی بووین و ئەو باسوخواسە بووبوو بە خەوو و خەیاڵی شەو و ڕۆژمان.))( هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢٠٥)

سەبارەت بە (عەبدوڵڵا تاهیر بەزنجی و هیشام تاهیر بەرزنجی) کە برابوون و وەکو دوو ئەندامی سەر بەگرووپی (کفری) ناویان هاتووە، د. عەلی تاهیر بەرزنجی دەڵێت: ((بەهۆی ئەوەی کە باوکمان پیشەی مامۆستابوو، لەو سەردەمدا گوازرایەوە بۆ ناوچەی (دووز )، مالیشمان چووە ئەوێ کە ئەوکات من تەمەنم لە ئەوان بچووکتربوو، بەهۆی نزیکی (دووز)یش لە کفریەوە، کە لەتیف هەڵمەتی لێبوو، ئاشنایەتی و نزیکی لەنێوان ئەمان و لەتیف هەڵمەتدا درووستبوو، بەتایبەتی لەگەڵ هیشام بەرزنجی، کەئاڵوگۆڕی نامە لەنێوانیاندا هەبوو و شیعریان بۆیەکتر دەناردو بیرو ڕای یەکتریان وەردەگرت، هەروەها لەوسەردەمەشدا،پێش ڕوانگە و لە ساڵی ١٩٦٨ و ١٩٦٩ بەرنامەیەکی ئەدەبی هەبوو بەناوی ( ئێوارەتان باش)، کە عەبدوڵڵا عەباس پێشکەشی دەکرد، شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و هیشام بەرزنجی تیا ئەخوێنرایەوە، ئەمانە هۆکارێکبوون بۆ نزیکبوونەوەی عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی و هیشام تاهیر بەرزنجی لەو گرووپە، واتە لە بازنەی جوگرافی ناوچەکەدا سەر بەو گرووپەبوون، بەڵام لە ئیمزاکردنی بەیاننامەکەدا بەشدار نەبوون))(بەرزنجی، ٢٠٢٢، چاوپێکەتن)

گرووپی( کفری)یش بەهەمان شێوەی گرووپی ڕوانگە ئەمانیش کەوتونەتە ژێر کاریگەری بەیاننامەی( شیعر ٦٩)ی عیراقی. بەهۆی ئەوەی کە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم گرووپە نزیکبوو لە گەڵ سەرهەڵدانی گرووپی ڕوانگە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا و بەهۆی ئەو تەوژمە نوێخوازییە ئەوروپی و عەرەبییانەی کە لە سەردەمەدا ناوچەکەی گرتبۆوە، بەتایبەتیش عێراق،

نووسەران و  شاعیرانی گرووپی( کفری)ش کەزمانی عەرەبییان بەباشی دەزانی و نزیکیش بوون لە بەغداوە،ئاگاداری هەموو ئەو سەرچاوە ئەدەبییانە بوون کە بەزمانی عەرەبی بڵاو دەکرانەوە بەئاسانی دەگەیشتە دەستیان. ئەمەش وایکرد کە لەژێر کاریگەری ئەو تەوژمە نوێخوازییەدا سەرهەڵبدەن. لەبارەی ئەم کاریگەرییەوە،لەتیف هەڵمەت لەبابەتێکدا بە ناوی ( لەکفرییەوە بۆ کۆتاییەکان) باس لە ئەزموونی شیعری خۆیی و گرووپی کفری  لەکۆتایی ساڵی شەستەکان دەکات و دەڵێت :(( لەو ساڵانەدا گرووپەکەمان شارەزای تەواوی شیعری نوێی عەرەبی و ئەوروپی بوو؛ شیعری سەییاب و بەیاتی و نازک و بلّند و حسێن مەردان و تەنانەت شیعری شاعیرانی فەڵەستینیشمان دەخوێندەوە.. هەر بۆ نموونە کتێبێکی پێنجسەد شەشسەد لاپەڕە دەربارەی سەرجەمی شیعری بەرگری ئەو سەردەمەی فەڵەستین لە کتێبخانەی گشتی کفریدا بوو، شیعری زۆربەی شاعیرە گەورەکانی فەڵەستینی تێدابوو. من زۆر سودم لە کتێبە وەرگرت. هەروەها کۆمەڵێ شیعری ئینگلیزی کە بەدر شاکر سەییاب کردبوونی بەعەرەبی و کۆمەڵێکیتر لە شیعری مایاکۆڤیسکی و بۆدلێر و دیمۆسێ و شیلی و بایرۆن و هەندێ شاعیری دی کە لە گۆڤاری (المعلم الجدید) دا بڵاو کرابوونەوە زۆر سەرنجیان ڕادەکێشام. جگە لەوانەش گۆڤاری( الف باء)،  لەدوایشدا هەر چوار ژمارەکەی گۆڤاری ( شیعر٦٩) زۆر گۆڕانکارییان تێدا بەرپاکردین. لە( الف باء) دا جارجار شیعری فازل عەزاوی و پەخشانی خەست ( النثر المرکز)ی حسێن مەردان بڵاودەبوونەوەو لە (شیعر٦٩)یشدا دیسانەوە هەندێ شیعری فازل عەززاوی و ئەدۆنیس و شاعیرە عێراقییەکان بڵاو دەبۆوەو لەو ڕێگایەوە ئاشنای جیهانێکی تازەترو گەورەتر بووین. ))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢١١، ٢١٢).

ئەم کاریگەرییە، واتە کاریگەری بەیاننامەی( سوریالیزم)، لەبەیاننامەکەی ئەم گرووپەدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ نموونە لەبەشێکی بەیاننامەکەدا دەڵین: ((بۆئەوەی هەڵبەست بنووسین ئەبێ خۆمان بین، تووڕەو یاخی بین، هەموو (ئەمڕۆ)یەکمان  پلەیەک بەرزتربێ، پێشکەوتووتر بێ لەهەموو (دوێنێ)یەکمان. بانگەواز ناکەین، نانەڕێنین، پڕۆژەمان داناوە، هەنگاو ئەنێین، ئەمەش کە ئەیلێین هەموو شتێ نییە کە ئەمانەوێ بەڵکو سەرەتایەکە. ئێمە ئەمانەوێ وشەی کوردی ڕزگار بکەین ،ئەمانەوێ بگەین، ئێوە ئەڵێن چی؟ ))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢٢٧). یەکێک لەو بنەمایانەی سورياليیەکان کاریان لەسەر دەکرد (یاخیبوون) بوو، بە هەمان شێوە(کفرییەکان)یش، لەژێر کاریگەری ئەو بەیاننامەیەدا، باوەڕیان وابوو، کە تازەگەری و داهێنان پێوستی بەتووڕەیی و یاخیبوونە، پێوستی بە باوەڕبەخۆبوونێکی تەواوە، بێ گوێدانە ئەوەی چۆن دەنووسن و بۆ کێ دەنووسن، ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە ئەوەیە، کە خودی خۆیان بن و بێ ترس ئەوەی ئەیانەوێ ئەوە بنووسن.

ئەوەی لێرەدا جێگەی باسە ئەوەیە، کە کاریگەری سوریالیزم لەسەر خودی (لەتیف هەڵمەت)، زیاتر بە (وێنە) بووە، نەک بەشیعر. وێنە بەو واتایەی کە زیاتر لە کردراو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەیدا لەژێر کاریگەری سوریالیزمدابوو. بۆ نموونە: کاتێک دەچووە چایخانەیەک، دەچووە سەرمێزیک و

شیعری دەخوێندەوە، یاخود لە کاتی پاسکیل لێخوڕیندا بەپێچەوانەوە  پاسکیلی لێدەخوڕی، ئەمانەو کۆمەڵێک هەڵسوکەتی تر، کە بە پێچەوانەی کەسی ئاساییەوە ئەنجامی دەدان.

یەکێک لەو بنەمایانەش ،کە لە شیعرەکانیدا بەدیدەکرێت بنەمای" خەون" ی سورياليیەکانە. (گێڕانەوەی خەون) لای (لەتیف هەڵمەت) زۆرەو لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا گەلێک شیعرمان بەشێوەی خەون بۆ دەگێڕێتەوە کە بەناونیشانەکانی (خەوی ون بوو، پەنجەرە ونەکان، خەوی سەوز، ئەستێرەی خەو).

بنەمای خەون لەم کۆپلە شیعرەی لەتیف هەڵمەت دا بەناوی (مردن لە خوێی شەوایە)  بەدی دەکرێت کە دەڵێت:

(مردن لە خوێی شەوایە)

کە چاووم کردەوە ئەو خەونەی کە بە شالقی

داری خەومەوە پێ ئەکەنی

لەسەر فرمیسکی پەنچەرەکەما سەر بڕابو

ئەم ڕەشەبایانە

پەڕو و توکیان بە باڵدارەکانەوە نەهێشتووە

ئەی چنگی تاریکایی ئەم زیخ و چەوە بۆ کوێ ئەبەی

دەرگاکان داخەن

نەوەک ئەم سێبەرە لە پەت بەر بوانە منداڵەکان بدزن

ئەو ئاوێنەیە بێنن

با یادگاریاری دوێنێی تیا ون کەم

هەوری لاڵی شەپۆلەکانی دڵم بەخوڕ ئەگری

ئەڵێن بیابان سەوزایی چاوی تیا ناکاتەوە

ئەلێن تینوێتی گەردەلولەکان

تیشکی گڵۆپی شەقامەکان ئەخواتەوە

ئەڵێن چڵی سەهۆڵی ژیان

دیاری گۆرستانە دورەکانی پشت مێژووە

بەڵام من وەڵامیان نادەمەوە

چونکە لە خۆپیشاندانەکەی ئێوارەدا

شتێکم ووت وەک وەڵام وابوو (هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٣)

## ٣/٢ گرووپی پێشڕەو (تەلیعییەکان)

ئەم گرووپە، لەسەرەتای ساڵانی هەشتاو دوای کۆتایی هاتنی ڕوانگە لە هەولێر سەریهەڵدا، گرووپیکی نویخوازی ئەو سەردەمە بوون، نووسەران و شاعیرانی سەر بەم گرووپە لەژێر ڕێنمایی " مەحمود زامدار " دا بریتیبوون لە ( سەباح ڕەنجدەر، دڵشاد عەبدوڵڵا، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، هاشم سەراج، جەلال بەرزنجی، ئەنوەر مەسیفی )،کە ڕۆڵێکی بەرچاوییان لە تازەکردنەوەو بەرەوپێشبردنی شیعری کوردی ئەو سەردەمەدا هەبوو. لەساڵی ١٩٨٣ گۆڤارێکییان بەناوی " هاودەنگ " دەرکرد، کەدیارترین نووسەرەکانی ناو ئەو گۆڤارەش بریتیبوون لە ( قوبادی جەلی زادە، هاشم سەراج، فەرهاد پیربال، سەکران سابیر، جەلال بەرزنجی، هتد)، ئەم گۆڤارە تەنها سێ ژمارەی لێدەرچوو ، دواتر بەهۆی هۆکاری سیاسی ئابووری و ناکۆکی نێوان خۆیان داخرا.

ئەگەرچی ئەم گرووپە بەیاننامەیان نەبوو، جگە لە( سەباح ڕەنجدەر ) و ( عەباس عەبدولا یوسف)کە خاوەن بەیاننامەی تاکەکەسی خۆیان بوون، ئەویش لەدوای هەڵوەشانەوەی گرووپەکەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا کاریگەری بەیاننامە جیهانی و عەرەبییەکان، بەتایبەت بەیاننامەی " شیعر ٦٩ " عێراقییان لەسەربوو، ((ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئەو سەردەمە لەزمانی عەرەبیدا شارەزاییەکی باشییان هەبوو، کە ئەمە بووە هۆکاری خوێندنەوەی بەرهەمەکانی (بدر شاكر سياب، نازك الملائكة، محمد الماغوط، محمود درويش، عبدالوهاب البياتي، سميح القاسم، ادونيس، نزار قباني، بلند الحيدري، فاضل العزاوي)، هەروەها وەرگێرانی بەرهەمە شیعرییەکانی ( بۆدلیر، لۆرکا، مایاکۆفسکی، مالارمییە، هۆگۆ، نازم حیکمەت..) لە لایەکی تریشەوە ئەو گۆڤارو بڵاوکراوەو بەیاننامە شیعرییانەی بوونە هەوێنی لەدایکبوونی گرووپ و بزاڤی ئەدەبی و شیعری کوردی.))(حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٣١)

بۆیە دەکرێت بڵێین لەدوای هەردوو گرووپی ( ڕوانگە) و ( کفری )، لە ساڵانی ١٩٨٠–١٩٩٠ گرووپی ( پێشڕەو )یش بەجۆررێک لەجۆرەکان کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەیاننامەی" شیعر ٦٩ "، لەگەڵ ئەوەشدا، کاریگەری ڕەمزییەتی فەرەنسییان لەسەربووە. ئەم گرووپە لەسەرەتای ساڵانی هەشتاوە بەشێوەیکی زۆر تازەگەری هاتنە ئاراوەو تا سەرەتای نەوەدەکان بەردەوام بوون.

یەکێک لە بنەما بنەڕەتییەکانی سوریالیزم، کە بانگەشەیان بۆ دەکرد، بریتیبوو لەوەی، کە بەدوای " جوانیناسی "یاخود " ئیستاتیکا " یەکی نا عەقڵانیدا دەگەڕان ،کە بیکنە شوێنگرەوەی " عەقڵ و لۆژیک " تا پشتی پێببەستن لەتەقاندنەوەی هەستی نائاگایی خەون و توانا شاراوەکانی ناوەودا، ئەمان ئەو تەقاندنەوەیان بە داهێنان و جوانی دەزانی. بەلای ئەوانەوە مرۆڤبوون و بایەخی مرۆڤ لە عەقڵانییەتدا نەماوە، بەلای ئەمانەوە ئەو شەڕو ماڵ وێرانکردن و کاولکارییەی بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە هاتە ئاراوە ، کە هیچ بەهایەکی بۆ مرۆڤایەتی نەهێشتەوە، هۆکارەکەی ئەو پێشکەوتن و تەکنەلۆجیایەبوو، کە عەقڵ و لۆژیک بەڕێوەی دەبرد.سوریالییەکان ئامانجیانبوو لەڕێگەی ئەم ڕێبازەوە بەها بنەڕەتییەکان بۆ مرۆڤ بگێڕنەوە، هەمووشتێکیان لەپێناو مرۆڤبوون وخۆشبەختی مرۆڤدا دا دەکرد. دەیانوویست ئەو سانسۆرو لەمپەرانە لەسەر مرۆڤ لابدەن کە جوانییەکانی ژیانی لەناوبردبوو ،ئەوان دەیانویست جیاوازبن تا بەردەوامی بەژیان بدەن و داهێنان بکەن.

یەکێک لە شاعیرە دیارو بەرچاوەکانی ئەم گرووپە (سەباح ڕەنجدەر)ە ، سوریالیزم بەشێوازێکی قووڵتر و فراوانییەکی زیاتر لە شاعیران و نووسەرانی پێش خۆی بەدی دەکرێت، چونکە سوریالیزم لەڕێگەی میتۆدەوە ، نەک لەڕێگەی دەقەوە ئەو کاریگەرییەی گەیشتۆتە لای " سەباح ڕەنجدەر " و لای ئەو پێگەیشتووە.

بۆ پێکەوەبەستنی بۆچوونی " سەباح ڕەنجدەر " و کاریگەری ئەم بنەمایەی سوریالییەکان لەسەری،، بەشێک لە بەیاننامەی ( گەردوونی یەکەم مانیفێستی شیعری) شاعیر دەخەینەڕوو، کە لەژمارە سێی گۆڤاری وانەردا بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا شاعیر دەڵێ: ((هیچ شتێک لە مرۆڤ و مردن بەهێزترنییە، تەنیا داهێنان نەبێت. مرۆڤ کاتێک ئەرکی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی تەواو دەبێت، کە جیاوازبێت. جیاوازبوون چنینێکی ئێستێتیکییە، مرۆڤ فۆرمەلە دەکات، بەدرێژایی ژیان یاوەری دەکاو دەیخەملێنێ. جۆرناسی و بینین و دانپێدانانی جیاوازییەکان، لە هێزی ڕوونی داهێنان و پێکهاتەی ڕووداوەوە سەرچاوە دەگرێت و پەرەدەستێنێ، دەبێتە بابەتی دەربراو و بابەتی دەربڕ، بە ئاستی داهێنەرانەی خۆیدا دەڕوات و ڕێڕەو دەکاتەوە. گۆڕان و وەرچەرخان و واقیع و خەیاڵ و دەنگ و زرینگانەوە و سەرمەشقییەکان، لەدایکبووی جیاوازییەکان و تەواوکەری ژیانێکی بێگەردن، واتاکانی نوێبەخشی دیاری دەکەن و پەیپێدەبەن، بەڵام زمانی هاوبەش و هێزی کارکردنی هەموومان نییە. جیاوازی نیازێکی مرۆییەو تێکڕای هەبوون لەخۆ دەگرێت، لەناو قەوارەو ئاست و ویستی خۆمان دامانده‌هێنێته‌وه.))( ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٦٦)

هەروەها لەبەشێکتری ئەو بەیاننامەیدا دەڵێت: ((واقیع و سرووشت هیچ بەهاو پێوەرێکیان نابێت، ئەگەر تێکەڵی هەستی مرۆڤ نەکرێن. واقیعم وەک ئەوە دەوێ، کە لەناو تابلۆکانی ( محەمەد عارف )

دا  هەیە و دەیەوێ ڕێگایەکی چالاک بۆ وشیار بوونەوەی  کۆمەڵگا بژار بکات، نەک واقیعێکی بێبەزەیی و دڵڕەق و پڕبەرنامەی هەڵە. سروشتیشم وەک ئەوە دەوێ ، کە لەناو تابلۆکانی ( ئازاد شەوقی ) دا هەیە و سوورە لەسەر سەرکێشیی و بەردەوام دامەزراندەوە، دامەزراندنەوەیەکی پڕتەزووی شیعریی و وەفادار بۆ ژیانێکی بێگەردو ڕەها . هەم ئەفسانەن و هەم هێما. توندوتیژیان بەرانبەر وێناکردن تێدا نییە، وزەی دەسەڵات لەخۆیان وەردەگرن و بەردەوام خۆیان دادەمەزرێننەوە. واقع و سرووشت بنەچەی ئەفسانەو هێماکانن. ناتوانین نارەزایی بەرانبەریان دەرببڕین بێئەوەی بچینە ناوچە قووڵەکان و لە ڕووداوی مەرگیش نەترسین، یان بوونی شاعیر بەرانبەر بوونی واقیع و سرووشت ڕانەگرین. شیعری بێگەرد، واقیع و گشت شتەکان تاقیدەکاتەوە، نەک واقیع و شت ئەو تاقیبکەنەوە،چرکەساتی نووسین چرکەساتێکی ئەفسووناوییە، هەموو دەوروبەر لەخۆیدا نقووم دەکات.))( ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٧٠، ٧١)

لە بەشێکیتری بەیاننامەکەدا نووسەر باس لەچەند دەقێکی شیعری خۆی دەکات، کە کاریگەری سوریالیزمیان بەسەرەوە بووە و دەڵێ:(( ئەدەب بەخشندەو میهرەبانە، لەگەڵیدا مامەڵەم خۆشەو هەرزوو  چێژ و چەشەی وشەو بوون و مانەوەم تێدا دۆزییەوەو شاگەشکە بووم، خوێن لە بڕبڕەی پشتمەوە بۆ مێشک و دڵم جماو هەڵکشا، خانەکانی سووری پێگەیشتنی چالاک کرد. هەمیشە لە ئاسۆیەکی  دوور بە وێناکردنێکی زەینییەوە دەستپێدەکەم، خوێنەریش ئاشنای  ئەم هەستەم دەبێت و توانایی و ئامادەیی من دەناسێت. لەچەند شیعرێکمدا درێژدادڕیم کردووەو چەندان لێکچوون، کەپێویستیان بە بژارکرن بووە، بژارم نەکردوون و هێشتوومنەتەوە، یەک لە کەمتەرخەمی و نەزانینی من بووە. گرفتی چێژو چەشە دەهێننە پێشەوەو مەیل و ئارەزووی خوێنەر دەکوژن، وەنەوز دەداو پەرۆشی بۆ خوێندەوە کەمدەبێت، ئەوکات ئەو ڕووداوە لەشیعری من ڕوویدا، کەبیری سوریالیزم بەسەرمدا زاڵبوو، وێنەم بەسەریەکدا کەڵکە دەکرد، جۆرێک تێئاخنینیش دەهاتە ئاراوە. لەم جەنگەدا تا کۆتایی نەمامەوە، تەلیسمم شکاندو چوومە دەرەوە.))(ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٧١).هەر سەبارەت بەکاریگەری سوریالیزم، ئەگەر بەراوردی ئەزموون و دەقە شیعرییەکانی  شاعیرانی قۆناغی یەکەم  بکەین بە ئەزموون و دەقەشیعرییەکانی "سەباح ڕەنجدەر " ، ئەوا لەو بەراوردکارییەدا ئەو کاریگەرییە قوڵ و فراوانەی سوریالیزم بەسەر نووسەرەوە  ڕوونتر دەردەکەوێت.

## ٤/٢ گرووپی ( وێران )

ئەم گرووپە یەکێکە لە گرووپە نوێخوازەکان لە ئەدەبیاتی کوردیدا، لەنێوان ساڵانی (١٩٩١–٢٠٠٣)دا. لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەکوردستانی باشوور گۆڕانێکی گەورەو بەرچاو گشت بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریشی گرتەوە، ئەم گۆڕانکاریانەش کاری گەورەیان لە ئاستی ئەدەبیی و رۆشنبیری سەردەمەکەدا هێنایە کایەوە، لە لایەک ڕێگە خۆشکەربوو بۆ شاعیران و ڕۆشنبیرانی ئەوکات، تا بتوانن سەربەستانەتر لە قۆناغی پێش خۆیان بیروڕاکانیان دەرببڕن و مەیدانی بڵاوکردنەوەشیان فراوانتربێت. لەلایەکی تریشەوە، بەرهەمی ئەدەبی ئەو سەردەمە جۆرێک لە ڕەشبینی و تەمومژی لەخۆگرتبوو، ئەویش بەهۆی ئەوبارە ناهەموارو ناخۆشەی شەڕو ئاڵۆزی ناوخۆو هەڕەشە دەرەکییانەی لەسەر کوردستان هەبوو. ئەو هەلو مەرجەش، بە هەردوو بارە ئەرێنی و نەرێنییەکەیدا کاری کردە سەر کۆمەڵێک ڕۆشنبیرانی ئەوسا، کەهەندێکیان لەدەرەوە و هەندێکیتریان لە ناوەوەی کوردستان دەژیان، گرووپی( وێران)یان دامەزراند.بۆیە دەکرێت بڵێین: گرووپی وێران لەئەنجامی ئەو ئەو نائومێدی و نائارامییەی بەهۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی باڵی بەسەر کوردستاندا کێشابوو هاتە کایەوە.

لەبارەی دامەزراندنی ئەم گرووپەوە فەرهاد پیرباڵ دەڵێت: (( مێژووی وێران دەگەڕێتەوە بۆ ئاخروئۆخری ئەو ماوەیەی لە فەرەنسا دەژیام، واتە ساڵی (١٩٩٢–١٩٩٣)ز، ئەوکاتەی من و ( ئەحمەدی مەلاو رزگار عەبدوڵڵا) بە نامەو تەلەفون لەسەر دانانی بزاڤەکە قسەمان دەکرد، پاشان ئێمە لەگەڵ ( مهاباد قەرەداغی و نەزەند بەگیخانی) بڕیارماندا کۆببینەوەو گرووپێک پێکبهێنین و گۆڤارێکیش لەژێر ناوی وێران لە کوردستاندا دەربکەین))( زیاب، ٢٠٠٥، ٦٣)، ئەندامانی ئەم گرووپە تەنها بریتی نەبوون لەو چەند کەسە، بەڵکو کۆمەڵێک نووسەرو شاعیری تریش هەن، فەرهاد بیرباڵ لەشوێنێکی تریش باسی سەرەتای دامەزراندنی وێران دەکات و ناوی ئەو کەسانەش دەبات و دەڵێ: (( کە من و ئەحمەدی مەلا یەکترمان ناسی، لەسەر دەستی من و ئەحمەدی مەلا لە ساڵی( ١٩٩٣)لەدایکبوو. سەفەرێکی کوردستانم کردو لەگەڵ برادەرانی هەولێریش قسەم کرد، و وتم : دەکرێ تەنسیقێک بکەین پرۆژەکە جێبەجێبکەین. ئەو برادەرانە لە هەولیر راوێژم لەگەڵییان کرد ئەمانەبوون. مەحمود زامدار، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، هاشم سەراج، ئازاد حەمە شەریف.. بەکورتی مێژووی لەدایکبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پڕۆژەی لەنێوان ( ئەوروپاو هەولێر ) لە ساڵی ١٩٩٤ درووستبوو))(حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٤٨)

گرووپەکە لەسەرەتای دامەزراندییەوە، گۆڤاری (وێران)یان دەکردو هەر لەو ژمارەیەشدا بەیاننامەی یەکەمی وێرانیان بڵاو کردەوە، گۆڤاری وێران کە ئامرازی سەرەکی دەربڕین و بڵاوکردنەوەی بیرباوەڕە نوێخواییەکانی ئەم گرووپەبوو لەنیوان ساڵانی (١٩٩٤–١٩٩٨)لە هەولیر بڵاو دەکرایەوە، یەکەم گۆڤاری کوردییە کە تازەگەری و نوێخوازی کردۆتە پرەنسیپی بنەڕەتی کارو

بلاوکردنەوە، لە هەمان کاتیشدا یەکەم گۆڤاریشە کە بە فۆرم و تەکنیکی تازە بابەتەکانیان ڕێکخستووەو سنووری تەقلیدی گۆڤارەکانی تریان تێپەڕاندووە.

ئەم گرووپە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی (سوریالیزم)ی لەسەربوو بەهۆی ئەوەی کە، هەریەک لە (ئەحمەدی مەلا) و (فەرهاد پیربال ) وەک دوو ئەندامی سەرەکی گرووپەکە، لە دەرەوی هەرێم ولە فەڕەنسا دەژیان، شارەزای ئەدەبی ئەوروپی و بە تایبەت فەڕەنسیش بوون. ئەمەش هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی؛ کە بەشێوەیەکی ڕاستەو خۆ بکەونە ژێر کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوەروپی، بەتایبەت هەردوو ڕێبازی(دادایزم ، سوریالیزم). ئەم کاریگەرییەی سوریالیزم لە دەقی بەیاننامەکشیاندا دەردەکەوێت. بۆ نموونە لەبەشێکی بەیاننامەکەدا دەڵێن : ((خەون بەشێکی زیندوی مرۆڤ و گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە. لێرەوە، پەنجەرەی خەونەکانمان والا دەخەینە سەر پشت، بۆ ئەوەی کاری داهێنان چیتر بەیاسای دەرەکی و ڕێزمانی لە قاڵبدراو نەبەستریتەوە، بەڵکو داهێنان خۆی دامەزرێنەری خۆی بێت.))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٤، ٢)

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی سوریالیزمیش بنەمای "خەون" بوو، کە کاریان لەسەر دەکرد، چونکە بەبڕوای ئەوان یاساکانی دەرەوە، بیری مرۆڤ لە کۆت و بەند دەدەن و توانای داهێنانی سنووردارەدەکەن، بەڵام بە پێچەوانەوە " خەون " پڕە لە ئازادی هیچ یاسا و سنوورێکی نییە، . بۆیە نووسەرانی( وێران)یش، دەیانویست لە ڕێگەی ئەو بەشە زیندووەی مرۆڤەوە کە (خەون) بەرەو گۆڕانێکی ڕیشەەی و داهێنان هەنگاو بنێن.

فەرهادپیربال کە یەکێکە لە دامەزرێنەرە بنەڕەتییەکانی ئەم گرووپە، سوریالیزم بەتەواوی لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگیداوەوتەوە، لێرەدا پێویستە باس لە دوو فاکتەر بکەین، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە:-

یەکەم : فەڕەنسا شوێنی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕێبازی سوریالیزم بوو، سوریالیزم لەوێ لەدایکبوو هەرلەوێشەوە بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەوە،هەر ئەمەش وایکردووە کە ئەدەبیاتی فەڕەنسی دەوڵەمەند بێت بە ئەدەبیاتی سوریالیزم. بەوپێیەی کە " فەرهاد پیربال " یش ماوەیەک لە فەڕەنسا ژیاوە شارەزای زمانی فەرەنسییە و لەنزیکەوە ئاگاداری ڕێبازی سوریالیزمی بووەو پێی ئاشنابووە، شارەزای دەقی ئەسڵی شاعیرە سوریالییە فەڕەنسییەکان بووە، بۆیە سوریالیزم بەقووڵی فراوانییە وە لەبەرهەمەکانیدا ڕەنگی داوتەوەو کاریگەری تەواوی لەسەری هەبووە. هەر ئەمەش پیربالی لە نووسەری قۆناغەکانی پێشخۆی جیادەکاتەوە، چونکە کە شاعیران و نووسەرانی قۆناغی یەکەم و دووەمی سوریالیزمی کوردی، بەپێچەوانەوە ،ناڕاستەوخۆ سوریالیزمیان پێگەیشتووە و کاریگەری هەبووە لەسەریان، زیاتر لەڕێگای نووسەرانی سوریالیستی عەرەبی (میسری و عێراقی)یەوەبووە، لە فەڕەنسا نەژیاون و شارەزای زمانی فەرەنسی نەبوون تا ڕاستەوخۆ ئاشنایەتی بە بەرهەمی

زیندووی سوریالی و ئەدەبیاتی فەڕەنسی پەیدابکەن. ئەمەش  ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە ،کە گرووپی وێران هیچ کاریگەرییەکی بەیاننامەی ( شیعر ٦٩) یان لەسەر نەبووە.

وەک نموونەیەکی بەرهەمی نوێخوازی گرووپی وێران،ئەم شیعرەی( فەرهاد پیربال)ە، کە ناونیشانی شیعرەکە لە بابەتی شیعرەکە درێژترە.

(شیعرێکی زۆر درێژ بۆ دایکم)

دایە غەریبیت دەکەم.... (زیاب، ٢٠٠٥، ٦٧)

ئەم جۆرە تەکنیکە، تەکنیکی هۆنراوەی کورتە، کە داهێنانی ئەم گرووپە نوێخوازە بوو، ئەگەرچی لەنووسیندا کورتە، بەڵام لەواتادا فراوانە، خوێنەر دەتوانێت چەندین واتای تر بداتە پاڵی. ئەمەش ئەو تایبەتمەندییەیە کە شاعیرانی وێران لە شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە. بەمەش شاعیرانی گرووپی وێران سنوور و بواری هۆنراوەی کوردییان فراونتر کرد، کە پێشتر نە لای کلاسیکییەکان و نە لای نوێخوازەکانی تریشەوە ئەم جۆرە تەکنیکە  بەکار نەهاتبوو.

سوریالییەت لای " فەرهاد پیربال " نەک هەر بەتەنیا لەکارە ئەدەبییەکانیدا بەڵکو لە کێشانی تابلۆکان و. ئەدای شیعریی و تەنانەت ئەدای ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی بەئێستاشەوە، ڕەنگی داوەتەوەو کاریگەری لەسەری هەیە.ئەمەش وایکردووە، کە نووسەر  لەزۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانیتر جیاواز دەرکەوێت، ئەم جیاوازبوونەشی  وێڕای پشتگیکردن و قبوولکرنی، بەدەر نەبووە لەڕەخنەو رەتکردنەوە، چ لەلایەن کۆمەڵگای کوردەوارییەوە بێت یان لەلای نووسەران و ڕۆشنبیران و پیاوانی ئاینیش.

لەدوای ئەنجامدانی چەند چالاکییەکی وەکو کۆڕ و سیمینار و بڵاوکردنەوەی شیعر و چیرۆک و بابەتی فیکری تایبەت بە ئەدەب و سیاسەت، لەگەڵ ئەوەی گرووپەکە لەلایەن نەوەی تازەی نوێخوازەوە پشتیوانییەکی زۆری لێکرا، لەبەرامبەریشدا لەلایەن کلاسیک خوازان و خەڵکانی ئاینیەوە ڕەخنەو هێرشی توندیان دەکرایە سەر، چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییان لەدژ نووسراو لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بڵاوکرایەوە.

## چوارەم: بەیاننامەی (شعر حجم)ی فارسەکان

١– سەرەتایەک لە بارەی بەیاننامەکەوە

یەکێکیتر لەو بەیاننامانەی کە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا دەرچوو، بەیاننامەی (شعر حجم)ی فارسەکان بوو، ئەم بەیاننامەیە لە زستانی ساڵی ١٩٦٩زلە لایەن یانزە کەسی( شاعیرو چیرۆکنووس و هونەرمەند و سینەماکارو..هتد) دەرچووە، کە ناسراوترینیان بریتیبوون لە( یدالله رویایی، پەرویز اسلامپور، مەحمود شوجاعی، بەهرام ئەردەبیلی، هۆشەنگ ئازادی).

ئەمەی خوارەوە چەند بەشێک لە دەقی بەیاننامەکەی (شعر حجم) ی فارسییە

((حجم گرایی انهائی را گروه می کند که در ماوراء واقعیت ها، به جزستجوی دریافت های مطلق و فوری و بی تسکین اند. وعطش این دریافت ها هر جستجوی دیگر را در انها باطل کرده است. مطلق است برای انکه از حکمت و جودی واقعیت و از علت غائی ان بر خاسته است و در تظاهر خود، خویش را با واقعیت مادر اشنا نمیکند...، اسپاسمانتالیسم، سورئالئیسم نیست، فرقش اینست که از سه بعد به ماوراء می رسد. و در این رسیدن فقط در یک جا باهم ملاقات می کنند: در جهیدن از طول گرچه در اینجاهم جست فوری تر است... حجم گرایی نه خودکاری است، نه اختیاری. جزبه هائی ارادی است یا اراده ای مجزوب است. جزبه اش از زیبائی است. از زیباشناسی است. اراده اش از شعور و از شعور است، از توقع فرم واز دل بستن به سر نوشت شعر... نه هوس است، تفنن. تپشی است خشن عصبی. تپش اگاه برای هنری شاعری در انسانی دیوانه شعر، که خطر می کند، که از قربانی شند نمی ترسد... شعرحجم/ شعر حرف های قشنگ نیست، شعر کمال است، در کمالش وحشی است و در کشف زیبائی خشونت می کند...))( بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٢٢١، ٢٢٢)

ئەدەبی فارسیش، وەک ئەدەبی میللەتانی تری ناوچەی ڕۆژهەڵات درەنگ بە وشەی بەیاننامە " مانیفێست " ئاشنابوو،(( بەیاننامە نووسین بەپێی سەرچاوە تۆمارکراوەکان، تایبەتمەندییەکی هونەرو ئەدەبییاتی مۆدێرن و پۆست مۆدێرنی جیهانییە،لەسەدەی کۆتاییدا، بەیاننامەی هونەری و ئەدەبی فراوان لەجیهاندا بڵاوبوونەوە، بەڵام ئەمە لەشیعری فارسیدا نەک تەنها ئەزموونێکی دوورودرێژی نییە؛ بەڵکو ئاماژەشی بۆ نەکراوە، بەیاننامە ڕەسمییەکانی شیعری مۆدیرنی فارسی ناگەنە ژمارەی پەنجەکانی دەستیش))(ابادی، ١٣٩٤، ٦٩)

بەپێی بۆچوونی نووسەرانی فارس، لەپێش بەیاننامەی (شعر حجم) بەیاننامەیەکی وانەبووە کە لە چوارچێوەی بەیاننامەدا جێی ببێتەوە و لەئاستی بەیاننامە جیهانییەکاندابێت، یاخود بەجۆرێکیتر تا ئەوکاتەی بەیاننامەی (شعر حجم) دەرنەچووبوو، تەنانەت وشەی " مانیفێست " لەناو ئەدەبییاتی فارسیدا بوونی نەبوو. (( زاراوەی مانیفێست بەتایبەت بەیاننامە، بۆیەکەم جار لە زستانی ١٣٤٨ لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی " شعر حجم" هاتە ناو گوتاری شیعری سەردەمەوە، تا پێش ئەوەش، بەیاننامەی ئەدەبی بە ناوەکانی وەکو نهیب، اعلامیە، مرام نامە،... ناسرابوون لێکدانەوەویان بۆ دەکراو

لەلایەن رەخنەگران و شاعیرانەوە ئاماژەیەک لەوشەی بەیاننامە " مانیفیست " نەدەبینرا،ئەگەر هەشبوو‌بێت لە پەنجەی دەست تێپەری نەدەکرد.))( ابادی، ١٣٩٤، ٧٧، ٧٨) دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ( شعر حجم ) گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی فراوان لە لایەن کەسە جیاجیاکانەوە کراوە، مشتومڕە نووسراو و گوتراوەکان لەبارەیەوە خرانەڕوو. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەیاننامە (مانیفیست) و هەرچیش پەیوەستە پێوەی، لەبابەتی ئەدەبی و بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی فارسیدا جێگەی خۆی زیاتر بکاتەوە. بۆیە بەیاننامەی " شعر حجم "ی فارسی، ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە لە بەرەوپێشبرنی شیعری فارسیدا و، مشتومڕێکی زۆری لەناو نووسەران و ڕەخنەگرانی سەر بەو ئەدەبە نایەوە، لەم بارەیەوە ( مرتضا پور حاجی) دەڵێ: ( بە کەم سەیرکردنی قۆناغی شیعری (شعر حجم) کە بەرهەمی هەوڵەکانی یدالله رویایی یە، شتێکی گرنگ نییە، لە نەتیجەدا ئەوەی گرنگە؛ هەوڵەکانی ئەوە لە بەردەوامبوون و مانەوەی ئەو لەم مەسەلەیداو، کاڵکردنەوەی ئەوانیترە، لە هەموو ئەوشتانەی کە لەڕووی شیعرییەوە لە بیرو زیهنی خۆیاندا بەرانبەر بە (شعر حجم) وێنایان کردو دەریاندەبڕی. ئەڵبەتە بەهیچ جۆرێک ئامانج لە پێداگری و هەوڵەکانی رویایی، بۆ مانەوە یان نەمانەوەو وەلانانی ئەوان نییە، بەڵکو ئامانجەکە،لەئاستێکی بەرزتر لەو فەرهەنگەدا خۆی دەبینێتەوە کە لە زیهنی ئەواندا بوونی هەیە. فەرهەنگێکی بێ ئاگا لە خود و بێهودە قەڵەم بەفیرۆدان و دوور لە تێڕوانینە تیۆرییەکان. بە هەر جۆرێک بێت، ئەو چارەنووسە مەترسیدارە( بە کەم سەیرکردنی قۆناغێک لەهەوڵەکانی تاکە کەسێکدا) بەرلەوەی بۆ خودی ئەم بابەتە مەترسی بێت، مەترسییە بۆ سەر بواری ڕەخنەیی ئەم عەسرەمان.)(پورحاجی، ١٣٨٦، ١٦٨). ئەم بۆچوونە رەخنەییانەش لەبارەی بەیاننامەکەوە، مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی فارسی زیاتر فراوانکرد و گفتوگۆیەکی زۆری لەبارەوە کراو زۆر لەسەری نووسرا .

## ٢– کاریگەریی بەیاننامەی (شعر حجم) لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا

ئەوەی لێرەدا بۆ ئێمە گرنگە، ئەوەیە، کاریگەری ئەم بەیاننامەیە لەسەر ئەدەبی کوردی بەگشتی ڕەخنە بەتایبەتی چۆنبووە.

سەبارەت بە کاریگەری بەیاننامەی ( شعر حجم)ی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی، ( د. عەلی تاهیر بەرزنجی) لەکتێبی ( کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیا) بەراوردێکی وردی لەنێوان هەرسێ بەیاننامەی ( شعر ٦٩ی)عێراقی و (شعر حجم) فارسی و بەیاننامەی (ڕوانگە)دا کردووە، ئەم بەراوردەشی بەپێی نزیکی شوێن و کاتی سەرهەڵدانی هەرسێ بەیاننامەکە کردووە.بەرزنجی لەم بەراوردەدا کۆمەڵێک خاڵی لێکچوو و جیاواز لەنێوان ئەم سێ بەیاننامانەدا دەخاتە ڕوو. بەڵام سەبارەت بە کاریگەری بەیاننامەی (حجم) لەسەر ڕوانگە دەڵێت: (( ...هەرچی دەربارەی پەیوەندی بزوتنەوەی ڕوانگەیە بەو بزوتنەوە نوێیە کە لە ئەدەبی فارسیدا ڕوویداو بە ( حەجم گەرایی) ناسرا،

ئەوە لێرەدا پێویست دەکات ئەو ڕاستییە بخەینەڕوو، کە نەڕابەرانی ڕوانگەو نەهیچ نووسەرێکی تر باسی ئەوەیان نەکردووە، کە کاریگەری ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە فارسییەیان لەسەربووبێ. دیارە ئەمەش تاڕاددەیەک ڕاستە، بەڵام دیسانەوە نزیکی هەردوو بزووتنەوەکە لەڕووی مێژووییەوەو گەڕان بەدوای شتی هاوبەشی ئەم سێ میللەتە دراوسێیەدا، وامان لێدەکات لایەنی لێکچوون و جیاوازییان دیاری بکەین خاڵێکی تریش بخەینە سەر شتە هاوبەشەکانی ئەم سێ میللەتە.))( بەرزنجی ، ٢٠٠٨، ٧٥)

هەر سەبارەت بەکاریگەری بەیاننامەی ( حەجم) لەسەر (ڕوانگە)، فوئاد مەجید میسری، لەکتێبی (من نەیاری ڕوانگەبووم)دا دوای ئەوەی گرووپی ڕوانگە بە لاساییکەرەوەی (شعر ٦٩)ی عیراقی ناودەباتو دەڵێت: ((..ئەم دەربڕینانەی ڕابەرانی روانگە گەواهی ئەدەن کە دەرچوونی بانگەوازەکەو تێزەکانی زادەی خەملّیویی فیکری دەستەیەک نووسەری کورد نەبووە، ئەوەی کە هەبوو لاساییکردنەوەیەکی کت و متی عەرەبەکان بوو بەجۆرێک تەنانەت ناشتوانین ناوی کاریگەری لەسەر دابنێین.))( میسری ، ٢٠٢١، ١٣، ١٤)، دواتر دێت و لەپەراوێزی لاپەڕە (١٤)ی هەمان کتێبدا، بە بۆچوونێکی (د.عەلی تاهیر بەرزنجی) ، کە لە گەلاوێژی نوێ وەری گرتووە، بۆچوونەکەی خۆی پشتڕاست دەکاتەوەو دەڵێت : ((د. عەلی تاهیر بەرزنجی رای وایە روانگە خوازەکان بێجگە لە جەماعەتی شیعر٦٩ بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری (حەجم) گەرایی فارسەکانیشیان لەسەر بووە. (بزوتنەوەی نوێگەری) گەلاوێژی نوێ،ژ ٥٤. ئەوەندەی من بیزانم و ئاگاداری بم هیچ کام لە ڕوانگە خوازان زمانی فارسییان نەزانیوەو ئاگاداری بزووتنەوەی ڕۆشنبیری ئێرانی نەبوون و خۆیشیان لەهیچ بۆنەیەکدا ئاماژەیان بە شتێکی لەوجۆرە نەداوە.))( میسری، ٢٠٢١، ١٤)

بەڵام بە بۆچوونی ئێمە لێرەدا هەڵە تێگەیشتنێک هەیە، بەپێی ئەو بەراوردەی کە لە نامەی ماستەرەکەیدا بۆ هەرسێک بەیننامەی ( شعر٦٩) عێراقی و ( شعرحجم) ی فارسی و (ڕوانگە)ی کردووە، (د.عەلی تاهیر بەرزنجی) بەهیچ جۆرێک باسی کاریگەری (حەجم گەرایی) لەسەر ڕوانگە ناکات، بەڵکو تەنها بەراوردێکی نێوان ئەم سێ بەیاننامەیەی خستۆتەڕوو. بۆ زیاتر دڵنیابوون و ڕاستکردنەوەی ئەم دوو ڕایە جیاوازە، چاوپیکەتنێکامن لەگەڵ ( د. عەلی تاهیر بەرزنجی)دا ئەنجامدا. کە ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە.

- د.عەلی، دەمەوێت ڕای بەڕێزتان بزانم، سەبارەت بەوەی کە (فوئاد مەجید میسری) لە کتێبی ( من نەیاری ڕوانگە بووم)دا دەڵێت : د. عەلی تاهیر بەرزنجی، ڕای وایە، کە ڕوانگە خوازەکان جگە لە جەماعەتی شیعر٦٩ بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری (حەجم گەرایی) فارسەکانیشیان لەسەربووە.

د.عەلی : من لەنامەی ماجستەرەکەشمدا و لە بابەتەی (گەلاوێژی نوێ) شدا، بەهیچ شێوەیەک باسی کاریگەری (حەجم گەرایی)م لەسەر ڕوانگە نەکردووە، بەڵکو من تەنها بەراوردێکی ئەم سێ

بەیاننامەیە( شیعر٦٩، شعر حجم، ڕوانگە)م کردووە، بەراورد جیایەو کارتێکردن جیایە. من هاتووم ئاستی هونەری ئەو سێ بەیاننامەیەم دیاریکردووە، نەک ئەوەی وتبێتم ڕوانگە لەژێر کاریگەری حەجم گەرایی دابووە. تەنانەت خۆم لە دەزگای سەردەم  چاوپێکەوتنم لەگەڵ (شیرکۆ بێکەس)دا کردووە، لێم پرسیوە بەیاننامەیەکی واش هەیە (شعر حجم)، ئایا هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئێوەی ڕوانگەییەکان هەبووە، یان بۆجۆرێکیتر ئاگاداری ئەو بەیاننامەیەن؟، لە وەڵامدا وتی من ئێستە لەتۆی ئەبیستم کە بەیاننامەیەکی واهەبێت. بۆیە دووبارەی ئەکەمەوە، کەمن بەراوردم  لەنێوان ئەو سێ بەیاننامەیەدا کردووە، نەم وتووە کە حەجم گەرایی کاریگەری لەسەر ڕوانگە هەبووە، نازانم بۆچی ئەو واتێگەیشتووە. (بەرزنجی، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)

هەر سەبارەت بە کاریگەری بەیاننامەی (حەجم گەرایی ) لەسەر گرووپی( پێشرەو)و  گرووپە ئەدەبییەکانی تریش،  بەهەمان هۆکاری ئاڵۆزی سیاسی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئەو کاتەی عیراق و ئێران و  ئەو دابڕانەی لەنێوانیاندا هەبوو، کە کاریگەری لەسەر ئەدەبیاتیش دروستکردبوو، هەروەها بەهۆی ئەوەی کەشاعیرانی ئەوکاتەی سەربە گرووپی پێشڕەو و گرووپەکانی تریش شارەزاییان لە زمانی فارسیدا نەبووەو هیچ تێکەڵاوی و بەریەککەوتنێکیان لەگەڵ شاعیرانی سەر بەو زمانە نەبووە. دەکرێت بڵێین کە شاعیرانی گرووپی (پێشڕەو) بەهەمان شێوەی گرووپی (ڕوانگەو کفری) ئاگاداری بەیاننامەی (شعر حجم) نەبوون و هیچ کاریگەرییکی لەسەریان نەبووە.

.

یەکەم : بەیاننامە دەستەجەمعییەکان

١– بەیاننامەی گرووپی ( ڕوانگە)

ئەو گۆڕانکاریانەی لەمێژووی میللەتی کوردا ڕوویانداوە، لە هەر قۆناغێکدا بووبێت کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر بیروباوەڕی نووسەران و شاعیرانی ئەوقۆناغە. بارودۆخی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای سالانی حەفتاکانی سەدەی بیستیش، وەرچەرخان و ئالوگۆڕییەکەی گەورەبوو لەمێژووی میللەتەکەماندا، بەتایبەت لەبواری ئەدەبدا،((ڕوانگە وەکو بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لە ئەنجامی کۆمەڵێک فاکتەری بابەتی، خۆیی و دەرەکی هاتەکایەوە، ڕاستە دوای شۆڕشی چواردەی تەمووز(١٤ / ٧ / ١٩٥٨) گوڕوتینێکی گەورە درا بە ڕۆشنبیری کوردی و چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و بڵاوکراوە دەرچوون، ئەمانیش لە ئەنجامی  ئەو بارودۆخە بوون کەڕوویەکی تری بە واقیعەکە دابوو، بەڵام لە شەستەکان بەدواوە سستییەک باڵی بەسەر هەموو بوارەکاندا کێشا، بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردیش دووجاری شکست و دووبەرەکی بۆوە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری خۆی هەبوو، ئەدەبی کوردیش لە جووڵە کەوتبوو، کۆن و تەقلیدە سواوەکان گەڕانەوەو پانتایی ئەدەبییان داگیرکردەوە کە ڕێیان لە تەقینەوەی بەهرە گرتبوو.))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٥٥)

لەدوای ئەو سستییەوە کە لەسەرەتای شەستەکانەوە تاکۆتایی  باڵی بەسەر ئەدەبی کوردیدا کێشابوو، قۆناغێکی نوێ هاتەپێشەوە، کە لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییشدا، گۆرانکاری گەورە ڕوویانداو ئەم گۆڕنکارییانەش هەموو بوارەکانی ژیان و ئەدەبیشی گرتەوە،(( ساڵی ١٩٧٠ وەرچەرخانێکی گەورە لە ئاست بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا ڕوویدا، ئەویش دەرچوونی بەیاننامەی یانزەی ئازاربوو، کە تێیدا داننرا بە مافە ڕەواکانی گەلی کورد داو هەوایەکی تازەی سیاسی باڵی کێشا بەسەر زۆربەی بوارەکانداو چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاو کراوەو نامیلکە بەزمانی کوردی چاپکراو بڵاوکرانەوە، چەند دامودەزگایەکی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کەوتنە کار، یەکێتی نووسەرانی کورد دامەزرا، چالاکی سیاسی و جەماوەری بەئاشکرا کاری خۆیان ڕایی دەکرد))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٥٥)

گرووپی ڕوانگەش، لەدایکبووی ئەو قۆناغەیە، ئەگەرچی لەو قۆناغەدا چەندین ڕەوت و ڕێبازی جیاجیا سەریان هەڵدا، بەڵام هەردوو ڕەوتی گرنگی (ڕوانگە و کفری) لەچاو ڕەوتەکانی تردا گەشەو پێشەکەوتنی زیاتریان بەخۆوە بینی، هەر ئەمەش وایکرد کە ببنە  دوو ڕەوتی سەرەکیی لەشیعری نوێی کوردیدا.

ڕووناکبیران و شاعیرانی سەر بە گرووپی ڕوانگە بریتیبوون لە ( جەلال میرزا کەریم، حسێن عارف، شیرکۆ بێکەس، کاکەمەم بۆتانی، کەمال ڕەئوف محمەد، جەمال شارباژێری)، لەم بارەیەوە (کاکەمەم بۆتانی) دەڵێت: ((بیرم لە ڕێکخراوێکی ڕوناکبیری کوردی دەکردەوە، هەمووومان بەخۆوە

بگرێ، لە ئەنجامدا سەری گرت، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٩ کۆبوونەوەی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی نووسەرانی کورد دەستی پێکرد... بۆئەوەی هەنگاوی سەرکەوتووانەی تر بنێین هەموو ڕووەکانی نوێگەری دەخرایە سەر خوانی گفتوگۆ، تا تێکرا گەیشتینە ئەوەی، کە وەختی کارکردن هاتووە، پێمان باشبوو، کە بانگەوازێ دەستپێبکەین و نوێخوازەکانی لە دەور کۆبکەینەوە، لە ناوەڕاستی وەرزی بەهاردا، یەکەم کۆبوونەوەمان لە بارەگای یەکێتی نووسەران لە بەغدا گرت و من و (حسێن عارف) و (شێرکۆ بێکەس) و( جەلال میرزا کەریم) ئامادەبووین، ( شێرکۆ نوێنەری جەمالیش بوو)، پاش چەند کۆبوونەوەیەکی درێژ، چەند خاڵێکمان دەستنیشانکرد، کە درایە (شێرکۆ) ئەویش بەشێوەیەکی ئەدەبی دایڕشت و لە دانیشتنێکی تردا خوێنرایەوە ئاڵوگۆڕی تێداکرا،هەرچوارمان و شیرکۆ لەجیاتی جەمال شارباژێڕیش ئیمزای کرد.))( بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٥٧)

دامەزرێنەرانی ئەم گرووپە، بەپێی تێگەیشتن و تێڕوانینی خۆیان بۆ ئەو گۆڕانکاری و واقیعە تازەیە هەوڵیانداوە تەعبیر لەو بارو دۆخەبکەن کە هاتۆتەپێش، مەبەستیان بووە کە ئەدەبەکەیان شانبەشانی ئەدەبیاتی نوێی جیهانی و ناوچەیی بەرەو نوێخوازی و تازەکردنەوەی زمانی شیعری و ئەدەبیات بەرن. لەم بارەیەوە شیرکۆ بێکەس دەڵێت: ((ئێمەش کۆمەڵێ شاعیرو نووسەری کوردی ئەو سەردەمەبووین کە سەرمان پڕ لە خەونی شۆڕشگێڕانەو دڵ و دەروونیشمان پڕ لە حەزو خۆشەویستیبوو، بۆ نوێخوازی و تازەکردنەوەی زمانی شیعرو ئەدەبیات. هەڵبەت ئێمە ئەوکات کەوتبووینە ژێر کاریگەری ئەو زریانی شۆڕش و گۆڕانکارییانەوە، لە هەمان کاتیشدا سەرسام بووین بەو زمانە تازانەی هاتبوونە نێو شیعر و چیرۆکی عەرەبییەوە و بەتایبەتی لە لوبنان میسر و هەروەها لە عیراقیشدا))(بێکەس، ٢٠١١، ٦)

لەجیهاندا بەگشتی و لەبواری ئەدەبیشدا بەتایبەتی، هەر گرووپ و بزووتنەوەیەک کە سەرهەڵدەدا پەیام و ئامانجێکی تایبەت بەخۆی هەیە، ڕوانگەییەکانیش وەک هەر بزووتنەوەیەکی تری ئەدەبی خاوەن پەیامی خۆیانبوون، ئەم پەیامەش: بریتیبوو لە بڵاوکردنەوەی بانگەوازی نوێخوازی و دەربڕینی ئەو هەستەی کە لە ناخیاندا پەنگیخواردبۆوە و لە دەروونیاندا قەتیس مابوو، ئەو نوێخوازییەش بەشێوەیەکی گشتی لە شیعر و چیرۆکدا ڕەنگی دایەوە. بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەش، گرووپەکە دوو بەیاننامەیان دەرکرد. بەیاننامەی یەکەمیان لە ٢٥ / ٤/ ١٩٧٠ دا بەناوی ( بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە)، لە ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا بڵاوکردەوە. هەروەها لە ٨ ئایاری(١٩٧١)داو لەژمارە (١٧)ی هەمان ڕۆژنامەدا، بەیاننامەی دووەمی خۆیان بەناوی( ئەی قەڵەمە نەترسەکان..یەکگرن ). بڵاوکردەوە.

ڕاستە ڕوانگە هەر لەسەرەتای دامەزراندییەوە توشی بەرهەڵستییەکی توندی کۆمەڵگا بووەو ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستە کرا، بەڵام لەدوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەوە ئاگری ئەم بەرهەڵستییە

زیاتر پەرەی سەند،بەتایبەت لە لایەن نووسەران و ڕەخنەگرانەوە، ئەوانەی کە دژی بوون، لەدوای بەیاننامەکەوە زیاتر کەوتنە بەرهەڵستی کردنیان و ڕەخنەی زۆر توندیان ئاراستە دەکردن.

لە بەشی دووەمدا، باسمان لەو فاکتەور هۆکارانە کرد کە زەمینەخۆشکەربوون بۆ سەرهەڵدانی گرووپی ( ڕوانگە )، هەروەها کاریگەری ئەو بەیاننامانەشمان خستەڕوو، کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەییان لەسەر ڕوانگە داناوە. ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە بیخەینەڕوو، ئەو کاریگەرییەیە کە بەیاننامەی (ڕوانگە)  کەم تا زۆر لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دایناوە، بۆ ئەم مەبەستەش بیروڕای جیاوازی هەندێک لەو ڕەخنەگرە دیارانە دەخەینەڕوو، کە لە ڕابردوو و لە ئیستاشدا لەسەر ڕوانگە نووسیویانەو دەنووسن.

یەکێک لە گرنگترین کار و بەرهەمی ڕوانگەییەکان ئەوەبوو، کە دەرگای دانووستان و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بۆ نووسەر و ڕەخنەگران کردەوە؛ چونکە زۆربوون ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانە لەدوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکەوە بیروبۆچونی خۆیان لەبارەوە خستەڕوو. ئەمەش کاریگەرییەکی باشی کردە سەر بواری ڕەخنەیی لە ئەدەبی کوردیدا. لەم بارەیەوە؛ حسێن عارف ،کە بە داینەمۆی گرووپی ڕوانگە دادەنرێت لەبارەی کاریگەری بەیاننامەکەوە دەڵی:(( لە ڕووی رەخنە و لێکۆڵینەوەوە، شەپۆلێکی بەرفراوانی نووسین، بە هەردوو باری دژو لایەنگریدا لێکەوتەوە، کە دەکرێ وەک لاپەرەیەکی گەلێ گەش لە مێژووی رەخنەو لێکۆڵینەوە لەمێژووی ئەدەبەکەماندا لەقەڵم بدرێ))(میسری، ٢٠٢١، ١٥)

بەشێوەیەکی گشتی ئەو نووسەرانەی لەم قۆناغەدا، لەسەر  ڕوانگەو بەیاننامەکەیان دەنووسی ببوون بەسێ بەرەوە، چونکە هەموو تازەگەرییەک  لە هەر بوارێکدا کە دێتە ئاراوە، ناتوانێت سەدلەسەد جێی قبوڵی هەمووان بێت، ئەمە بۆ ئەدەبیش هەروایە، بۆ ڕوانگەش هەر وابوو.

**بەرەی یەکەم** : ئەوانەبوون کە  پشتگیرییان لە ڕوانگەو بەیاننامەکەیان دەکرد. ئەوانیش: نووسەرانی سەر بەگرووپەکە خۆیان بوون، کە بەرگرییەکی سەرسەختانەیان لە بانگەوازەکەیان دەکرد، (شێرکۆ بێکەس)  یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی سەر بەم گرووپە، لەبارەی ئەم کاریگەرییەوە دەڵی:(( ئەمە خۆی لەخۆیدا جۆرێک جووڵانەوەی درووست کرد نووسینی ئەو وتارو ڕەخنانە بە هەردوو بارەکەدا بۆ یەکەم جار پرسیاری رەخنەیی هێنایە کایەوە بە پۆزەتیڤ بێت ین نێگەتیڤ))(حەسەن، ٢٠٠١، ٨٥، ٨٦)

لەدەرەوەی گرووپەکەش کۆمەڵی نووسەری دیاری تر هەبوون کە پشتگیرییان لێ دەکردن، ئەوانیش(  عبدوڵلا پەشێو و عەبدولسەلام محەمەد و محمەد حەمە باقی و عەبدوڵڵا عەباس و...هتد) بوون. بۆنموونە (عەبدوڵڵا عەباس) لەبارەی ئەم گرووپەوە دەڵێ: ((لێرەوە، وە بەپێی پێویستییەکانی ئەم ڕۆژگارە کە نەتەوەی کوردیش " وەک هەموو گەلان و نەتەوەیەکیتر " نابێت دووربێت لە تێکۆشانی گۆڕان بەرەو باشتر و بەرزتر، ئەبێت ڕۆشنبیر و نووسەرەکانی کورد دەستەیەکیان تیا هەڵکەوێ شکاندنی ڕێچکەی ئەو ڕێگایە بگرێتە ئەستۆی، لەبەر ئەوە ئەڵێم " بڵاوکردنەوەی بانگەوازی

ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نویٚ " سەرەتای شۆڕشیکی بەجەرگ و چاونەترسانەیە بۆ هێنانەدی ئەو مەبەستە.))( عارف، ٢٠٠٥، ٩٤)

یەکێکیتر لەشاعیرە نوێخواز و دیارەکانی دەرەوەی گرووپەکە (عەبدوڵڵا پەشێو)ە، کە لەوەڵامی پرسیارێکی ڕۆژنامەی ( هاوکاری)دا، کاتێک لێی دەپرسن : چۆن لە ڕوانگە دەگەیت؟ لەوەڵامدا دەڵێ: ((– ئەگەر (ڕوانگە) درووستکردن و داهێنان بێ.. ئەگەر سوتاندنی پەرە زەردو ئێسکگرانەکان بێ.. ئەگەر توڕدانی ئەو بنێشتە هەڵبزڕکاوە تفتە بێ کە ساڵەهای ساڵە ئەیجوینەوە. ئەڵێم ئەگەر ( ڕوانگە) ئەمانەبێ ئەوا هەرکەسێ باوەڕی پێێ نەبێ بە مەیمونێکی ئەزانم کە بە ئەقڵییەتی دارستان نانی ئادەمیزادی ئەم چەرخە ئەخوات.

– ئەی ئەگەر وانەبێ ؟

– ئەمەیان نەختێ سڵەمینەوەی ئەوێت، ئەگەر وەک تەنیا بانگەوازێک بێت بەس.. چونکە ئەبێ تازە خوازەکان هەندێ نموونەی ئەو ئەدەبە تازەیە بدەن بەرلەوەی بانگەوازەکە دەرکەن بۆ ئەوەی بانگەوازەکە ببوایە بە حوکم و هەڵێنجان ئیستنتاج نەک کۆمەڵە قاعیدەیەک، هەرچۆنێک بیت بەکورتی و تەعبیریکی (کاکە مەم)انە ڕوانگە–بوومەلەرزەیەکبوو لەگۆمێکی مەنددا.))(عارف، ٢٠٠٥، ٧٢، ٧٣)

**بەرەی دووەم** : ئەوانەبوون کە دژی ڕوانگە بوون و بەتووندی دژی دەوەستانەوە، ئەوانیش بریتیبوون لە:( فوئاد قەرەداغی ، فازیل مەلا مەحمود، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، فوئاد مەجید میسری، محەمەدی مەلا کەریم).

ئەو نووسەرو ڕەخنەگرانەی سەر بەم بەرەیە بوون، بنچینەی ڕەخنەکانیان زیاتر بە پێودانگی سیاسی و ئایدۆلۆژی داڕشتبوو، بە لای ئەوانەوە ناوەرۆکی بەیاننامەکەی روانگە جگە لە بۆچوونێکی سیاسی هیچی تر نییە. بۆیە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکاتەدا، بەتایبەت ڕۆژنامەی ( هاوکاری) ڕەخنەی زۆر توونديان سەبارەت بە بەیاننامەکەی روانگە بڵاو دەکردەوە.

بۆ نموونە( فوئاد مەجید میسری) یش، کە یەکێکە لە ڕەخنەگرە دیارەکانی ئەوکاتەو ئێستای ئەدەبی کوردی، بەم شێوەیە لەبارەی ڕوانگەوە دەدوێت و دەڵێ: (( لای خۆمەوە، ئەوساو ئێستاشی لەگەڵدابێ ڕام وابووە کە(ڕوانگە) لە هەلومەرجی دوای دەرچوونی بەیاننامەی ئازاردا، ئامانجێکی سیاسی لە پشتەوەبوو، بەڵام لە فۆڕمێکی تەوژمێکی ئەدەبیدا خۆی نمایش ئەکرد. ئەوەتا کەسێکی وەک (کاکە مەم) لەدوای چل و دووساڵ، ئەم نهێنییە ئاشکرا ئەکاو ئەنووسێ: ( هەرپێنجمان گومانمان لە ڕێرەو و چالاکی سیاسی حزبەکانمان هەبوو. مەبەستمان بوو سەرکردایەتی ڕامیاری بزووتنەوەی کوردایەتی بەخۆیاندا بچنەوە و کەموکوڕییەکانیان چارەسەر بکەن، چونکە لەناو خودی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی باشووری کوردستاندا کەرتبوون و بەیەکداچوون ڕوویدابوو تا گەیشتبووە یەکتر

کوشتن). ئەمە خۆی  بۆ خۆی بەڵگەی ئەوەیە، کە بانگەوازی ڕوانگە، لە جەوهەردا بۆ مەبەستێکی سیاسی بووە.))( میسری، ٢٠٢١، ١٢)

هەروەها (فوئاد قەرەداغی)، کە یەکێکیترە لەڕەخنەگرانی سەر بە بەرەی دووەم، ڕای وایە کەدەبێ ئەدەب و هونەر لە خزمەتی گەلی ڕەنجدەر و بەشخوراو دابێت، ڕەنگدانەوەی ژیانی گەل بێت. بەڵام ئەمە لەئەدەبی روانگەییەکاندا بەدی ناکرێت. چونکە ئەوان نەیانتوانیوە ئەدەب و هونەر لەسیاسەت جیابکەنەوە. بۆیە دەڵێ: (( مەسەلەی بنچینەیی لەئەدەب و هونەردا هەمیشە ئەوەیە کە ئەم ئەدەب و هونەرە خزمەتی کێ ئەکاو چۆن ئەتوانرێت ئەو خزمەتە بکرێت. لە وەڵامدانەوەی ئەو دوو مەسەلە بنچینەییەدا، شوێنی ڕاوەستانی چینایەتی ئەو کەسە ئەتوانرێت دیاری بکرێت کە وەڵامی ئەداتەوە، ئەم وەڵامدانەوەیەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو کەسە خۆی چۆن تەماشای ئەدەب ئەکات... ئەدەب بەچی ئەزانێ لەکۆمەڵدا. ئەو کەسانەی کە ئەدەب و هونەر لە سایاسەت و بیرباوەڕ جیابکەنەوە وە یا دایبنێن بە بەشێک لە سەرخانی کۆمەڵ، هەڵبەتە هەڵوێستیان لەوەی ئەدەب و هونەر ئەبێت خزمەتی کێبکات و چۆن ئەم خزمەتە ئەکەن جیاوازی ئەبێت لەگەڵ ئەوانەدا کە ئەدەب و هونەر لە سیاسەت و بیروباوەر جیاناکەنەوەو بە بەشێکی سەرخانی کۆمەڵی دائەنێن.))( عارف، ٢٠٠٥، ١٢٥)

بەیاننامەکەی ڕوانگە لەدوای بڵاوکردنەوەی ، مشتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە نووسەرانی ئەوکات، بە چاک و خراپ لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەدا. لەسەر ڕوانگەو بەیاننامەکەیان دەنووسی، نووسەرانی سەر بە گرووپەکەش وەڵامی ئەو نووسینانەیان دەدایەوە،کە دژیان دەنووسرا. لەبارەی ئەو وتار و نووسینە ڕەخنەییانەوە کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکاتدا بڵاو دەکرانەوە، پەرێز سابیر دەڵێ:(( سەرنجدانێکی ورد لەو وتار و نووسینانەی لەسەر لاپەرەکانی ڕۆژنامەی ( هاوکاری)دا بلاو دەکرایەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات  کە ئەوانەی لەسەر ڕوانگەیان دەنووسی دوو بەرەی جیاوازییان پێکدەهێنا: بەرەیەکیان پشتگیری لە روانگە دەکردو بەریەکیان دژی بوون. لەو ماوەیەدا لەنێوان روانگەییەکان و ئەوانەی دژی ڕوانگەیان دەنووسی ،ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هۆی سەرەکیی کێشەکە لەوەدابوو، کە ئەو پێودانگەی کردبوویانە بناغەی بنیادنانی ڕەخنەکانیان لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراوەوە درووست ببوو، کە ئەویش بنجی لەسەر بیروراکانی مارکس و لینین و ماوتسی تۆنگ داکوتابوو، بەپیوانەی سیاسییان ناودەبرد.))(سابیر، ٢٠٠٦، ٩٥)

بۆنموونە( فوئاد قەرەداغی)، لە دەستنیشانکرنی چەند بنچینەیەکی زانستیدا بۆ  لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی دەڵێ: (( بە ڕای من لێکۆڵینەوە لە هەر ڕێبازێکی ئەدەبی و هەڵوێست وەرگرتن لێی  پێویستە لەبەر تیشکی سەرەتاکانی تیۆری مارکسی–لینینی بێت))( عارف، ٢٠٠٥، ٣٨٣)

بە گشتی بیروڕای نووسەرانی دژ بەڕوانگە وابوو، کە ڕوانگەییەکان لە سەرجەم بەرهەمەکانیاندا تەنها بایەخ بەیەک لایەن دراوە، ئەویش گرنگیدانە بە ناوەرۆکی بابەتەکان، کە ناوەڕۆکیکی سیاسی

هەیە، بۆیە زۆر بەتوندی پێیان لەسەر پێوڤانگە سیاسییەکە دادەگرت و دەیانکردە سەنگی مەحەک لەهەلسەنگانی دەقەکانی گرووپی روانگەدا، هەروەک (فازیل مەلا مەحمود)، کە لەوتارێکیدا بەناونیشانی (ڕوانگە یا ئەدەبی ڕیالیزمی شۆسیالیستی)بەو پێوانە سیاسییەوە دەیڕوانییە هەموو بەرهەمە ئەدەبییەکانی ڕوانگە، بەتایبەت لەم بەشەی بەیاننامەکەیاندا، کە دەڵێن:(( نووسەرو شاعیری ئەمڕۆمان، پێویستە ئەو قاوغی ویقار و فیزو لەخۆباییبوونە بشکێنێ کە دووره پەرێزو لە سوچیکەوە دابنیشیت، وە تەنها بۆ حەزو ئارەزووی خۆی بهۆنێتەوەو بنووسێت! نووسەرو شاعیری ئەمڕۆ، شانبەشانی پیشەی نووسین و شیعر وتنی کارگێڕیشە... شۆڕشگێڕیشە.. جەنگاوەریشە. ئەو تاقیکردنەوانەی لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەدیبی تیا ئەژی و لە کوورەی بەسەرهات و کارەساتەکانیدا جۆش ئەخوات. هەر تەنیا ئەو تاقیکردنەوانەن ڕێگەی پوختەترین و باڵاترین بەرهەمی داهاتووی بۆ خۆش ئەکەن، دواجار بانگەوازی ئێمە کە لە گەرووی بیری نوێی شۆڕشگێڕییەوە سەرهەڵئەدات و بە کەژاوەی ڕازاوە و نەخشینی تازەکردنەوەی ڕێگای سەرفرازی و پێشکەوتن ئەگرێتە بەر...))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١١، ١٩).

بۆیە زۆربەی ئەو ڕەخنانەی ئاڕاستەی ڕوانگەییەکان دەکران، لەوەوە سەرچاوەیان دەگرت، کە بە لای ئەوانەوە بانگەوازەکەی ڕوانگە، بانگەوازێکبوو بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەیەکی سیاسی، تا بیکەنە وەسیلەیەک بۆ گەیاندنی بیروڕاکانیان، جگە لەمە هیچ بنەماو تازەگەرییەکییان تیادا نەدەبینی، چونکە ((.. وایاندەزانی ڕوانگە بانگەوازی بزووتنەوەیەکی سیاسی دەکات و دەبێت بە ئەڵتەرناتیڤێکی بیروباوەڕەکانی ئەوان و هیچی تر، ئەگینا زۆربەی نووسینەکانیان دووربوون لە هەڵسەنگاندی ئەدەبی، یان هەندێک نووسینی توندڕەوەکانیان لە دەقە تیۆرییەکانی مارکسیزمەوە سەرچاوەی دەگرت، کە وایان راڤە دەکرد هەر بزووتنەوەیەکی مارکسیزم باس لە کێشە نەتەوەییەکان بکات، ئەوە دوورکەوتنەوەیە لە مارکسیزم، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بە ئاین بوونی مارکسیزم بوو، لە هەمان کاتیشدا دوورکەوتنەوەبوو لە دیالێکت و ڕۆژگار و سەردەمیش ئەم ڕاستییەی سەلماند.))( بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٩٨)

لە وەڵامی ئەو کەسانەدا، کە تەنها بەچاوی سیاسەتەوە لە بانگەوازەکەی (ڕوانگە)یان دەڕوانی و بەو پێوانەیە هەڵسەنگاندنیان بۆ بانگەوازەکە دەکرد شێرکۆ بێکەس دەڵێ: (( تەنها ئاوردانەوەیەک ، لە ئایدۆلۆژییەت و جۆری فەلسەفەی تایبەتی هەریەکێک لەو برادەرانەی بانگەوازەکەیان بڵاوکردەوەو هەریەکێکیتریش لەو برادەرانەی بیرو باوەڕی ئەدەبیی بانگەوازەکەیان پەسەندکردو پاڵیاندایە پاڵی بە ئاسانی بە هەموو لایەکی ئەسەلمێنێ، کە ڕێکەوتنیان لەسەر پێکهێنانی (دیوێکی سیاسی شاراوە!)یا ئاشکرا، لە توانادا نییەوە گەلێک دوورە لە بەدیهێنانەوە.. لەبەر هۆیەکی زۆر ساکار.. کە ئەویش نەبوونی یەکێتییە لە ئایدۆلۆژییەت و جۆری بیرکردنەوەی فەلسەفییاندا. ڕابوردووی هەر یەکێکیشیان لەم ڕووەوە نهێنی و شاراوە نییە.))( عارف، ٢٠٠٥، ١٦)

یەکێکیتر لەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕوویان دەکرایەوە ئەوەبوو، کە ڕوانگەییەکان دژی کەلپوورن و هەموو کۆن دەخەنە بن پێوە. بەڵام ڕوانگەییەکان  لەدەقی بەیاننامەکەیاندا، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەوەی لەپێش خۆیاندا کراوە بەتەواوی ڕەتی ناکەنەوە و تەنها خۆیان بەپێشەنگی تازەگەری نازانن لە ئەدەبی کوردیدا. ئەوەتا لەم بەشەی بەیاننامەکدا ئاماژەی بۆ دەکەن و دەڵێن : (( کاروان لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ لە ڕۆیشتنیایەو هەر پلەیەکی سەرکەوتنیشی، سیمایەکی تازەتری تایبەتیی بۆخۆی دەستنیشان کردوە پێشکەوتنێکی نوێتری هێناوەتە کایەوە... تا گەیشتۆتە سەر نەوەی ئێمەو پلەی پێشکەوتنی ڕۆژانی ئێستای ئێمە. خۆ بەدرێژایی گشت ئەو قۆناغانەی ڕابردووش، مەشخەڵی ئەدەبمان هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نەکوژاوەوتەوەو ئەم دەستاودەستکردنە نەیفەوتاندووە..))( نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١١، ١٦)

کەواتە ڕوانگەییەکان، ئەو تازەگەرییانەی لە قۆناغەکانی پێش ئەوان لەئەدەبییاتی کوردیدا کراوە، سەرلەبەری ڕەت ناکەنەوە، بەڵکو بەسیمایەکی تایبەتی ئەو قۆناغەی دادەنێن،هەروەک لەم بەشەی تری بەیاننامەکەدا ئاماژەیان پێداوە و دەڵین:((بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبیمانەوە درابێت بەگوێی کوڕ و ڕۆڵەکانی نەتەوەکەماندا، تاقیکردنەوەیەک نییە کە دەستپێشکەری تیایا بۆ نەوەی ئێمە بگەڕێتەوە هەروەکو ڕێگاکانیش نییە هەر بەتەنها ئێمە پیایا ڕۆیشتبین بەڵکو ئەم دەنگ و خواست و مەبەستانە، کەم و زۆر هەر هەبوون، ئەگەر چی بانگەوازێک لە سەردەمی زانیاری ئەمڕۆ هەڵبدرێت دیارە ئەبێت جیاوازیی لەگەڵ نەوەکانی ڕابردوودا بە ئاشکرا دیاربن.))( نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١١، ١٦)

ڕوانگەییەکان وەک خۆیان دەڵێن، ئێمە نەهاتووین سنورێکی قەبە لەنێوان ئەدەبی کۆن و نوێدا دابنێین، لەهەمان کاتیشدا خۆمان لەو چوارچێوە تەنگەبەرەدا گیرنەداوە، لێرەدا (شیرکۆ بیکەس) لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەدا دەڵێ: ((سامانی ئەدەبیی کۆن،  بەلای ئێمەوە چەند تاقیکرنەوەیەکی پێکەوەبەستراوە بە مێژووی نەتەوەوەو، هەر تاقیکردنەوەیەکیش لەوانە ڕووخسارو سیمای قۆناغێکی تایبەتی ئەو کۆمەڵەی وەرگرتووە و لە بنەڕەتا بۆتە کۆڵەکەیەک لەوکۆڵەکانەی مێژووی ئەو نەتەوەیەی لەسەر بنیاتنراوە. هەندێک بەلایانەوە وایە ئەو نوێخوازییەی ئێمە بۆی چوین و داوای ئەکەین بچەسپێ، مانای دانانی سنوورێکی ئەستوورو لەنێوانی کۆن و نوێدا.. بەڵام ئەوەی ئێمەی نەوەی نوێ تێی ئەگەین و کاریشی بۆ ئەکەین. نە دانانی ئەو سنوورە ئەستوورو قەبەیەیە، نە خۆ گیردانیشە لە چوارچێوەی تەنگەبەری بەسەرچووی ئەو سامانە کۆنانەدا.))( عارف، ٢٠٠٥، ١٨، ١٩)

بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەم بەیاننامەیەی ڕوانگە، یەکەم بەیاننامەی نوێخوازی ئەدەبی کوردی بوو، بانگەوازی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێری و یاخی بوو، بانگەوازێک بوو بۆ یاخی بوون لە گشت بوارە جیاوازەکانی ژیان، هەروەها ئامانجیانبوو کە بەرهەمی ئەدەبیان  تازەگەری و ستاتیکایەکی هونەری لەخۆبگرێت. لە هەمانکاتدا بانگهێشتی هەموو ئەوشاعیرو نووسەرانەش دەکەن ،کە هاوبیرو

هاودیدی ئەوانن، وەک خۆیان دەڵێن: (( ئەگر بمانەوێت پوختەی بانگەوازەکەمان لەچەند وتەیەکی ورشەدا کۆبکەینەوە، ئەڵێین:

ئێمە نووسینمان قاڵبووی ئازارە.. بۆیە دژی ئازار ئەجەنگێت.

جوانیی پەرستە... بۆیە ناشرینی ناگرێتەخۆی.

نوێخوازە.... بۆیە لەکۆن یاخی ئەبێت.

سەربەست و ئازادە... بۆیە گشت کۆت و زنجیرێک ئەپچڕێنێت.

شۆڕشگێڕە... بۆیە لە ئاستی هیچ کۆسپ و مەترسییەکدا سڵ ناکاتەوە.

مرۆڤی کورد ئەینووسێت... بۆیە بۆنەتەوەی کورد ئەبێتە مەشخەڵ.

جا گشت ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لەناخدا وەک ئێمە هەستئەکەن... وەک ئێمە بیر ئەکەنەوە... وەک ئێمە کردار ئەکەن... باخۆیان بە خاوەنی ئەم بانگەوازە بزانن.))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١١، ٢٠، ٢١)

**بەرەی سێیەم** : لەپاڵ ئەم دوو بەرەیەشدا بەرەیەکی تر هەبوو، کە بێلایەنانەو بەشێوەکی ئەکادیمیانە بەرهەمەکانی روانگەیان هەلدەسەنگاند و بۆچوونی خۆیان لەبارەیەوە دەخستە ڕوو ئەوانیش (عەزیز گەردی ، دیلان، محەرەم محمەد ئەمین، عزەدین مستەفا ڕەسوڵ ..)

عەزیز گەردی، کە یەکێکە لەو نووسەرە دیارانەی سەردەمی ڕوانگە و بەبۆچوونێکی ئەکادیمیانەو بابەتییانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بەیاننامەو بەرهەمەکانی ڕوانگە بەگشتی کردووە، لەوەڵامی پرسیارێکدا، کە لەلایەن دەستەی نووسەرانی گۆڤاری ڕوانگەوە ئاراستەی کرابوو، سەبارەت بە بۆچوونی خۆی لەسەر (ڕوانگە) دەڵێ: (... هەرچۆن بێت، ڕوانگە دەنگێکی دایەوەو بزووتنەوەو جوڵەیەکی گەرمی خستە ناو کۆڕی ئەدەبیی نوێمانەوە.. بەڵام ئەگەر ڕوانگە بیەوەێ زیاتر پێ بچەسپێنێ و مێخی دابکوتێ، بەلای منەوە پێویستە: کردەوەی قسەبکات، نەک لە قسەکانەوە چاوەنۆڕی کردەوەبین. واتە ڕاستگۆبێت لە نووسینا، نووسینەکانیان پارچەیەکبێت لە ژیانی ئەم سەردەمەمان و خۆیان نەدەن بەدەست کارتێکردنەوە، تا ڕادەیەک کە ببێ بە لاسایی کردنەوە..

یاخیبوونەکەی، داوای ئەکات دیارو ئاشکرابێت. سنووری ئەو یاخیبوون و بەگژداچوونە، زیاتر دیاری بکات. نەک شەلم کوێرم بیداتەبەر... بەکورتی، نابێ یاخیبوون بۆ یاخیبوون بێت.

))(گەردی،٢٠١١ ، ٢٠٢، ٢٠٣)

یەکێکیتر لەو نووسەرانەی کە سەر بە بەرەی سێیەم بوون، پرۆفیسۆر( عزەدین مستەفا ڕەسوڵ)ە، بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر ڕوانگە دەدوێت و بۆچوونی خۆی لە بارەیانەوە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو : (( دیارترین ڕووداوی ڕووناکبیری ئەم سەدەیە، سەبارەت بە کوردستانی باشوور ( ڕوانگە) یە من ئیمزام نەکرد.. من لەگەڵیان نەبووم، ئەگینا ڕایەکم دەبوو.. لە ژمارەی (٨)ی ( بەیان)یشدا لەو بارەیەوە شتێکم نووسی، بە رای من زۆر هەبوون لەناو روانگەدا هەڵپەی یەکەمییان

هەبوو، لە ڕاستیدا من  هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا دژی سەرکوت کردنم.. تەنانەت لای پارێزگاریش وام وت ۰ (نووسەر لەگەڵ ئازادیدایە هەر لە زەمانی ئەفلاتوون و ئەرستۆوە) من لە لایەک لەگەڵ ئەو سەرکوتکردنەی ئەوان نەبووم، بەڵام لەلایەکی ترەوە زۆر شتی ئەوانم قبووڵ بوو، تا ڕۆژێک یەکێک هاتەلام و وتی: " باوەڕم نەدەکرد تۆ ( حول الصحافة الكردية) بنوسی و کەچی لە هەمان کاتدا ستایشی ئەو تاقمە بکەی"، مەبەستی ڕوانگەییەکان بوو، دیارە ستایشکردنی من بۆ ئەوان لەگەڵ هەر تێبینییەکی کە هەمە لەسەریان و هەم بووە، ئەوەیە کە هەموو ڕەوتێکی نوێ وردە وردە تەتەڵە ئەبێت، خەوش و خاوەکەی لێ دەتەکێ و ئەوەی دەمێنێتەوە شتە چاکەکەیە.))(بەرزنجی، ۲۰۰۸، ۱۰٤، ۱۰۵)

بەیاننامەکەی ڕوانگە، لە کات و سەردەمی خۆیدا کاریگەرییەکی باشی کردە سەر بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، لە مەیدانی ڕەخنەیدا دەرگای بۆ هەموو ئەو نووسەر و ڕەخنەگرانە خستە سەرپشت، کە بە چاک و خراپ لەسەر بەیاننامەکەیان دەنووسی، یاخود جۆرێک لەجۆرەکان نێوەند گیرییان دەکرد، ڕۆژنامەی (هاوکاری)یش ڕۆڵیکی بەرچاوی هەبوو، ببووە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە گەیاندنی ئەو بۆچوونە ڕەخنەییانەی دەربارەی گرووپی ڕوانگەو بەیاننامەکەیان دەنووسران. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە تەوژمێکی نوێی بەرەوپێشچوون لە ئەدەبی کوردیدا بێتە کایەوەو گوڕوتینێکی باش  لەبواری ڕەخنەییدا،بە ڕەخنەگران ببەخشێت. بێگومان ئەم کاریگەرییەش تەنها پەیوەست نەبوو بە سەردەمەوە کە گرووپی (ڕوانگە) تیایدا چالاک بوو و بەیاننامەی بڵاو دەکردەوە، بەڵکو لە دوای لاوازبوون و نەمانی ، ئێستاشی لەگەڵدابێت، (ڕوانگە) کاریگەری بەرچاوی بەسەر ئەدەب بەگشتی و بواری ڕەخنەییەوە هەر ماوە. ئێستاش نووسەران و ڕەخنەگرانی لە سێ بەرەی ( یار و نەیار و نێوەندگیر)دا هێشتوتەوەو راوبۆچوونی جیاواز لەبارەیەوە دەخرێتەڕوو.

بۆ نموونە هەر لەبارەی کاریگەری بەیاننامەکەی (ڕوانگەوە)، دڵشاد عەبدوڵڵا  دەڵێ: (( لە سەرەتای حەفتاوە کۆمەڵێک بەنیازی نوێ کردنەوەی ئەدەبی کوردی( حوسێن عارف، جەلال میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، کاکە مەم بۆتانی،، جەمال شارباژێڕی) بانگەوای ڕوانگەییەکان یان ئیمزاکرد. ئەو بانگەوازە بۆ نوێخوازی، هەوڵدانبوو بۆ دەرچوون لە چوارچێوە تەقلیدییەکانی زمان و دەربڕین. ئەو بانگەوازە نێوەندی ئەدەبی ڕووناکبیری کوردی بەجیاوازی بیرو بۆچوونەوە ورووژاند و دیالۆگێکی ئەدەبی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا هێنایە کایەوە. گرنگی (ڕوانگە) لە گرنگی مێژوویی خۆیدایەتی، لە درککردندا بەوەی کە گوڕو تینێکی تازە بکرێ بە بەر جەستەی شیعرو ئەدەبی کوردیدا یا شڵەقاندنی گۆمێک لەو قۆناغەدا))(حوسێن، ۲۰۲۰، ۸۰)

هەروەها(ئازاد عەبدولواحید کەریم )یش، لەبارەی ڕوانگەوە بۆچوونی وایە،کە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کێ ڕابەری گرووپەکەیەو کێ بوون ئەوانەی دژی وەستانەوە کێش بوون ئەوانەی لەگەڵیدابوون، ئەوەی گرنگە ئەوەیە ، کە ڕوانگە توانی لە ماوەیەکی کورتدا، بە مێژوویەکی نوێ و

ناوەرۆکێکی تۆکمەوە بێتە ناو ئەو ڕەوشەوە کە ڕەخسابوو بۆ نوێکردنەوەو بەرەوپێشبردنی ئەدەبی کورد، بۆیە دەڵێ :(( بە بۆچوونی ئێمە ڕوانگە ئەو بارودۆخە سیاسییە، کە پاش ڕێکەوتننامەکەی ئادار بۆی ڕەخسا.. تاکە هەنگاوی پراکتیکیی نوێکارییە، دەنگێکی نوێیە، بێ گوێدانە هەرکەسێک.. کە ئایا کێ دەسپێشخەرەو کێ ڕابەرە و کێ لەگەڵ ئەم بزاڤە دابووەو بەردەوام بووە. بێگومان ڕەخساندنی ئەو بارە لەو ماوە کورتەدا هەتا نسکۆی شۆڕشی کوردو پەرتەوازەبوونی ئەدیبانی کورد. ڕوانگە بەمێژوویەکی نوێ و ناوەڕۆکی تۆکمەو نوێوە خۆی ئاخنییە نێو ڕەوشی هەوڵەکانی نوێکردنەوەوە. بە هەرحاڵ ڕوانگە وەرچەرخانێکی مێژووییە لە ئەدەببی کوردیداو خاوەنی پەیامێکە.))( کەریم، ٢٠١١، ٦).

هەروەها سەبارەت بە بیرو بۆچوونەکانی (ڕوانگە)، کە ئایا تاچەند توانیویەتی خزمەتێک بە ئەدەب و کۆمەڵگای کوردی بکات ( شادمان قادر حەسەن) لەکتێبی ( بزووتنەوەی ڕوانگەو شیعری نوێی کوردی)دا، بە شێوەیەکی نیوەند گیرانە ڕای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ: ((ئەگەر بە چاوێکی ویژدانەوە بڕوانینە ئەم بیرو بۆچوونەیان ئەوا هەرگیز ناتوانین بڵێین ئەم بیرو بۆ چوونانە بیروبۆچوونێکی ناپەسندەو لە خزمەتی کۆمەڵ و ئەدەب دا نییە، بەڵام مایەی نیگەرانییە کە نەیانتوانی ئەم بیرو بۆچوونەیان بخەنە ناو چوار چێوەیەکی پراکتیکییەوەو نەیانتوانی هەموو خواست و مەرامەکانیان بە تەواوی بە ئەنجام بگەیەنن.. لە بەرئەوەی هەر لەسەرەتای بڵاو بوونەوی بانگەوازی ڕوانگەوە. توشی بەرپەرچدانەوەیەکی هێجگار توندو تیژ بوون لە لایەن کۆمەڵ و ئەدەب دۆستانەوە کە ئەمەش بووە هۆی سست بونی ڕوانگە و نەک برەوپێدانی چوونکە هەموویان بیروڕای ڕوانگەیی یەکان بون و ئەو کەسانەی لایەنگریان دەکردن لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد ..))(حەسەن، ٢٠٠١، ٣٨، ٣٩)

هەر لە درێژەی ئەم بابەتدا، سەبارەت بەوەی کە بزووتنەوەی ڕوانگە بزووتنەوەیەکی سیاسی بووە یان نا، دەڵێ: (( لە کرۆکی ئەو چوار نامەیەدا– کە لەم دواییەدا لەگۆڤاری ئایندەدا بڵاو کرایەوە بەبۆنەی (٣٠) ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی بەیاننامەی ڕوانگە–بە تەواوی ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە و دەردەکەوێت کە ڕوانگە نە ڕێکخراوێکی سیاسی بووە نە بۆ بەرژەوەندی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیش کاری کردووە، بەڵکو ئەمانە کۆمەڵی ئەدیبی لاوو بوون کە خاوەن یەک ئایدۆلۆژیا نەبوون تەنها خولیای نوێخوازی و خەمە گشتییەکان یەکیخستبوون و بەرهەمەکانیشیان ڕەنگدانەوەی سەردەمەکەی خۆیان بووە.))(حەسەن، ٢٠٠١ ، ٣٩، ٤٠)

یەکێکیتر لەو نووسەرانە کە نێوەندگیری دەکات و تەڕو وشکی ڕوانگە بەیەکەوە ناسوتێنێ ( حەمە سەعید حەسەن)ە، هەرچەند لەم دواییانەدا و لە بابەتێکدا، کە لەبەشی دووەمدا ئاماژەمان بۆ کردووە، کە گرووپی ڕوانگە بە لاساییکەرەوەی (شیعر٦٩)ی عیراقی دەزانێت، بەڵام لێرەدا، بەشێوەیەکی جیاوازتر تێڕوانینی خۆی بەرامبەر بە ئیمزاکەرانی بەیاننامەکەی (ڕوانگە) دەخاتەڕوو و دەڵێ: (( واژۆکەرانی بەیاننامەی ڕوانگە،( ئەپریلی ١٩٧٠) بریتیبوون لە: شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف،

جەلالی میرزا کەریم،( ١٩٣٥–١٩٩٣)، کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی. لەو پێنج ئەدیبە، یەکەم و دووەمیان گەڵێک داهێنایان تۆمارکرد، یەکەمیان هێندەی نەبرد لەسەر عەرشی شیعری کوردی ڕۆنیشت و هەنووکەش هەر خۆی دیکتاتۆری هۆنراوەی کوردییە، دووەمیشیان وەک چۆن پێش سەرهەڵدانی ڕوانگە پاشای چیرۆکی کوردی بوو، هەر بەپاشایی مایەوەو جوانترین ڕۆمانیشی بەکتێبخانەی کوردی بەخشی، وەلێ ئەوانی دیکە، هەریەکی بە دەردێکەوە گیرۆدەبوون.))(حەسەن، ٢٠٠٨، ١٠٨)

هەروەها سەبارەت بە نووسەرانی تری سەر بە گرووپی ڕوانگە دەڵێ: (( نەخۆشی جەلالی میرزا کەریمی نەکوشت، سیاسەت کوشتی، جەمال شارباژێڕی لە بەرهەمی سەرەتای حەفتاکانی خۆی تێنەپەراند و( کاکەمەم بۆتانی)یش هیچی گرنگی تازەی پێنەبەخشین، بۆ ئەوەی لە کاروانی داهێنان دوانەکەوین، دەبیت ئاگاداری ئەدەبی گەلانی دنیا بین، ئاخر ئەو سەردەمە بەسەرچوو کە بۆ نووسین تەنیا پشت بە بەهرە ببەستین و نزیکەی وەک مەحاڵیش وایە، تەنیا زمانی کوردی بزانین و بتوانین داهێنان لە ئەدەبی کوردیدا بکەین. جەلالی میرزا کەریم، کاکە مەم بۆتانی و جەمال شارباژێڕی بێجگە لە کوردی زمانی دیکەشیان دەزانی ،وەلێ هیچ پێناچێت، وەختی خۆیان بۆ خوێندەوە تەرخان کردبێت، ئاخر گەر وایان کردبا، لە بەرهەمیاندا ڕەنگی دەدایەوە.))(حەسەن، ٢٠٠٨، ١٠٨)

بەڵام بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەی (حەمە سەعید حەسەن)ەوە، دەربارەی (جەلالی میرزاکەریم)، لەبابەتێکدا بەناونیشانی ( ئەو مەشخەلە وشەیەی گەڕایەوە ئامێزی خاک)، لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری وێراندا، (بەرزان فەرەج) بەمجۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ: ((جەلالی میرزاکەریم دەکرێت بڵێین: ئەو دەنگە خەمناکەبوو، بەبێ دەنگی هاتەوەو سۆناتاکانی نوچدان و گلەیی زەمەنێکی بەگوێماندا چرپییەوە، دوایش بەبێ دەنگی لە ژاوەژاوی کارەساتەکانمان و خەون و هیوای هێشتا سەوز نەبووی بەبێ دەنگی خامۆش و خەفەبوو. ئەو کە ڕەگ و دەمارەکانی خۆی بەناو خاکی ئێرەدا شۆڕ کردبۆوە نەیتوانی لێی دەرباز بێت و هاتەوەو وشە گڕاوییە تووڕەکانی خۆی، دوورە وڵاتی، مەنفای بێ کۆتایی. تووڕەیی لە مێژوو، واتە: دڵ ڕەقەکان فڕێ دایەوە باوەشی خاک وەک ئەوەی بیەوێت جارێکی تر ڕۆحی یاخی و شەڕانگێز و شۆڕشگێرانە بکاتەوە بە بەری وشەکانداو زەنگێکی نوێی ڕوانگە لە گوێماندا بزرینگێنێتەوە.))(فەرەج، ٢٠٢٢، ١١).

سەبارەت بەو نووسەرانەی، کە لە ئێستادا دژی (ڕوانگە و بەیاننامەکەیان) دەنووسن و لە گرنگ و کاریگەریی کەم دەکەنەوە، کەم نین، ( ئازاد حەمە شەریف) یەکێکە لەو نووسەرانەو بەمجۆرە باسی بەیاننامەکەی ڕوانگە دەکات و دەڵێ(( یەکەم بانگەواز لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا (بانگەوازی ڕوانگە)بوو کە لەڕێکەوتی ١٩٧٠/٤/٢٥ لە لایەن ( شیرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم فەخری بۆتانی، جەمال شارباژێڕی، جەلالی میرزا کەریم) جاڕی بۆ درابوو، ئەو بانگەوازە جاڕی ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرە شتێکی کۆن بوو لە ئەدەبی کوردیداو بە هەناسەیەکی شۆڕشگێرانەی

سیاسی توندی دوور لە هوونەر نووسرابوو، هێڵی ڕاست و چەپی بەسەر هەموو نووسینێک دا دەهێنا کە لەگەڵ ڕێبازی ڕووکەشی ئایدۆلۆژیایی ئەو بانگەوازەدا نەڕوات. ئامانجی ئەم بانگەوازە بە هەموو حیسابێک هێنانەکایەوەی ئەدەبێکی پڕتازەگەری و ئایندەخوازی بوو، بەڵام ڕۆژگار سەلماندی کە وانییە و بەو ئاراستەیەی خۆی کاری نەکرد))(حەمە شەریف، ٢٠٠٨، ٤٠)

یەکێکیتر لەو نووسەرانە ( شوان ئەحمەد)ە، کە لە وتارێکدا بەناونیشانی ( بزووتنەوی ڕوانگە دوای نیو سەدە) دا، بەشێوەیەکی گشتی بەم جۆرە لەبارەی( ڕوانگە)ەوە دەدوێ: (( ئەڵبەت روانگە لە ئان و ساتی خۆیدا، توانی درزیکی بچووک  درووست بکات و جوڵە و نوێبوونەوەیەک لە ئاستێکی سادە و سنووردار‌دا، لە نێو ئەدەبیات و ڕۆشنبیری کوردیدا بێنێتە ئارا، بەڵام بە سەرنجدان لە بانگەوازو وتار و نووسین و بەرهەمە ئەدەبییەکانی دەستەی دامەزرینەرانی ئەو بزووتنەوەیە لە سالانی سەرەتای تەمەنیدا، شتێکی زۆر گرنگ و دڵخۆشکەر نابینین. بەر لە هەرشتێ بانگەوازەکە کە تەعبیر لە ئایدیاو خواست و خەون و تەماحی ڕۆشنبیری ئەوانە دەکات کە واژۆیان لەسەریکردووە، زیاترو زۆرتر لە بەیاننامەیەکی حەماسی سیاسی و ئایدۆلۆژی دەچێت، نەک مانیفێستی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کە مەبەستی نوێکردنەوەی، بیر و وتەو کرداری قۆناغێک بێت و سەوداسەری لەگەڵ پێشهات و ئەگەرەکانی داهاتوودا بکات...))(ئەحمەد، ٢٠٢٠، online)

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین: بەگشتی بە هەرباریکدا لە (ڕوانگە)بڕوانین کاریگەری خۆی لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بەجێهێشتووە، هەر هیچ نەبێ گۆمی ئەدەبی کوردی شڵەقاندووەو هەموو ئەو بۆچوون و ڕەخنە ئەرێنی و نەرێنیانەی لەم بەشەدا خستمانە ڕوو  جا چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا نووسرابن، ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە بەیاننامەی( ڕوانگە) بێ کاریگەری نەبووە، بەڵکو هۆکارێکیش بووە بۆ ئەوەی، کە تێڕوانینێکی نوێ دەربارەی ئەدەبی کوردی کۆن و نوێ بخرێتەڕوو. هەر لەم بارەیەوە حسێن عارف لە وەلامی پرسیارێکی گۆڤاری (ڕابوون) دا دەڵێ : (( ئێمە لە وەختی خۆیدا کە بزووتنەوەی ڕوانگەمان دەستپێکرد، وتمان باری ئەدەبیمان وادەبینین، کە تووشی سستی و مەنگییەک بووەو، ئێمە بەردێک دەهاوینە ناو گۆمە مەنگەکەیەوە، بەو نیازەی بیشڵەقێنین و بیبزوێنین. وامانکردو وەهاشکەوتەوەو ئەنجامەکەش ئاشکرایە، کە وەک بزووتنەوەیەکی نەخشە بۆکێشراو، تا ناوەڕاستی حەفتاکانی خایاند، بەڵام لەوە بەدواداو هەتا ئێستا، من وایدادەنێم کە هەر چینەوە یەک بەدوای یەکدا خراوەتە سەر ئە بناغەیەی، کە ڕوانگە بانگی بۆ هەڵداو دایمەزراند. گومانیشی تێدا نییە کە چینەکان، گەلێ رەنگاورەنگ و هەمەجۆرو کۆکترو تۆکمەترن وەک لە بناغەکەو، هەردەشبوو وەهابێ. بە واتایەکیتر، ئەوەی لە ناوەراستی حەفتاکانەوە بەرهەمهێنراوەو هاتۆتەدی، بەزیادەوە هیواو ئاواتەکانی ( روانگە)ی  بەدەستهێناوە، کە جێگای گەلێ خۆشحاڵی و شانازییە، ئێستا ئەدەب و هونەری کوردی، لە ڕادەیەکی ئەوتۆی گەشە سەندن و پێشکەوتندایە، "چ لەڕووی چەندەکی و چ لەڕووی چۆنەکییەوە"، کە ئێمە لە ڕۆژگاری (ڕوانگە)دا خەومان پێوە دەبینی.))(عارف، ٢٠٠٥، ٢٤٧)

**بەیاننامەی دووەمی ڕوانگە** ( ئەی قەڵەمە نەترسەکان.. یەکگرن)

گرووپی ڕوانگە، لە ژمارە (١٧)ی ڕۆژنامەی ( هاوکاری)، لە ٨ی ئایاری (١٩٧١)دا دووەم بەیاننامەی خۆی بە ناوی ( ئەی قەڵەمە نەترسەکان.. یەکگرن)، بڵاوکردەوە. لەدوای بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیەوە، (ڕوانگەییەکان ) تووشی بەرهەڵستی و ڕووبەڕووبوونەوە یەکی زۆرتوندتر بوونەوە، هۆکارەکەشی ئەوەبوو، کە ئەم بەیاننامەیە جیاواز لە بەیاننامەی یەکەم، زیاتر ناوەڕۆکێکی کۆمەڵایەتی لەخۆ گرتبوو، وەک لەوەی بانگەوازێک بێت پەیوەست بە ئەدەبەوە. زیاتر پەرچەکردارێک یان وەڵامێک بوو بۆ ئەوکەسانەی کە لەڕووی باگراوندەێکی ئیسلامیانەوە، هێرشییان دەکردە سەر ڕوانگە.

ئەم بەیاننامەیە، جەختی لەسەر مافەکانی ژن دەکردەوە و داوای یەکسانی ژن و پیاوی ئەکرد، داوایان لە ئافرەتانی کورد ئەکرد، کە چیتر نەبنە ئەڵقە لەگوێی ئەو کەسانای کە لەژێر پەردەی ئیسلامدا خۆیان حەشارداوە بەعەقڵیکی کۆنەپەرستانەوە دەڕواننە مافەکانی ئافرەت، مەبەستیانبوو ئافرەت هەر لە کۆت و بەندی کۆیلایەتیدا بهێڵنەوە. ئەوان بەرواڵەت خۆیان وەکو فریشتە دەرئەخەن بەڵام لەناخدا سیفەت شەیتانن، تاریک پەرستن و دژی ڕووناکین، دژی ڕووناکی بزووتنەوەی بیری پێشکەوتنخوازی نەتەوەکەمانن. هەروەک لەم بەشەی بەیاننامەکەدا دەڵێن: ((ماوەیەکە .. کۆنەپەرستانی.. بەڕواڵەت فریشتەو بە دەروون شەیتان! لەسەر شانۆی ناوبانگ ڕزیوی جادووگەری و تەڵەکەبازیی بە هەرچوار پەلی شکاویانەوە کەوتوونەتە سەماکردن، سەماکردن بۆ ئەو دەڵەدێوی کۆمپانیایانەی کە مەمکی پڕ نەوتیان داوە بەشانی تەمەنی شورەیی و ئابڕووی تکاوی مێژووی دوورو نزیکدا. هاوارو هەڵپەی .. ئەمجارەی کاسەلێسەکان! بەرەوڕووی کاروانی وشەی سەربەست و برووسکەی قەڵەمی نەترسە!.. ئەمجارەیان.. بەنیازی گەلەگۆمەکی درووستکردنە.. بۆ ڕێگرتن لە ڕووناکی بزووتنەوەی بیری پێشکەوتووخوازانی نەتەوەکەمان!.. ئەمجارەیان لە پەردەیەکی شانۆگەری ڕووهەڵماڵراوی بۆ دەستنیشانکراو.. هاتنە کایەوە! ئەکتەرەکانی سەر ئەم شانۆ ڕزیوە.. لە هاتوچۆیەکی بێ پشوودان.. بە گەرمەوە دەهۆڵ ئەکوتن وقریوەی سەرچۆپی کێشیشیان لە چەند لایەکەوە.. کەوتە دەنگدانەوەی یەکتر ناسییەوە!))(عارف، ٢٠٠٥، ١٩٧)

بەلای ڕوانگەییەکانەوە، ئەوەی ئەم کۆنە پەرستانە ئەیکەن جگە لە شانۆگەرییەک هیچیی تر نییە، ئەم شانۆگەرییەش لەژێر پەردەیەکی ڕووهەڵمالراو ئاشکرا دایەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان دەیانەوێ لەپاڵ کۆمەڵێ درووشم کە بە ئاوەژۆ هەڵیانگرتووە و لەپاڵ سێبەری مزگەوت و منارەکانداو بەناوی بەرگریکردن لە ئاینی ئیسلام وکۆمەلگەی کوردەواریدا لەسەر ورگی ئەمو ئەو ئەلەوەڕێن. ئەگینا لە ئەرزی واقیعدا ئامادەنین لە پێناو هیچ کامێک لەم درووشمانەدا خۆیان و بەرژەوەندییەکانیان بخەنە مەترسییەوە. هەروەک لەم بەشەی بەیاننامەکەدا دەڵێن: (( لەسەر ئافرەتی سەربەست.. ئەدوێن..

لەسەر نەوەکانمان.. ئەکەنەوە! ئەی ترسنۆکە.. خزاوەکانی ناو ژووری پاڕانەوەی دەستەوئەژنۆ داماو.. ئەی چاو بەستراوەکان.. لە کوێ بوون؟.. لە کاتێکدا( ڕەوشت)ی چاکە.. ئەخرایە ژێر پێی پۆستالە رەشەکانەوە! لە کوێ بوون؟.. لە کاتیکدا دەستی نامەردی بۆ ئابڕوومان درێژ ئەکراو سکی ئارفرەتەکانمان بەسوونگی هەڵئەدڕاو سەری منالەکانمان ئەکران بەسەر نێزەوە!

لەکوێ بوون؟.. لەکوێ بوون!.. لە کاتێکدا قورئانی ئیسلام.. لە مزگەوتەکانی.. کوردستاندا.. پەرە پەرە ئەکران .. کێ بوون؟! ئەوانەی لەمنارەکانەوە.. فتوایان.. بۆ کوشتنی (چەتەکان) دەرئەکرد و.. بە شان و باهوی دەیان دوژمناندا.. هەڵیان ئەداو.. قوربانیان لە بەر پێیاندا سەرئەبڕی.))( عارف، ٢٠٠٥، ١٩٨، ١٩٩).

ڕوانگەییەکان بە چاوێکی پڕبایەخەوە بۆ مەسەلەی ئافرەتیان دەڕوانی، بە بەشێکی گرنگی کۆمەڵگەیان دەزانی. ئەمە لەدەقی بەیاننامەکشیاندا ڕەنگی دابۆوە، کەداوا لە ئافرەتانی کورد دەکەن، بەگوێی کۆنەپەرستان نەکەن و بەڕوویاندا بووەستنەوە، دەنگتان هەڵبڕن لە بەرامبەر حەق و مافی خۆتاندا، بەتایبەت کە ئێستا سەدەی بیستەمەو سەردەمی ڕۆشنبیری پێشکەوتنە، چیتر عەباو سەرپۆش بەکارتان نایات، فڕێیان بدەن. هەروەها داوا لەڕۆشنبیرانیش دەکەن کە پشتیان بگرن و قەڵەمەکانیان یەکبخەن لە پێناو ئەم بانگەوازەدا، هەروەک لەم بەشەی بەیاننامەکەدا دەڵێن: ((ئەی قەلەمە نەترسەکانی.. کوردستان یەکگرن!. بۆ ڕامالینی.. بیری تاریک و درۆ و دەلەسەی ئەو شەیتانانەی لە بەرگی فریشتەدا.. خۆیان حەشارداوە!..

ئەی.. ئافرەتانی کوردستانی.. ڕاپەڕیو.. بتەقێنەوە.. بەڕووی کۆنەپەرستان و پلانگێڕو دەسەنگە خۆرانا.. دەنگتان هەڵبڕن و.. پێکەوە..عەبای دیلێتی و پەچەی تاریکیی و.. بسووتێنن.. وەرنە کۆڕی.. سەدەی بیستمی مرۆڤی.. پێشکەوتووەوە.

ئەی ڕۆشنبیران.. با ئەو دەنگانە کپ بکەین.. کە ئەیانەوێ ڕێ بەکاروانی وشەی سەربەست بگرن و بروسکەی قەڵەمی نەترس بکوژێننەوە))(عارف، ٢٠٠٥، ١٩٩)

ئەم بەیاننامەیە، کە هەموو نووسەرانی ڕوانگە تیایدا بەشداربوون و ئیمزایان لەسەر کردبوو، لە دوای بڵاوبونەوەی هەرایەکی جەماوەری گەورەی لێکەوتەوە، بە ڕاددەیەک کە لە لایەن زۆربەی چین و توێژەکانەوە دژایەتی دەکران، چەندین ناو و ناتۆرەی نەشیاویان بەدواخستن، لەلایەن پیاوانی ئاینی و مەلاکانەوە فتوای کوشتنیان بۆ دەرکرا لەم بارەیەوە شیرکۆ بێکەس دەڵێ: (( دوای بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی ئەی قەلەمە نەترسەکان یەکگرن... من ئێوارەیەک دانیشتبووم لەماڵی خۆمان بەردباران کرام رامانکرد بۆ بەغدا، ئەوسا لە بارێکی نەفسی زۆر خراپدا بووین.. چوین بۆ لای حەبیب محەمەد کەریم و گوتمان وەزعێکی ئاوا هەیە، ئەویش لە چەکمەجەکەی خۆی کە ئەوکاتە لە–التاخی– کاری دەکرد باوەشێک ئەوراقی دەرهێناو وتی من هەرئەوەندەم لەدەست دێ ئەم بروسکانە بڵاو نەکەمەوە کە دژی ئێوە نووسراون. ئێمە لە نەجەف و کەربەلاوە تا دەگاتە سلێمانی

لەمزگەوتەکان تۆمەتی سەیر سەیرمان دەخرایە پاڵ و ڕۆژی جومعان باسمان دەکرا، لە بەردەمی مزگەوتەکاندا، دە پانزە ناو هەڵواسرابوو، کە بێجگە لە ناوی ئێمە ناوی دیکەی تێدا کەوتبوو))(حەسەن، ٢٠٠١، ٦٣)

نووسەرانی سەر بە گرووپی (کفری)یش، کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنییەوە زۆر بەئاشکراو بەتووندی دژی هەڵوێست و بیروڕاکانی ڕوانگەییەکان وەستانەوە، چونکە پێیان وابوو، ئەوان تەنها خۆیان بە سیاسەت و مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریککردووە، نەک ئەوەی بایەخ بە هونەر بدەن. هەروەک خۆیان دەڵێن: (( ئەو برایانە زۆریان بەلاوە گرنگ بوو لەبواری سیاسی کۆمەڵایەتدا، بەهۆی ڕوانگەوە دەنگ و ڕەنگێک و جێگەیەک بۆخۆیان بەدەست بهێنن هەر لەبەر ئەمەش بوو لەباتی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە هوونەر، خۆیان بە مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریک دەکرد، یەکێ لەو کارە گرنگانەی شانازییان پێوە دەکرد سوتاندنی پەچەو عەبای ژنی کورد و بانگەوازی (قەڵەمە نەترسەکان)و ڕووبەڕووبوونەوەی مەلای کوردبوو، وەک بڵێی پێشکەوتن و دواکەوتن بەسترابێت بە بە پارچە پەڕۆیەوە هەڵوێستی خوێندکارە کچەکانی ئامادەیی و زانستگەکانی فرناساو تورکیاو ئەڵمانیای ئێستا ڕێک ئەوە دەسەلمێنێت))(میرە، ٢٠١٢، ١٢٩)

ئەم بایاننامەیە لەڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، چونکە زیاتر وەکو هەڵچوونێک و کاردانەوەیەک بوو بەرامبەر کارێکی دیاریکراو، (( هەر چەندە ئەم هەوڵەی ڕوانگەییەکان لەو دەمەدا کاردانەویەکی گەورەی لێکەوتەوە و توانی هەڵوێست بە هەندێک ناوەندی ئاینی وکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری وەربگرێت. نەفەسێکی حەماسییانەو پەرچە کردارانەی پێوە دیارە. بە ئاشکرا ئەوەی پێوە دەبینرێت کەئەم بەیاننامەیە ئەوەندەی کاردانەوەیە بۆ کارێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگادا ئەوەندە پرۆژەیەکی تیۆری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری قووڵ نییە هاتبێت و لە ڕێیەوە و بەشێوەیەکی زانستی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، بەڵکو زیاتر لە هۆنراوەیەکی سۆزدار دەچێت کە لە شێوەی پەخشانێکی ئەدەبیدا داڕێژرابێت.))(میرە، ٢٠١٢، ١١٩). بەڵام لەگەڵ ئەوەی بەیاننامەکە دژایەتییەکی زۆر کراو تووشی ڕەخنەو بەرپەرچدانەوەیەکی زۆر بووەوە، لەهەمان کاتدا لە لایەن ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخواز و چالکوانانی مەدەنی و خوێندکارانی زانکۆی بەغداو ڕێکخراوەکانی ژنانەوەو، پشتگیریشی باشی لێکرا. لێرەدا لەبەر سنووررداری بابەتەکەمان، تەنها چەند نموونەیەک لەو بابەتانە دەخینەڕوو.

بۆ نموونە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە بابەتێکدا بە ناونیشانی (یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەرپەرچی کۆنەپەرستان ئەداتەوە) کە لە ژمارە(١٩)ی هاوکاریدا بڵاویان کردۆتەوە بەم جۆرە پشتگیری خۆیان بۆ بەیاننامەکە دەردەربڕن(( ئەو دوان و لێکۆڵینەوانەی لەم دواییەدا سەبارەت" مەسەلەی ئافرەت و سەربەستی ئافرەت لەئیشکردن و تێکەڵاوبوونی بە کۆمەڵ بەو ناوەی نیوەی کۆمەڵە" ئەم دوان و لێکۆڵینەوانە بەجۆرێ تەشەنەیکردووە، کە کۆنەپەرستان کردویانەتە بیانو

بۆئەوەی مەبەستی کۆنەپەرستی خۆیان لەو ڕێگایەوە دەرخەن و بەڵکو ئەمە دەرفەتێ بێ بۆ ژیانەوەیان..جا لەم ناوەدا.. خاوەن پێنووسە نەترسەکان مەردانە هاتنە دەست بەڕووی ئەوانەی ئەیانەوێ هەموو شێوەیەکی پێشکەوتنی ڕۆشنبیری و بەرەو ژیانەوەی تواناو دەسەڵاتی ڕاستەقینەی پێشێل بکەن.))(عارف، ٢٠٠٥، ٢٠٨)

هەروەها بۆ پشتگیری کردنی بەیاننامەکە، کۆمەڵێکیتر بەناوی ( کۆمەڵی قوتابیان لە دانیشگای بەغا)، بابەتێکیان بەناونیشانی ( دیسانەوە پشتگیری کردنی بانگەوازەکە) لە ژمارە (١٩)ی ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکردتەوە دەڵێ: (( لە ڕۆژنامەی " هاوکاری " خۆشەویستا بانگەوازێک لە ژێر ناوی " ئەی قەڵەمە نەترسەکان.. یەکگرن" دا لە ژمارە (١٧) ڕێکەوتی ٩–٥ بڵاوکرایەوە، باسی سەربەستی ئافرەت و داوای سەندنەوەی مافە خوراوەکانی کردووە لە ناو کۆمەڵدا، وە دژی چینی کۆنەپەرست و چاوبەستەکان وەستاوە کە ئەیانەوێت هەموو مافە ڕەواکانی ئافرەتی کورد پێشێل بکەن لە ڕێگای مەبەستی خۆیانداو ڕەوڕەوەی ژیانی نەتەوایەتیمان بەرەو دواوە بەرن. ئێمەش زۆر بە شانازییەوە پشتگیری ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیر و نووسەرانە ئەکەین، وە داواکارین هەموو خوێندەوارو کوردێکی پێشکەوتن خوازو بەشەرەف بەدەنگی ئەم بانگەوازەوەبێن.))(عارف، ٢٠٠٥، ٢٠٥)

## ٢– بەیاننامەی گرووپی (کەرکوک–کفری)

یەکێکیتر لە بەیاننامە دەستەجەمعییە کوردییەکان، بەیاننامەی گرووپی کەرکوک–کفری)یە، کە نووسەران و شاعیرانی سەر بەم گرووپە بریتیبوون لە( لەتیف هەڵمەت، لەتیف حامد، ئەنوەر شاکەلی( فەرهاد) ، ئەحمەد شاکەلی..هتد). گرووپی کفری گرووپێکی نوێخوازی کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردووە، کە لەسەرەتادا لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی عەرەبی و ئەوروپیدا بوون.

بەیاننامەی(شێتەکان : سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە): ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە بریتیبوون لە ( لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی)، کە لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر لە ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٧١ بەسەر ئامادەبووندا دابەشکرد. کە تیایدا بیروڕای خۆیان و گرووپەکەیان بە ڕوون و ئاشکرا خستۆتەڕوو و هەروەها بۆچوونی خۆیان لەبارەی شیعر و ئەدەب بەگشتی و شعر و ئەدەبی کوردی و تازەگەری بەتایبەتی دەربڕیوە. ئەگەرچی لەکاتی خۆیدا لە هیچ ڕۆژنامەو گۆڤارێکدا بڵاو نەکرایەوە، بەڵام لەدوای دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی بە نوسخەی دەستنووس، لە هەموو لایەکەوە تووشی بەربەرەکانی و ڕیگرییەکی زۆر بوونە وە لە بڵاو کردنەوەی.

هۆکاری ئەم بڵاونەکردنەوەیەش، خۆیان دەیگێرنەوە بۆ ئەوەی، کە نووسەرانی (ڕوانگە)دەستیان بەسەر گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوکاتەدا گرتبوو، نەیان هێشت کە بەیاننامەکە بڵاو بکەنەوە، هەروەها لەزۆر کۆڕ و سیمیناری تریش ڕێگرییان لێکردوون. لەم بارەیەوە لەتیف هەڵمەت دەڵێ: ((دەبێ ئەوەش بڵێم بە پیلانی ڕوانگەیی یەکان نەیان هێشت لە کۆنگرەی نووسەران لە هەولیر من و ئەنوەر

شاکەلی شیعری خۆمان بخوینینەوە.. ناچار بەزۆری خۆمان بازماندایە سەر شانۆکەو مایکرۆفۆنەکەمان داگیرکرد و قسەی خۆمان کرد و شیعری خۆمان خوێندەوەو گەلی لە دانیشتوانی ناو هۆڵەکە چەپڵەی گەرماین بۆ لێداین.. شایەنی باسە هاوڕێی بەڕێزمان یوسف صدیق زەنگەنە، کە شاعیرێکی کەرکوکی بوو هاوتەمەنی خۆمان بوو بۆ ئەوکارە پشتگیری کردین و وتی بۆ مردنیش لەگەڵتاندام، یاخوا هەربێوەی بێ نازانم ئێستا لەکوێیە.. دوای ئەوە ئاگادار کراین ئەگەر نەرۆین و هەولێر بەجێ نەهێڵین پۆلیس دەمانگرێ.. ناچار دەم و دەست لە هەولێر دەرچووین.. شایەنی باسە کۆنگرەی ناوبراو لەمانگی تەمووزی ١٩٧١ دا لەهەولێر سازکرا.. هەروەها لە یەکەم میهرەجانی شیعری کوردیشدا کە لەشاری کەرکوکی دزراودا سازکرا، ڕوانگەیی یەکان کاری خۆیان کردو نەیانهێشت ئێمە شیعر بخوێنینەوەو لە ئەنجامی ئەوەشدا من ئاژاوەیەکی گەورەم نایەوەو گەیشتە ئەوەی من و کاک عەبدولسەلام محمەد کەشاعیرێکی نوێخوازو بەتوانای کەرکوکەو دیوانێکی هەیە بەناونیشانی( دەمەو ئێواران دەتبینم بە سوخمەیەکی زەردەوە) بەردەستی پۆلیس کەوتین و بە هەوڵ و تەقەلای هەندێ لە برادەران کە بە شەهیدی نەمرو سیاسەت مەداری دڵپاک ساڵح یوسفیان گوت کە ئەوسا ئەو لەو میهرەجانەدا نوێنەری سەرکۆماری ئەوسای عیراق بوو.. بواری بەرەڵڵابوونمان لەدەستی پۆلیسی ئاسایش و دەزگای ئاسایشی کەرکووک بۆ ڕەخساو ڕزگارمان بوو. وابزانم میهرەجانەکە لەساڵی ١٩٧٣ دا بوو..))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢٢٤)

لەبارەی کات و شوێن و چۆنییەتی بڵاوکردنەوەی بەیانامەکەشیانەوە لەتیف هەڵمەت دەڵێ: (( لە پاشکۆی ئەم باسەشدا حەزدەکەم دەقێکی ئەو بەیاننامەیەتان پێشکەش بکەم کە من و ئەنوەر شاکەلی لە چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٧١ دا نووسیمان و بەسەر ئامادەبووانی کۆنگرەکەدا دابەشمان کردو لە هەموولایەکەوە بەربەرەکانی کراین و لەهیچ ڕۆژنامەیەکی ئەو سەردەمەدا بۆیان بڵاو نەکردنینەوە..ئێمە لەم بەیاننامەیەدا کە بەناوی(شیتەکان، سەرنج، هەلوێست پرۆژە) ەوە بڵاومان کردۆتەوە، گەڵی لە بیروڕای خۆمان و گرووپەکەمان ئاشکراکردووەو بیروبۆچوونی خۆمان دەربارەی شیعر و ئەدەب بەگشتی و شیعر و ئەدەبی کوردی و تازەگەری بەتایبەتی خستۆتەڕوو..))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢٢٥)

هۆکاری ئەم ناکۆکییەی نێوان (ڕوانگەییەکان) و گرووپی ( کەرکوک–کفری)، دەگەڕێتەوە بۆ پێش دەرچوونی بەیاننامەی ڕوانگە، کە دەکرێت بڵێین سەرەتایەک بوو بۆ دروستبوونی ناکۆکییەکە، بەتایبەت لەو کاتەوە کە ڕوانگەییەکان پێشنیاری ئەوەیان بۆ گرووپی (کەرکوک –کفری) کرد، کە بەیاننامەی ( ڕوانگە) بە هاوبەشی دەربکەن. هەروەک لەتیف هەڵمەت خۆی ئاماژە بۆ ئەوە دەکاتو دەڵێ: ((پێش دەرچوونی بەیاننامەی ڕوانگە لەلایەن برایانی ڕوانگەوە ( کاکە مەم بۆتانی و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو و جەمال شارباژێڕی و حسێن عارف..هتد) هاتن بۆ کەرکوک و لەماڵی خوالێخۆشبوو عەبدولعەزیز خانەقا دانیشتنێکیان لەگەڵ کۆمەڵی نووسەری کەرکوک دا کرد ( لەتیف

حامید و صەدرەدین عارف و عەبدولعەزیز خانەقاو من..) بێگومان من و لەتیف حامد لە گرووپی کفری بووین، دانیشتنەکە دەبوایە ئەنوەر شاکەلی و ئەحمەد شاکەلیی تێدا بوایە.. لەبیرم نییە ئەوان ئامادەبوون یاخود نە.. ڕوانگەیی یەکان لەو دانیشتنە مەبەستیان ئەوەبوو بەیاننامەکەی ڕوانگە بە هاوبەش دەرکەین.. بەڵام ئێمە ڕێک نەکەوتین.. من خۆم ڕایەکی زۆر شێتانەم دەربڕی و گوتم ئەگەر هات و ڕێککەوتین و گۆڤارێکمان دەرکرد دەبێ گۆڤارەکە بە قەوارەیەکی بازنەیی دەرچێ.. ئەو قسەیە خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەبوو من لەگەڵیاندا ڕێک ناکەوم..))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢١٩).  هەر لەم بارەیەوە (شیرکۆ بێکەس) دەڵی : (( نوێکردنەوە تەنها لە ڕوانگەدا نەبوو، بەڵکو لە جیلی کەرکوکیشدا هەبوو، ئێمە یەکترمان بینی و ویستمان بەیەکەوە بەیاننامەکە دەرکەین، لەبیرمە من و( حسێن عارف) پێکەوە چووین بۆ کەرکوک، (لەتیف حامد و لەتیف هەڵمەت)مان بینی، بەڵام ئەوان نەهاتنە پێشەوە، لەبەر چەند هۆیەک تا ئێستایش هەندێکیان نازانم چی بوو؟ . ))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٦٣)

هەردوو گرووپی ( کەرکوک–کفری) و (ڕوانگە) بو دوو ئاراستەی جیاواز کاریان دەکرد، هەریەکەیان لە دیدێکی تایبەتەوە بۆ شیعرییان دەڕوانی، بەو واتایەی هەردووکیان مەبەستتیان نوێکردنەوەی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی بوو، بەڵام بە دوو بیرکردنەوەی جیاواز کارییان بۆ دەکرد. هەر ئەم جیاوازییانەش هۆکارێک بوون، بۆ ئەوەی هەردوو گرووپ نەگەنە ڕێکەوتن بۆ دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش، لەم بارەیەوە، هەروەک  لەتیف هەڵمەت دەڵێ: (( لە بەرئەوەی ئێمە سەرگەرمتر بووین، لە بەیاننامەکەشماندا خەتێکی ڕاست و چەپمان بەسەر کولتووری کوردیدا هێناوە، بەڵام ئەوان پشتگیریی کولتووری کوردی دەکەن، ئەوە یەکێک بوو لە خاڵە سەرەکییەکانی ڕێکنەکەوتنمان، دووەم بەڕاستی ئێمە هەموومان بێلایەن بوون، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەوان هەموویان سەر بە لایەنێ بوون، ئەمەش بۆ ئێمە کارێکی دژوار بوو، هیچ کەمیی و شوورەیی نییە بۆ شاعیر ئەگەر شیعری موناسەبە بڵێ، برادەرانی ڕوانگە شیعری موناسەبەیان دەوت، شیعریان بەسەر سەرکردە گەورەکانی کورددا دەوت، مافی خۆشیان بوو، بەڵام ئێمە ئامادە نەبووین نە شیعری موناسەبە بڵێین نە شیعر بەسەر گەورەکانی کورددا بڵێین، کاتێ ئەوان شیعرێکیان بەسەر سەرکردەیەکی کورددا دەوت، بە هەزاران کورد چەپڵەی بۆ لێ دەدان، بێگومان ئەوانەی کە لەوێ بوون لە ڕوانگەیەکی سیاسییەوە، ئەوەیان بەدڵ بوو و چەپڵەڕێزانیان بۆ دەکرد، بەڵام کە من دەچوومە کۆڕێکەوە شیعرم دەخوێندەوە و دەموت( ئەم کولەکانە دەشکێنم/ ئەمە باوەڕی منە/ ئاگرەکەم ناتوێتەوە/ شینایی ئاسمان وەکو چڵێ یادگار لەسەر دڵما دەشکێنم)، دیانوت قسەی قۆڕ، ئەمە کەی شیعرە، چونکە نەباسی سەرکردەیەکی کورد دەکات و نە لایەنێک ونە کێشی هەیە و نە سەروا.))( سلێمان، ٢٠١١، ٤٦)

ئیتر لەدوای ئەوکۆبوونەوەیەوە، کە هەردوو گرووپ نەگەیشتنە ڕێککەوتن، گرووپی (کەرکوک–کفری)، وەک خۆیان دەڵێن لە لایەن ( ڕوانگە)ییەکانەوە ڕووبەڕووی جۆرێک لە پەراوێزخستن و

ناوچەگەریتی بوونەوەو جیاوازییەکی زۆر دەکرا لەنێوان ناوچەی( گەرمیان و سلێمانی)، ئەمەش بووە هۆی هەڵوێست وەرگرتنیان لە دژی ڕوانگەییەکان.(ئازاد حەمە شەریف) دەرکردنی بەیاننامەکەی ( کفری) بە دەرئەنجامی ئەو هەڵچوون و هەڵوێست وەرگرتنە دەزانێت، وەکو پەرچە کردارێک لە دژی ڕوانگەییەکان. بۆیە دەڵی: (( ئەو بەیاننامەیە زۆر پەلەیی و هەڵەشەیی و بێ سەروبەری پێوە دیارەو لەکۆمەڵێک هەڵچوونی شێتانە دەستەواژەی ناپوخت بەولاوە هیچی تر نییە، وەکو دژەکردارێک لە بێ بەش بوونی ناوچەی گەرمیان لە ناوچەگەریتی سلێمانی دێتەبەرچاو.))(حەمەشەریف،٢٠٠٨، ٤٠)

لەدوای دەرچوونی بەیاننامەکەی (ڕوانگە)شەوە،بەتەواوی ناکۆکی کەوتە نێوان ئەم دوو گرووپەوەو کار گەیشتە ئەوەی کە لە لاپەرەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، بەتایبەت لە ڕۆژنامەی( هاوکاری )دا،لەسەر یەکتر بنووسن و هێریشی تووند ئاراستەی یەکتر بکەن، دەستپێشخەری ئەم نووسینانەش ( لەتیف هەڵمەت) بوو، وەک خۆی باسی دەکات و دەڵێ:(( دوای دەرچوونی بەیاننامەکەی ڕوانگە بە ماوەیەک ناکۆکی کەوتە نێوان ئێمەو روانگەییەکانەوە وای لێهات من لە دیدەنییەکی ڕۆژنامەنووسیدا کە کاک رەزا شوان لەگەڵم دا سازی کردبوو لە ژمارە ٤٤ی رۆژنامەی هاوکاری دا بڵاوکرایەوە گوتم: ڕوانگە هێلکەیەکی پیسبوو هیچی هەڵنەهێنا. دوا بەدوای ئەو قسەیە شاعیرێکی ڕوانگەیی بە ناوی هەڵۆ وە لەژمارەی ٤٦ ی هاوکاریدا هێرشێکی توندوتیژی لە رادە بەدەری کردە سەر شیعرەکانم و بەو وشەی ئاجەڵ و باجەڵ و وشە ڕیزکردن و یاری بە وشەکردن.. هتد ناوی بردن و بە سەر لێشێواو و شێت و وێتی لە قەڵەم دام.))( هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢١٩)

بەیاننامەی ( شیتەکان: سەرنج، هەڵویست، پرۆژە): ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە، بەشێوەیەکی گشتی هەڵگری گووتارێکی تووندڕەوانەو حەماسییە. بانگەوازێکە بۆ یاخیبوون لە دابونەریتە کۆمەڵایەتییە کۆنەکان و پابەند نەبوون بەیاساو بنەما ئاینییەکان و دەرچوون لێیان، هەروەک لە بەشی یەکەمی بەیاننامەکەیاندا دەڵێن: (( لە کردەوەی ڕۆژانەماندا هەڵبەست وەکو شۆڕشێک هەنگاوەکانمان ئەگۆڕێ و پرۆژەی ئەو گەشتەمان بۆ دیاری ئەکا کە مەیموونی باپیرە گەورەمان دەستی پێکردو ئێمەش لەسەری ئەڕۆین و نەوە سەرزلەکانی داهاتوویشمان ئەکاتە ژمارەیەکی تازە لە لیستەی گەڕۆکەکاندا... وەکو لەمەیموونەوە بووین بە مرۆڤ و لە لالییەوە کەوتینە قسەکردن و زمان داهێنان و لە زەوی دەرچووین و لەسەر مانگدا دابەزین، ئاواش ئەبێ مەیموونی هەڵبەستی کوردی ببێ بە مرۆڤێکی پوخت و تەواو، لەسەر زەویی نەبوون و دواکەوتنەوە سەردەکەوێتە سەر مانگی پێشکەوتن و بوون و ئامێتەی هەموو ژین ببێ.))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢٢٥، ٢٢٦)

لێرەدا نووسەرانی ئەم بەیاننامەیە، پاڵپشت بە تیۆرەکەی ( داروین) کە ( تیۆری پەرەسەندن)ە، و دەڵێت: مرۆڤ لەبنەچەوە جۆرێکی مەیموونە، کە سەرەتا هیچی نەزانیوە، تەنانەت توانای قسەکردنیشی نەبووەو دواتر بەقۆناغەکانی پەرەسەندندا تێپەڕیوەو گەشەی کردووە تا بووە بە ئەم مرۆڤەی ئێستا، بۆیە ئەمانیش ئەدەبی کۆنی کوردیی بە مەیموونی باپیرە دەچوێنن، پێیان وایە کە

ئەدەبی کوردی لەپێش ئەماندا هیچ نەبووە و بە ئەدەبێکی ناپوختی دەزانن، کە پێوستە لەسەر دەستی ئەمان پەرەی پێبدرێت و بەرەو تازەگەری ببرێ، چونکە ئەوەی لەپێش ئەماندا کراوە هیچ داهێنانێکی تیدا نەبووە . ئەم بۆچوونەشیان، بووەهۆی ئەوەی کە ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توندی کۆمەڵگای کوردی ببنەوە، بەتایبەت پیاوانی ئاینی، کە بەلایانەوە ئەمە دەرچوونە لەبنەماو یاسا ئاینییەکان وبەها کۆمەڵایەتییەکان،هەروەها بێڕێزیکردنیشە بە خودی مرۆڤ.

لە بەشێکیتری بەیاننامەکەیاندا، دەڵێن: (( هەڵبەستی کوردی هێشتا دیلی ئەو قاوغەیە کە هەر لەمناڵییەوە کراوە بە پۆیلانە، کاتی ئەوە هاتووە کەشۆڕشێک بەرپا بکەین بەسەر هەموو ئەو سنوور و یاساو ڕژێمانەدا کە تاکو ئێستا هەڵبەستی کوردی شەتەک داوە، وە گۆڕانیش بێ شۆڕش نابێ))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢٢٥)، لێرەدا کفرییەکان، هەموو ئەو سنوور و یاسایانە ڕەت دەکەنەوە، کە پێیان وایە لەسەرەتاوە تا دروستبوونی ئەوان، هۆنراوەی کوردی پێ کۆت و بەند کراوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە شۆڕشێک دژی ئەوڕژێمە بەرپابکرێت ، ئەو سنوورانە بشکێنرێن. ئەگەرچی ئەم گوتارە، گوتارێکی توندەو ڕەتکردنەوەی سەرلەبەری بەرهەمی شاعیرانی پێشخۆیانە، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ( لەتیف هەڵمەت) بەم شێوەیە باس لە قۆناغی ئەدەبی نویی کوردی " گۆران" واتە پێش خۆیان و شاعیرانی دوای خۆشیان دەکات و دەڵێ: (( لەدوای شۆڕشە شیعرییەکەی شاعیری گەورەی کورد گۆران هیچ کەس و گرووپێک بیری لەشۆڕشێکی دی نەکردەوە لە بوارەکەدا بەر لە گرووپی کفری و وەرچەرخانێکی گەورە لە شعری کوردی دا لەسەرەتای حەفتاکاندا لەسەر دەستی گرووپی کفری ڕوویداو ئەوانی دی هەتاکو شوێن پێ هەڵگری گرووپی کفرین))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٣٤٥)

ئەوەی لێرەدا کفرییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە ئەوەیە، کە لەدوای شۆڕشە شیعرییەکەی " گۆران " ی شاعیرەوە، کەسیتر جگە لەئەوان ئەو بوێرییەی نەبووە، کە بەبێ ترس و سڵکردنەوە هەنگاو بەرەو نوێگەری و داهێنان بنێت،ئەوەشی کە کراوە تەنها تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووبووە، ئەوە ئەوانن کە دەتوانن بەبێ ترس و ئاوڕدانەوە، ئاگری شیعریان خۆشبکەن و کەلەپووری هۆنراوەیی پێ بسووتێنن، باوەڕیان وایە، کە خۆشیان و ئەوانەشی تائێستا وابیریان کردۆتەوە کە نووسەرانی پێش خۆیان ( نووکی خامەیان هەڵبەست ئەڕێژێ و شوێنی وەستانیان لووتکەیە) بە هەڵەداچوون. ئەمەش دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی هەڵسانگاندنێکی درووست و نزمی ئاستی خوێندەوارانی کورد، بۆیە دەڵێن :(( هەستیاری ڕاستەقینە دەبێ شارەزاییەکی تەواوی هەبێ لە هەموو ڕۆشنبیری جیهانداو لەپشکنینی دەروونی خۆیدا بۆ ئەوەی بتوانێ پەیوەندییەک پەیدا بکا لەگەڵ شتەکان و باوەڕی دەروونی خۆیدا، تاکو بتوانێ ئەو وێنەیەمان پێشکەش بکا کە ئەیەوێ..))(هەڵمەت، ٢٠٠٣، ٢٢٦، ٢٢٧).

هەروەها (کفرییەکان) باوەڕیان وایە کە تازەگەری و داهێنان پێوستی بەتووڕەیی و یاخیبوونە، پێوستی بە باوەڕبەخۆبوونێکی تەواوە، بێ گوێدانە ئەوەی چۆن دەنووسن و بۆ کێ دەنووسن،

ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە ئەوەیە، کە خودی خۆیان بن و بێ ترس ئەوەی ئەیانەوێ ئەوە بنووسن. ((بۆئەوەی هەڵبەست بنووسین ئەبێ خۆمان بین، تووڕەو یاخی بین، هەموو (ئەمڕۆ)یەکمان پلەیەک بەرزتربێ، پێشکەوتووتر بێ لەهەموو (دوێنێ)یەکمان. بانگەواز ناکەین، نانەڕێنین، پڕۆژەمان داناوە، هەنگاو ئەنێین، ئەمەش کە ئەیڵێین هەموو شتێ نییە کە ئەمانەوێ بەڵکو سەرەتایەکە. ئێمە ئەمانەوێ وشەی کوردی ڕزگار بکەین ،ئەمانەوێ بگەین، ئێوە ئەڵێن چی؟ ))(هەڵمەت، ۲۰۰۳، ۲۲۷)

سەبارەت بە پێشەنگیی گرووپی (کەرکوک–کفر)، وەک لەدەقی بەیاننامەکەیاندا هاتووە، کە لە نوێخوازی و تازەگەریدا ئەمان دەستپێشخەر بوون و لەپێش گرووپی (ڕوانگە)شەوە ، هەوڵیان بۆ تازەکرنەوەی شیعری کوردی داوە. ئەمانبوون کە گیانی یاخیبوون و دژەباوی و دەربڕینی بیری ئازادانەیان کردە ناسنامەی خۆیان. ئەمەش لەڕووی ڕەخنەییەوە چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا ڕاو بۆچوونی جیاوازی ڕەخنەگرانی بەدوای خۆیدا هێنا، کە لەخوارەوە هەندێک لەو بۆچوون و ڕەخنانە دەخەینەڕوو.

لەم بارەیەوە ئەحمەد میرە دەڵێ: ((...ئەگەر بە شێوەیەکی وردو بەپێی پێوانە زانستییەکان لێرەدا هەڵسەنگاندن بکەین دەگەینە ئەو بۆچوونەی، گرووپی کفری وەک یەکەیەکی هونەری خاوەن پڕۆژەیەکی دیاریکراو و بەیاننامە لێکدانەوەو بۆچوونی هاوبەش سەبارەت بە ئەدەب و شیعر لە (۱٥)ی تەموزی ساڵی ۱۹۷۱ لەکۆنگرەی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر ئاشکرا کراوە، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم بۆکردووە هەوڵی نوێخوازی نووسەرانی گرووپی کفری لەپێش نووسەرانی ڕوانگەوە دێت و بە یەکەم شەپۆلی نوێخوازی دوای گۆران و هاوڕێکانی دادەنرێت.))(میرە، ۲۰۱۲، ۹۹).

هەروها( سالار کریم حسێن) یەکێکیترە لەو نووسەرانەی کە پێی وایە، لەقۆناغی شیعریی کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا کۆمەڵێک شاعیر ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لەوگۆڕانکارییەی کە بەسەر ناوەڕۆکی شیعری کوردیدا هاتووە، (لەتیف هەڵمەت) بەسەرەکیترینیان ناو دەبات لەڕووی گیانی یاخیبوون دژەباویدا دەیخاتە پێش (شێرکۆ بێکەس)یشەوە و دەڵێ: ((لەڕووی ناوەڕۆکیشەوە گیانی یاخیبوون و دژەباوی و دەربڕینی ئازادانەوە بوێرانە بوو بە ناسنامەی زۆرێک لەو شاعیرانە کە تەحەدای دابونەریت و کولتورو بیرکردنەوە تەقلیدییەکانیان دەکرد، لە دیارترین شاعیرانی ئەم قۆناغە کە ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی تێدا بەرجەستە بوو لەتیف هەڵمەت بوو، هەروەها چەند کەسێکیتریش ڕۆڵیان بینی لە بوارەکەدا، وەک: شیرکۆ بێکەس، عەباس عەبدوڵلا یوسف، عەبدوڵلا عەباس، ئەنوەر قادر محەمەد و ڕەفیق سابیر. دیارە شێرکۆ بێکەس لەڕووی مێژووییەوە لە هەموویان لەپێشترە، بەڵام نەک لە بابەتی گیانی یاخیبوون و دژەباویدا.))(حسێن، ۲۰۲۱، ۸۳، ۸٤)

هەرچەندە هەردوو دیوانی (خواو شارە بچکۆلەکەمان)ی لەتیف هەڵمەت و (پڕۆژەی کودەتایەکی نهێنی)ی فەرهاد شاکەلی ،بە سەرەتایەکی باش دادەنرێن لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، کاتێک

باس له تازەگەری شیعری کوردی دەکرێت، نووسەران و ڕەخنەگران بەنموونەیەک له تازەگەری ناویان دەبەن، که نوێگەری بەشێوەیەکی ئاشکرا تیایاندا بەدیدەکرێت. بەڵام (د. عەلی تاهیر بەرزنجی) ڕای وایه که ئەمه نابێته هۆی ئەوەی ،گرووپی (کەرکوک–کفری) خۆیان به پێشەنگی قۆناغەکه بزانن و ئەوانیتریش شوێنپێ هەڵگری ئەوانبن. چونکه (بەرزنجی) پێی وایه، که گرووپی (کەرکووک–کفری) خۆیان لەژێر کاریگەری ئەو بەرنامه ئەدەبیانەدا بوون که لە( ئێستگەی کوردی بەغدا)وە پەخشدەکران، بەرنامەکانیش بریتیبوون له بەرنامەی" ئێوارەتان باش" ی " عەبدوڵلا عەباس" و " جەلالی میرزاکەریم" ، لەگەڵ بەرنامەی "هەڵبەست و مۆسیاقا" ی "محەمەد مستەفا کوردی" . چونکه ئەم دوو بەرنامەیە لەوکاتەدا ببونه مینبەرێکی فره دەنگ وئازاد ، که کۆمەڵێ شاعیرو نووسەر بەرهەمەکانی خۆیان تێدا بڵاو دەکردەوە، بۆیه بەرزنجی پێی وایه، که هەریەک له " جەلالی میرزاکەریم و عەبدوڵلا عەباس" که پێشکەشکاری ئەو بەرنامەیەبوون لەپێش (ڕوانگه)و دواتریش ڕوانگەیان دامەزراند، کاریگەری خۆیان لەسەر نووسەرانی گرووپی ( کفری) و نووسەرانی تریش هەبووە،بۆیه دەڵێ: (( گەواهیشمان بۆ ئەمه ئاماژەپێکردنی زۆر لەنووسەران و ڕۆشنبیرانه بۆ ئەو کاریگەرییه کاتێک باسی شیعرو نوێگەری دەکەن، ئەوەتا (لەتیف هەڵمەت لەم بارەیەوە دڵێت: من زۆر هۆگری بەرنامه شیعرییەکانی ئێستگەی کوردی بەغدا بووم، بەجۆرێک سەرجەم شیعرەکانی ((خواو شاره بچکۆلەکەم))م پێش چاپکردنی تێیاندا پەخش کردووە.))(بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٦٢)

هەروەها لەتیف هەڵمەت، خۆی دان بەلێهاتووی و بەتوانایی (جەلالی میرزاکەریم)دا دەنێت، کەیەکێکبووە له دامەزرێنەرانی گرووپی (ڕوانگه)و ئیمزاکەرانی بەیاننامەکەیان. ئەم باسه وەکو شانازییەک بۆخۆی دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (( شایانی گوتنه لەساڵی ١٩٧٠ دا دوای ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازار که چووم بۆ بەغدا بۆسپاردنی دەستنووسی یەکەم دیوانم (خواو شاره بچکۆلەکەمان) به دەزگای سانسۆری چاپەمەنی، دیدەنی ڕۆژنامەی هاوکاریم کرد و لەوێ عەبدوڵلا عەباس پێی گوتم: کاک جەلالی میرزاکەریم شیعرەکانتی بەجۆرێک لەلا پەسەندە، گەلێ جار پێی گوتوم ئەگەر شیعری بۆ بەرنامەکەت نارد بەرلەوەی له بەرنامەکەوە بیخوێنیتەوەو ببێ بەموڵکی ئەرشیفی ئیستگە، بمدەرێ بامن بیخوێنمەوە، من ئێستاش و لەدوای ئەوەندە ساڵ شانازی دەکەم که شاعیرێکی بەتوانای وەک جەلالی میرزاکەریم بەو چاوی ڕێزەوە تەماشای شیعرەکانی ئەو سەردەمەی کردبێتم.))( هەڵمەت: ٢٠٠٣، ٢٠٨، ٢٠٩)

یەکێک لەو ڕەخنانەی که له بەیاننامەکەی گرووپی(کفری –کەرکوک) دەگیرا، ئەوەبوو که دەگووترا بەیاننامەکەیان بەیاننامەیەکی ئەدەبییه، لەبواری ئەدەبیشدا ڕۆنەچووبوونه ناو ژانرەکانی تری ئەدەبەوە، باسیان لەهیچ جۆرێکیتری ژانرەکانی ئەدەب نەکردووە،ز یاتر گرنگیان بەشیعر داوە. لەم بارەیەشەوە ئەحمەد میره دەڵێ: ((بانگەوازی ئەم گرووپه، بانگەوازێکی شیعرییەو هیچ

ئاماژەیەکی تیایا نییە بۆ ژانرەکانی تر، واتە ئەم گرووپە تێکڕای پەیامی خۆیان لە شیعردا بەرجەستە کردووە، هەموو ئەدەبیان لەچاوی شیعرەوە بینیوە))( میرە: ٢٠١٢، ٩٩)

هەروەها، ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە، باوەڕیان وایە کە ئەرکی ئەدەب سیاسەتکردن نییە، بەڵکو ئەدەب دەبێ لەپێناو خزمەتکردنی ئەدەبدا بێت، نووسەرانی (کفری) خۆیان بەدوور دەگرت لەسیاسەت، ئەوان باوەڕیان بەوە نەبوو، کە ئەدەب تێکەڵی سیاسەت بکرێت، چونکە پێیان وابوو نووسەری سیاسی هەمیشە دەبێتە داردەستی سیاسییەکان و بەمەبەستی سیاسی سود لە ئەدەبەکەی وەردەگرن، فەرهاد شاکەلی لەم بارەیەوە دەڵێ: (( ئەو هونەرمەندەی خۆی و هونەرەکەی دەکاتە نموونەیەکی هێندە لەبارو گونجا و کە سیاسەتمەدار دەتوانێت شانازی پێوەبکات و وەک پاڵپشتێکی تیۆری و مەعنەوی بۆ بیرو ئایدۆلۆژی کرداری خۆی بەکاری ببات ڕۆڵی چەقۆی دەستی پیاوکوژ، سەگی پۆلیس و پەتی خنکاندن دەبینێت، بەڵام چەقۆ و سەگ و پەتێکی هۆشیاری زیندوو، کە بە ویستی خۆی و بە تێگەیشتنی و بە بڕیاری خۆی بەو بەرپرسیاری و ئەرکە ناپیرۆزە هەڵدەگرێت و جێبەجێی دەکات))(میرە، ٢٠١٢، ١٢٨، ١٢٩)

خاڵێکی جیاوازی ئەم گرووپە لەگەڵ گرووپی (ڕوانگە)دا، ئەوەیە، کە گرووپی (کفری–کەرکوک)، کۆمەڵخواز نەبوون، چونکە ئەوان باوەڕیان وایە، کە ئەدەب ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر کۆمەڵگا، زۆر بەدەگمەن ڕوودەدات کە کاریگەری ئەدەب لە کاتی خۆیدا دەربکەوێت. هەورەک لەتیف هەڵمەت دەڵێ: (( لەبەر ئەوەی ئێمە، مەبەستم گرووپی کفری کەرکوک، زیاتر لەگرووپی ڕوانگە کراوەتر بووین، ئەوان کۆمەڵخوازبوون، ئەمە یەکێک بوو لە هۆیەکانی بەیەک نەگەیشتنمان))(عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، ١٥٩). بە پێچەوانەی ڕوانگەیەکانەوە، کە پێیان وایە ئەدەب دەبێ رۆڵێکی داینامیکی ببینێت لەکۆمەڵگادا، هەروەک ئەحمەد میرە دەڵێ :(( بزووتنەوەکەی کفری، بزووتنەوەیەکی تەواو ئەدەبییەو دوورە لە سیاسەت، لە کاتێکدا بزووتنەوەیەکی ئەدەبی دەبێت بەشیک بێت لە حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەڵام ئەم گرووپەی کفری بەشێک بووە لە حەتمیەتی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە فۆڕم و ناوەڕۆکی شیعردا.))(میرە، ٢٠١٢، ١٠٤)

سەبارەت بە پێشەنگی و دەستپێشخەری نوێگەری لە شیعری کوردی قۆناغی (کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان)ی سەدەی ڕابردوو، ڕاوبۆچوونی هەندێک لەڕەخنەگرانمان خستەڕوو، بەڵام ئەوەی لێرەدا بۆئێمە گرنگە، ئەم بۆچوونە جیاوازەی شاعیرو نووسەر (سەباح ڕەنجدەر)ە، کە جیاواز لە نووسەرانی تر دەڕوانێتە ئەم قۆناغە. ڕەنجدەر پێیوایە، کە هیچ قۆناغیک لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا لە(کلاسیک)ەوە تاقۆناغی شیعری (گۆران ) نەبووە، کە شاعیرێک یان نووسەرێک تیایدا نەبووبێتە نوخبەو پێشەنگی داهێنان و سەرمەشقی شاعیرانی هاوچەرخی خۆی.
بەڵام ئەم قۆناغە، کە بە قۆناغی دووەمی نوێگەری ناوی دەبات، بە جیاوازتر دەزانێت لەقۆناغەکانی پێش خۆی، بۆیە دەڵێ: (( هیچ قۆناغێک نابینرێت، داهێنان تاجی لەسەر هێمایەکی دلێری نەنابێت و

ئەستێرەیەکی بەرهەم نەهێنابێت. نموونە : قۆناغی کلاسیکی تاجی داهێنانی خستە سەری: (نالی). قۆناغی یەکەمی نوێبەخشی، تاجی داهێنانی خستە سەری: (گۆران). لە قۆناغی دووەمی نوێبەخشیدا، ئاستێکی تر دیتە گۆڕێ و ناتواندرێت داهینەرێک وەک تاکە ئەستێرە دەست نیشان بکرێت و هەموو هونەرەکانی تێدا کۆبووبێتەوە.نموونە : هەندێک فۆڕم و شێوازو گوتاری شیعری لای: ( لەتیف هەڵمەت)هەیە. لای ( ئەنوەر قادر محەمەد) نییە. هەندێک فۆڕم وشێواز و گوتاری شیعرییش لای: (شێرکۆ بێکەس) هەیە. لای ئەوانی تر نییە، یان هەندێک فۆڕم و شێواز و گوتاری شیعریی لای: ( فەرهاد شاکەلی) هەیە. لای هیچێکیان نییە. کەواتە: لەم قۆناغەدا فۆڕم و شێواز و گوتاری شیعری پەرەی سەندووە و ئاستی کۆی وەرگرتووە، تاک وەک ئەستێرە و هێمایەک وەرناگیرێت. فرە هێمایی هاتووەتە ناو داهێنانی شیعری کوردییەوە، بەڵام لەقۆناغی کلاسیکی و قۆناغی یەکەمی نوێبەخشیدا، هەموو هونەرەکان لە هەریەک لە: ( نالی و گۆران)دا کۆبوونەوە.))(ڕەنجدەر ٢٠١٩، ٧٥، ٧٦)

هەورەوها (محەمەد ئەمین محەمەد نووری ئەمین)سەبارەت بەم قۆناغە ڕای وایە، ئەوەی لەم قۆناغەدا گرنگە، کردنەوەی ئەو ڕێچکە نوێگەرییەیە، کە شاعیران و نووسەرانی قۆناغەکە بەڕووی ئەدەب و شیعری کوردیدا کردیانەوە، ئیتر سەرەتاو دەستپێک لە کێ وە و لەکوێوە بێ، گرنگ نییە، بۆیە دەڵێ:(( دیارە لێرەدا ئەو ڕاستییە دێتە بەردەست کە لە کۆتایی شەستەکاندا شاعیرانی لاوی قۆناغەکەو ئەدیبان و نووسەرانی تری ئەو ساڵانە وشیارانە بیریان لە کردنەوەی ڕێچکەیەکی نوێی ئەدەبی و شیعری کردووەتەوە، بێگومان بەلای ئێمەشەوە گرنگ نییە، بیرکردنەوە لە کردنەوەی ئەو ڕێچکە سەرەتاکەی لە چ شارێک یان شارۆچکەیەکەوە و لە لایەن کێوە بووە، بەڵکو گرنگ ڕەنگ ڕشتنی ڕێچکەیەکی نوێخوازییە لەو سەردەمەدا، چونکە ئەو ڕێچکەیە بۆ خۆی ئەگەر لەژێر کاریگەری ئەدەبی میللەتانی تریشدا بووبێ ئەوا سەرچاوەی ئەدەبی سەرەکی هەر ئەدەبی کوردی خۆی بووە.))(نوری، ٢٠٢١، ١٩٩)

لەگەڵ ئەو هەموو بۆچوونە ڕەخنەییانەی خستماننەڕوو، کە نووسەران و ڕەخنەگران سەبارەت بە هەردوو بەیاننامەی (ڕوانگە) و ( شێتەکان: سەرنج، هەڵوێست، پرۆژە) دەریانبڕیوە، جا بە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، جێی خۆیەتی کە بڵێین: هەریەک لەو بەیاننامانە بێ کاریگەری نەبوون، کاریگەری خۆیان بەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە هەبووە. بەتایبەت لەو ساڵانەدا کە هەردوو بەیاننامەکەی تێدا بڵاوکرایەوە، چونکە ئەوکات بەیاننامە دەرکردن نەک هەر لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، بەڵکو لەئاستی ناوچەییشدا شتێکی تازەبوو، ئەمەش وایکرد کە ڕەخنەگران زیاتر سەرنج بخەنە سەر ئەو بەیاننامانەو بەسەر دووبەرەی ( یار و نەیار)دا دابەش ببن، بۆچوونی ڕەخنەیی خۆیان بەچاک وخراپ دەرببرن و لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکاتەی پێ پڕبکەنەوە، لەم بارەیەوە لەتیف هەڵمەت لەبابەتێکدا بەناونیشانی (مێژوو و چەند ناوێکی تایبەتمەندو جیاکار لەنەخشەی شیعری نوێی کوردیدا)، کە بەزمانی عەرەبی لە ژمارە (٣٢)ی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ–

عەرەبی)بڵاویکردۆتەوە دەڵێ: (( هەردوو گرووپەکە لەلایەن سەلەفییەکان و پابەندبووانی ئایدۆلۆژیا سیاسی و نەتەوەییە جۆراوجۆرەکانەوە دووچاری شەڕو گیچەڵپێکردنێکی دژوار بوونەوە و لەلایەن ڕەخنەگرانی ناودار و نیمچە ڕەخنەگرو خوینەرانی زیرەک و نیمچە خوێنەرانەوە ڕەخنەیەکی توندیان لێگیرا. هەردوو گرووپەکە دمەقاڵییەکی توندیان لەگەڵ نەیارانی نویخوازی و لایەنگرانی کۆندا کرد، بەلام ئاکام هەردووکیان سەرکەوتن و هەندێک لە ئەندامانی هەردوو گرووپەکە چەند دەقێکی نویخوازانەی نەمریان لە جوگرافیای ئەدەبی نوێی کوردیدا تۆمارکرد، جێی ئاماژەیشە، کە دەمەقاڵییەکی دژواریش لە نێوان ئەندامانی هەردوو گرووپەکە، گرووپی ( کفری) و (ڕوانگە)دا بەرپابوو، کە تائێستایش ئاگرەکەی لێرەوە لەوێ دووکەڵی لێ بەرزدەبێتەوە. ئەویش لەبەر ئەوەی هەر گرووپە لەلایەک و هەندێک لە ئەندامانی هەردوو گرووپەکەیش خۆیان لە کردەی نوێخوازی کوردی لەڕووی تیۆرداڕێژی و جێبەجێکردنەوە بە پێشەنگ دەزانن.))(هەڵمەت، ٢٠٢٢، ٥٦)

کە ئەمەش بۆخۆی جۆرێک بوو لە کاریگەریی هەردوو بەیاننامەکە بەسەر ئەدەب بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی. بێگومان لەوکاتە بەدواوەو ئێستاشی لەگەڵدابێت، کاریگەری هەردوو گرووپی (ڕوانگە)و(کەرکوک-کفری) و بەیاننامەکانیان ، بەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەرماوە و نووسەران و ڕەخنەگرانیشیان لەدووبەرەری (دژ و پشتیوان)ی خۆیاندا هەر هێشتووەتەوە. ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە کاریگەری ئەم دوو بەیاننامەیە بەسەر ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە.

جێگەی باسە، کە هەدوو گرووپی ( ڕوانگە) و( کەرکوک-کفری) لەدوای خۆیان، نەک هەر لە باشوور بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کاریگەرییان بەسەر شاعیران و نووسەرانەوە هەرماوە، بۆنموونە ئیبراهیم ئیلخانی زادە، کاتێک باس لەقۆناغی ئەدەبی دوای سوارەی ئیلخانی زادە دەکات دەڵێ: (( بەداخەوە جیلی پاش سوارەش کە بریتین لە شاعیران هەڵۆ( قاسم موئەیدزادە )و چاوە( فاتیح شیخەلئیسلامی )و هاوار( عەلی حەسەنیانی ) بەرهەمێکی ئەوتۆیان پێشکەشی کاروانی شیعری نوێی کوردی نەکرد و لە کاتێکدا ئەو بزاڤە نوێیە زۆر پێویستی پێیان بوو، هەرکام بە ئاقارێکیتردا ڕۆیشتن و شیعر بووە پاشکۆی چالاکییەکانی تریان..لە بەرەی پاش ئەوانیش چەند کەسیک کە بەرهەمەکانیان لە گۆڤاری سروە و دواتر لە ئاوێنەو یەک-دوو حەفتەنامەی پچڕ پچڕدا ناوبەناو بڵاو دەبۆوە. ئەم بەرەیە زیاتر لەژێر کارتێکردنی شاعیرانی باشووردا بوون.( بەتایبەت شاعیران: شیرکۆ بێکەس، عەبدوڵلا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، و تاڕادەیەک کەمتر ڕەفیق سابیر و ئەنوەر قادر محەمەد). باڵادەست بوونی گوتاری ئەدەبی بەرەنگاری لە باشووردا بەباشی لە شێعری ئەم بەرەیەدا دەبینراو کەمترین گاریگەرێتی شیعری فارسی و شیعری جیهانیان لەسەربوو.))(ئەحمەدی نیا، ٢٠١٦، ٤)

هەر لەبارەی ئەم کاریگەرییەوە (ئەیاز خوون سیاوەشان)، لە بابەتێکدا بەناونیشانی " ئاوڕێک لە ڕەوتی شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)دا، دوای ئەوەی باس لە ڕۆڵی (گۆران) دەکات لە

نوێکردنەوەی شیعری کوردی دا، شاعیرانی دوای ئەو قۆناغەش، بەقوتابی گۆران ناودەبات و دەڵێ: (( دواتر لەلایەن قوتابیانی گۆرانەوە، شیعری نوێی کوردی لە باشووری کوردستان، کاراکتێرو ناسنامەی تایبەتیی خۆی بەدەست هێناو جوگرافیاو سنوورەکانی کوردستانی بەزاند و تاڕادەیەک لە گۆڕەپانی شیعری جیهانیدا، خانوویەکی بچووکی بۆخۆی چێکرد " شێرکۆ بێکەس، ڕەفیق سابیر، ئەنوەر قادر محمەد، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، حەمە عومەر عوسمانو..." ئەو شاعیرانە بوون کە شیعرەکانایان بە چەندین زمانی زیندووی دنیا بڵاوکرانەوە.))( فەللاح، ٢٠١٣، ٢٧٦،٢٧٥)

## ٣- بەیاننامەی گۆڤاری ( پڕۆژە)

گۆڤاری پرۆژە گۆڤارێکی ڕەخنەیی وەرزی بوو، بایەخی سەرەکی بە ڕەخنەو ڕەخنەی وەرگێڕدراوی ئەدەبی دەدا، لەپاڵ ئەمەشدا لەهەر ژمارەیەکیدا دوو بۆ سێ شیعرو چیرۆک و چەند هەواڵێکی هونەری بڵاو دەکرایەوە، بەشی دواوەی گۆڤارەکەش تەرخانکرابوو بۆ بابەتی ئەدەبی بەزمانی عەرەبی. دەستەی بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە بریتیبوون لە( عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، محەمەد ئەمین ئەحمەد، سەلاح حەسەن پاڵەوان، جەلیل زەنگەنە، حەمید ڕێبوار، سەدرەدین عارف). یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە لەساڵی ١٩٩٢ دەرچوو، لەدوای ئەوە تەنها دوو ژمارەی تری لێ دەرچوو، ئەویش بەهۆی خراپی باری داراییەوەبوو. ئامانجی ئەم گۆڤارە وەک خۆیان دەڵێن : (( یەکێک لە ئاواتەکانی پرۆژە ئەوەیە بتوانێت گچکە دەورێک لە بڵاوکردنەوەی مەفهومی دیموکراتی لەنێو ڕەخنەدا ببینێت، دیموکراتییەک هەموولایەک، ڕەخنەگرو نووسەرو خوێنەر هەوڵی بۆبدەن، نەک تەنها لایەنێک لەم سێ لایەنە.))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٢، ٥)

ئەم گۆڤارە لەژمارە (یەک)یدا بەیاننامەیەکی بەناوی " بەیانی ڕەخنەیی -١٩٩٢- پرۆژەیەک بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی ) بڵاوکردەوە، ئیمزاکەرانی ئەم بەیاننامەیە بریتیبوون لە (عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، محەمەد ئەمین ئەحمەد، حەمید ڕێبوار). ڕاستە ئەم بەیاننامەیە لەساڵی ١٩٩٢ دا بڵاو کرایەوە، بەڵام بیرۆکەی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەک خۆشیان دەڵێن: (( ئەم بەیان نامە ڕەخنەییە بارودۆخی ساڵی ١٩٩١-١٩٩٢ درووستی نەکردووە، لەساڵی (١٩٨٧)وە بیرمان لێ کردۆتەوەو تەنانەت لای چەند نووسەر و ڕەخنەگرێکی عەرەب باسمان کردووەو بەشتێکی چاکیان زانیوە. زۆر ڕێزمان بۆ ئەوانە هەیە کە بەگوێرەی توانای خۆیان شتیان لە مەیدانی ڕەخنەدا پێشکەش کردووە))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٢، ٢١)

ئەم بەیاننامەیە، ناوەڕۆکێکی ڕەخنەیی لەخۆ گرتبوو. ڕەخنەگرتن بوو لە ئەدەبی کوردی بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی لە ڕابردوودا، بەلای ئەوانەوە ئەدەبی کوردی لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیادا،زیاتر بایەخی بەناوەوەی دەق داوەو ناوەرۆکی بابەتەکانی ڕووداوە واقیعییەکانی سەردەمەکەبوون و شانبەشان لەگەڵیدا ڕۆیشتووە،ئەمە کاری کردووەتە سەر ڕەخنەش، وەک خۆیان لەبەشی یەکەمی بەیاننامەکەدا دەڵێن: (( بەشێوەیەکی ناهونەری و لە ڕادەبەدەر زۆربەی زۆری

ئەدەبی کوردی لەباری ڕابووردودا بایەخی سەرەکی بەڕووداو داوەو هاوشان بووە لەگەڵیدا، بۆیە ڕەخنەی کوردیش توشی هەمان دەرد بووە و لەژێر کاریگەری ئایدۆلۆجیاو کۆکردنەوەی شتی واقعیدا هەناسەی کێشاوە، چونکە لەوسەردەمەدا بۆ پێناسەی ئەدەب بە تایبەتی ( ڕەخنە) بەشێوەیەکی تەسک و ناڕێک چوون. هەوڵیانداوە زیاتر لە واقیعی ڕووتی نزیک بکەنەوە. واقیعییەتیش چەندێ بەهۆی نەزانەوە زیانی بە ئەدەبی کوردی گەیاندبێ ئەوەندەش توشی جەور و ستەمی کۆلکە ئەدیب بووە بۆیە دەسەڵاتی ئایدۆلۆجیا بەرفراوانبووە، ئاشکرایشە ئایدۆلۆجیا یەک تایە(احادی)ییە واتا بایەخ بەیەک لایەنی ئەدەب ئەدات ئەویش ناوەڕۆکە.))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٢، ٩)

ئەمان چالاکبوونی ڕەخنە دەبەستنەوە بەئەدەبەوە،ئەڵێن ئەگەر ئەدەب کەوتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆجیاوە، ئەوسا ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی نابینێت و ئەرکی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و نەتەوایەتی دەگرێتە خۆی. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەخنە دەبێت،((ڕەخنە چاپووک ئەبێت ئەگەر دەقی ئەدەبی چاپووک بێت و دەقی ڕەخنە سستی تێ ئەکەوێت ئەگەر دەقی ئەدەبی سست بێت.))(نووسەرانی بەیاننامەکە،١٩٩٢، ١). بۆیە ئەمان هۆکاری سستی ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕابردوودا دەگێڕنەوە بۆ ئەو دەسەڵاتە بەرفراوانەی کە ئایدۆلۆجیا بەسەر ئەدەبی کوردیدا هەیبووە، ئەمەش وایکردووە، ڕەخنەی نابەجێی کۆمەڵایتی و ڕامیاری دوور لە ئەدەب بێنە کایەوە. ڕەخنەگریش ڕۆڵی چاودێر دەبینێت نەک لێکۆڵەر( کاشف) بۆ دۆزینەوەی شتە شاراوەکانی ناو دەق، ئەمەش وا لە ڕەخنەگر دەکات نەچێتە ناو قوڵایی دەقەکەوەو تەنها لەڕووکەش (سطح)ی دەق بڕوانێت، لێرەدا نووسەر(( پرسیاری ئامادە (جاهز) لەلای درووست بووە کە هەموویان لەدەرەوەی دەقدا لەدایک بوون، وەک ئەوەی: ئەم نووسەرە بۆچی بیری نەتەوایەتی لا بەدی ناکرێت یا بۆچی فلاَن نووسەر لەسەر هێڵی بیری چینایەتی نییە؟ ئەگەر ئەم پرسیارانە وەڵامی لای نووسەر نەدۆزرێتەوە ئەوە ئەو نووسینە هیچەو بە پێچەوانەشەوە ئەگەر وەڵامی پرسیارەکان دەست کەوت ئەوە ئەوە نووسینەکە سەرکەوتووە، ئەم پرسیارانەش ئیفرازاتی بیری دوور لەدەقی ڕەخنەگرە نەک ئیفرازاتی دەق))(پڕۆژە، ١٩٩٢،١٠). بەو واتایەی درووستبوونی پرسیارەکان، دەرهاویشتەی ئەو بیرە ئایدۆلۆجییەن کە ڕەخنەگر لەژێر کاریگەریدایەتی، نەک ئەوەی لە خودی دەقەکەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا، باس لەوە دەکەن کە ئەدەبی کوردی لەڕابردوومان خاڵییە لەڕەخنە، ئەدەبیش بەبێ ڕەخنە نابێ، بەتایبەتیش لە ئەمڕۆدا کە ئەدەب لەگۆڕان و نوێبوونەوە دایە، چییکەین بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بدۆزینەوە تا سەرەتایەکی نوێترو باشتر بۆ رەخنەی کوردی درووست بکەین(( ئەدەب، وەکو لقێک لە لقەکانی ڕۆشنبیری گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە، دیاردەکانی ئەمڕۆش بە ڕؤیای ڕەخنەی دوێنێ چارەسەر ناکرێت. بیروبۆچوونمان بۆ ئەدەب زانستیانە ترە هەندێ قەناعەتی ڕەخنەیی پێشوومان هەڵتەکاوە ، تێ ئەکۆشین لە دەروازەیەکی فراوان و لە پەنجەرەیەکی ڕوونترەوە تەماشای ئەدەب و ڕەخنە بکەین))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٢، ١٥). ئەوان

دەڵێن کە ئەدەبی ڕابردوومان خاڵی بێت لەئەدەب، ئیتر چۆن بۆدواوە بگەڕێنەوە، لەکاتێکدا نووسەرانی پێشینانمان سودیان لە رەخنەی ڕەوانبێژی عەرەب و فارس لە کۆندا بینیوە، لە هەمان کاتدا ڕەخنەشیان لەژێر کارتێکردنی ئەواندا نەنووسیوەو هەرکاتێکیش شیعریان نووسیبێت ڕەخنەو بۆچوونی عەرەب و فارسیان هێناوەتە پێشچاوی خۆیان، بۆیە ڕەخنەی دەوڵەمەندی عەرەبیش، لە ئەمڕۆدا دادمان نادا، کەواتە(( چی تر؟ پەنا ببەینە بەر ڕۆشنبیری ڕەخنەی ئەوروپی؟ ئەمە ئەشێت بە مەرجێک ئاگامان لە ئاستی ڕۆشنبیری و باری کۆمەڵایەتیمان بێت. سوودوەرگرتن لە ڕەخنەی ئەوروپی دوور لە گواستنەوەی وشە بە وشەو فۆتۆکۆپی کردن، شتێکی گونجاوە. لەبەر ئەوەی ئەمانەوێ لە دامەزراندنی سەرەتایەکی باشترو نوێتر بۆ ڕەخنەی کوردی بەشداربین ئەوە خۆمان بە بەرپرسیار ئەزانین بەرانبەر هەموو هەوڵێک و شتێک دەستی بۆ ئەبەین.))(نووسەرانی بەیاننامەکە. ١٩٩٢، ١٦)

لێرەدا نووسەرانی ئەم بەیاننامەیە، دەیانەوێت ئەوە بگەیەنن، کە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لەڕووی ڕەخنە ییەوە، لەکۆنەوە تا پێش ئەمانیش هیچ نەکراوە و ئەدەب خاڵی بووە لەڕەخنە، پیش ئەمان هیج گرنگییەک بە رەخنە نەدراوە، بۆیە ئەمان بانگەوازی ئەوە دەکەن ، کە دەیانەوێ سەرەتایەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی کوردی درووست بکەن و هەموو بەرپەسیارێتییەکیش هەڵبگرن. بۆ ئەم مەبەستەش لە خوێندنەوەو هەڵسەنگاندی دەقدا،بایەخ بەدوو شت دەدەن:-

یەکەمیان (نرخاندنی دەق)ەو دووەمیشیان (بنیادگەری)یە ،((بنیادگەری و نرخاندنی دەق دووشتی نەگونجاون لەگەڵ یەکدا، بەڵام پەیداکردنی گونجان لەنێوان ئەم دوانەیەدا ( الثنائية) لەپێناوی گچکە هەوڵێکایە بۆ سەرەتایەکی نوێ و پتەو و گفتاری ڕەخنەی کوردی. (دەق دڵی خوێندنەوەیە. ناوەوەی دەق. دەق، دیسانەوە دەق. لەناوەوەی دەقەوە بەرەو دەرەوە. دەق..دەق، بەرەو دەقێکی کراوە.))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٢، ٢١)

ئەم بەیاننامەیە جیاواز لە بەیاننامە ئەدەبییەکانیتر بەتایبەت بەیاننامەی (ڕوانگە) و (کەرکوک- کفری ) بەیاننامەیەکی ڕەخنەییە، بانەگەوازی ئەوە دەکەن، کە ئەدەب گۆڕانکاری بەسەر هاتووە قۆناغەکانی پێش خۆی بڕیوە، بۆیە پێوستە ڕەخنەش هاوشانی ئەدەب بەرەو نوێگەری هەنگاوبنێت و پشت بە میتۆدە ڕەخنەییەکان ببەسترێت،((ئەم گۆڤارە تایبەت بوو بە ڕەخنەی ئەدەبی، بۆئەمەیش تەواوی ڕەچاوی بنەماکانی میتۆدی بونیادگەریان بۆ توێژینەوە لەدەقی کوردی دەکرد....هەرچەندە بە شێوەیەکی پراکتیکی شێوازی کارکردنی ئەم نووسەرانە پێشتر تاقیکرابوویەوە، بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی درێژەی پێ بدەن و تەواوی بکەن.))(مەنتک، ٢٠١٨، ٢٤٨). ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نووسەرانی ئەم بەیاننامەیە خۆیان ڕەخنەگر بوون لەبواری ڕەخنەییدا کاریان دەکرد، بەتایبەت (عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی). دیارە لە هەموو بەیاننامەیەکدا کەسێکی سەرەکی هەیەو وەک چۆن لە بەیانامەی (ڕوانگە)دا شێرکۆ بێکەس و لە بەیاننامەکەی (کەرکوک- کفری) دا لەتیف هەڵمەت بوون،

لەم بەیانامەیەشدا عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی کەسی یەکەم بوو، کە ڕەخنەگرێکی دیار و بەرچاوی قۆناغی حەفتاکان و هەشتاکان و دوای ڕاپەڕین و ئێستاشە. بەو مانایەی، کە تەنها ڕەخنەگرێکی ئاسایی نەبوو، ڕەخنەگرێک بوو کە خاوەن ڕوئیای ڕەخنەیی بوو لەبواری ڕەخنەییدا پشتی بە میتۆدی ڕەخنەیی دەبەست. لەم بارەیەوە لەتیف هەڵمەت دەڵێ: ((عبدالله تاهیر بەرزنجی، کە ڕابەری بەکارهێنانی هەموو زاراوە نوێیە وێژەییەکانە، لە ڕووبەری ڕۆشنبیری کوردی داو زۆربەی زاراوە ئەدەبی و ڕەخنەییە نوێکانی ئەوروپا لەلایەن(عبدالله تاهیر بەرزنجی)یەوە بۆ یەکەمجار بۆناو ئەدەب و ڕەخنەی کوردی گوێزرایەوە...))( هەڵمەت، ٢٠٠٥، ١٨٤)

بۆیە(عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی)، لە وەڵامی ئەم پرسیارەی بەرنامەی ( وێنگە)دا، کاتێک پرسیاری ئەوەی لێدەکەن : ئەو بنەماو پێوەرانە چین، کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پێ دەناسرێتەوە؟

دەڵێ: (( زۆربەی زۆری ئەو وتارانەی کە دەنووسرێن لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا زۆر سەرپێیانەیە، ئەڵبەت ناڵێم هەمووی، بەڵام زۆریان بەم شێوەیەن. بەجۆرێک کە ڕەخنەگر تەنها بۆچوون و لێکدانەوەی خۆیەتی بەرامبەر بەو دەقەی هەڵسەنگاندنی بۆکردووە، ڕەنگە ئەو دەقە دەورێکی باشیش نەبێت، بەڵام کاریگەری لەسەر ڕەخنگەر هەبووە، بۆیە بە پێی تێڕوانینی خۆی کاری لەسەر ئەو دەقە کردووە. بێگومان دەقی ڕەخنەیی یان نووسینی ڕەخنەیی توانای ئەوێ، ئەبێ باگراوندێکی ڕۆشنبیری تەواوی هەبێت و شارەزای مەنهەجی نەقدی بێت. بۆیە لای ئێمە هەر لە سەرەتاوە بە (انطباع) هاتووە، دەتوانم بڵێم لە حەفتاکان و هەشتاکان و دوای نەوەدەکانیش، ئێمە بەدوای ئەوەدا گەڕاوین کە چ جۆرە مەنهەجێک بەکاربهێنین تا رەخنەی کوردی پێشبکەوێت، چۆن ئاگامان لەو مەنهەجانە بێت. کە بەڕای ئێمە ئەمە گرنگە بۆ نووسینی ڕەخنەیی.))( بەرزنجی، ٢٠٢٢، online)

هەروەک چۆن لە دەقی بەیاننامەکەیاندا هاتووە، کە دەڵێن ئەدەبی کوردیمان خاڵییە لە ڕەخنە، ئەگەر هەشبوویێت، یان پیاهەڵدان و وەسفی دەقەکە بووە یان ڕووخاندنی بووە زەربێکی پیاهاتووە،((مامەڵەکردنی ڕەخنەگر لەگەڵ دەرەوەی دەقدا بووە پرسیاری ئاراستەی ناوەوەی دەق نەکردووە بۆیە ڕەخنە نەبۆتە هۆ بۆ لەدایکبوونی پرسیارێک لە خوێندنەوەیەکی قووڵی نزیک بکاتەوە، بۆکردنەوەی ئەو بورغ و کەرەستانەی کە پەیوەندی گشتی دەقەکە پێکدێنێت—ڕەخنەی کوردی نووسەری پێش دەق خستووە و فرێی داوەتە ژێر چاودێرییەوە بایەخی بە دەق و خوێنەر، دەق و خوێندنەوە نەداوەو دوور لە دەق و خوێندنەوەی دەق حوکمی بەسەرا داوە))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٢، ١١). لێرەدا ئەمان ئاماژەیان بە سێ تەوەرەکەی ڕەخنە( نووسەر، دەق، خوێنەر) داوە، کە لە بەیاننامەی (ڕوانگەو کفری) دا بوونی نەبووە.

هەر لەم بارەیەشەوە (عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی)، لە وەڵامی پرسارێکیتری (وێنگە)دا، کاتێک لەیی دەپرسن: تاچەند لەگەڵ ئەو قسەیەدایت، کە ئەڵێ: ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دووئاستی هەیە، یان ئەوەتا پیاهەڵدانو ڕووخاندنییەتی یاخود ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمان هەر نییە؟

دەڵێت: ((ئێمە لە ڕەخنەی کوردیدا بە هەردوو جۆرەکەیدا تێپەڕ بووین و هەردوو جۆرەکیشمان هەیە. کاتێک کەسێک لەسەر کەسێک ئەنووسێ و ئەیناسی، ئەزانی کە ئەمە مجامەلەیە یاخود دژایەتی حەزی لێناکا، بەداخەوە ئەمە زۆر خراپەو بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕەخنەی کوردی بەوشێوەیە نەیەتە پێشەوە کە پێویستە، بەڵام من ئەوە زۆر بەڕاست نابینم کە بڵێن، ڕەخنەی کوردی ئێستەیش هەر لەسەر ئەو خەتە یاخود ئەو ئاراستەیە ئەڕوات..ڕ ەخنەگرمان هەیە دوورکەوتوونەتەوە لەو بابەتە، ڕەخنەگرمان هەیە پەنای بۆ مەنهەج بردووە و باگراوندێکی ڕۆشنبیری تەواوی هەیە و ئەیەوێ کە دەقێک ئەخوێنێتەوە پشت بە مەنهەجێک ببەستێت.))(بەرزنجی،٢٠٢٢، online)

بێگومان ئەم بەیاننامەیەش کاریگەری خۆی بەسەر ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەبووە، لەدوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەکەوە کۆمەڵێک نووسەر هەن، کە لەژێر گاریگەری ئەم بەیاننامەیەدا هەڵسەنگاندیان بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی؛ بۆ دەقی ئەدەبی کردووە. لێرەدا چەند نموونەیەک دەخەینەڕوو.

یەکێک لەو ڕەخنەگرانەی کە لە ژێر تیشکی ئەم بۆچوونە ڕەخنەییدا کاریکردووە ( ئەندازیار ڕزگار ساڵح)ە، کە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری پرۆژەدا، هەڵسەنگاندنی بۆ هۆنراوەی ( پایزی دەریا)ی (محەمەد عومەر عوسمان) کردووە. بەلای نووسەرەوە، دەقی ئەدەبیی ڕەسەن ئەو دەقەیە، کە دووربێت لە هەموو سیمایەکی ( کۆمەڵایەتی، ڕامیاری، مێژوویی، لۆژیکی). بۆیە لەم بارەیەوە دەڵێ: (( کە شیعرێکی ڕەسەن دەخولقێت بە ئاستە شاوڵییەکانی جیهانی خەیاڵدا گوزەر ئەکات و بەرەو قوڵڵایی و بەرەو بەرزی ئەچێت و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان و دەلالەتە نوێکان و تازەکاری ئەبینێتەوە.. واقیعێکی شاوڵی کە لە ڕواڵەتدا هیچ سیمایەکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و مێژوویی و لۆژیکی واقیعە ئاسۆییەکەی جیهانی شاعیری تێدا بەدی ناکرێ..بەڵام خەیاڵی شاعیر سیماو ڕواڵەتی بەرجەستەیی و دیاردەی کاریگەرو زیندووی لێ ئەخولقێنێ ...ڕابردووە تێک شکاو و سەرکوت کراوەکان ..ئامادە ئەکاتەوەو داهاتوویەکی تەمومژاوی و(سەیر!) بە پێشبینییەکی شاعیرانەوە بەدی و ئاشکرا ئەکات))(ساڵح ، ١٩٩٢، ٧)

بە تێڕوانینی نووسەر، ئەم دەقەی (محەمەد عومەر) دەقێکە، کە دەتوانێت خوێنەر بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت و لە واقیعیکی سواو و دووبارە دووری بخاتەوەو؛ بەواقیعێکی تازەی ئاشنا بکات. چونکە وشە فەرهەنگییەکانی ناو ئەم دەقە سرووشت و پێکهاتەی جیاواز لەخۆ دەگرن، بەهەر جارێک لەخوێندنەوەیان لەلایەن خوێنەرەوە بەها و نرخی زیاتر وەردەگرن، هەروەک خۆشی دەڵی: ((پایزی دەریا هەوڵێکە بۆ پەلکێشکردنی مرۆڤی ئەمڕۆی تۆراوی پەژموردە لە واقیعە سواوە دژوارە بەدەکەیەوە بەرەو واقیعێکی نوێی تازە شوێن و کات..(محمد عمر) وەک هەموو مرۆڤێک خەون ئەبینێ.. بەڵام خەونێکە شاعیرانە.. خەونێکی مێژووی..(خەونێکی پایزانە!). دنیا پایزە..ڕەنگە پایزانەیە.. شتی پایز لێ دراو.. پایزە بوون..پایز لێ هاتن.. ئەمانەو زۆری تر کە فەرهەنگیانە لە ژمارە دێن.. بەڵام

ئایا ئەم وشە دەربڕینە فەرهەنگییانە کە هەمان سرووشت و پێکهاتنیان هەیە ٠محمد عمر)یان دیل و کۆت کردووە؟!.. وێنەکان ..ڕوداوەکان هەر یەکێکن؟! نەخێر لای (محمد عمر) ئەو وشەو دەربڕینانە هێشتا نەگەیشتوونەتە نرخی زاتی و کۆتاییان و هەرجارەی بارگەهای ناوەکی هەڵچوونیان بەخشیوەتە ئاوەزاو دوا ئاوەزای شاعیرو کاریگەریی وەڵام دانەوەی نوێیان داوەتە شیعرەکانی.. باشترین گەواهی ئەم بڕیارەم ( پایزی دەریا)یە..))(ساڵح، ١٩٩٢، ٧)

یەکێکیتر لەو ڕەخنەگرانەی، بەپێ بنەما ڕەخنەییەکانی بەیاننامەی پرۆژە هەڵسانگاندنی کردووە، ( سابیر ڕەشید)ە ،کە لەژێر ناونیشانی (جوانکاری دۆزینەوەی شوێن لە بەردی سەبردا)، هەڵسەنگاندنی بۆ چیرۆکی (بێ خرەی ڕوخانە گەرمیان هەڵناکات)ی (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)کردووە، نووسەر هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە چیرۆکنووس لە م چیرۆکەدا بەشێوەیەکی جیاواز بایەخی بە شوێن داوە، چونکە بەلای ڕەخنەگرەوە(( شوین ئەو قەوارە ماددییەیە کە بەشێکی گرنگ لە لە مێژووی تایبەتی هەر کردارێکی ئەدەبی پێک دەهێنێ کە هیچ کارێکی هونەری بەبێ ئەم سیفەتی هونەری پێ نابەخشرێ، چونکە شوێن لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبیدا بەم شتە دادەنرێ کە ڕوودەدات وە کاتی بەسەردا ڕەت دەبێ هەرچەندە شوێن بایەخی تەواو نابیت ئەگەر کەسایەتی و ڕووداو و ئسلوبی لە تەکدا نەبێت، ڕێگای هونەری قوڵایی شوێنمان بۆ دەدۆزیتەوە بۆیە شوێن و کات بە بەردی بناغە دادەنرێت بۆ چیرۆک هەر بۆیەش بە ناسنامەی میللەت حیساب دەکرێ، چونکە جێگایەکی لا گرنگی لە دەستنیشانکردنی و ناسینەوەی مۆرکی تایبەتی چیرۆک هەیە. لەم ساڵەنەی دوا دوایدا جموجۆڵیک باشی چیرۆکنووسانی کورد بەدی دەکرێ کە شانبەشانی تەکنیک بایەخ بەشوێن دەدەن ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە چونکە ڕەسەنایەتی چیرۆکی کوردی دەپارێزێ لە بەرهەمی میللەتانی دی جیادەکاتەوەو پێشی دەناسرێ.))(ڕەشید، ١٩٩٢، ٢٨). بۆیە بەلای نووسەرەوە چیرۆکی( بێ خرەی ڕوخانە گەرمییان هەڵناکات)، هەڵگری ئەو تایبەتمەندییەیە کە بایەخ بەشوێن و کات دەدات. هەروەک خۆشی دەڵێ: ((یەکێک لەم بەرهەمەی کە شایەدی ئەوەمان بۆ دەدات و بایەخ بەم لایەنە دەدات و بەهۆشمەندییەوە دەستنیشانی شوناسنامەی شوین و کاتی کوردیمان بۆ دەکات. چیرۆکێکی برای چیرۆک نووس ( ئەحمەد محمەد ئیسماعیل)ە.))( ڕەشید، ١٩٩٢، ٢٨)

لەبارەی دۆخی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە لە ئێستادا، هەندێک لە ڕەخنەگران وای دەبینن، کە هێشتا ڕەخنەی ئەدەبی کوردی گیرۆدەی دەستی زۆرێک لەو ڕەخنەگرانەیە، کە خودیانە نەک بابەتیانە هەلسەنگاندن بۆ دەقی ئەدەبی دەکەن، پشت بە هیچ پێوەرو بنەمایەکی زانستی ئەکادیمی نابەستن، بەڵکو لەسەر بنەمای ئارەزوو و دۆستایەتی دوژمنایەتی لە دەق دەکۆڵنەوەو هەڵی دەسەنگێنن.(( بەبڕوای من ئێمە وەک کورد خاوەنی چەند دانەیەک لەم ڕەخنەکارانەین، کە دەتوانن زانستیانەو ئەدەبییانە دەق هەڵبسەنگێنن و خوێندنەوە بۆ دەقی ئەدەبی بەپێوەری ئەدەبیانە بکەن، کە

مایەی دەستخۆشی و دڵخۆشین و لە ڕابردووشدا جێدەست و کاری ئەمانە بەرچاوە. بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانییە، هەندێک بەناو نووسەر و کۆلکە خوێندەوار دەستیان داوەتە جۆرێک لە نووسین بەناوی ڕەخنەوە ئەوەی دەینووسن جگە لە سووکایەتی و بێڕیزیکردن بە نووسەر هیچی تر نییەنووسینەکانیان لەبری دەق قسەکردنە لە سەر کەسایەتی نووسەر و لەبری کاری ڕەخنەدۆزی پڕە لە تۆمەتبەخشینەوە، کە ئەم جۆرە لە نووسین نەک ناتوانێت سوودی بۆ پێشخستنی بواری ئەدەب و ڕۆشنبیری هەبێت، بەڵکو هۆکارێکیشە بۆ لەکەدارکردنی کەسایەتی نووسەر و ئەدیبان و سەرەنجامیش جگە لە خۆناشیرینکردن و بێڕێزیی کۆمەڵایەتی ناتوانێت هیچی تر بەرهەم بهێنێت.)(سدیق، ٢٠٢٢، ٧، ٨)

## ٤– بەیاننامەی گرووپی( وێران)

. لەجیهاندا، بەتایبەت لەسەردەمی مۆدیرنیزم و دوای مۆدێرنیزمیش،هەر گرووپ و بزوتنەوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری سەریهەڵدابێت، پێویستی بەوەبووە کە، کەرەستەیەکی وەک (ڕۆژنامە، گۆڤار، نامیلکە...هتد) هەبێت بۆ گەیاندنی ئەو مەبەست وپەیامەی کە هەڵگری بووە، تا ببێتە زمانحاڵی گرووپ یاخود بزوتنەوەکەیان. گرووپی وێرانیش لەسەرەتای دامەزراندنییەوە و لە ساڵی ١٩٩٤ دا گۆڤارێکی بە ناوی (وێران) دامەزراند، کە (٥) ژمارەی لێ دەرچوو، دواتر بەهۆی هۆکاری جیاجیاوە گۆڤارەکە وەستا. لە ژمارە یەکی ئەو گۆڤارەشدا، بەیاننامەی ئەدەبی خۆیان بەناونیشانی(وێران) بڵاو کردوەوەو کردیانە دەستپێکی گۆڤارەکەیان.

لە دەستپێکی بەیاننامەکەدا، جەخت لە بیروڕای جیاواز و یەکتر قبوولکردن دەکەنەوە، دەڵێن کە بانگەوازەکەیان، بۆ خۆڕوونکردنەوەیانە بۆ ڕای گشتی، تاکو ببێتە هێڵێکی ئاشکرا لە پێناو تێکۆشان بۆ ئازادی مرۆڤی کورد، نەک ئەوەی تەنیا لە پێناو بەرژەوەندی کۆمەڵێکدا بێت، بۆیە داوا لە هەموو لایەک دەکەن، کە بە ڕێزگرتن لەم بیروباوەڕەیان بەدەم بانگەوازەکەوە بێن. چونکە ئەم سەدەیە کە سەدەی بیستویەکە، سەدەی باوەڕهێنانە بە ئازادی تاک و ڕێزگرتن لەڕای بەرانبەر. بۆیە بەپێویستی دەزانن، کە مرۆڤی کورد لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو ئازادییەدا، دەستبکاتە ملی ئەم سەدەیە. ((با ئەم دێرانە ببنە خۆڕووونکردنەوەیەک، بەڵام بێ ئەوەی خۆمان لە نێوانیاندا نقوم بکەین، بەڵکو ببنە هێڵێکی ئاشکرا؛ ئەوە ڕابگەیەنن کە مرۆڤی کورد پێوستە دەست بکاتە ملی سەدەی بیست ویەکەم؛ ئازادانە بروامان بە ئازادی ئەوەی تر هەبێت)(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٤، ١)

ئەم گرووپە هەڵگری درووشمێکی تایبەت بەخۆیان بوون، کە لە بەرگی یەکەمی ژمارە (١)ی گۆڤارەکەدا نووسیویانە " پێویستە تا ئەوپەڕی نوێخوازبین، لەنوێکردنەوەشدا بەشێوەیەکی ڕەها ئازادبین " چونکە بانگەوازی نوێخوازییەکیان دەکرد کە لەپێش ئەمانەوە نەکرابێت، لەو نوێکردنەوەیەشدا ئازادییەکی بێسنووریان دەویست، کە بەبڕوای ئەوان نوێبوونەوەیەک بەو ئازادییە ڕەهایەو لەو بارودۆخە نالەبارە (سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابوریی)یەدا بوێری دەوێ، هەر لەبەر

ئەمەش ناوی (وێران) یان لەخۆیان نا. لەبارەی ماناو مەبەستی وشەکەوە، وەک لەبەشیکی بەیاننامەکەدا هاتووە دەڵین: ((وشەی وێرانمان لە سێ کانییەوە هەڵێنجاندووە: ١–ئەو وێرانە ماددی و ڕوحییەی کە ئەمڕۆ کوردستان تێیدا دەژی. ٢– پێویستیی وێرانکردنی ئەو کۆشکە ڕزیوە مقەببیانەی کە لەسەر ئەم وێرانەیەدا هەڵچنراون. ٣– ئەم وێرانکردنەش وێرانی دەوێ، وێرانی داهێنان.))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٤، ١)

لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەوان کۆمەڵێک دەنگی جۆراوجۆرن، لەبنەڕەتدا نەهاودەنگن و نە لە شێوازیشدا لەیەک دەچن، بەڵکو ئەوەی کۆیکردونەتەوە و بۆتە خاڵی هاوبەشی نێوانیان، خەونی لە مێژینەیانە بۆ ئازادکرنی خۆیان و خولیای داهێنانیان. خەونی داهێنان و خۆئازادکرنیشیان لە سەردەمی نوێدا، بە تەکنیک و شێوازی کۆن و کەرەستەو ئامرازی بەسەرچوو نایاتەدی، بۆیەپێوستە بەڕێگایەکدا بڕۆن، کەپێش ئەمان کەسیتر بەسەریدا نەڕۆیشتبێت. ((ئێمە ئەگەر چی لە هەندێ باردا دەگەینەوە یەک، بەڵام بازنەیەکی داخراو نین، هاودەنگ و هاوشێواز نین، لە یەک سەرچاوەشەوە پێنەگەیشتووین، چەند دەنگێکی جۆراوجۆرین، گردبوونەوەمان لە پێناو ئەوەدایە، کە پەرتەوازەییمان لە توێی ئەم پڕۆژەیەدا کۆبکەینەوە: چونکە ڕاپەڕاندنی ئەم پڕۆژەیە خەونی دێرینمان بووە. ئێمە لەسەردەمێکی نوێدا دەژین، مرۆڤی نوێین، هەست بەپێویستی ئازادکردنی خۆمان دەکەین، کە خولیای داهێنانین، ناتوانین بەو ئامراز و تەکنیک و شێواز و کەرەستە و فۆڕمە کۆنانە باس لە خۆمان بکەین. ئەو ڕێگایانەی کە ئێمە بەسەریاندا دەڕۆین هێشتا نەدۆزراونەتەوە، پاش ئێمەش لەوانەیە بسڕێنەوە.))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٤، ١)

ئەوان کۆمەڵێ ڕۆشنبیر بوون، کە پێشتر بە پەرتەوازەیی و لەشوێنی جیاوازو بەشێوازی جیاواز کاریان دەکرد، بەڵام " وێران " پڕۆژەیەک بوو بۆ کۆکردنەوە و یەکخستنی ئەو دەنگە جیاوازانەی باوەڕیان بە ئازادیی و بوێری هەبوو ، بە تایبەت لەنێوان نووسەرانی ( ئەوروپاو کوردستان)دا، بیرۆکەی ئەم پڕۆژەیەش لەلایەن " فەرهاد پیربال " ەوە بوو. لەم بارەیەوە (زانا خەلیل) دەڵێ: (( وێران گرووپ نەبوو؛ هەوڵیکی (فەرهاد پیربال)بوو ، بە دەرکردنی گۆڤاری وێران توانی ئەو دەنگانە کۆبکاتەوە کە باوەڕیان بەئازادیی و بوێریی و نوێگەریی بوو، یا هەندێ کەسیتر کە کەوتنە ژێر کاریگەری وێران و خۆیان لە گەڵیدا گونجاند، جا بەهەر هۆکارێک بووبێ.))( خەلیل، ٢٠٢٢ ، چاوپێکەوتن)

ئەوان بەو بڕوایە گەیشتبوون، کە ئەدەبی کۆن چیتر لەتوانایدا نەماوە؛ ئەرکی ئەدەبیی خۆی بەجێبهێنێ، ئەرکی ئەدەب ئەوەیە: بیری نوێ لەخۆبگرێ، چێژبەخش بێ ،بەرهەمی نوێ پێشکەش بکات، بەڵام ئەدەبی کۆن ئەم توانایەی نەماوە، وەکو گۆمێکی مەنگ لیڵ بۆگەن بووە،هەر ئەمەش وایکردووە خوێنەر ڕقی لە شیعر بێتەوە ولێی ڕابکا. ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، کە وەلابنرێ و چیتر ڕەوایی پێنەدرێ، بۆیە دەڵێن : ((ئێمە چیتر نامانەوێ لە کابووسی ئەو سیستەمە تاریک و داڕزیوەدا بمێنینەوە، کە ئیدی لە توانایدا نەماوە هیچ چێژ و بیر و بەرهەمێکی تازە بنیات بنێ؛ ئەو سیستەمە

گشتییەی کە هیچ لۆژیک و ئاوەزێک چیتر ڕەوایی بە مانەوە نادات. ئێمە خولیای ئەو هێزە شاراوانەین، لە هۆشیاری و ناهۆشیاریماندا، لە ناوەوەو دەرەوەماندا، کە دەتوانن ڕۆح و بیرمان، لە ئاکامدا داهێنانمان، ڕووناکتر بکەن))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٤، ٢)

.

هەر لەبارەی ئەم تێڕوانینەی گرووپی ( وێران)ەوە سەبارەت بە ئەدەبی کۆن(زاهیر ئیسماعیل سەعید) لەنامەی ماستەرەکەیدا، بەناونیشانی ( ڕۆڵی گرووپی نوێخوازی " وێران " لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا)، دەڵێ: ( ئایا ئەدەبی کۆن مەترسییە بۆ سەر  ئەدەبی نوێ؟ یان هەموو ئەدەبێکی کۆن بێ بایەخە؟ بەپێچەوانەو هەموو ئەدەبێکی کۆن بناغەیەکە بۆ لەدایکبوونی ئەدەبی دوای خۆی. هەر خۆشیان لە لاپەڕە (٧)ی ژمارە(٢)ی وێراندا ئاماژەیان بە درەختی " شیعری کوردی " کردووە، کە ڕەگ و ڕیشەی کلاسیکەو قەدەکەی گۆران و هاوسەردەمەکانییەتی، پاشان شیعری ئازاد، کەواتە ڕەگ و ڕیشەی ئەدەبی ئەم گرووپەش لە کلاسیکەوە سەرچاوەی گرتووە.))( سەعید، ٢٠١٤، ٢٤)

بەشێکی تری ئەم بەیاننامەیە، ناڕازیبوون و هەڵوێستوەرگرتنێکی تووند بوو، دژی ئەو بارودۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەی بەرۆکی کوردستانی گرتبۆوە، چونکە ئەو بارودۆخەی کە " وێران " تیایدا سەریهەڵدا، سەرەتای ململانێیەکی توندی سیاسی بوو، کە دواتر شەڕی ناوخۆی لێکەوتەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی نەرێنی زۆری کردە سەر بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردی لەم هەرێمەدا. بۆیە دەڵێن: ((ئێمە خاوەنی وڵاتی وێرانین، ئەخلاقی وێران، مێژووی وێران، چێژی وێران، ئەدەبیاتی وێران، وێرانگەو وێرانکار، لە ناو دڵی وێراندا، بوێرانە دەمانەوێ بوێربین ئەم وێرانەیە وێران بکەین و ڕابگەیەنین، کە نوێکردنەوەو بنیاتنانەوە لە وێرانی گووتنی شتی تازەوە، لە وێرانی شتی تازەوە، لە وێرانی کردنی شتی نوێوە دێتە ئارا، پێویستە بوێربین شتەکان وێران بکەین و سەرلەنوێ جیهانێکی تازەی وێراو

درووستبکەین؛ ئەمەش لەپێناو: ئاینێکی تازە بۆ لەش

خاپوورکردنی شەنگەستە کۆنینیەکانی ئایندە.

لە پێناو تازەگەرێتی لە شیعرو چیرۆک وداهێنانی

ڕۆمانێکی تازەی هونەری هاوچەرخ؛ باڵابوونی بیری ڕەچەشکێن و گەیشتن بە شارستانیەتی هاوچەرخی جیهانی.

لە پێناو ئەوەی کە خەڵک چیتر ڕقی لە شیعر نەبێتەوە.

لە پێناو جوانییەکانی ئەودیو.

لە پێناو دنیاخوازی، لە پێناو ساتەکانمان، شوێنەکانمان...

لە پێناو هەموو ئە جوانییانەی کە هەن و لە وەهمی ڕکێفکردن و پێگەیشتنیاندا دەژین؛ لە پێناو کردنەوەی هەموو دەرگا داخراوەکان، ڕووخاندنی هەموو دیوارە ئەستوورەکان بە مەبەستی گەیشتن بە دوا پلەی بوون.

لە پێناو داماڵینی دەمامکەکان!

لە پێناو بە حەڵاڵکردنی سێو!

(( ڕزگار عەبدوڵلا، هاشم سەڕاج، ع.ع. یووسف، دڵشاد عەبدوڵلا، نامیق عەلی قادر، عەتا قەرەداغی، سەلاح عومەر، ئازاد حەمەشەریف، فەرهاد پیربال))( نووسەرانی بەیاننامەکە، ١٩٩٤، ٩). ئەمانە واژۆکەرانی بەیاننامەکە بوون، کە لە کۆمەڵیک شاعیرو چیرۆکنووس پێکهاتبوون، جگە لە( عەتا قەرەداغی) کە ڕەخنەگرێکی دیاری ئەوکاتە بوو.

ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە، بە تەنها بانگەوازێک نەبوو بۆ گۆڕانکاری و نوێخوازی لە بواری ئەدەبدا، بەڵکو ئەوان داوای گۆڕانکاری ڕیشەییان لە گشت بوارەکانی تری ژیاندا دەکرد. ڕاستە(( گروپی (وێران)لە بنچینەدا گرووپێکی ئەدەبی بوو، کە هەوڵی دەدا سنوورو چوارچێوەی پێش خۆیان تێکبشکێنن، لەگەڵ شکاندن و بەزاندنی سنووری ئەدەبی پێش خۆشیان، هزری نوێخوازیان بەسەر بوارەکانیتری وەک( کۆمەلایەتی، سیاسی، ئاینی، فەلسەفی..)دا دەسەپاند؛ چونکە دەڵین: گۆڕانکاری لە ئەدەب و شیعردا ڕوونادات، تاکو لە گشت بوارەکانیتردا ڕوونەدات و چێژی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە نەگۆڕێت و داهێنانی ئیستاتیکی نوێی ئەدەبی بە گۆڕانی ڕیشەیی لە گشت ئەو بوارانەدا دێتەدی.))( زەیاب، ٢٠٠٥، ٦٤). بۆیە لەڕووی ڕەخنەییەوە، ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ئەم بەیاننامەیە دەکران تەنها ڕەخنەی ئەدەبی نەبوون، بەڵکو لەلایەن کەسانی سیاسیشەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەوە، چونکە(( ئەو دۆخە سیاسییە ترسناکەی ئەودەمەی کوردستان وایکردبوو نووسەرو شاعیران بێ ئومێدبوون و زۆرجار خەونی ئازادی نەتەوەییان لە قۆناغی پێشوودا هەیانبوو، نەمێنێت و لە جیاتی ئەوە بە جۆرێکی تر لە چەمکی کوردایەتی تێبگەن، هەر لەم ڕووەوە زۆرجار هەندیک کەس نووسەرانی گرووپی ( وێران ) بە دژایەتیکردنی حکومەتی هەرێم تۆمەتبار دەکەن، وایدادەنێت هێزی کوردایەتی لە ناخیاندا نەماوەو.(وێران) دژی ئەو حکومەتە نەتەوەییە ساوایەی کوردستان ڕادەوەستێت و پێودانگە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان بە چاوێکی ڕەخنەگرانەتەماشا دەکات.))(میرە: ٢٠١٢، ٢٤٠)

هەروەها لە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبیشەوە، نووسەران و ڕەخنەگران بۆچوونی خۆیان لەبارەی ئەم بەیاننامەیەوە خستۆتەڕوو، لەم بارەیەوە (سەباح ڕەنجدەر) ڕای وایە، کە " وێران " ((لاسایکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەدەبی فەرەنسییەو و هیچ شتێکی بۆ سەر ئەدەبی کوردی زیاد نەکردووە، بەڵکو شیعری کوردی کردۆتە یەخسیری ئەدەبی بیانی و بەتایبەتی فەرەنسی))(حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٤٩)

له هەمانکاتیشدا، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، هەندێک لە نووسەران پێیان وایە کە " وێران " توانیویەتی لەئاستی ڕەخنەییدا گۆڕانێکی بەرچاو لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بێنێتە کایەوەو مەیدانی ئەم بوارە فراوانتر بکات، هەروەک (ئەبو عوبەید عەبدوڵڵا زەیاب )دەڵێ: (( دوای سەرهەڵدانی گرووپی وێران، شڵەقانێکی گەورە لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی هاتە کایەوە. چونکە ئەو گرووپە لە لایەن نوێخوازو لایەنگرانیانەوە پشتگیری و ستایش دەکران و لە لایەن کەسانی ئاینی و دەسەڵاتی سەردەم و کلاسیک دۆستانەوە کەوتنە بەر هێرشی توند، لەم ڕووەوە گوتاری رەخنە ئامێز ئاراستەی کارو بەرهەم و بیری ڕۆشنبیری گرووپی ویران لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوکرانەوە. هەروەها گرووپی ویران سنووری مەیدانی شیعری کوردی فراوانکرد؛ ئەویش بە نووسینی شیعری زۆر کورت و شیعری وێنەی ( شیعری ماتماتیکی) چونکە تا سەرهەڵدانی ئەو گرووپە ئەو جۆرە شیعرانە نە لە ناو نوێخوازانی پێش ئەوان و نە لە کلاسیک و نوێکەرەوانی شیعری کوردیدا نە نووسرابوو))(زەیاب ، ٢٠٠٥، ٦٧)

هەروەها (زاهیر ئیسماعیل سەعید) ڕای وایە، کە "وێران" گرووپێکی چالاک و نوێخوازبوون، توانیویانە کاریگەرییان لەسەر قۆناغی ئەدەبی کوردی سەردەمی خۆیان و دوای خۆشیان هەبێت، شیوازەکەیان ببێتە ڕێچکەیەک بۆ شاعیرانی گەنجی دوای خۆشیان.(( بێگومان گرووپیکی ئەدەبی و چالاک و داهێنەر کاریگەری دەبێت لەسەر داهاتوو، گرووپی " وێران " وەک گرووپێکی چالاک پێگەو کاریگەری هەبوو بەسەر ئەدەبیاتی کوردی داو وەرچەرخان و ڕێچکەشکێن بوون بۆ هاوپەیڕەوانی دوای خۆیان، کۆمەڵێک نووسەرو شاعیر لاساییان کردنەوە و لەسەر هەمان نەهجی ئەوان ڕۆیشتن ))(سەعید، ٢٠١٤، ٤٠)

هەر لە بارەی کاریگەری ئەم بەیاننامەیە، لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی؛ لە میانەی چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ شاعیرو نووسەر (زانا خەلیل)دا، پرسیاری ئەوەمان لێکرد:

– ئێوە چۆن دەڕواننە گرووپی " وێران" بەتایبەت بەیاننامەکەیان؟ وێران دەیویست چی بکات ، کە لەئەدەبی پێشخۆیدا نەکرابوو؟

زاناخەلیل: لە بەیاننامەکەی (وێران)دا؛ ئازادی و ( وێران–بوێری) و نوێگەریی، سێ ستوونی سەرەکین تا بە نووسەران و ناوەندی ئەدەبی و خوینەرانیش ڕابگەیەنێ، کە ئیدی دەبێ چوارچێوەو لاکێشەو بۆتەو بازنەکانی ستایلی پێشوو، " کە جۆرێک لە دووبارەبوونەوەو یەکرێتمی و سوان و قاڵبەندییەکی دەستەجەمعی بوو " تێکبشکێنرێ، بەو مانایەی؛ نوێخوازی دەبێ هەم ناوەڕۆک و هەم تەکنیک بگۆڕێ و (وێران)یش ئەو ڕۆڵە دەگێرێ. وێران دەیویست لە نێوان خۆیی ئەدەبییاتی پێش خۆیدا دابڕانێکی دیارو بەرچاو درووست بکا؛ تا بەوە گەیشت لە یەکێ لە ژمارەکانی گۆڤاری وێراندا وێنەی (گۆران)ی شاعیری نوێخواز سەرەوخوار دانراو بڵاوکرایەوە، ئەوە پەیامێکبوو؛ یانی نەوەی بەر لە وێران بە نوێخوازەکانی سەردەمەکانی پێشووشەوە دەبێ وێران بکرێن و لەنوێوە بنەمایەکی

پتەو لەپێناو ئەدەبیاتێکی نوێ و سەردەمیانە بنیات بنرێ. من ئەوکات و ئێستاش لام وایە، ئەدەبیات ماراسۆن و پێشبڕکێ نییە، بەڵکو درێژکراوەی یەکترن بە ستایلی جیاجیا و تەکنیک و شێواز و تێمەی جیاجیا. ئەوەی کە نووسین و ئەدەبیاتی هەموو قۆناغەکانی مێژووی ئەدەبیات لێک جیا دەکاتەوە، تەنیا ستایل و چی گوتن و چۆنییەتی گوتنە.

– بە بڕوای ئێوە " وێران " تا چەند توانیویەتی، کاریگەری خۆی لەسەر ئەدەبی کوردی بەجێبهێڵێت؟

زانا خەلیل: وێران وەک گۆڤارو بزووتنەوەکە زۆری نەخایاند، بەڵام کاریگەری لەسەر بەشێک لە نووسەران بەگشتی و گەنجەکانیش بەتایبەتی جێهێشت؛ لەوەی کە بیربکەنەوە ئازادترو ئازادتر و بێ دانانی چوارچێوە و بازنە بنووسن، هەروەها کۆمەڵێک فۆرم و ستایلی جیای تێدا تاقیکرایەوە.

– ئێوە وەکو گرووپی "زناک" بەجۆرێک لە جۆرەکان هیچ کاریگەرییەکی " وێران " تان لەسەربوو، یاخود هیچی پەیوەندییەکتان بەو گرووپەوە هەبوو؟

زانا خەلیل: سەبارەت بە کاریگەری وێران بەسەر زناک؛ دەتوانم بڵێم: دامەزرێنەرانی زناک بەر لە وێرانیش باوەڕیان بە ئازادیی و بوێری و نوێخوازی هەبوو، کە گۆڤاری وێران دەرچوو، بە تێکستی خۆیان تێیدا بەشداربوون؛ بەڵام دواتر کە زناک وردە وردە درووستبوو، هیچ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆشی لەگەڵ وێراندا نەبوو. وێران و زناک لە باوەڕە ئەساسییەکانی ژیان و ئەدەبیاتدا لێک نزیکبوون، بەڵام لەچۆنێتی دەربڕین و ڕوانین و قووڵڕامان بۆ دنیاو ژیان و مەرگ لێک جیابوون؛ دواتر گرووپی " زناک " سەرەتا بەچوارکەس دەستی پێکرد و لەکۆتاییدا دووکەس مانەوە، هەرچەندە لەبنەڕەتدا هەر دووکەس داڕێژەرو نووسەری ( پرۆژەی برادەرانی زناک) بوون، هەرچی (وێران)ە بۆ هەرکەس هەبوو لەو بزووتنەوەیە بەشداربێ. ( خەلیل، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)

هەرچەندە ئەم گرووپە لە سەرەتاوە بە گەرموگوڕییەکی زۆرەوە دەستیان پێکرد، لەدوای دەرکردنی (٥) ژمارە، گۆڤاری وێران بە هۆی خراپی باریی دارایی گرووپەکەوە وەستاو گرووپەکەش بەرەو لاوازی چوو(( سەردەمێک گڕوتینێکی بە خۆیەوە بینیوە وەکو ئەزموونێکی تازە، بەڵام زۆرێک لە ڕۆشنبیران پێیانوابوو ئەمە شتێکی ناوازەیەو لەگەڵ کولتوور و ئەدەبیاتی کوردیدا ناگونجێت، بەرەبەرە لێی دوور کەوتنەوەو گرووپەکەش بەرەو لاوازبوون و کزی ڕۆیشت))(سەعید، ٢٠١٤، ٢٩). بەڵام بەشێوەی تاکەکەسی کارو چالاکییەکانی " وێران " بەردەوامی هەبوو، ئەوەبوو لەساڵانی دواتر فەرهاد پیرباڵ، خۆی گۆڤارەکی بەڕێوە دەبرد، هەرخۆشی بە تەنها بەیاننامەی (دووەم و سێیەم )ی (وێران)ی بڵاوکردەوە. ( بەیاننامەی دووەمی لە دیوانەی شیعری (٣٣٣٣)ی خۆی بڵاو کردەوە، بەیاننامەی سێیەمی لە ژمارە (٧)ی گۆڤاری وێران، لەساڵی (٢٠١٠)دا بڵاو کردەوە)(حەیتۆ،٢٠١٢، ١٢٣٥). کە ئێمە لێرەدا، لەبەر سنوورداری بابەتەکەمان ناتوانیین دەقی ئەو بەیاننامانە بخەینەڕوو.

ئەم بەیاننامانەش لەڕووی ڕەخنەییەوە، بەدەر نەبوون لە کاریگەری، بەتایبەت لەو ڕووەوە، کە بانگەشەی وێرانکردن و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی هەموو لایەنەکانی ژیان بەگشتی و ئەدەبی کوردی بەتایبەتی دەکرد. ڕووبەرووی ڕەخنەی توند بوونەوە بەتایبەت لەلایەن ڕەخنەگرانی ئەدەبییەوە. بۆ نموونە، لەبارەی بەیاننامەی (دووەمی وێران)ەوە، ئازاد حەمە شەریف دەڵێ: (( ساڵی ١٩٩٩ د. فەرهاد پیربال ( مانیفێستی دووەمی وێران)ی بڵاو کردەوە، کە بەلای منەوە ( مانیفێستی هەڵگەڕانەوە)بوو لە زۆربەی بەها شیعرییەکانی شیعری کوردی و جۆرێک بوو لە بنکۆڵکردنی بنەماکانی شیعری کلاسیکی و بێ بایەخکردنی بەرهەمە عەقڵییەکان لە پێناو بەرهەمە هەستییە ساتەوەختییەکان))(حەمە شەریف، ٢٠٠٨، ٤٠)

لەگەڵ ئەمەشدا، نووسەرو ڕەخنەگری تر هەبوون، کە دەرکردنی ئەم بەیاننامانەیان لەو بارودۆخەدا بە بوێری و بەرپرسیارێتییەکی قورس دەزانی بۆ سەر شانی ڕوانگەییەکان، بەتایبەت (فەرها پیربال). بۆیە پشتیوانیان لەو بایاننامانە دەکرد. لەبارەی بەیاننامەی( سێیەمی وێران)ەوە حەمە مەنتک دەڵێ: ((پرۆژەی نوێخوازی (وێران) هەر لەساڵی (١٩٩٤)ەوە هەبووە لەلایەن کۆمەڵێک گەنج و نوێخوازەوە بەسەرپەرشتی (د.فەرهاد پیربال). تائێستا ئەوە سێیەم خولەیەتی.ئەوا ئێستاش لەخولێکی تازەدا ئەم پرۆژەیە سەریهەڵدایەوە و مانیفێستی سێیەمی خۆیان بڵاوکردەوە. دیارە دەرکردنی مانیفێستی تر لەلایەن پرۆژەی وێرانەوە هەستکردنە بە بەرپرسیاریەتی بەرامبەر ئەدەب و خەمخواردنە لە باری ئێستای ئەدەب و ژانرەکانی. خستنە ئەستۆی ئەم ئەرکە گرانە لەلایەن ئەم کۆمەڵە گەنجە بەراستی بوێری دەوێت. ڕاوەستان و ڕووبەرووبونەوە لەگەڵ کۆنخوازان، بەڕاستی قوربانی دەوێت زۆرن ئەوانەی بەرامبەر پرۆژەی تازەگەری و نوێخوازی دەوەستن. بەڕاستی حاڵی ئێستای ئەدەبی کوردی پێویستی بە وەها پرۆژەیەکە، بۆ ئەوەی گۆڕانێکی ڕیشەیی بێنێتە ئارا. ئەو حاڵەی ئەدەبی ئێستامان پێویستی بەوێرانکردنە. تاکو سەر لەنوێ بەشێوەیەکی نوێخوازانە بنیات بنرێتەوە. ئەو لێشاوەی نووسینی ئێستا کە رۆژانە دەرژێتە ناو دونیای ئەدەبی کوردی پێویستی بە وێرانکردنە. پرۆژەیەکی وا رێگا خۆشکەر دەبێت بۆئەوەی دەقی کراوە دروست بێت، دەقی تازە دروست بێت. کە بونیادێکی قوڵی هەبێت، دوور بێت لە کاوێژکردنەوەو دووبارەکردنەوە))( مەنتک، ٢٠٠٩، online)

هەرچەندە ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەی نووسەرانی گرووپی وێران و بەیاننامەکەیاندا نین، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە دەڵێن : ئێمە خاوەن ئەخلاقێکی وێرانین ، چونکە لە کۆنەوەو تاسەردەمی گرووپی (وێران) و دواتریش ، یەکێک لەو شتانەی کە میللەتی کورد شانازی پێوە دەکات ئەخلاق و خو و ڕەوشتە کوردەوارییەکەیی و ئاینەکەیەتی، کە ئەویش ئاینی پیرۆزی ئیسلامە. بۆیە ئێمە دەڵێین: هیچ کات کۆمەڵگای کوردی نەگەیشتۆتە ئەو وێرانە ئەخلاقییەی کە گرووپی (وێران) لە بەیاننامەکەیاندا باسی لێوەدەکەن. هەروها ئەم گرووپە، قۆناغی ئەدەبیی پێشخۆیان بە گۆمێکی مەنگ و لیڵی بۆگەن

ناودەبەن، چونکە ئەوە ڕوونە، کە قۆناغی سەرەتای حەفتاکان و کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەودەکانیش، وەرچەرخانێکی گەورە و بەرچاوبوو لە نوێکردنەوەی ئەدەبی کوریدا. چ لەئاستی گرووپ و چ لەئاستی تاکە کەسیشدا، زۆر کارو بەرهەمی جوان نویَ پێشکەش بەئەدەبی کوردی کران، کە لە بەشەکانی پێشووتری ئەم توێژینەوەیەماندا ئاماژەمان بۆکردوون، بۆیە لێرەوە دەپرسین: ئەگەر قۆناغی پێش وێران سیستمێکی تاریک و داڕزاوبێت ئەی( وێران) بۆ دوای خۆی چییە؟!، ئەوانەی لەدوای وێرانەوە دێن و هەنگاو بەرەو تازەگەری دەنێن ، چ ناوێک بۆ وێران دابنێن؟، ئەگەر وەک وێرانەکان دەلێن، قۆناغی پێش ئەوان ( کۆن)یش بێت، دەکرێت بڵێین کە تازە هات کۆنە خەڵاتە؟ بێگومان ئەمە بۆ هەرشتێکیتر ڕاستبێت بۆ ئەدەب پێچەوانەکەی ڕاستە، چونکە هەموو تازەیەک لەسەر ئەزموونی کۆن بنیات دەنرێت.

## ٥– پڕۆژەی برادەرانی زناک

برادەرانی زناک، کە لە چوار شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی شاری هەولێر پێکهاتبوون، ئەوانیش بریتیبوون لە (هاشم سەراج، زانا خەلیل، فریاد حەسەن هیرانی، خان حەمە عەلی خان)، لەبارەی ئەندامانی ئەم گرووپەوە زانا خەلیل دەڵێ: (( گرووپی زناک، سەرەتا بەچواری کەس دەستی پێکرد و لە کۆتاییدا دووکەس مانەوە، هەرچەندە لە بنەڕەتدا دووکەس داڕێژەر و نووسەری پڕۆژەی برادەرانی زناک بوون، ئەوانیش من و هاشم سەراج بووین))(خەلیل، ٢٠٢٣، چاوپێکەوتن)

ئەم گرووپە لە ١/٤/ ١٩٩٦ و لە ئێوارە کۆڕێکدا لە شاری هەولێر (پڕۆژەی برادەرانی زناک) یان ڕاگەیاند، ئەم پڕۆژەیەش پڕۆژەیەکی نوێبوو بۆ ئەدەبی نوێی کوردی. ئامانجی ئەم گرووپە نوێکردنەوەو بەرەوپێشبرنی ئەدەبی کوردی بوو، ئەویش لەسەر بنەمای ئازادی بیروڕاو بوێری بوو، هەر چەندە ئەمە درووشمی گرووپی (وێران)یش بوو، بەڵام زانا خەلیل لەم بارەیەوە دەڵێ: (( دامەزرێنەرانی زناک بەر لە ویرانیش باوەڕیان بە ئازادی و بوێری و نوێخوازی هەبوو))(خەلیل،٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)

ئەم گرووپە، لەڕێگەی چەند نامیلکەیەکەوە، بەشێوەی بەیاننامە بۆچوونی خۆیان لە بارەی ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی ڕاگەیاند. لەو نامیلکانەش ( ڕووەو ئافەریدەکردنی ئەدەبی خوازەیی زناکئامێز) ١٩٩٦/١/٤ و (زایزۆنی دووەمی زناک) لە مانگی شوباتی ٢٠٠٣ لە ژمارە (٨ )ی ڕۆژنامەی (میدیا) و ( زایزۆنی سێیەمی زناک) لە ساڵی ٢٠٠٥

لەبارەی ئەم گروپە و بەیاننامەکەشیانەوە دکتۆر ئیدریس عەبدوڵلا دەڵێ: (( لە ڕاستیدا چ ئەوەی لە پڕۆژەکەیان باسیان لێوەکرد و چ ئەوەی لەو بەندو بڕگانەی برادەرانی زناک خستیانە ڕوو، شتی سەیر و سەمەرەی زۆر هەیە، هەندێکیان دووبارەی بڕگەیەکی پێشەخۆیانن و مەدح و سەنای

خۆیانە، کە بەیاننامەی ئەدەبی دەبێ شتی وەهای تێ نێتن، چونکە هێشتا تیۆرە بۆ کاردن دەخرێتە ڕووو و دواتر کارەکان دەبێ گەلێ لەو مەدح و سەنایانە بۆ خاوەن و ئەندامانی گرووپەکە بەرهەم بێنن، خەڵک بڵێ: ئەمانە وەهاو وەها باش و بێ لایەنن و بەهێزو...هتدن، نەک بەر لەوەی هیچیان کردبێ خۆیان وەها بڵێن.))( عەبدوڵلا، ٢٠١٩، ١٤٧، ١٤٨) بۆ نموونە ئەگەر سەرنجێک لە بڕگەکانی (ڕووەو ئافەریدەکردنی ئەدەبی خوازەیی زناکئامێز) بدەین دەبینین، کە بڕگەی ژمارە (٣) تا ژمارە (٧) زیاتر وەسف و پیاهەڵدانی خۆیانە، باسکردنە لە مەرجی بوون بە ئەندام لەو گرووپە و ئەو گیانی تەبایی و بە هاناوە چوونەی کە لەنێوانیاندا هەیە. بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر ئەو بڕگانەی ئاماژەمان بۆ کردن لە خوارەوە  دەیان خەینەڕوو. (( ٣- ئەم لێکنزیکبوونەوەی ( برادەرانی زناک) لێکنزیک بوونەوەیەکی کولتوورییە بە تێکهەڵکێشا بەهرە و تواناکان  تەکانێکی چۆنایەتی ئەدا بە بزاڤی کولتووری کوردی. ٤- برادەرانی زناک بە دید و تێرامانێکی سەردەمانە مامەڵە لەگەڵ بیرو باوەڕەکان دەکەن و بەپێوەری ئینسانی بوون هەڵیان دەسەنگێنن و کۆی ( برادەرانی زناک) خۆیان لەنێو بەندینخانەی ئیلێتیزامی سیاسی بەند ناکەن ... لە هەمان کاتیشدا  بە قووڵی و بەرفراوانی  گفتوگۆی سیاسی دەکەن، بەچڕی زناکییەکان خەڵکانێکی بێ ئاگاو دابڕ نین لەم بوارەدا، هەر یەکێکیش خاوەنی هەڵوێستی خۆیەتی ، ەروەها بڕوایەکی پتەویان هەیە کە ( دەشێ مرۆڤ تێکبشکێنرێ بەڵام هەرگیزاو هەرگیز نابەزێنەێ) زناکیەکان (دژی هەموو دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و فاشیەتن.٥- ڕاستگۆیی بۆتە بەردی بناغەی  بینای ئەم  برادەرایەتییە و هەر بۆیەش ناکۆکی و جیاوازییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی تێدەپەڕێ و پەیوەندی نێوان( برادەرانی زناک) گیانێکی قووڵی هەرەوەزی و دەستگرتنی تیایە هەرکەسێ لە ( برادەرانی زناک) تووشی تەنگژەیەک بێ، بە هەموویان دەست دەگرن، جا چ لە ڕووی ماددی یان خوێن بەخشین و بگرە تا ڕادەی گیان بەخشینیش بێ، ڕزگاری دەکەن. ٦- بەبێ قێزبوونەوە ( برادەرانی زناک) توانستی ئەوەیان تیایە کە لەگەڵ گولترین نەخۆش و جوزام و سواڵکەران بژین و ژەمە نانیان دەگەڵا بخۆن. ٧- تەمەن یان جیاوازی ڕەگەز هیچ دەور نابینێ لە بوون بە ئەندامیەتی لە ( برادەرانی زناک) و بە ڕەزامەندی ( برادەرانی زناک) دەبێ)) ( خەلیل، ٢٠٢٢، چاوپێکەتن)

یەکیکیتر لە نووسەرانەی کە بۆچوونی ڕەخنەیی خۆی لەبارەی ئەم گرووپەوە نووسیوە( ئەحمەد میرە)یە، کە دەڵێ: (گرووپی زناک زیاتر خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون نەبوو، بۆیە نەیتوانی ببێتە جێگای سەرنج و ڕەخنەی ڕەخنەگران و ڕۆشنبیرانی کورد، چونکە کورت و کەم خایەن و ناوچەیی و بەرتەسک بوو))( میرە، ٢٠١٢، ١٨٦). لەپاڵ ئەم بۆچوونەدا،  ئێمەش دەکرێت بڵێین : یەکیک لە تایبەتمەندییەکانی بەیاننامەی ئەدەبی ئەوەیە،  کەدەبێت ئامانج بەرنامەی  نووسەر لە بەیاننامەدا روون  و ئاشکرا بێت، کاتێکیش ئەم گرووپە بەرنامەو ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرای نەبووە ، ئەم هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی بەیاننامەکەیان کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبێت.

هەروەها ئەگەر سەرنجێک لەم بڕگەیەی نامیلکەی (زایزۆنی دووەمی زناک) بدەین کە دەڵێن : (( دیارە گرێدراوی ئێمە بە پرۆجیکتێک(project) کە چرکە ئەویناوییەکان ئافەریدەیان کردبێ و بارانی ئێستەتیک ئاوپژێنی کردبێ، پەیوەستبوونێکی ڕەگاژۆیی ترە بە زیبایی زمەن و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆشی هەیە بە بەردەوامیبوونمان و ئاوێزانیبوونمان بە ئێستەتیک... جا کێ هەیە بە پچران لە جوانییەکان ئەگەر لە خەفەتە برۆنزییەکانیش بێ مەرگی خۆی ڕانەگەیاندبێ؟ بۆ ئێمەی( برادەرانی زناک) هەمدیس پەیوەندی عەشقمان بە سەفاو جوانی بانگەشە دەکەین و جارێکیتر و هەڵدانێکی ڕەهاتر))(خەلیل، ٢٠٢٢، چاوپێکەوتن)

یاخود ئەم بڕگەیەی نامیلکەی (زایزۆنی سێیەمی زناک) ، کە بە (بڕگە سەرخۆشەکانی سێیەمین زایزۆنی زناک) ناویان ناوە دەڵێن :(( ئەی هاودەمی من : با کاژ وئاس و ئاقاقیاکان بسوتێنین و بە ئینلیل بڵێین: مەرگ توانا پڕوکێنەرە، سەبەتەیەک پیت و تۆڕێک ئەڤینمان پێشکەشکە تا لە درزی کەتانی سینەی لاڤەکان لە نووری پیرۆزی حوسن بڕوانین و غەزەل هەڵدەین و زنجیرە ئاڵتوناوییەکانی زناک لە بادەکانی شەراب کەین... )) دەبینین هەردوو بڕگەکە بە زمانێکی ئاڵۆز و دژوار نووسراوە، ئەمەش دژوارییەک بۆ خوێنەر لە تێگەیشتن دروست دەکات، کە لەگەڵ مەرجی نووسینی بەیاننامەدا یەک ناگرێتەوە.

بەشێوەیەکی گشتی لەبارەی (پرۆژەی برادەرانی زناک)ەوە دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا دەڵێ: (( پرۆژەی برادەرانی زناک کۆپییەکی لاوازی سوریالیزم بوو و چی لە جێدا شین نەبوو))!(عەبدوڵڵا، ٢٠١٩، ١٣٦)، بەبڕوای ئێمەش ئەم پرۆژەیە، یەکەم پرۆژە نەبوو لە ناو ئەدەبی نوێی کوردیدا، کە دروشمی ئازادی و بوێری و نوێخوازی بەرزبکاتەوە، لەپێش ئەمانیشدا هەریەک لە گرووپە نوێخوازەکانی تری وەکو ( ڕوانگە، کەرکوک–کفری، وێران)دا بە هەمان دروشم و هەمان نەفەسەوە کاریان بۆ نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا کردووە، هەروەها خاڵیکی تر کە جێگەی باسکردنە ئەوەیە کە، ئەم گرووپە لەژێر کاریگەری هەردوو ڕێبازی (دادایزم و سوریالیزم)دا بوو، ئەمەش دیسانەوە شتێکی تازە نەبوو لە ناو ئەدەبی کوردیدا، چونکە لە قۆناغی پێش ئەماندا، نووسەران و شاعیرانی تر هەبوون، چ لە ئاستی تاکەکەسی چ بەشێوەی گرووپ کاریگەری ئەم دوو ڕێبازەیان بەسەرەوە بوو. بەتایبەت گرووپی( وێران) کە تەنها بەچەند ساڵێکی کەم بەر لە ئەوان لەژێر ئەم کاریگەرییەدا دەیاننووسی و بەیاننامەیان بڵاوکردەوە.

٦- بەیاننامەی (بزاڤی تەغریبی)

لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)، ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرییەی کە کوردستانی باشوور پێیدا تێدەپەڕی بارودۆخیکبوو، کە ڕەشبینی و نائومێدی باڵی بەسەر زۆربەی بوارەکانی ژیاندا کێشابوو بەتایبەت، لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. (بزاڤی تەغریبی)یش بە هەمان شێوەی گرووپی( وێران)، لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەوە سەریهەڵدا، کاریگەری شەڕی براکوژی و ململانێی سیاسی و خراپی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و جیاوازی چینایەتی، بوونە فاکتەری سەرەکی لە سەرهەڵدانی ئەم گرووپەدا. بەم جۆرە گرووپەکە لە لایەن دەستەی دامەزرێنەرانییەوە، کە پێکهاتبوون لە هەریەک لە ( ڕۆستەم باجەلان، عەباس عەبدوڵڵا یوسف، کەمال مەعروف ) لە ٢٨ /٥/ ٢٠٠١ دا گرووپەکەیان بەناونیشانی ( بەرەو بزاڤی تەغریبی )ڕاگەیاند، هەروەها بەیاننامەیەکیشیان بڵاوکردەوە.

هەرچەندە ئەم بزاڤە خۆیان بە قۆناغێکیتری نوێگەری ناودەبەن، هەروەک (ڕۆستەم باجەلان) لەچاوپێکەوتنێکدا لە ڕۆژنامەی ( پەیمان)دا دەڵێت : (( من بەشبەحاڵی خۆم، بزاڤی تەغریبی بە قۆناغی چوارەمی نوێبوونەوەی شیعری کوردی دادەنێم))(حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٥٨) . بەڵام ئەم گرووپەش وەک هەر یەکێک لەوگرووپە نوێخوازانیتر ،کە پێشتر باسمانکرد بۆچوونی ڕەخنەیی ئەرێنی و نەرێنییان لە بارەوە وتراوە. بۆ بۆنموونە ئەرشەد حیتۆ لەبارەی ئەم بزاڤەوە دەڵێ: (( بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، کە نامۆگەری شتێکی تازە نییە لەئەدەبی کوردیدا، چونکە هەردەم پرسی ئەوەی مرۆڤ چییە؟ و پەیوەندی ئەو بەژیانەوە چییە؟ ئەوە پرسە چەندین ڕەهەند لە هۆنراوەکانی وەکو ( بابا تاهیری هەمەدانی، جزیری، خانی، نالی، سالم...) دا بەرچاو دەکەون. بەڵام وەکو بزاڤ لەئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی تازەیە، چونکە یەکەم جارە لە ئەدەبی کوردیدا بزاڤێکی لەو شێوەیە هەبێت. هۆکاری سەرەکیش بۆ نامۆگەری نەبوونی ئازادییە، چونکە ئامانجی سەرەکییە کە مرۆڤ داکۆکی لەسەردەکات، گرنتەبەری ڕێگایەکی تایبەتی خۆیەتی، ئەوەی گرنگە بیلێین ئەوەیە، کە ئەو نامۆگەرییەی ئەو بزاڤە درووشمی بۆ هەڵگرت، تەنها لەشیعرەکانی ئەواندا ڕەنگی دابۆوە، ئەگەر نا لە ژیانی ئاسایی خۆیاندا نامۆ نەبوون)) (حەیتۆ، ٢٠١٢، ١٥٨، ١٥٩). دەکرێت بڵێین: ئەم بزاڤە بە بوونی پێشینەیەکی باش و بە سوود وەرگرتن لە ئەدەبیاتی جیهانی، توانیان تازەگەرییەک لە ئەدەبیاتی کوردیدا بێننە کایەوە، کە تەواوکەری ئەو هەوڵانە بوو، کە گرووپەکانی پێش ئەوان هەوڵیان بۆ دەدا.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر و ڕەخنەگری تر هەن کە بۆچوونیان لەبارەی ئەم بزاڤەو بەیاننامەکەیانەوە جیاوازە. یەکێک لەو نووسەر و ڕەخنەگرانەی بۆچوونی ڕەخنەیی خۆی لەبارەی ئەم بەیاننامەیەوە خستۆتەڕوو (دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا)یە. سەرتا لە ناونیشانی بزاڤەکەوە دەستپێدەکات، کە ناونیشانی بزاڤەکە ( بەرەو بزاڤی تەغریبی ) نامۆیی و ڕەشبینی هەڵگرتبوو، چونکە بەلای ئەوانەوە، جیهان بەگشتی و بارودۆخی باشووری کوردستان بەتایبەتی، ڕەشبینی و نامۆیی

باڵی بەسەردا کێشابوو، لە بارەی ئەم ناونیشانەوە دەڵێ: (( هەر لە ناونیشانی بزاڤەوە بڕوانین، کە بریتییە لە: ( بەرەو بزاڤی تەغریبی)، دەبینین هەڵەیەکی مەنتیقی گەورە هەیە، چونکە بزاڤ بۆ بیرو بۆ ئایدۆلۆجیا دروست دەکرێت، نەک بۆ حاڵەت، ( نامۆبوون)یش حاڵەتێکی فەردییە، لە هەندێ شوێنکاتدا دووچاری هەندێ کەس دەبێت، ئەو کەسانە ژمارەیان کەم بێت، یان زۆربێت زۆر گرنگ نییە، حاڵەتە دەروونییەکە ناکەنە فیکرو ئایدۆلۆژیا، بۆیە هەڵەیە بگوترێت: ( بەرەو بزاڤی تەغریبی)، چونکە بزاڤ و جوڵانەوە بۆ بیروباوەڕێک دروست دەکرێت، کە بەلای هەڵگرانی شایانی بڵاوکردنەوەو ئیش بۆکردنە..)) (عەبدوڵلا، ٢٠١٩، ١٧٧) بەبڕوای ئەو، بزاڤی تەغریبی لەجیاتی ئەوەی نامۆیی بڕەوێننەوە بە پێچەوانەوە بازنەی کەسە نامۆکانیان فراوانتر کرد، بۆیە دەڵێ دەبوایە ناوی بزاڤەکە (بەرەوە ڕەواندنەوەی تەغریبی) بوایە و کاریان لە سەر کەمکردنەوەی حاڵەتی نامۆیی بکردایە.

هەروەها لە بەشی یەکەمی بەیاننامەکەدا، نووسەرانی بەیاننامەکە، ئەم جیهانە بە سەیروسەمەرە ناودەبەن، چونکە باوەڕیان وابوو مرۆڤ بەگشتی لە جیهانێکی نامۆو سەیرو سەمەرەدا ژیان دەکا، لە کاتێکدا لە ئەزەلەوە بۆ ئەم جیهانە سەیرو سەمەرەیە نەخوڵقاوە، چونکە مرۆڤ لە جەوهەردا ئازادە، بۆیە هەوڵی یاخی بوون دەدات تا لەو جیهانە نامۆیەوە بەرەو جیهانێکیتر، کە خەون و ئارەزووەکانی تێدا بەدی بێنێت. هەروەک لە بەشی یەکەمی بەیاننامەکەیاندا دەڵێن: (( بزاڤی تەغریبی پەیوەندییەکی بەتینی بەم جیهانە سەیرو سەمەرەیەوە هەیە و هەوڵدەدا پەردە لەسەر نهێنییەکانی هەڵداتەوەو درز و بۆشاییە مەعنەوییەکانی ژیانیش پڕبکاتەوە. دیارە لەنێوان ئاسمان و زەویدا بوونەوەری هەمەڕەنگ و هەمەجۆر هەیە، ئەم بوونەوەرە لە ڕوناکیدا لە دایک دەبێ و بە بێ ئارەزووی خۆی بەرەو تاریکی هەنگاو دەنێ))(حەیتۆ، ٢٠١٢، ٢٤٨). بۆیە ئەوان باوەڕیان وابوو، کە بوونەوەرانی ئەم جیهانەو بەتایبەتیش مرۆڤ بە ویستی خۆی ئەم جیهانەی هەڵنەبژاردووە، جیهانێکە بەسەریدا سەپێنراوە، بۆیە( بزاڤی تەغریبی) مەبەستییەتی پەردە لەسەر لایەنە نهێنییەکانی ئەم جیهانە هەڵداتەوەو جوانی و مەعریفەکانی ژیان بەدەر بخا. بەڵام لەم بارەیەوە ئیدریس عەبدوڵلا دەڵێ: (( لەو بەیاننامەیەدا هاتووە: " لە نێوان ئاسمان و زەویشدا بوونەوەری هەمەڕەنگ و هەمەجۆر هەیە. ئەم بوونەوەورە لە ڕووناکیدا لە دایک دەبێ و بەبێ ئارەزووی خۆی بەرەو تاریکی هەنگاو دەنێ" !! لە ڕاستیدا ئەو قسەیەش هیچ بنەماییکی زانستی نییە، ئەمە تاوانبارکردنی تەواوی کۆمەڵگایە، کە بێ ویست و ئیرادەنەو ناتوانن بە ئارەزووی خۆیان هەنگاو بەرەو ئاواتەکانیان هەڵگرن؟؟ بەڵام ئەوەش لەگەڵ مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتیدا ڕاست دەرناچێ، چونکە هەمیشە زۆرینەی ئادەمیزاد خاوەنی ویستی خۆی بووەو لە پێناوی ئەو ویستەی دا، کە بەسەرچاوەی بوون و کەرامەتی خۆی زانیوە، قوربانی بە گیان و ماڵ و هەمووشتێکی خۆی داوە، نەتەوەکەی خۆشمان لە کۆن و نوێوە، لەم ڕووەوە بێگومان نموونەی باڵایان زۆرە، ئیتر لەبەرچی قسەیەکی وەها بێ بنەما، بێ بیرلێکردنەوە،

بخرێته ناو بەیاننامەییکی ئەدەبی؟! ئەمە لەڕاستیدا هەمووی مۆدێرنەی لەسەر ڕەشبینی دامەزراوی ئەوروپییەو لێرەدا خۆی بەتاڵکردۆتەوە)( عەبدوڵلا، ۲۰۱۹، ۱۷۸)

لە بەشێکیتری ئەم بەیاننامەیەدا دەڵێن: ((ئەم بزاڤە چ پەیوەندییەکی بە فەلسەفەی ڕەشبینی هەیە؟ لە ڕاستیدا پەیوەندی تەنیا لەڕووی فۆڕمەوەیە، چونکە لەڕووی ناوەڕۆکەوە دەیەوێت گۆی زەوی تریفەباران بکاو بەهۆی ئەم کردارەوە مەڵبەندە تاریکەکان ڕووناک بکاتەوە، ئەمەو ئەم بزاڤە بایەخ بە مرۆڤ دەدا، چونکە مرۆڤ سەنتەری گەردوونەوە پەیوەندییێکی بەتینی بە مەعریفەو ژیار سۆسیۆلۆژیاوە هەیە، هەر لە کۆنەوە هەوڵی داوە بەهۆی ئەم پرسیارانەوە مانایەکی نوێ بۆ مرۆڤ بخولڵقێنێ ))(حەیتۆ، ۲۰۱۲، ۲۵۰). ئەوان پەیوەندی بزاڤەکەیان تەنها لەڕووی فۆڕمەوە بەفەلسەفەی ڕەشبینییەوە دەبەستنەوە، چونکە باوەڕیان وایە، ڕەشبینی بەو مانایە نییە کە ئیتر دەبێ دەستبەرداری ژیان بین، چونکە مرۆڤ لەو بوونەوەرانەیە کە لە وجودیدا توانای خۆ دۆزینەوەی هەیە، بەتایبەتی ئێمەی کورد کە ڕەشبینی لامان بۆتە شتێکی سرووشتی، لەتواناماندایە بەسەر ئەو ڕەشبینییەدا زاڵ بین و بەدوای جوانییەکانی ژیاندا بگەڕیین. ئەمەش بەو مانایە نایات کە جیاوازی بخەنە نیوان فۆڕم و ناوەڕۆکەوە. هەروەک ( کەمال مەعروف ) دەڵێ: (( مەبەستمان لە فۆڕم ئەوە نییە کە ڕوخسار و ناوەڕۆک لێکتر جودا دەکەینەوە، نەخێر ڕوخسار و ناوەڕۆک پەیوەندییێکی بەهێزیان پێکەوە هەیە، مەبەستمان لە فۆڕم ئەوەیە کە ئەدەبەکەمان لایەنی ڕەشبینی پێوە دیارە بەڵام ڕەشبینی لای ئێمەی کورد، شتێکی سروشتییە، کە مانای دەستبەرداری لە ژیان ناگەیەنێ، بە پێچەوانەوە یاخی بوون و لە دایکبوونی جیهانێکی تر، کە مرۆڤ خەون و ئاواتەکانی تێدا بێتەدی. مرۆڤ لە جەوهەردا ئازادە، کەواتە دەبێ ئازادییەکانی بۆ بگەڕیتەوە لە ڕێگای داهێنانەوە گوزارشت لەو ئازادییە بکرێت))(حەیتۆ. ۲۰۱۲، ۱۵۵).

بەڵام بە پێچەوانەوە، ئیدریس عەبدوڵلا ڕای وایە، بزاڤێک یان گرووپێکی ئەدەبی کاتێک دەتوانێت لافی نوێگەری لێبدات، کە ئەدەبەکەی بۆ خزمەت گەیاندن بەکۆمەڵگا بێت و توانیبێتی هیچ نەبێت لە یەکێک لە لایەنکانی ژیانەوە ئەو کۆمەڵگایە بەرەوەپێش بەرێت، ئەگەر ئەمەی نەکرد. ئەوا بوون و نەبوونی ئەو گرووپە یان ئەو بزاڤە وەکو یەک وایە. بۆیە دەڵێ: (( لە ڕاستیدا بزاڤی تەغریبی وەکو لە بەیاننامەکەیاندا هەستی پێدەکەین، دونیا تاریک و ناخۆش و بچووکدەکاتەوە و حاڵەتێک لە لێکترازان و لێکدوورکەوتنەوەی تاکەکەنی کۆمەڵگاو ئەزئەزێتی و نەمانی مانای ژیان لە کۆمەڵگا وێنا دەکات، کە ئەوەش ڕەشبینییەکی گەورەیە، دەشێ لەدوای شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و شەڕە ماڵوێرانکەرەکانی تر ئەو حاڵەتە دەروونییەی نامۆیی بۆ کەسانێکی زەرەرمەند درووست بووبێ، بەڵام لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵی ۲۰۰۱ دا ئەگەرچی هەندێ کێشەی سیاسی و ئابووریش هەبووبێ، بەڵام قەت ئەو بێئومێدی ی ڕەشبینییە بوونی نەبووە، کە خەڵک توانای ژیانی نەمابێ و بەدوای مردندا بگەڕێ!! ))( عەبدوڵلا، ۲۰۱۹، ۱۷۷)

لەبەشیکیتری بەیاننامەکەیاندا، بەگشتی تەمەنی مرۆڤ بەسەر دوو قۆناغدا دابەشدەکەن، ئەویش قۆناغی (منداڵی)یە کە( بەڕووناکی )ناوی دەبەن و (گەورەیی)یە بە( تاریکی) ناوی دەبەن، چونکە بەلای ئەوانەوە مرۆڤ تەنها ئەوکاتەی لە قۆناغی منداڵیدا ژیان دەکات نامۆنییە، بەڵام هەر لەدوای ئەوەی ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێت ڕەشبینی و نامۆیی دەست پێدەکات. لەم بارەیەشەوە، ئیدریس عەبدوڵڵا دەڵێ: (( دەربڕینی سەیر لەو بەیاننامەیەدا هاتووە، بۆ نموونە نووسیویانە : ( ڕووناکی منداڵییە. تاریکیش، گەورەییە). ئەمەش دیسانەوە مەنتیقی تیا نییەو وەکو مامۆستا ( کەمال غەمبار)یش گلەیی لێکردوون، نابێ ( گەورەیی) هەمووی تاریکی بێت)!! ئەمەی ئەوان بەم دوو ڕستە بێبنەمایە مەبەستایانە، لێکجیاکردنەوەی نەوەکانە، ئەوەش کارەسات بۆ کۆمەڵگا درووست دەکات، چونکە خودی نامۆییەکە لەبەر لێکدوورکەوتنەوەی پیر و گەنج درووست دەبێت، بەپێچەوانەوە هیچ کاتێک ئەگەر لەلایەن پیرانەوە دەست بەسەری لاوانەوە هێنرابێ، یان لە لایەن لاوانەوە ڕێز لەپیران گیرابێ، هەرگیز نامۆیی درووست نەبووە، بەڵکو خۆشەویستیی و ئاسوودەیی باڵی کێشاوەوە هەستی چێژ وەرگرتن لە ژیان بوونی تەواوی خۆی بووە، ئەدی ئەگەر ئەوەش واقیعە، ئیتر بۆچی بەو چاوە بڕوانینە گەورەکانمان؟!))(عەبدوڵڵا، ٢٠١٩، ١٧٩)

هەروەها لەبەشێکیتری بەیاننامەکەدا، ئەوە دەخەنەڕوو، کە مرۆڤ لەو کاتەوەی نامۆیی بەرۆکی دەگرێت تامردن بەری نادات، بەو واتایەی ( ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)شی هەر لە نامۆییدا بەسەر دەبات، بۆیە ئیدریس عەبدوڵڵا دیسانەوە ڕەخنە لەم بۆچوونە دەگرێت و دەڵێ: (( بەیاننامەکە زێدەڕەوی کردووە، لە مانای غەریبی، نووسیوییەتی: ( غەریب ڕابردووە، ئێستایە، داهاتووە...) ئەمەش ئەگەر وابێ، کەوابێ ئادەمیزاد سەرتاپای ژیانی نغرۆی غەریبییەو ئیتر هەناسەیەک نامێنێ بۆ دەربازبوون لە غەریبی و گەیشتن بە ئاسوودەیی؟! کە ئەمە بێگومان زێدەڕۆییەکی بێ بنەمایە، چونکە نامۆیی ( غەریبی ) وەکو گوتمان حاڵەتێکی دەروونی تایبەتە، لە هەندێ شوینکاتدا دەشێ بۆ هەندێ کەس بەشێوەیەکی ڕێژەیی دروست ببێت، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک ، هەر کاتێک ئەو هۆیانە نەمان، حاڵەتە نامۆییەکە نامێنێ!!))(عەبدوڵڵا، ٢٠١٩، ١٧٩). ئەمانە چەند خاڵیکبوون لەو بۆ چوونە ڕەخنەییانەی کە دکتۆر ئیدریس عەبدوڵڵا، لەسەر تەواوی بەیاننامەکە خستوونییە ڕوو، ئێمە تەنها چەند خاڵێکمان ئاماژە پێکردووە.

**٧- بەیاننامەی (دەستپێکردن )**

هەر لەچوارچێوەی ئەو بەیاننامە دەستە جەمعییانەدا، بەیاننامەیەکی تر بەناونیشانی " دەستپێکردن... " لە ساڵی (٢٠١٥)دا دەرچوو. کە نووسەرانی ئەم بەیاننامەیە بریتین لە ( زانیار محەمەد، پشتیوان عەلی، ئارام سدیق)، ئەگەرچی ئەم بەیاننامەیە، ناونیشانی بەیاننامەی نەدراوەتێ، بەڵام لەڕووی دارشتنەوە ناوەڕۆکێکی بەیاننامەیی لەخۆگرتووە. لە سەرەتای بەیاننامەکەدا، سەبارەت

به " دەستپێکردن " کە ناونیشانی بەیاننامەکەیە، دەڵێن: (( دەستپێکردن سەرەتا نییە، ڕەنگە کۆتایی ساتێک، گوتارێک، نیگایەک، کارێک بێت. لێرەدا بەشوێن وەڵام و پرسیارگەلی تەقلیدیی لە چەشنی << بۆچی ئەم کارە؟ >> دا نین. نە پرسیاری وەها دەکەین و نە بەشوێن وەڵامدانەوەی دەبین. تەنانەت دەمانەوێت پرسیار بکەین لە بارەی کارەوە. چی کراوە لە کولتووری دۆگمای ئێمەدا ؟))( نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١٦ ، ٥)

ئەم نووسەرانە خاوەن گۆڤارێکی ئەدەبین بەناوی ( شیعر)، کە لە ژمارە یەکی ئەم گۆڤارەدا دەقی بەیاننامەکەیان بڵاو کردۆتەوە، تیایدا ئامانج و بیروبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە ئەدەب و شیعر بەتایبەتی خستۆتەڕوو. ئەوان دەڵێن، پێشتر بڵاوکراوەی تری کوردی زۆربوون کە بۆ بواری ئەدەبیات و فیکر یاخود فیکر و سیاسەت تەرخانکرابوون، بەڵام نەیانتوانیوە حەقی شیعر بە تەواویی و وەکو خۆی بدەن، بەو واتایەی شیعر پەراوێز خراوەو ڕۆڵی پاشکۆیەتی پێدراوە. هەروەک لە بەشێکی بەیاننامەکەدا دەڵێن: (( ئەو بڵاوکراوەو دەزگایانە بەرانبەر شیعر، لەسەر بنەما تەقلیدییەکانی وەک وێنەی هونەری و چێژ و جوانی و ڕوونی و یەکێتیی بابەت و سادەیی و زمانی ساف ئاسان دەڕواتەڕێوە. واتە شیعر و ئەدەبیاتێک بڵاو دەکەنەوە و بانگەشەی بۆ دەکەن، گەلەک ناوچەیی و ملکەچ و ڕازیکەر. دیدی تەقلیدیش بەرانبەر شیعر تەنیا دید نییە. بەڵکو گوتارە، بووەتە زەوقی گشتی، پڕوپاگاندەی بۆ دەکرێت، فیستیڤاڵی بۆ سازدەکرێت، کتێبی بۆ چاپدەکرێت. واتە تێگەیشتنی تەقلیدی و دۆگما بۆشیعر، بە هۆشیارییەوە کار بۆ گەشەپێدان و سەپاندنی دەکرێت. لێردا ئیدی کێشەکە یەک شاعیر و یەک بڵاوکراوە و یەک دەزگا نییە، بەڵکو کێشکە، زەوقی دەستە جەمعییە. کولتوورێکە، کە ئەدەبیات و شیعرێکی ئاسان و بێکێشەو ڕازیکەری دەوێت. شیعر بووەتە خزمەتکاری سیستمی ستەمکاری کوردی و ماکیاژی بۆ دەکات، سرودی بۆ دەچڕێت، بانگەشە بۆ تەسلیمبوون و کۆیلەیی بۆ دەسەڵات دەکات. ئیدی شاعیرەکانیش بوونەتە هاوپەیمانی سیاسییەکان. شیعر بووەتە بازرگانی و بەجارێک بە کاڵایی بووە.))( نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١٦، ٦)

لەم بەیاننامەیەدا، نووسەران ئامانج و تێڕوانینی خۆیان بەرانبەر بە شیعر بەگشتی و ئەرکی شاعیر دەخەنەڕوو، ئەمان بەجۆرێکی تر لە شیعر دەڕوانن. بەلای ئەمانەوە شیعر ئامانجی بەرزتر لەخۆ دەگرێت، شیعر و فیکر بەیەکەوە ئەرکی بەرپرسیارێتی و ئازادی مرۆڤ لە خۆ دەگرن. هەروەک لەم بەشەی بەیاننامەکەدا دەڵێن: (( لێرەوە جەختکردنەوەو کارکردنی ئێمە، شیعرە بە ڕەهەندە فیکرییەکانییەوە. شیعر بە ڕۆح و ڕیشەی گەردوونییەوە. بینینی شیعرە وەک یەکێک لە کێشە فیکرییە گەورەکان و هەروەها سەرچاوەیەکی ڕەسەنە بۆ حەقیقەتی بوونی مرۆڤ و جیهان. شیعر یاخیبوون و شۆڕش و نوێگەری و زمان و فیکر و بوونە. هەموو کایەکان، دیاردەکان، لە ڕووی فیکرییەوە دبنە جێگەیەک بۆ ئەوەی شیعر بیریان لێبکاتەوە. گووتاری شیعر، گووتارێکی فیکریی ڕادیکاڵە، بۆ نووسینەوەو گێڕانەوەی بوونی مرۆڤ و کێشەکانی. شیعر ڕەتکردنەوەی گوتارە

تەقلیدی و دۆگماکانە. شکاندن و تێپەڕاندنە. شیعری ڕاستەقینە، کێشە بۆ دونیاو سیستمەکان دروستدەکات. نەک بانگەشەی هاوپەیمانی و ڕازیبوون و کۆیلەیی بکات.))(نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١٦، ٦)

هەروەها لەبەشێکی تری بەیاننامەکەدا، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەرکی شاعیرانە دیاری دەکەن، لەڕووی فیکرییەوە کار لەسەر درووستبوونی ئەو ئەرکە دەکەن. بۆیە دەڵێن: (( ئەرکی شاعیرانە کۆمەڵێک خەسڵەت و ئیلتیزام و پرۆژەی هەیە. خەسڵەتەکانی ئەرکی شاعیرییەت بریتین لە جەختکردنەوە لە سوبێکت و بوونی سوبێکت، پرۆژەو کار، ڕەخنە، ئازادی نوێگەری، پاشکۆ نەبوون، یاخیبوون، فیکر، ڕەتکردنەوە. ئەرکی شاعیریەت، ڕۆڵی ڕاستەقینەی مرۆڤە، برابەر سیستم و فاشیزم و ستەمکاری، بەرپرسیاری و ئیلتیزامی هەمیشەیی ئینسانە بەرابەر واقیع و تراژیدیاکانی، ڕەتکردنەوەی کولتوورتی تەقلیدی و دۆگما و کۆیلەییە. ئەوەی مەترسی ڕاستەقینە لەسەر واقیع و ترادسیۆنە دێرین و حیکایەتە خورافییەکان دروستدەکات، ئەرکی شاعیرانەیە. شاعیری ڕاستەقینە یاخیانە توانا خەیاڵی و زمانی و فیکرییەکانی دەتەقێنێتەوە و تێکستەکانی، ( لە ئالان بادیۆ)، دەبنە ڕووداو.))( نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١٦، ٩))

پرۆژەکەیان، پرۆژەیەکی فیکرییە گرنگی بەشیعر دەدات، بەڵام شیعرێک نییە کە خاڵی بێت لە فیکر، ئەم پرۆژەیەشیان تەنیا پەیوەست نییە بە لایەنێکی دیاریکراو کاتێکی دیاری کراوەوە، وەک خۆیان لەم بەشەی بەیاننامەکەدا دەڵێن: (( پرۆژەکەمان بێلایەن نییەوە نابێت بەرانبەر ئێستاو ڕابردوو. بەرانبەر کولتوور و شیعر و ئەدەبی کوردی، بەرانبەر سیاسەت و سیستم، بەرانبەر بڵاوکراوەکانی دیکە. بەڵکو دەمانەوێت بە ئەرکی شاعیرییەتەوە، کە لەسەرەوە خەسڵەتەکانیمان دیاریکرد، بژین و برۆین و بەردەوامبین. ئێمە وەک ئاشناو ئاشکراکراو و ناسراوێک نایەین و نامێنینەوە، وەک بێگانەیەک دێین و هیچ ڕیشەیەکی کۆمەلاییەتیمان نییە. چیتر دەبێت لەگوتارماندا دەستبەرداری ئەو ئەو نەریتە ببین، کە باوەڕمان وەک جەوهەری هەمیشەیی خۆی لە هەناوی سیستمەکەدا دەپارێزێت، چونکە هەموو ساتەکان و هەموو ڕۆژەکان بۆ شاعیر، زەمینەیەکن بۆ نارێکی و میکانیزمن بۆ ڕووبەڕووبوونەوە.)) ( نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١٦، ٩). دەکرێت بڵێین: ئەم بەیاننامەیە  لەڕووی ڕەخنەییەوە کاریگرییەکی ئەوتۆی نەبووە، چونکە  ئەگەر لەسەر ئەو بنەمایە بڕوانینە ئەم بەیاننامەیە، کە بوونی  بیروبۆچوونی ڕەخنەیی لە بارەی بەیاننامەوە ، بە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی ئاماژەیەکە بۆ کاریگەر بوونی ئەو بەیاننامەیە لەڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، بەڵام لە چوارچێوە ئەو سەرچاوانەی کە دەست ئێمە کەوتوون، هیچ بۆچوونێکی ئەرێنی و نەرێنیمان  نەبینی کەلەبارەی ئەم بایاننامەیەوە خرابێتە ڕوو.

دووەم: بەیاننامە تاکەکەسییەکان

بەگشتی فەزای ئەدەبی کوردی، بەتایبەت لە باشووری کوردستان، وەک ئەدەبیاتی گەلانی تری جیهان و ناوچەکەش بێبەش نەبووە لە بوونی بەیاننامە، ئەگەرچی مێژوویەکی کۆنی نییە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی تەوژمی نوێخوازی، لەحەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەرکردنی بەیاننامەش؛لەناو نووسەران و شاعیرانی کورددا بووە بە پێویستییەکی ئەدەبی. ((دەرکردنـی بەیـان یـان (مانیفێسـتۆی) ئەدەبـی، هەنـدێ جـار واهەڵکەوتـووە کـە تەنهـا کەسـێک مانیفێسـتۆی دەرکـردووە و هەنـدێ جاریـش بەکۆمــەڵ، ئــەوەی کــە بەتەنهـا کردوویەتـی خـۆی جیاکردۆتـەوە لەئەدەبێـک کـە (مالـوف) واتـە بـاو بـووە، ئەوانـەش کە بەکۆمـەڵ خۆیـان ڕاگەیانـدووە، یـەک تێڕوانیـن هانیـداون، بەنیـازی ئـەوەی تـەکان و گەشـەیەک بـدەن بەئەدەبـی بـاو، سـەرەنجام مانیفێسـتۆ بـۆ وەڵامدانـەوەی قۆناغێکـی ئەدەبـی بـووە، بـۆ ڕزگارکردنـی ئـەدەب لەسیاسـەت، بەپێچەوانەشـەوە زۆرجـار ئیدیۆلۆژیـا کاریگـەری هەبـووە.))(محەمەد،٢٠٢٠، ٥٥). پێشتر ئەو بەیاننامە دەستە جەمعیانەمان خستەڕوو کە لە لایەن گرووپە نوێخوازەکانەوە نووسرابوون. لێرەشدا ئەو بەیاننامە تاکە کەسییانە دەخەیەنڕوو، کە توانیویانە شوێنی خۆیان لە ناو ئەدەبیاتی کوردیدا جێگیر بکەن.

١– ئەنوەر مەسیفی

ئەنوەر مەسیفی وەک شاعیرێکی سوریالیستی، یەکێکیرە لە شاعیرانی سەر بەفۆڕمی گران، کە لە ساڵانی هەشتاکان و لەدوای ڕاپەڕینیشەوە؛ توانی لەگەڵ کۆمەڵێک شاعیری نوێخوازی تری وەک( سەباح ڕەنجدەر، ع.ع. یووسف، هاشم سەراج، جەلال بەرزنجی، دڵشاد عەبدوڵڵا)دا فۆڕمێکی قووڵ و نا ئاسایی ( فۆڕمی گران) بێننە ناو شیعری کوردییەوە. شاعیرێکی تێکشێنەری واقیع و خاوەن زمانێکی تایبەت بەخۆی بوو. بەگشتی شێوازی نووسینی خۆی ناونابوو فۆڕمی گران.(( ئەم فۆڕمەی ناوبراو پێی دەنووسی بەڕاستی شتێکی سەیربوو، یاخیبوونی تێدایەو ئەزموونێکی تازەی شاعیربوو. لێ ئەوەی جێی داخە ئەم شاعیرە زۆر ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە لە لایەن ڕەخنەگران و لێکۆڵەرانەوە. منیش ئەوە بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە ئەو شێوازەی ئەو پێی دەنووسی سیستەمێکی ئاڵۆزەو بیرکردنەوەیەکی قووڵی دەوێت، پڕە لە کۆد و نهێنی، گرانە پەی بە نهێنی و جوانییەکانی شیعری شاعیر ببەین.))(مەنتک،٢٠١١،١٣٠)

ئەنوەر مەسیفی، کە شێوازە تایبەتەکەی خۆی ناونابوو ( فۆڕمی گران)، بەیاننامەیەکیشی بەو ناو نیشانەوە لەچەند ژمارەیەکی جیاواز لە کاتی جیاوازدا بڵاو کردەوە. کە ئێمە لێرەدا چەند بەشێک لەو بەیاننامەیە دەخەینەڕوو.

بەياننامە( مانيفێستی دووەمی فۆڕمی گران): ئەم بەياننامەيەی لە ساڵی ( ١٩٩٣)دا لە ڕۆژنامەی ( كوردستانی نوێدا بڵاو كردەوە.

لە دەستپێكی بەياننامەكەدا چوار خاڵ دەخاتەڕوو، كە هەرخاڵێكيان قسەی كەسانێكن لە ئاست و بواری جياوازدان، خاڵەكانيش بريتين لە ((١– لە هاوينی ساڵی ڕابردوودا، پلەی گەرما لەسەر بەرزترين لووتكەكانی كوردستانی ئازاد لە پلەی گەرمای ئاسايی لەشی مرۆڤ بەرزتر نەبووەوە. ٢– نالی هونەری شيعری لە ناو دەستی فەقێيان دەرهێناو فڕێی دايە ئاسمان. ٣– ئەنشتاين، زانست و فيكری تێكەڵاوی يەكتری كرد. ٤– تەمبوور قوڕ لە بەربارانی كەون سييەكانی لە دێرێ دانا. لەم چوارخاڵانەی سەرەوەدا دەتوانين بڵێين: خاڵی يەكەم: ڕستەی هەوا شوناسە. خاڵی دووەم: ڕاوبۆچوونی ڕەخنەگرە. خاڵی سێيەم: قسەی ڕووناكبيرە. خاڵی چوارەم: شيعرە. لەكاتی بەراوردكرن لەنێوان هەر چوار خاڵيشدا، خاڵی چوارەم بە ( نا ئاسايی) لە هەرسێ خاڵەكەی تر جيا دەكرێتەوە. هۆی (نائاسايی) خاڵی چوارەميش ئەوەيە كە شيعرە. نائاسايی لە شيعردا واتە نائاسايی لە واقيعدا. نائاسايی شيعر دەگەڕێتەوە بۆ نا ئاسايی زمان و نائاسايی واقيعيش دەگەڕێتەوە بۆ نا ئاسايی دەستوور. ))(مەسيفی،٢٠٠٥، ١٤١)

لەم بەياننامەيەدا، شاعير دەيەوێت ئەوە بگەيەنێ، كە ئەو نا ئاسايی دەنووسێ، چونكە ئەو واقيعەی ئەو تيايدا دەنووسێ ئاسايی نييە، ئەو واقيعە نا ئاساييەش بەهۆی دەستوورێكی نائاساييەوە خوڵقاوە، بۆيە گوزارشتكردن لە واقيعيكی ئاوا زمانێكی شيعری نا ئاسايی دەوێ. شيعريش كاتێ بە زمانی نائاسايی دەنووسرێ بێگومان خوێنەريش ناتوانێت بە ئاسايی بيخوێنێتەوە.((شيعری نائاسايی چۆن دەخوێندرێتەوە؟ بێگومان ئاساييانە ناخوێنريتەوە، چونكە لە كاتی خوێندنەوەيدا زمان ئاسايی نييە، بەڵكو لە پڕو لە هێكرا خوێنەر بەرەو چەندين كات و شوێنی هەبوون يان نەبوون دەباو لە هەمانكاتيشدا لەپڕو هێكراش هەمان خوێنەر بەرەو چەندان دەرەوەی كات و دەرەوەی شوێن دەبات. ئەو خوێنەرەی بەپێی باری نەفسی خۆی شيعری نائاسايی وەلا دەنێ، نەك لە بەرئەوەی كە شيعرەكە لەڕووی زمانەوە لەنگ و سەقەتە، نەك لەبەر ئەوەی لەڕووی فكرييەوە هەڵەی تێدايە، بەڵكو هەر لەبەر ئەوەی كە تێی ناگاو بێ مانايەو ديارە لای ئەو ئاساييبوون يەكەم ( ميعيار) ی زێڕينی شيعرە.))(مەسيفی، ٢٠٠٥، ١٤١)

لە ساڵانی هەشتاكان كوردستان بە بارودۆخێكی ئێجگار سەخت و دژواردا تێپەڕی، ئەويش بەهۆی كارەساتە گەورە و نامرۆڤانەكانی وەك ( ئەنفال و وڕاگواستن و كيميابارانكردن و تێكدانی گوند) و چەندين نەهامەتی تر كە بەسەر ميللەتەكەماندا هات، واقيعێكی زۆر ئاڵۆز و دژوار هاتە ئاراوە. هەروەك لە بەشێكی ئەم بەياننامەيەدا شاعير بەم جۆرە باس لەو واقيعە دەكات و دەڵێ: (( واقيعی ئاسايی نەما. ئێستا واقيعی بە كيميا خنكاندن و زيندەبەچاڵكردنی بە كۆمەڵ وئەنفالكردنە. ئێستا واقيعی بازرگانی كردنە بە ئاو و بازرگانی كردنە بە گورچيلەی مرۆڤ. من ئەو كارەساتانە بە

بەیانی یەکەمی فۆڕمی گران دادەنێم))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤١). بەلای شاعیرەوە کارەساتەکان هێندە گەورەو کاریگەرن کە واقیعێکی نائاساییان خوڵقاندووە، بۆیە پێی وایە دەبێ شیعریش بەجۆرێک بێ؛ کە لە ئاست گەورەیی و کاریگەری ئەو ڕووداوانە دابێت، نائاساییانە گوزارشت لەو واقیعە بکات. ئەگەرچی سەختی و کاریگەری ئەو ڕووداوانەو زەبرو زەنگ و دەسەلاتی داپلۆسێنەرانەی دووژمنیش لەوکاتەدا، کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر شاعیرانی قۆناغەکە؛ کە بەدەنگەوە هاتنیان و گوزارشتکردنیان لەو واقیعە تاڵە، وەکو پێوست نەبوو. بەشیوەیەکی گشتی جۆرە کزییەکی پێوە دیاربوو.(( بەڵام سەرباری ئەمەش دەتوانین بڵێین لەم ماوەیەدا چەند شاعیرێک هەوڵی ئەوەیان داوە ئەو ناوەڕۆکە بکەنە هەوێنی شیعرەکانیان و بە پێی تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ناوەرۆکدا کردووە. کە لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین دیارترینیان هەوڵەکانی ( ئەنوەر مەسیفی )یە، کە هەوڵی دا لەسەر بناغەی جۆری بیرکردنەوەو تێگەیشتنی تایبەتی خۆی لە بارەی ئەرکی شیعرەوە لە ڕووی گەیاندنی ئەو ناوەڕۆکەی مەبەستی بووە لەو شێوە هونەرییە تایبەتییەی دەری ببڕێ، کە لە ڕاستیدا وەرگرتنەکەی نەک هەر لە لایەن کۆمەلانی خەڵکەوە کزبوو، بەڵکو بەشێکی دیاری چینی ڕۆشنبیری کوردیشی گرتەوە.))( سابیر، ٢٠٠٦، ٤٨٥)

ئەو کارەساتەکانی سالانی هەشتا بە (بەیانی یەکەمی فۆڕمی گران) دادەنێت و دەیکاتە بنەمایەک بۆ نووسینی (بەیانی دووەمی فۆڕمی گران) بۆیە لەبارەی وەرگرتنی شیعر لەلایەن خوێنەرەوە، ئەوە دەخاتەڕوو، ئەو شیعر بۆ خوێنەرێک دەنووسێت کە ڕۆشنبیرییەکی باش و بەرزی هەبێت، ئەو بۆ خوێنەرێک نانووسێت؛ کە پێوەری (ئاساییبوون) دەکاتە بنەمای سەرەکی بۆ هەڵسەنگاندنی دەقی نا ئاسایی. بەلای ئەوەوە ئەو جۆرە خوێنەرە ماوەی بەسەرچووە. بۆیە دەڵێ: (( ئەو خوێنەرەی ئاسایی بوون بە (میعیاری) یەکەمی زێرینی شیعر دادەنێ، ڕابردووە . خوێنەری ڕابردووش بەدیتنی شیعری نائاسایی سارد دەبێتەوە و لە هەمان کاتیشدا لێی دەترسێ. هەر بۆیەشە ناتوانێ تەماشای ئێستاو داهاتوو بکا. چونکە شیعری نائاسایی لە کات و ناکات و شوێن و ناشوێن زمانی خۆی درووست دەکا))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٢). هەروەها پێی وایە، کە ئەوە نزمی ئاستی ڕۆشنبیریی خوێنەرە، کە ناتوانێ لەدەقە نائاساییەکانی ئەم تێباگا، نەک ئەوەی دەقەکانی ئەم بێ مانا بن.(( ئەو خوێنەرەی پەی بە لەنگی و سەقەتیی شیعری نا ئاسایی دەبا، بۆ نایدرکێنێ؟ ئاشکراکردنی لەنگی سەقەتیی شیعری نائاسایی چ لە ڕووی زمانەوانییەوەبێ، چ لە ڕووی فیکرەوە بێ، زۆر بۆ خوێنەر باشترە لەوەی بڵێ تێناگەم و بێ مانایە، ئەگەرنا ئەوا جێی خۆیەتی هاوار بکرێ: ئەرێ هۆ ئۆممەتی تەیرو توار ناس، قەت بیستووتانە کێشکە لە هەڵۆ بگا))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٢)

لێرەدا ئاستی خوێنەری (ئاسایی) و نووسەری نا (ئاسایی)، بەدوو ئاستی زۆر جیاواز دیاری دەکات، مافی خویندنەوە بە هەموو خوینەرێک دەدات، بەڵام جڵەوگرتنی شیعر بە مافی هەموو خوێنەرێک نازانێت، چونکە ئەزموونی شاعیر و خوێنەر بە دوو ئەزموونی جیاواز دادەنێت(( لەگەڵ

ئەوەی کە ئەزموونی شاعیر جیایە لەگەڵ ئەزموونی خوێنەر، کەچی خوێنەر هەیە بەپێی باری نەفسی خۆی شیعر دەخوێنێتەوەو ڕاوبۆچوونیشی لەسەر دەدا. خوێندنەوە شتێکەو ڕاوبۆچوونیش شتێکی ترە. خویندنەوە، یەکێکە لەو مافانەی کە شاعیر بە هەموو خوێنەرێکی داوە، بەڵام مافی جڵەوگرتنی شیعر ناداتە دەست هەموو خوێنەرێک(گوێی لێ دەگرێ، بەڵام بەگوێی ناکا)، چونکە شیعر هەیە ناگیرێ وەک ئەو ئەفسانانەی کە هێشتا ڕوویان نەداوەو نەگیراون.))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٢)، هەروەها بەپێوستی دەزانێ ،کە شاعیران لەو قاڵبە ئاساییە دەربچن و بەرەو نائاسیی بوونی شیعر بڕۆن، چونکە زۆری و بۆری شیعری ئاساییە کە خوێنەری ئاسایی درووستکردووە. لەکۆتایی ئەم بەیاننامەیش دا (بەیاننامەی دووەمی فۆڕمی گران) جیاوازییەکانی نێوان ( شیعری نائاسایی) و( خوێنەری ئاسایی) بە چەند خاڵیک خستووەتەڕوو.

لەڕووی ڕەخنەییشەوە، لەبارەی ئەم شێوازە تایبەتەی (ئەنوەر مەسیفی)یەوە پەرێز سابیر دەڵێ:
(( ئەو تاقیکردنەوە شیعرییەی (ئەنوەر مەسیفی)و هاوڕێکانی لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بووە هۆی پەیداکردنی جۆرە چالاکییەکی ڕەخنەیی بەهۆی ئەو وتارو وەڵامانەی لە نێوان شاعیرو نووسەرو ڕەخنەگرانی ئەو ماوەیەدا هاتبوونە نووسین و تا کۆتایی هەشتاکانیش هەر بەردەوام بوو و چاوەڕوان دەکرا لە ساڵانی دواتریشدا بەردەوام بێ، کەچی دەبینین دەگاتە ساڵانی نەوەدو بێ دەنگی باڵی بەسەردا دەکێشێت و بەدەگمەن نەبێ لەو ڕووەوە چاومان بەشتێک ناکەوێ. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەو نووسینە کەمانەی جاروبار دەکەوتنە بەرچاو زیاتر چەند نووسینێکی ( ئەنوەر مەسیفی ) بوون کە جۆرێ تێگەیشتنی تایبەتی لە سرووشتی شیعر پیشان دەدات و لە بیرو هزری موجەرەدی خاوەن ڕایەکەوە سەرچاوەی دەگرت...))(سابیر، ٢٠٠٦، ١٩١)

## بەیاننامە (مانیفێستی چوارەمی فۆڕمی گران):

ئەنوەر مەسیفی، ئەم بەیاننامەیەی لەساڵی (٢٠٠٣)دا نووسیوە، ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی شەڕی براکوژی ساڵانی نەوەدەکانە، لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا، ئەو باردۆخەی کەبووە هۆی شێواندنی فیکری پاکی شیعر و مرۆڤ. هەروەک خۆی دەڵێت: ((من براکوژی بە بەیانی سێیەمی فۆڕمی گران دادەنێم، چونکە براکوژی چڵکی سێ ئیلهامە سروشتییەکەیە. دەزانن ئەو سێ ئیلهامە سروشتییەش چین؟ کە من ستراکتۆری براکوژی و شێواندنی فیکری پاکی شیعر و مرۆڤیان دەزانم، ئەمانەن: ١- فەرمانسالاری ٢- پەرستن ٣- قەبرستان. کە بە سێکوچکەی چاخی ئاسۆیی دەناسرێن))( مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٤، ١٤٥)

لەم بەیاننامەیەدا، شاعیر دەستبەرداری (سروشت) دەبێت و بەرەو فراوانتر لە سرووشت دەڕوات، بەو واتایەی مامەڵە لەگەڵ دنیایەکی تردا دەکات؛ ئەویش کەونە. چونکە بە لای ئەوەوە (کەون) کائینێکی هەمیشە زیندووە، مەودایەکی فراوانتری هەیە کە (ستوونی)یە، بە پێچەوانەشەوە (سرووشت ) کائینێکی( ئاسۆیی)یە لەگەڵ ئەوەی کە ئەمیش کائینێکی زیندووە بەڵام ئاسۆیی گەشە

دەکات. کاتێک دەڵێ: (( لە مێژە سرووشت دەچەوسێتەوەو بۆیە من پێم وایە سروشتیش هەندێ لەو بەهایانەی کە شانازی پێوە دەکات. لە دەست دەداو ئەویش ڕۆژێ دادێ مەرگی خۆی ڕابگەیەنێ و ئیدی ئەوەی کە بۆی دەمێنێتەوە، تەنیا ئەو چەند ملیۆن ساڵەیە کە وەک ژەنەڕاڵێک ئاسۆیییانە زەوی بەڕێوە دەبرد. واتە سروشتیش دەبێتە فانتازیا چونکە سروشت کائینێکی ئاسۆییە))(مەسیفی. ٢٠٠٥، ١٤٣). بە لای شاعیرەوە سرووشت چەوساوەی دەستی کۆمەڵێک بارە، ئیتر بە بەرییەوە نەماوە، تا شیعر خۆی بۆ تەرخان بکات، چونکە خۆشی دەبێتە بارێکی ماندوو بەسەر شیعرەوە. بۆیە لەم بەیاننامەیەدا دەڵێ: (( من لۆخۆم پێڵاوم پێ لەگووڵ جوانترە. ئۆپێرام  لە بەهار لە قەلب خۆشترە. شیعریش لە ڕۆکێت دەکات، ئەویش وەک ڕۆکێت پێویستی بەوە هەیە، خۆی ڕزگار بکات لەو هەموو بارانەی کە لە مێژەوە دەیچەوسێننەوەو  ئەگەر ئەو بارە ماندوانەش فڕێ نەدات، ئەوا بێگومان سۆێی دەبێتەوەو لەوانەشە چیتر هیچ بەهیچ نەکات. شیعر یەکەمجار ستوونی بوو، دەبێ ستوونیانەش پەرە بەخۆی بدات.))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٣)

بۆیە شاعیر دەستی لە سرووشت شتووە، بەلای ئەوە سروشت هیچ ئیستاتیکایەکی تێدا نەماوە، تا شاعیر شیعری بۆ بنووسێت، چاخی سرووشت کۆتایی پێهاتووە، بۆیە دەبێ شیعر خۆی بۆ چاخی کەون ئامادە بکات کە ئیستاتیکایەکی فراوانتری تێدایە. ئەم خۆ ئامادەکردنەش زمان( گرامەر)ێکی ستوونی دەوێ. هەرچی زمانی شیعری(سرووشت)یشە زمانێکی (گوندانی و شاری)یە، کە زمانێکی ئاسۆیییە. ((تایبەتمەندییەکی تر کە شاعیر شیعری پێ نووسیوە. زمانەکەیەتی، خۆی ناوی لەو زمانە ناوە ( گرامەری ستوونی) ئەو بڕوای وابوو دووجۆر گرامەر هەیە، یەکیان ئاسۆیییە کە زۆربەی زۆری خەڵک قسەو گفتوگۆی پی دەکەن، یەکێکی تریان ستوونییە کە ئەو پێی دەنووسێ. شاعیر بەشێوەیەک دەیڕوانییە زوبانی کوردی کە زوبانێکی دەوڵەمەندە، لێ شاعیران توانایان بەسەردا ناشکێ. بۆیە دەبینین شێوازی نووسینەکەشی بە شێوەیەکی ستوونی بوو، هەموو شیعرەکانی ئەم شێوەیەیان هەیە. واتە ئەو زوبانەی شاعیر مامەڵەی دەگەڵ دەکات، زوبانێکە زۆر جوداوازە دەگەڵ ئەو زوبانەی خەڵکی سڤیل پێی دەپەیڤی، بۆیە زۆربەی خەڵکی تێ ناگات و لای نامۆیە. هەموو ئامانجی شاعیر ئەوبوو کە فۆڕمێک دابهێنێت تەنیا قەتیس نەبێت لە وڵاتی خۆی، بەڵکو فۆڕمێک دابهێنێ کە جیهانگەرایی بێت، واتە بۆ هەموو جیهان بگونجێت. ئەوەش بەراستی ئەرکێکی قوورسە، هیچ شاعیرێکی کورد نییە ئەو بیرکردنەوەی هەبێت، زۆربەی شاعیرانی کوردی خۆمان تەنیا بەدوای ئەوەوەن کە لەسەر لاپەرەی یەک دوو ڕۆژنامەو گۆواری ناوخۆ لە سەریان بنووسرێت ئیدی خۆیان لێ دەبێتە شاعیرێکی داهێنەر.))( مەنتک، ٢٠١١، ١٣١)

لەبەشیکی تری ئەم بەیاننامەیەدا، شاعیر( سرووشت و شیعر و مرۆڤ) دەخاتە ناو هاوکێشەی پارادۆکسیی کەونەوە، مانەوەی ئەم سیانەش بەیەکەوە، بۆ کەون بێزارکەرن، بۆیە دەبێ یەکێکیان لەناو بچێ. ئەوەی کە لای شاعیر بەرەو ئەو لەناو چون دەچێ (سرووشت)ە، چونکە گەشەی

ئاسۆییە، بە نیسبەت (شیعر)یشەوە، کە گەشەی ستوونەییە پێوستە لەگەڵ گەشەی کەوندا هاوتەریب بێت، چونکە ( کەون) نەگۆڕنییە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، داهاتوش هەر بۆ کەونە، چونکە کاتێک کەون هەبوو نە سرووشت و نە شیعر و نە مرۆڤیش هەبووە. ئێمەی مرۆڤیش ئەگەر بمانەوێ نەبینە فانتازیاو؛ حەیوانێکیتر جێگەمان لەم کەونەدا پێ لەق نەکا، دەبێ خۆمان بۆ پێشوازیکردن لە کەون ئامادەبکەین. (( ئەگەر کەون وادەی ئەوەی هاتبێ مانیفێستی خۆی جاڕبدا، ئەوا یەکەم: ئێمەی مرۆڤ دەبێ خۆمان ئامادە کردبێ بۆ پێشوازیکردن لە پاردۆکسییەتی کەونی، ئەگەر نا دوورنییە حەیوانێکی تر لە ئێمە پاردۆکسیتر کەون فڕێی بداتە سەر زەی و ئێمەش ببینە فانتازیا. دووەم: سرووشت ڕزگاری دەبێ لە هەموو چەوساندنەوەیەو چیتر وەک چڵک فۆڕمی پاکی شیعر و مرۆڤ ناشێوێ، چونکە سرووشت تادێ ئەو بەهایانەی شانازییان پێوە دەکا لەناو دەچن و ئەو ژەنەڕاڵییەتەی کە هەشیبوو، نایمێنێ. سێیەم: شیعر پاک دەبێتەوە، چونکە مرۆڤ دەتوانێ خۆی لەماناکانی کەون بدات، لە بەرئەوەی کائینێکی هەمیشە زیندووە و نەگۆڕ نییە و کێ شیعر دەڵێ؟ مرۆڤ یان سروشت؟ شیعر هەوایەکی ستوونییە سروشتیش هەوایەکی ئاسۆییە. چاخی سروشت تەواو، ئێستا کەون خۆی بۆ چاخی کەونییەت ئامادە دەکاو بەڕێوەیە، واتە چاخی ئاسۆیی تەواو دەبێ و چاخی ستوونی دەست پێ دەکا))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٤)

شاعیر لەم بەیاننامەیەدا ئەوەمان پێدەڵێ، کە ئەو شاعیرێکی کەونییە، ئەو بەتەنیا خۆی بەشێوەیەکی تاکڕەوی، بەتەوای خۆی بۆ پارادۆکسییەتی کەون ئامادە کردووە، نایەوێ حەیوانێکیتر جێگەی ئەو لەو کەونەدا بگرێتەوە. ئەو خۆی لەو سێ ئیلهامە پاککردووەتەوە ،کە بە سێکوچکەی چاخی ئاسۆیی ناویان دەبات، ئەوانیش ئیلهامی( فەرمانسالاری، پەرستن، قەبرستان)ن. ئەو لەگەڵ شیعر بەرەو ( ئازادی، کبریا، ژیان) هەنگاو دەنێ. بۆیە دەڵێ:(( من لۆخۆم چێژ لە پەیکەرێک دەبینم، نەک لە دارستانێک. جارێکیتر کەون نابێتەوە کەشتی نوح، چونکە کەشتی نوح وەرچەخانێکی ئاسۆییە، وەرچەرخانێکی ستوونی نییە لە چاخی کەونییەتیشدا، واتە لە چاخی ستوونیشدا دەبێ شیعر بە ئاگابێتەوە و چیتریش بە ئیلهام فریو نەدرێ، چونکە ئیلهامیش چڵکی سرووشتە و واتە ئیلهامیش هەوایەکی ئاسۆییە، لە چاخی هەوای ستوونیدا، شیعر ئەو خوینەرانەی نامێنێ کە پڕی فرمانی داخوازی بوون، شیعر ئەو خوێنەرانەی نامێنێ کە ئاوسابوون بە ئامرازی بانگکردن و هانابردن و هەروەها شیعر ئەو خوێنەرانەی نامێنێ کە دوو کێلیان دەستبوون))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٥). بۆیە ئەو چیتر نایەوێ بە سێ ئیلهامەکەی سرووشت؛ فۆڕمی پاکی شیعر و مرۆڤانەی خۆی بشێوێنێ و لە گەشەیەکی ئاسۆییدا بمێنێتەوە، ئەو بە گەشەیەکی ستوونی بەرەو بەرزی و بەرەو کیبریا هەنگاو دەنێ.(( شاعیر لەم بەیانە مەرگی سروشت ڕادەگەیەنێ بەو مانایەی شاعیر پێمان دەڵێت با شاعیر و شیعر چیتر باسی گوڵ و باخچەو مانگو ئەستێرەمان بۆ نەکەن، بەڵکو پەل بهاوێن بۆ هەمووشتێکی ناو کەون. بانگەشەیە بۆ ئەوەی کە شاعیر پێمان دەڵێت: ( کەون) بە شێوەیەکی ستوونی دێت. ئەگەر

زیاتر لەم دەسەتەواژانە وردبینەوە دەبینین هەموو پێشکەوتنێکی جیهانی لە سروشت پێ باشترە و پڕ لە ئێستێتیکی ترە. وەک دەڵێت: کارەبام پێ لە ئەستێرە درەوشاوەترە. بەو مانایەیی چیتر سروشت ئیلهام بەخشی شاعیر نییە. چیتر شاعیر پێوستی بەو نییە گوڵیک، دارستانێک سەرنجی ڕابکێشێت.))( مەنتک، ٢٠١١، ١٣٣).

لەم بەیاننامەیەدا شاعیر بانگەوازی مەرگی سرووشت رادەگەیەنێت، چونکە ئەو پێی وایە سرووشتێک کە ( براکوژی) چڵکێ سێ ئیلهامەکەی بێ! جوانییەکان تیادا پێچێەوانە دەبنەوە، پێڵاوێک لەگوڵ جوانتر دەبێ، تۆپێک لە هەنار هاوچەرخانەتر دەبێ، بۆیە دەڵێ:

من لۆخۆم دەنووسم:

– پێڵاو کەپوومانە.

نانووسم:

– پێڵاو لەپێکەن.

من لۆخۆم دەنووسم:

– مانگ لەناو کەپوومان هەڵدێ.

نانووسم:

– ئەی مانگ لە کوێی؟

من لۆخۆم دەنووسم:

– پێکەنین کەپووی ژیانە.

نانووسم:

پێکەنین لە کەپوومان هاتەوە. (مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٥)

## بەیاننامە (مانیفێست)ی شەشەمی فۆڕمی گران

ئەم بەیاننامەیەی ( ئەنوەر مەسیفی)، وەک تەواوکەرێک بۆ هەردوو بەیاننامەی (دووەم و چوارەم)ی فۆڕمی گران، زیاتر جەخت لەسەر (زمانی ئەدەب) دەکاتەوە. باس لە تایبەتمەندێتی زمانی ئەدەب دەکات. ئەو پێی وایە کە زمانی ئەدەب جیاوازە لە زمانی نووسینەکانی تر، زمانێکی پارادۆکسییە، هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیەدا دەڵێ: (( ئەگەر توانرا زمانی ئەدەب بخوێنرێتەوە، مانای وایە خوڵقانێک قەوما، چونکە ئەگەر گوترابێ زمان کائینێکی زیندووە، ئەوا زمانی ئەدەب کائینێکی پارادۆکسییە))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٦). پارادۆکس بەواتای (دژیەک)دێت. بەو پێیەی کە زمانی ئەدەب جیاوازە لە زمانی نووسینەکانی تر، خوێندنەوەی هەروا ئاسان نییە، کاتێک زمانی

ئەدەب بتوانرێت وەک خۆی بخوینریتەوە ئەوا ئەو زمانە توانیوییەتی شتێک بەدی بێنێ، بەو واتایەی خوێنەر لەکاتی خوێنەوەی ئەو زمانەدا هەست بە پارادۆکسییەتی خۆی بکات.

شاعیر لەم بەیاننامەیدا چەند تایبەتمەندییەک بۆ زمانی ئەدەبی دادەنێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەدەب بەوە دادەنێت، کە باری نەفسیی ئەدەب لە نەفەسی نووسەرەوە بۆ نەفەسی خوێنەر دەگوازێتەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە کە بەلای زۆربەی خوێنەرانەوە تێگەیشتن لەو زمانە ئاسان نەبێت، کاتێکیش ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە و زمانی ئەدەبی باری نەفسیی ئەدەب لە نەفەسی خوێنەروە بۆ نەفەسی نووسەر دەگوازێتەوە، ئەوا تێگەیشتن لەو زمانە لای خوێنەر ئاسان دەبێت، بەڵام ئەو زمانە نابێتە کائینێکی پارادۆکسی. کە بەیەکێک لە عەیبەکانی ئەدەبی دەزانێت. کەواتە( خوێنەر) یەکێک بوو لە جیاوازییەکانی نێوان ئەم دوو کائینە ( کائینی زمانی ئەدەبی و کائینی زمانی نووسینەکانیتر).

جیاوازیی دووەم لە نێوان ئەم دوو کائینەدا (کات و شوێنە)، کە شاعیر ئەمانیش بە پارادۆکسی دادەنێ، وەکو دەڵێ: (( کات و شوێن لە زمانی ئەدەبدا لە واقیعدا نین و لە واقیعیشدا هەن. واتە کات و شوێن لە زمانی ئەدەبیدا کائینێکی پارادۆکسین، بەڵام کات و شوین لە زمانی نووسینەکانی دیکەدا تەنیا لە واقیعدا هەن، واتە کات و شوێن لە زمانی نووسینەکانی دیکەدا کائینێکی زیندوون.))(مەسیفی، ۲۰۰۵، ۱٤٦)

یەکێکی تر لەو تایبەتمەندییانەی؛ کە بۆ زمانی ئەدەبی بەگرنگی دەزانیت ئەوەیە، کە زمانی ئەدەب نەکەوێتە ژێر کاریگەری هیچ ئایدۆلۆژیایەکەوە. ئەو دەڵێ کە زمانی ئەدەبی جیهانی لەسەدەی ڕابردوودا کەوتبووە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیایەکی ناکۆکەوە، ئەوەی کە زمانی ئەدەبی ئەوسەدەیەی لە گەنین ڕزگارکرد نۆڤلێتی (کافکا) و شانۆنامەی ( لەچاوەڕوانی گۆدۆ)ی ساموێل پیکێت و چامەی ( وێرانەخاک)ی ئەلیەت بوون، هەوەها ئاماژە بە ئەدەبی کوردی خۆشمان دەکات کە بەدەر نەبوون لەم کاریگەریی ئایدۆلۆژییەتە و دەڵێ:(( گرنگی زمانی ئەدەبی لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا لەوەدایە، کە بەپێی تەرازووەکانی ئایدۆلۆژیا کار ناکات. هەر بۆ نموونە، لە ئەدەبی کوردیماندا چەندیین بەرهەمی ئەدەبی لەسەر جەمیلەی جەزائیری و سەبراو شاتیلای فەلەستینی و هەتا لەسەر کێشە ڕەواکانی خۆشمان، مخابن زۆر بە کرێت کەوتنە ژێر کاریگەری هەندێ ئایدۆلۆژیای ناکۆک و بەزمانێکی نا ئەدەبیانەش نووسراون و هیچیشیان نەبوونە شاکاری موئەشیری ئەدەبی.))(مەسیفی، ۲۰۰۵، ۱٤٧)

یەکێیکیتر لەو تایبەتمەندییانەی، شاعیر بۆ زمانی ئەدەبی دیاری دەکات، ئەوەیە کە زمانی ئەدەب هەمووشتێک بەیان ناکات، بە پێچەوانەی سرووشتەوە، کە پێناسە بۆ هەمووشتێک دادەنێت، چونکە سرووشت لەقەیراندایەو ترسی ئەوەی هەیە کە لەناوبچێ، ئەو زمانەی ئەدەب بەڕێوە دەبات زمانێکی غەیبییە، بۆیە ئەدەب لە قەیراندا نییە، چونکە هەمووشتێک بەیان ناکا(( سروشت بە بەردەوامی پێناسە بۆ شتەکان دادەنێ، لەترسی ئەوەی نەبادا لەناو بچێ، بەڵام لە ئەدەبدا پێناسەی هیچ شتێک گرنگ نییە، کەواتە ترسی لەناوچوونی سروشت لە ئارادایە و ئەوانەی پێشیان وایە ئەدەب لە قەیراندایە

ئەوانەن کە سروشت بەڕێوەیان دەبات، واتە چاو لەسروشت دەکەن. زمانی ئەدەب هەمووشتێک بەیان ناکات، ئەگەر هەموو شتێکیش لە ئەدەب بەیان کرابا، ئەوا لە مێژبوو ئەدەب ببووە دیاردەیەکی سروشتی))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٨). شاعیر پێیوایە زمانی ئەدەب، زمانی فەرمانسالاری و پەرستن نییە، زمانێکی جیاواز لە ئاینەکانیشە، ئەگەر چی ئاینەکانیش گرانن، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ئەدەب ئەوەیە، کە ئاین لە لایەک تێکەڵی مەیل و ئارەزووەکانی خوێنەر دەبێ، لە لایەکی تریشەوە سەر بە دوو فەلسەفە باوەکەیە. بەڵام ئەدەب نە تێکەڵ بە مەیل و ئارەزووی خوێنەر دەبێ و نە سەر بە دوو فەلسەفە باوەکەشە، بەڵکو کتێبی سێیەمە. هەروەک لەم بەشەی بەیاننامەکەدا دەڵێ: (( ئاینەکان سندووقی ڕەشی دابەکانن. لەو دابانەی کە ئەدەب لە ئاییننەکان فێری بووە، هەر بۆ نموونە دابی فەرمانسالاری و دابی پەرستن. زمان لە ئاینەکاندا کائینێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام زمان لە ئەدەبدا کائینێکی پارادۆکسییە. هەروەها لە جیاوازییەکانی دیکەی نێوان زمانی ئەدەب و ئاینەکان، زمانی ئاین بۆ خوێنەرە، بەڵام زمانی ئەدەب ئیش بۆ خوێنەر ناکات، بەڵکو ئیش لە کیبریای خۆی دەکات. واتە زمانی ئاینەکان خوینەر بەرەو ماڵی بوون دەبەن، بەڵام لە ئەدەبدا خوێنەر ئازادە. فەرمانسالاری، واتە دیکتاتۆر پەرستن، واتە دیل. ئەدەبێک فەرمان بەخوێنەر بکات ئەو ئەدەبیە کەچاو لە ئاینەکان دەکات و ئەوکاتەش زمانی ئەو ئەدەبە وەک یاساکان و وەک زمانی پرۆگرامەکان و زمانی جاڕنامەکان دەبێتە بەشێک لە ئاینەکان. زمانی ئەدەب زمانی کبریاو زمانی ئازادیخوازانەیە، نەک زمانی پەرستن و فەرمانسالاری.))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٤٩)

هەروەها لە بەشێکی تری بەیاننامەکەدا دەڵی، ئەدەب لەژێر سەقفی فەلسەفەو زانستیشدا جێی نابیتەوە، چونکە فەلسەفە بەدوای ئاشکراکردنی نهێنییەکانی کەوندا دەگەڕێت و زانستیش بەدوای یاساکانی کەوندا دەگەڕێت، بەڵام ئەدەب خۆی لەخۆیدا کەونە؛ کەونیش (بان)ی نییە و بێکۆتاییە بۆ یە ئەدەبیش کۆتایی نییە. بۆیە دەڵێ: ((ئەگەر قەیران لە کەوندا هەبێ، ئەو مانای وایە زانست کۆنترۆڵ نەکراوە یان خەلەل لە فەلسەفە هەیە، چونکە ئەگەر فەلسەفەیە ئەگەر زانستە، کامڵ نابن هەتا زمانی ئەدەب بگەڕێ. واتە فەلسەفە و زانست و ئاین و سروشتیش وەک حزب ئیش لە زمانی مومکینات دەکەن، بۆیە بەردەوام قەیرانیان هەیە، مرۆڤ تەنیا ئەوکاتە بانی نییە کە ئیش لە زمانی ئەدەب دەکات.))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٥٠). هەر لەم ڕووە لەبەشێکی تری بەیاننامەکەدا، ئەوە دەخاتەروو، کە هەموو فۆلکلۆریش ئەدەب نییە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کەهەندێک لە حیکایەت و چیرۆکە فۆکلۆرییەکان بە زمانێکی مومکینات ، واتەئەو زمانانەی کە سەقف(بان)یان هەیە نووسراون، نەک زمانی موستەحیلات زمانی بێ بان. بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک لەو حیکایەت و چیرۆکانی وەک و نموونە خستووەتەڕوو. لەگەڵ ئەمەشدادەڵێ: (( فۆلکلۆر بابی هەموو زمانەکانی مرۆڤە، بەڵام ئەدەب و فەلسەفەو ئاین سروشت و حزب و زانست هەریەکەو زمانی خۆیان هەیە و هاوێرکردنی ئەو زمانانەش ئاسان نییە، چونکە وەک گوتوویانە مرۆڤ کائینێکی غەریبە.))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٥١)

له بەشێکی تری ئەم بەیاننامەدا دەڵی، ئەدەب کائینێکی سیاسی نییە، بۆیە نابێ ئەدەب بەزمانی سیاسەت بنووسرێت. کاتێک ئەدەب بە زمانی سیاسەت دەنووسرێتەوە لە تەمەنی خۆی کەمدەکاتەوە، چونکە ئەدەب قاموسێکی پارادۆکسییە و سیاسەتیش قاموس ئیشکردنە لە واقیعدا. بۆیە دەکرێت بەرهەمی ئەدەبی سیاسی هەبێت بەڵام لە ئەدەبدا شتێک نییە بەناوی کۆنەپەرستی و پێشکەتنخوازییەوە. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی وەک ( هەزارو یەکشەوە، ڕۆمانی کوێری ساراماگوا، شیعری نالی بۆ کەرەکەی و بەیتی شێخ فەرخ وشانۆگەری ورچیک دەف لێ بداو و کەڵەبابێکیش لە ناو پێڵاوی ژنێک بنوێ.. تاد) بەنموونە دەهێنێتەوەو پرسیاری ئەوە دەکات: (( ئایا ئەمانە سیاسین؟ ئەگەر کاری ئەدەبی بن، دەکرێ کڵاوەکەی ناو کتێبی هەزارو یەک شەوە بۆ کۆنەپەرست یان بە پێشکەوتنخواز دابندرێ، هەروەها ئایا کابرای ناو ڕۆمانی کویری ساراماگوا، کابرایەکی پێشکەوتنخوازە یان کابرایەکی کۆنەپەرستە، ئایا لافاوەکەی ناو کتێبە ئاینییەکان، هەروەها شێخ فەرخ و هەردوو شیعرەکی نالی و سانجۆن پێرس و ئەو کابرایەی پێی لە سیسرکەیەک نا، یان ئەو ورچەی دەف لێبدا، کۆنەپەرست یان پێشکەوتنخوازن؟ لەتێکستی ئەدەبیدا شتێک نییە ناوی کۆنەپەرستی یان پێشکەوتنخوازی بێ، ئەو ئاوە سیاسەتمەداران ڕشتوویانە و هەندێ ئەدیبی عومر کورتیش پێیان لێنا، دەنا کێ دەوێرێ بڵێ ئەو کەڵەبابەی لەناو پێڵاوی ژنێک دەنوێ کەڵەبابێکی کۆنەپەرستە یان کەڵەبابێکی پێشکەوتنخوازە؟ بێگومان ڕەوایە بگوترێ کتێبی میری ماکیاڤیلی کتێبێکی کۆنەپەرستانەیە یا کتێبێکی پێشکەوتنخوازانەیە، چونکە لەم کتێبەدا ئیش لە زمانی ئەدەبدا نەکراوە.))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٥١)

هەروەها لەبەشێکی تری ئەم بەیاننامەیەدا، شاعیر دەڵێ، زمانی ئەدەب بۆیە زمانی موسەحیلاتە، چونکە تەنها عیبادەتی خۆی دەکات جگە لەخۆی عیبادەتی شتێکی تر ناکات، هەروەها مەعبەدی زمان لە ئەدەبدا خودی ئەدەبەو زمان خۆشی بریتییە لە عیبادەت، کاتێک زمان جگە لە ئەدەب پەرستشی خۆی بۆشتێکیتر کرد و عیبادەتی خۆی فەرامۆشکرد، ئەوە مانای وایە زمانی مومکیناتە نەک موستەحیلات بۆیە دەڵێ: (( دەکرێ ئەدیب پیاوی مەعریفەکان بێ، بەڵام ئەدەب پیاوی بن دەستی مەعریفەکانی نییە. من ئەو مرۆڤانەی وەک بۆمب خۆیان دەتەقێننەوە، بە مانیفێستی پێنجەمی فۆڕمی گران دادەنێم.))(مەسیفی، ٢٠٠٥، ١٥٣)

لەبارەی شێوازی تایبەتی (ئەنوەر مەسیفی) و شاعیرانی نوێخوازی هەولێرەوە، تەڵعەت تاهیر دەڵێ: (( سەرەتای نووسین دەربارەی ئەوانەی بە یەکجارەکی جێمان دێڵن ئەستەم و دژوارە، خۆشحاڵم بەوەی بەم دێڕەی پێشەوە سەرەتای ئەم نووسینەم تێپەڕاند. عادەتەن ئەم جۆرە نووسینانە مۆرکێکی زێدەڕۆیی و عاتیفی لەخۆ دەگرن! موحافیزکارانە دەنووسرێن! بەڵام من لێرەدا ئەو ئازادی زمانە دەدەمە خۆم کە ئەنوەر مەسیفی هەموو ئەزموونی شیعریی خۆی بۆ تەرخانکردو

سالآنی ساڵ خەونی پێوە دەبینی و بەهۆیەوە دووچاری دەسخۆشی و تەشەری ئاشناو بێگانە بوو! سەیرە... هەولێرییەکان لە زۆربەی بوارەکانی ژیاندا هێمن و موحافیزکارن! بەتەنیا لە شیعر نەبێت چەتوون و نوێخوازن. شاعیرانی هەولێر زۆربەیان سەعات یازدەونیوی پێش نیوەڕۆ بیانبینە کەسی عادین و ئامادەن گرنگترین گفتوگۆ لە بارەی باشی و خراپیی برنجی بایەع و شتەکانی تری ژیانی ڕۆژانە دامەزرێنن! کەچی کە ئێوارە داهات تەقسی ئەفراندنیان دەست پێدەکات.))(تاهیر: ٢٠٠٥، ٧)

بەگشتی بەیاننامەی( فۆڕمی گران)ی (ئەنوەر مەسیفی)، دیاریکردنی ڕێچکەو شێوەو ستایلی ئەزموونی شیعری ئەو شاعیرەبوو، کە لە ناوەندی ئەدەبیدا بە تێکشێنەری زمان و واقیع دادەنرێت، ئەم شێوازو ستایلە تایبەتەش جگە لەدەستخۆشی، دژایەتیش کراوەو ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر توند و تەنانەت تۆمتبارکردنیش بووەتەوە. لەم بارەیەوە تەلعەت تاهیر دەڵێ: ((ئەنوەر مەسیفی لە ژیانی خۆیدا و لە ئەزموونی شیعریشدا زۆر ڕووبەڕووی دژایەتی بۆتەوە، کار گەیشتە ئەوەی بڵێن بەعسییەکان دەیانەوێت هەموو کورد ئەم جۆرە شیعرە بنووسن کەس تێنەگات و ئەمە موئامەرەیەو دەستی ناپاکانەی لەپشتەوەیە. ئەم هەموو هەرایەش هەر لەبەر ئەوەی مەسیفی ئامادە نەبوو تا ئەبەد، کەو بە خائین و ئەسپ بە شۆڕش و داربەڕوو بە خەڵکی بەحرکە بچوێنێت و ( ئەسپی خۆی تاوبدات!) لە قەرسیلی ئەو سەمبۆلە فاشیلانەدا تەراتێن بکا.))(تاهیر، ٢٠١١، ٥٧)

بۆ نموونە، لەبارەی ئەم بەیاننامەی (دووەمی فۆڕمی گران)وە، (ئازاد حەمە شەریف) ڕەخنەی ئەوەی لێدەگرێ ،کە ئەم بەیاننامەیە زیاتر داکۆکیکردنبوو لە شێوازە تایبەتییەکەی خۆیی بۆ شیعر، نەک ئەوەی هەوڵیک بێت بۆ دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی نوێی شیعری. (( ڕێکەوتی ١٩٩٣/٩/٢٨ ( ئەنوەر مەسیفی) شاعیر لە ڕۆژنامەی ( کوردستانی نوێ)دا (بەیانی دووەمی فۆڕمی گران)ی بڵاوکردەوە کە پتر داکۆکی کردن بوو لە لەشێوازی نووسینی شیعری خۆی، نەک دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی نوێ بۆ شیعری کوردی بەگشتی، هەر بۆیەش کاریگەرییەکەی زۆر سنووردار بوو.)( ڕامان: ٢٠٠٨، ٤٠)

بەڵام بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەوە، لەبارەی ئەم ئاڵۆزی نووسینەو، تێکشکاندنی واقیع و زمان ، کە بووە هۆی دەرکەوتنی (ئەنوەر مەسیفی) بە جیاوازتر لە شاعیرانی هاوجیلی خۆی، (بژارە حەکیم) دەڵێ: ((ئەو شێوازە کارکردنەی، مەسیفی لە زماندا تێکشاندنی کولتووری نووسینی باوبووە، نەک تێکشکاندنی ڕێزمانی کوردی، یان بڵێم کە، مەسیفی ستایلی باو تێکدەشکێنێت و وەک شاعیرێکی دژەباو کاردەکات، کاتێک دژەباو بیردەکەیتەوە و دەنووسیت ئاسان نییە بتوانی دەوروبەرت قانیع بکەی، کە وەک تۆ بیربکەنەوە و بنووسن وەک نووسیار " بێڵ کۆسپی " دەڵێ، نهێنی سەرکەوتن نازانم، بەڵام نهێنی شکست ئەوەیە کە هەوڵ بدەی هەمووان لە خۆت ڕازی بکەیت، ڕێک ئەنوەر مەسیفی لەو نێوەندەدا کە دژە باو بووە، خاڵی جیاوازی نووسین و ستایلەکەی پێچەوانەی شیعرو زمانی باوی شیعریی بووە و پێجەوانەی هاوجیلەکانی بەڕێگادا ڕۆیشتووەو بەهۆی ئەوەی لە

هاوجیلەکانی جیاوازتر نووسیویەتی، نەیتوانیووە دەوروبەری لە خۆی ڕازی بکات، ئەدەب هەر ئەوەشە کەتۆ نابێت دەوروبەرت لێت ڕازی بن.)(حەکیم، ٢٠١٦، لینک)

هەر لەبارەی (ئەنوەر مەسیفی)ی و ڕێچکە تایبەتییەکەیەوە، (سالار کەریم حسێن) دەڵێ: ((ئەنوەر مەسیفی وەک شاعیرێکی خاوەن ڕێچکەی تایبەتیی خۆی، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە خوێندنەوەو تێگەیشتن و هەرسکردنی بەهەمەکانی نەک هەر لای خوێنەری ئاسایی قورسە، بەڵکو لای ڕەخنەگرو نووسەرانیش ئاسان نییە، ئەم هۆکارەیش وایکردووە کە ئەوانەیشی دژایەتییان نەکردووە، بەکەمی خۆیان لە باسکردن و لێکدانەوەی شیعرەکانی بدەن، دەقەکانی سرک و یاخین، بە ئاسانی خۆیان نادەن بەدەستەوە، لە فۆڕمێکی قورس و زمانێکی پێچەوانەی زمانی قسەکردن و زمانی گرامەریدان..))(حسێن، ٢٠٢١، ٣٧١)

هەروەها لەبارەی فرۆم و شێوازی تایبەتی( ئەنوەر مەسیفی )یەوە، ( حەمە مەنتک ) بەم شێوەیە بۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو و دەڵێ: (( لێ دەقەکانی ئەنوەر مەسیفی تاکو ئێستاشی لەگەڵدابێ کەم کەس هەیە خۆیان دەقەرە بدا، مەگەر ئەوانەی زۆر شارەزای تەکنیک و فۆڕمی جیهانیی نوێن...))( مەنتک، ٢٠١١، ١٣١)

## ٢- سەباح ڕەنجدەر

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی بریتییە لەو جیاوازییەی لەنێوان شاعیرانی سەر بەم قۆناغەدا هەیە. کە هەریەکەیان خاوەن شێواز و تایبەتمەندییەکی خۆیەتی بۆ شیعر. (( شیعری هاوچەرخی کوردی خاوەنی چەندین دەنگی جۆراوجۆرە. ئەوەی جوانی بەشیعری هاوچەرخی کوردی بەخشیوە، ئەوەیە کە بەشێک لەم شاعیرانە خاوەنی ئەزموونی جیاوازی شیعرین و دەنگ و ڕەنگی تایبەت بەخۆیانیان هەیە. هەربۆیە دەکرێت ئەزموونی هەریەکەیان بە جیاواز سەیر بکرێت و بخوێنرێتەوە. بێگومان لەگەڵ ئەم جیاوازییەشدا خاڵی هاوبەش لەنێوان زۆرێکیاندا هەیە. کە بەلای منەوە ئەمە حالەتێکی ئاساییە))(سدیق، ٢٠١٧، ٤٧)

سەباح ڕەنجدەریش ، یەکێکە لە شاعیرانی سەر بە( فۆڕمی گران) لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، کە خاوەن ئەزموون و دنیابینییەکی تایبەتی خۆیەتی بۆ شیعر، ئەو هەموو ژیانی خۆی بۆ شیعر تەرخانکردووە ، چونکە ئەو بەڕاددەی ئاوێتەبوون خۆی بە نزیک لەشیعر دەبینێ. بەوجۆرەی کە خۆی دەڵێ: (( ئەی شیعر من کەسێکی دیندارم بەتۆ، دیندارێکی تەواو سەرمەست و تەواو هۆگر پێتەوە. ئەوەتا ڕووناکیتم کردووەتە مۆری نەوچەوانم و بروام پێتهێناوە، ئەو تیشکەی لە شیعردا دەردەچێت، گەرمم دەکاتەوە دەمباتە ناو چێژی ژیانی ڕاستەقینە))(ڕەنجدەر، ٢٠١٨، ٣)، شاعیر لێرەدا تەسلیمبوونی خۆی بۆشیعر ڕادەگەیەنێ و دەیکاتە سەرچاوەی ڕووناکی خۆی، ڕووناکییەک؛ کە چێژی ڕاستەقینەی ژیانی تێدا دەبینێت و جیهانبینی خۆی پێ ڕوونتر دەکات. لە بارەی ئەم شاعیرەوە (ئارام سدیق) دەڵێ: (( لە ئەدەبی کوردیدا، بە تایبەت پاش ڕاونگە، تەنها چەند شاعیرێکی ڕاستەقینە

دەبینین، کە تەواوی تەمەنیان بەشیعر بەخشییێت. "سەباح رەنجدەر" لەو شاعیرانەیە، کە ژیانی بە شیعر بەخشیوە و هەر لە یەکەم دیوانە شیعرییەوە لە هەوڵی خۆ جیاکردنەوەو چێکردنی دونیایەکی تایبەت بە خۆی بووە. ئیتر ئەو دونیایە بەکاری خوێنەری کورد هاتووە، یان نا ئەوەیان قسەیەک ترە، بەڵام ناکرێت باس لە شیعری نوێی کوردی بکەین و " ڕەنجدەر " فەرامۆش بکەین. ئەزموونی شیعریی " ڕەنجدەر " لە هەر کتێبێکەوە جۆرێک کارکردن و دونیابینی خراوەتەڕوو، کە سەرجەمیشیان بەهێڵێکی شیعری بەیەکەوە بەستراونەتەوە، کە بۆنوبەرامەی ڕەنجدەر خۆیەتی.))(سدیق، ٢٠١٧، ١٣٠)

تایبەتماندییەکی تری ئەم شاعیرە ئەوەیە، کە بۆ پێشەکی هەر دیوانێک یان کتێبێک بەیاننامەیەک دەنووسێت ، کە تیایاندا گوزارشت لە بونیادی فکری و شێوازی تایبەتی خۆی بۆ شیعر دەکات. بەم پێیەش لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە تا (٢٠٢٠) یانزە بەیاننامەی شیعری نووسیووە. کە ئێمە لێرەدا، بەپێی سنووری توێژینەوەکەمان، خالە گرنگەکانی هەندێک لەو بەیاننامانە دەخەینەڕوو.

## بەیاننامەی (ناسینی بوونی شیعر و خۆ دەستنیشانکردن)

ئەم بایننامەیەی بۆ پێشەکی دیوانی ( خەون وا خۆی گێڕایەوە) لە ئاداری (١٩٩٨) لە هەولێر نووسیوە.لە خاڵی یەکەمی ئەم بەیاننامەیدا، شاعیر باس لە پەیوەستبوونی خۆی بەشیعرەوە دەکات، ئەو پێی وایە کە تەنها (مردن) مرۆڤ کامڵ دەکات، بەڵام ئەم شیعر کامڵی کردووە، بۆیە شیعر بۆ ئەو وەک مردن وایە، ئەویش لەو ڕووەوە  کە تەمەنێکی زۆری بۆشیعر تەرخانکردووە، هەر لەو کاتەوە کە تامەزرۆیی شیعر لە ناخیدا سەریهەڵداوە، هەموو ژیانی ڕۆژانەی خۆی لە شیعردا بینیوەتەوە، شیعر لای ئەو سەرچاوەی هەموو چێژەکان بووە. ئەم جۆرە پەیوەستبوونەش دەکاتە پێوەر بۆ شاعیری سەرکەوتوو، چونکە بەلای ئەوە، ئەگەرشاعیر بەوجۆرە سەرسوڕهێنەرە وابەستەی شیعر نەبێت، ناتوانێت ئەو بەرپرسیارێتییە قورسە هەڵبگرێت و شیعری بێگەردی پێ بەرهەمبهێنێت. ((مرۆڤ تەنیا لە مردندا کامڵ دەبێت. شیعر بۆمن مردنبوو، بەرپرسیارییەتیی شاعیری ڕاستەقینە ئەوەیە، شیعری بێگەرد بگەیەنێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. لەکۆتایی حەفتاکاندا، بووم بە خوێنەرێکی تامەزرۆی شیعر، شیعر پەروەریش بە شیوازێکی سەرسوڕهێنەر لە ژیانمدا دەرکەوت و پەرەی سەند، هیچم نەدەبینی جگە لەو جوانیانەی لەناو شیعردا دەکرانەوە و جوولەدار بوون، تەنانەت لە ڕۆیشتنی ناو شەقام و دانیشتنی ناو پۆل و لەسەر خوانی خێزانیشدا، شیعر ورێنەی چێژداری پێدەکرم، هێندە بەتاسەو دڵگەرمییەوە دەمخوێندەوە، خۆم تێیدا شەهید دەکرد. هیچ شتێکیس ئەوپەڕی خۆشی نەداومەتێ خوێندنەوە نەبێت.))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٧)

شیعر بۆ ئەو جێگەی هەموو ڕۆتیناتێکی ژیانی گرتبۆوە، ئەگەر خەڵکیتر بەدوای پلەو پایەو سامانی دنیاییەوە بووبێت، ئەوا شیعر بۆ (ڕەنجدەر) هەر یەکێک لەوشتانە بووە، شیعر لای ئەو

سامانە پلەو پایەیە، سەرچاوەی ئارامی و پاکبوونەوەی دڵەکانە، هەموو جوانییەکانی ژیانی لە شیعردا دۆزیەوەتەوە، وەک خۆی دەڵێ: (( ..واش تیدەگەیشتم ئەگەر دوو دوژمنی ڕەچەڵەک کوشتەی سەرسەختی یەکتری لەناو کرانەوەی شیعریدا گفتوگۆ بکەن، دەماری گرژیان خاو دەبیتەوە، تا ڕادەی پاکبوونەوە، یەکتریان خۆشدەوێت و پشت دەدەنە یەک. بنچینەی ئەم خۆشەویستی و پشتدانە یەکترییەش ئەفسوونی شیعرە، لەپاڵ ئەم بڕوا هێنانە کەڵکەڵەی شیعر نووسین ناخی بەتووندی ڕاتەکاندم))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٧). ئەو کەسێکی دیندارە بەشیعر، دینداریکی سەرمەست، باوەڕی بەشیعر هێناوە، بانگی وشەی بەرگوێ کەوتووە، لەپای ئەم دینداریی و باوەڕهێنانە پتەوەی پەیامی شیعری پیگەیشتووە، بەڵینی سەرکەوتن و بەدیهاتنی خەونەکانی وەرگرتووە، موعجیزەی شیعری پێ بەخشراوە. هەر ئەو پەیامەش بۆتە یەکەم هۆکار بۆ ڕاتەکاندنی ناخی ، تا لە کەشوهەوایەکی سەربەخۆدا شیعر بنووسێت و تەنها پشت بەوهێزە ببەخشیت کە شیعر پێی بەخشیوە.

لە خاڵیکیتری ئەم بەیاننامەیەدا دەڵێ " من بەرپرسیارییەتی دەنووسم، لە بارەی بەرپرسیارێتییەوە نانووسم"، چونکە بەلای ئەوەوە ئەدەب بەرپرسیارێتییە، ئەو بەرپرسیارێتییەش داهێنانە، داهێنانیش کاری تاکە کەسە نەک گرووپ و کۆمەڵ. (( یەک لە دڵەڕاوکێی من ئەویە، شاعیرێک ، یان گرووپێک کارێکی نایابیان بەرهەم هێنابێت، هەوڵدەدەم باش لە چۆنییەتی و ڕەگی حەقیقەتی سەرکەوتنی کارەکەیان بگەم. لەڕووی هیچ ڕەگەزێکی ئەدەبی حەزم نەکردووە وەک کەس بم، کەسیشم لەبەرچاو نەگرتووە، هاوڕێی هەموو ئەو شاعیرانەم، کە پێش من پڕۆژەی داهێنانیان هەبووە، ئەوانەی هاوچەرخن، ئەوانی دوای منیش دێن و دەبن بە شاعیری خاوەن پڕۆژە. خۆم لەدەرەوەی هەموو نەوەیەکدا دەبینم، تەنانەت لە هەندێ شیعردا سەر بە شیعری لە پێشتری خۆشم نیم، سەر بە ئەزموون و ئەفسانەی ئەوشیعرەم، کە دوا شیعرمەو لە نووسینیدام. زەمینەی ئەفسانەیی پێش ئەوەی لە هیچ رەگەزێکی ئەدەبیدا کاری پێکرابێ و هەبووبێت لە شیعردا کاری پێکراوەو هەبووە.))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٩)

شاعیر کاری گرووپ و دەستە جەمعی بە کارێکی کوشندە و چەواشەکاری تاکەکەسی دەزانێت، چونکە ئەو خۆی یەکلا کردۆتەوە کە لە شیعرەوە بەرەو ئایندە دەڕوات، بزواندن و پێشبینیکردنی ئایندەش لە ئەمڕۆدا دەردەکەوێت، ئەمڕۆش پێویستی بە جیهانێکی ئارامە بۆ گەیشتن بە دەروونرۆشنی تا بتوانێت لێیەوە شیعر پێوانە بکات. ئەمەش لە کاری گرووپ ودەستەجەمعیدا بەدی نایەت. ((ناچمە ناو هیچ گرووپێکی ئەدەبی، خۆشم بە هیچ گرووپێک نەزانیوە، لەبنەرەتدا ئەدەب و داهێنان کاری تاکەکەسییە، چوونە ناو گرووپ، دەرکردن و چەواشەکردنی ئەم تاکە کەسییەیە لە بازنەی ئەدەب و داهێناندا. خانە خانەیی و قۆناغبەندکردن، هەڵەیەکی کوشندەیە، شیعر تەنیا بە گەیشتن بە باری دەروونرۆشنی پێوانە دەکرێت، ئەمە بۆچوون و بیرکردنەوەی کۆمەڵێک خودی وریایە، دەق قسەیان بۆ دەکات، دەق قسەشیان پێدەکات. بێوچان لەگەڵ خۆمدا لە جەنگی بێ ئاماندام

بۆ ئەوەی بگەم بە باری دەروونرۆشنی تا بەسەر تەمەن و کاتدا زاڵبم، خۆشم بە تەلیسمی لیڵی ساختەوە هەڵنەواسیوە، هەوڵم داوە ئاست و ئاراستەکانی تواناو بیرکردنەوەکانی ئەمڕۆم بم...))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٩). هەرچەندە شاعیر دەڵی  سەر بەهیچ گرووپێک نەبووم و خۆشم بەهیچ گرووپێک نازانم، لەهەمانکاتدا، یەکێکبوو لەشاعیرە چالاکەکانی گرووپی نوێخوازی  پێشرەو (تەلیعییەکان) لە هەشتاکانی سەدی ڕابردوودا، بەڵام ئەم گرووپە زیاتر گرووپێکی زارەکی( شەفەوی) بوون  و بەیاننامەیان نەبوو.

لە خاڵیکی تری ئەم بەیاننامەیەدا دەڵی " من دەروونرۆشنی دەنووسم، لە بارەی دەروونرۆشنییەوە نانووسم " لەم خەڵەدا ئاماژە بۆ ئەو ڕەخنانە دەکات، کەئاراستەی کراون، ئەو بە ڕەخنەی بێ بنەماو ڕووخێنەر ناویان دەبات،  ئاراستەکەرانی ئەو ڕەخنانەش بە پەراوێزخراو ناودەبات. ((ڕەخنەی بنیادنەری کوردی نا، بگرە پەراوێزەکانی ڕۆشنبیری کوردین، تۆپەڵێک قسەی لە هیچەوەن و پەلاماری بێماناو بێ بنەمان، دەنا یەکێک لەم پەلامار دەرە هەڵبزڕکاوانە ئەو حەقیقەتبین وبوێرییەی لا درووست دەبوو ڕووبەڕووی دەقێکم ببێتەوە و گومان بخاتە ڕایەڵ و تانوپۆی بوونی، لێکدانەوەکانی بڕوا بە بەرانبەرەکی بهێنێ بنیادی بەرهەمهاتووی شڵەژاوە.))( ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٢٧)، ئەو دەڵی لە ڕووی ڕێزگرتنەوە ئەرکی  خۆی بەرانبەر بە داهێنەرانی پێش خۆی بەجێهێناوە و بەردەوامیش دەبێت، چونکە باوەڕی بە ململانێ نییە، بەبڕوای ئەو، ئەوەی دەتگەینێتە ئەنجامێکی سەرکەوتوو خودناسیی و نیاز پاکییە، نەک دژایەتیکردن و ڕقەبەرایەتی لەسەر بنەمای هیچ، چونکە کاری شاعیر داهێنانە داهێنانیش دەروونێکی ڕۆشنی دەوێ، ئەوەی ئەوان دەیکەن تەنها بەتاڵکردنەوەی دەروونی ڕقاوی خۆیانە، ئەمەش لە بێتواناییی و ئیرەییانەوە سەرچاوەی گرتووە و جگە لە خۆ خەڵەتاندن هیچیتر نییە،(( هەر کەسایەتییەک گیانی بە ئەدەب و حەقیقەتبینین و پاکی و جوانی داگیرسابێت، بە هیچ جۆرێک دەرگای ئاژاوەو ناشرینی و دووڕوویی ناخاتە سەرپشت، هەر کەسایەتییەکیش بۆ چوونی ئاژاوەچێتی لە دەروونیدا ڕوابێت هێشتا بەئەقڵی پاشکۆیی و ناردەستی و دڵڕاگرتنی ئەمو ئەو بەڕێوە دەچێت.))( ڕنجدەر: ٢٠١٩، ٢٨)

ڕەنجدەر بۆشیعرییەت تێدەکۆشی، ئەو کە هەموو ژیانی بۆشیعر تەرخانکردووە، نایات خۆی بە شتی بێ هودەوە خەریک بکات و کاتی پێوە بکوژێت، چونکە هەموو هەوڵێکی ئەو بۆ بەدیهێنانی دەقی سەرکەوتووە، کە لەپاشەڕۆژدا ببێتە هێمای مەزنی و درەوشانەوی نەتەوەکەی، پەلاماردەرانیش بە وەجاخکوێری دەمێننەوە،  بۆیە وەک خۆی دەڵێ: (( بەسەر پلان و پیلانی دوژمنان و پەلاماردەر هەڵبزڕکاوەکان سەردەکەوم، بە هەوڵ و کۆششی لە دڵەوەم بۆشیعر بەسزای داهێنایان دەگەیەنم، بە بینینی داهێنان قەڵەمی دەست و پێیان دەشکێ))( ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ٢٨)

لەڕووی بیرووبۆچوونی ڕەخنەیی نووسەرانەوە  سەبارەت بەم بەیاننامەیە. ئازاد حەمە شەریف لەم بارەیەوە دەڵێ:(( لەساڵی ١٩٩٩–٢٠٠٠ دا (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر لە پێشەکی دیوانی( خەون

واخۆی گێرایەوە) مانیفیستی شیعری خۆی ڕاگەیاند. هەرچەندە ئەوەی (سەباح ڕەنجدەر) زۆر لەوانەی پێش خۆی ڕێکوپێکتر و قووڵتر و شیعریترە، بەڵام ئەویش تەنیا لەسەر شیعری خۆی دەچەسپێت و نابێتە پێودانگێک بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانرێت ڕێچکەیەکی نوێ بۆ شێعری کوردی دیاری بکرێت.))(حەمە شەریف، ٢٠٠٨، ٤١)

بەیاننامەی ( شیعر بەرانبەر ئەبەدییەت )

سەباح ڕەنجەر، ئەم بایاننامەییەی بۆ پێشەکی دیوانی ( حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) نووسیوە. لە دەقی بەیاننامەکەدا، شیعری باش بەوە پیناسە دەکات، کە شیعر دەبێ خۆی خۆی بناسێنێ، کۆمەڵێ تایبەتمەندی لەخۆبگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش پێنج هێلی سەرەکی لەشیعردا دیاریدەکات ئەوانیش (فۆرم و شێواز و خەیاڵ و زمان نوێبەخشی)ن، کە شاعیری داهێنەر دەتوانێت لەڕیگەی زمانێکی وڕێنەکارییەوە تارماییەکان بکات بە مرۆڤ و مرۆڤیش لە فۆرمی خۆیدا بهێڵێتەوە. ئەو پێی وایە کە زمان هەڵگری هێزێکی تایبەتە، شیعری ڕاستەقینە دەتوانێت لە بەکارهێنانیدا تەواوی ئەو هێزە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوەو ئافراندنی پێ بکات (( "فۆرم و شێوازو خەیاڵ و زمان و نوێبەخشی " پێنج هێڵی سەرەکین، پێکەوە دەڕۆن و بە شیوەی بازنەیی تێکەڵ بە شیعرییەت دەبن و هێزی خۆیان لە دواخاڵی باش بەکار هێنانیادا گەڵاڵە دەکەن. مووچڕک سەرسامییە جیاوازەکان یەکلا دەکەنەوە، لە نێوان مووچڕک سەرسامییە جیاوازەکاندا جۆرە نهێنییەک لە شیعرییەتدا بەدەردەکەوێت و ئاسۆ و دووریی خۆی وەردەگرێت. لە شیعردا ناکرێت بەشێوەیەکی مێژوویی و لە ڕەوتی مێژوویدا سەیری زمان بکەین. زمان بەرهەمی تاکی بەکارهێنەرە، واتە: بەرهەمی تەواوی شاعیرە لە بەکارهێناندا. لە بەکارهێناندا داهێنەر تەواوی هێزی زمان دەکاتە هی خۆی))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ١٢٧)

لە بەشێکیتری ئەم بەیاننامەیەدا، شاعیر جارێکیتر هۆگربوونی خۆی بەشیعرەوە دووپات دەکاتەوە، ئەو بەر لەوەی شیعر بنووسێت؛ ئەویندارى شیعر بووە. ئەم ئەویندارییە پەلکێشی نووسینی کردووە، هێزی خۆتاقیکردنەوەی پێبەخشیووە. شیعر وەک خواوەندێک لە ئەو دەڕوانێت و لەڕیگەی پرسیارە سەیرەکانییەوە، دەیخاتە دۆخی هەوڵدان و گەڕان بەدوای نهێنییەکانی ژیان و مردندا (( من هیچ پرسیارێکم لە شیعر نییە، بەڵام ئەو پرسیاری سەیر سەیری لەمن هەیە. وەک ئەوەی من خواوەندێک بم و نهێنی ژیان و مردن و زیندووبوونەوەم لابێت. هەردووکیشمان دەمانەوێت ئەویندارانە و لەخۆبووردوانە لەگەڵ یەکتردا بژین.))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ١٢٥). هیچ کاتێکیش ئەم پرسیارانە شاعیری بێزار نەکردووەو جار لەدوای جار تامەزرۆیانەتر بەدوای وەڵامەکاندا وێڵە. ئەمەش لە ڕیگەی هەستکردنی بەو ژیان و دۆخەی کە لە ئەشقێکی پەتیدا دەیاننووسێتەوەو لەگەڵیدا دەکەونە ململانێ و کێبڕکێیەوە، دواتریش لەئەنجامی تێرامان و لێ وردبوونەوە ڕوون دەبێتەوە کە کامە هەست لە ئەویتر کاریگەرترە.

شاعیر پێنج هێڵە سەرەکییەکەی شیعر بە ئەبەدی نازانێت، بەڵکو دەڵێ ئەوان بەشێوەیەکی بازنەیی تێکەڵی شیعرییەت دەبن و دوای خەملێنیان لەبارۆخێکدا، لەکەنارێکی ئارامدا پشوویەک وەردەگرن بەسوود وەرگردن لە ئەزموونی دۆخی پێشوو جارێکیتر خۆیان بۆتێهەڵچوونەوە لە هاتنەپێشەوەی دۆخێکی جیاواتر ئامادە دەکەن.(( هیچ فۆرم شێوازو خەیاڵ و زمان و نوێبەخشییەک تا سەرو ئەبەدی نییە. فۆرم و شێواز و زمان و نوێبەخشی هێزی بەردەوامن و بەناو پێچاوپێچەکانی ژیاندا دەخولێنەوە پاش خەملێن لە کەنارێکی ئارامدا هەڵوەستە دەکەن و دەگیرسێنەوە. بەنیازی خۆ ئامادەکردن بۆ دۆخگۆڕینێکی تر، پشوویەک بە ئەزموونیان دەدەن. فۆرم و شێواز و زمان و نوێبەخشی تر دێن خۆیان لەوان لادەدەن و ڕێگا خۆشدەکەن، دەیکەن بە چالاکی و وشیاری مرۆڤ. وەک ئاو دەماری خاک بی ویست و ئەنقەست، بگرە وەک شێوەو ڕێکخستن و پێویستییەکانی ژیان دەبرێت و جێگای ڕەوانتر بۆ ڕۆیشتن و کارایی خۆی دەکاتەوە. ئەوی پێشتر فڕێ نادات، ئەویش تا وەک، خۆبوونی و شانازییەک لە تەنیشت ئەواندا ڕابووەستێت، یان هەوڵی گۆڕان و لەناوبردن نادات، بگرە لێ زیادبوونیان بۆ دەکات و تواناو ئەزموونی پڕشنگدار و درەوشاوەتریان دەداتێ.))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ١٢٥، ١٢٦). شاعیر لێرەدا ئەوەمان پێدەڵێ، ئەوە من نیم کە بەتەنها داهێنانم کردبێت، لەپێش منیشەوە داهێنەریتر لەشیعردا هەبوون، بۆیە من نەهاتووم تا ئەوان بسڕمەوە یان بیانگۆڕم، بەڵکو ئەوی مەبەستمە ئەوەیە بە توانا و ئەزموونی شیعریم زیادیەک بخەمە سەر ئەزموونی ئەوان و لەڕیزی ئەواندا بووەستم و پرشنگدارتری بکەم(( ئەم ڕیز ڕاوەستانە ئەزموون و تاقیکردنەوەی بەهرەو سرووش و بیر و بۆچوونی داهێنەرە. لەئەنجامدا داهێنەرەکان زۆربەیان لەتەنیشت یەک ڕادەوستن و ڕیزێک پێکدەهێنن، ڕیزی چلچرای داهێنەران. هەوڵم داوە لە ڕیزی چلچرای داهێنەران نزیک ببمەوە. لەم نزیکبوونەوەیەمدا شیعر دادەگیرسێ، هەمووومان ملکەچی پرشنگداری و درەوشانەوەی شیعر دەبین. شیعریش تەنیا لە ڕوانگەو تێروانینی کرۆکی جوانییەوە بەهاو ئاستداری بۆ دادەنرێت و هەست بە خاوەنەکەی دەکرێت.))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ١٢٦)

ئەم بەیاننامەیە، بەیاننامەیکی خودییە، ئەگەرچی بەیاننامەکانی تریشی زیاتر هەر جەختکردنەوەیە لەخودی شاعیر خۆی، بەڵام لەم بەیاننامەیەدا، شاعیر زیاتر دەچێتە ناو وردەکاری پەیوەندی نێوان (خۆیی و شیعر)ەوە، بە پشتبەستن بە شکۆی شیعرو داهێنان، گوزارشت لەپەیوەندی ڕۆحی نێوان خۆیی و شیعر دەکات. لەم بارەیەوە (ئارام سدیق)دەڵێ: (( ئەم دەقەی رەنجدەر "حەزدەکەم ئەوەندە بژیم" یەکێکە لە خودیترین دەقەکانی ئەم شاعیرە. هەرچەندە من هەست بەوە دەکەم، کە زۆرێک لە دەقە شیعرییەکانی ڕەنجدەر لە هەستێکی تەواو خودییەوە سەرچاوە دەگرن. بەڵام لەم دەقەدا خودیبوونەوەی دەقەکە دەگاتە سنوورێک کە زیادەڕەوی نابێت بڵێین، کە خودە ئافرێنراوەکەی نێو تێکستەکە، خودی سەباح ڕەنجدەرە، ئەگەر سەرنج لە ناونیشانی شیعرەکە بدەین، دەبینین کە خودێکی

قسەکەر دەیەوێت ئەوەندە بژی؟ کە زیاتر لە تێکستەکە ورد دەبینەوە بە تەواوی هەست بەوە دەکەین، کە ئەو خودە شاعیر خۆیەتی.))(سدیق، ٢٠١٧، ١٣١)

لەبەشیکیتری بەیاننامەکەدا، شاعیر باس لەپەیوەندی خۆی بە دنیای دەرەوە دەکات، قسە لەسەر (ژیان و مردن ) و دوای مردنیش دەکات، کۆی هەموو ئەمانەش کە تایبەتمەندی تێکستەکەیەو کارکردنە بۆ خودیکردنەوەی تێکستەکە. (( لەنێوان ئەو دوو مێژووەدا ١٨ / ١١ / ١٩٦٥– ١٨ / ١١ / ٢٠٤٥ ، کە دراو و داواکراون مێژوویەکیتر نییە، یان هەوڵدان بۆ درووستکردن و قەوارە پیدانی مێژوویەکی لەم بارەیەوە نییە. بگرە وەهمێکی جوان و ناوەندێکی چالاک هەیە. بڕوای بەخۆشبەختی و خەڵاتی خودایی هەیە، دەشیەوێت ئاگر لە خوداوەند بدزێت، پاشان لە پەڕجوویەکدا بمێنێتەوە. پەڕجووی حەزی ژیان و داهێنان، ماناو بوونی کەسایەتی خۆی تێدا بپارێزێت. زمان ئەوکاتە دەبێتە چالاکی و وشیاری مرۆڤ، کە بمانەوێت لە خۆمان بدوێین، یان ئەو نیشانانە بخەینەڕوو، کە دەمانەوێت هەوڵی ڕێکخستن و شێوەی ڕێکخستنی بدەین. لەم بارەدا زمان و بوونی کەسایەتی نووسەر، وەک چەمک و ڕامانی سەرەکی لە ناو خۆیدا بڵاودەکاتەوەو دەپارێزێت))(ڕەنجدەر، ٢٠١٩، ١٢٦). کاتێک باس لە ژیان و مردن دەکات، پێیوایە کە سەرجەم مرۆڤ و گیانلەبەرانی تر مێژووی ژیان و مردنیان بۆ دیاریکراوەو ناتوانن کەم و زیادی تێدابکەن، بەڵام (سەباح ڕەنجدەر) جیاواز لە مرۆڤ و بوونەوەرەکانیتر، لە پلەو ئاستێکی تردا خۆی دەبینێت، چونکە ((شاعیر وا هەست دەکات، داهێنانە شیعرییەکانی، ژیانی پڕکردووە لە خرۆشان و شیعریشماڵی پڕکردووە لە ڕووناکی، شاعیر بەو بڕوایە دەگات کە، کە شاعیران مرۆڤی داهێنەرن، وەک مرۆڤی گەورەو بەرز ناویان دەبات، وەک کەسانێک کە لە خواوەندەوە نزیکن یان خواوەندێکی بچکۆلەن، چونکە خوداوەند ڕۆح بە بەر بوونەوەرو شتەکاندا دەکات، شاعیری داهێنەریش لەنێو ڕووبەری زماندا، ڕۆح بە بەر وشەدا دەکات و جوانی دەهێنێتە قسە، چونکە لەنێو ڕووبەری زماندا، مەعریفەو بیرو بونیادە وجودییەکان گەشە دەکەن، شاعیر وەک کەسیکی پەیامبەر لەخۆی دەڕوانێ.))(حەسەن، ٢٠١٨، ٨٢)

هەربۆیە بەهۆی ئەم پەیوەندیی و نزیکییەی لە خواوەندەوە ڕێگەی ئەوی پێدەدرێت کە مێژووی مردنی لەدەست خۆیدا بێت و بەویستی خۆی دنیا بەجێبێڵێت. بەجۆرێکیتر ئەمە یاخی بوونە، یاخیبوون لەو یاسانەی کە بەسەریدا سەپێنراوە، ئەویش یاسای( بوون)ە، کە شاعیر نایەوێت ملکەچی ئەوە یاسایەبێت و دەیەوێت خۆی یاسایەک بۆخۆی دابنێت. ئەویش لەڕێگە ئەو بیروباوەڕانەی کە لە ئەنجامی ئەزموونی شیعری و پەیوەندی خۆی لەگەڵ شیعردا پێیان گەیشتووە. ((.. ڕەنجدەر هاتووە لەم کتێبەدا سنووری بۆ مردنی خۆی داناوە. یەکەم تەفسیر کە دەکرێت بۆ ئەم سنوور دانانە بکرێت ئەوەیە، کەشاعییر دەیەوێت، لە یاساکانی بوون هەڵبێت و خۆی یاسایەکی تایبەت بەخۆی دابهێنێت. مرۆڤ وسەرجەم گیانلەبەرانی دیکەی لە نێو سرووشت، نە هاتنەدونیایان بەدەست خۆیانەو نە لە دونیادەرچوونیان. بەڵام ڕەنجدەر لەگەڵ ئەوەی توانای گۆڕینی هاتنە دونیای تەمەنی خۆی نییەو

ناچارانە بەکاتی لەدایکبوونەکەی ڕازییە. بەڵام سنووری بۆ ژیانی خۆی دیاری کردووە و دەیەوێت لە ( ١٨ / ٢٠٤٥/١١ ) دونیا بەجێ بهێڵێت.))(سدیق: ٢٠١٧، ١٣٣، ١٣٤)

## بەياننامەی ( گەردوونی يەكەم)

ئەم بەياننامەيە كۆتا بەيەننامەی ( سەباح ڕەنجدەر)ە، كە لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (وانەر) لەساڵی ٢٠٢١ دا بڵاویكردۆتەوە.

شاعیر لەم بەياننامەيەدا جەخت لەسەر بیری ئازاد دەكاتەوە، چونكە بە لای ئەوە شاعیری ڕاستەقینە، كاتێك دەتوانێت داهێنان بكات، كە خاوەن بیرێكی ئازادو خۆرسكانە بێت، نەك ئەوەی لە ژێر كاریگەری ئایدۆلۆژیایەكدا بێت و لەوێوە ئاراستەی نووسینی شیعر بكرێت. ئەو پێی وایە كە تێڕوانی شاعیرە لە هونەری شێوازدا دەبێتە فۆڕمێكی زمانی، بۆیە دەڵێ: (( ڕوانیوان لە هونەری شێوازدا فۆڕمێكی زمانییە. لە وردبوونەوە لە ناخی خۆمدا، دوو پانتایی بێسنوور: بەهەشت و دۆزەخم وێناكرد. هەوڵدان بۆ ناسینی ئەم دووپانتاییە حوكمڕانی لە بیركردنەوەی مندا بەڕێوە دەبا. دۆخی گشتی و بەهاو ناوەڕۆكی مرۆڤ و جیاوازییەكانم تێدا ناسی. جیاوازی بە مانای بیناكردنی مرۆڤ و كۆمەڵگا، بێ بوونی كلتووری كوردی ناتوانم خۆم و جیاوازییەكانم بێتە بەرچاو.))( ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٦٦)

شاعیر لێرەدا دووپانتایی بێ سنووری لە ( بەهەشت و دۆزەخ) وێنا كردووە، لەنیوان ئەم دوانەشدا بە وردبوونەوە لەناخی خۆیدا بەدوای جیاوازییەكاندا گەڕاوە، تا لەسەر ئەم جیاوازییانە مرۆڤ و كۆمەڵگای لەسەر بنیاد بنێ، جیهانی جیاوازییەكان بخوڵقێنی، جیهانێك كە دۆخی گشتی تێدا ڕەچاوبكرێ بەهای مرۆڤیش لەخۆی بگرێ . كە بەگەردوونی يەكەم ناوی دەبات. جونكە بە لای ئەوەوە جیهانێك كە لەسەر جیاوازییەكان و یەكتر قبڵوڵكردن بنیاتبنرێت جیهانێكی ڕەسەنە كە ژیان تێیدا بێگەرد دەبێت. بۆیە لە بەشێكی تری بەياننامەكەدا دەڵێ: (( هیچ شتێك لە مرۆڤ و مردن بەهێزترنییە . تەنیا داهێنان نەبێت. مرۆڤ كاتێك ئەركی مرۆڤبوون و مرۆڤایەتی تەواو دەبێت، كە جیاوازبێت، جیاواز بوون چنینێكی ئێستێتیكییە، مرۆڤ فۆرمەلە دەكات، بە درێژایی ژیان یاوەری دەكاو دەیخەملێنێ. جۆرناسی و بینین و دانپێدانانی جیاوازییەكان، لە هێزی ڕوونی داهێنان و پێكهاتەی ڕووداوەوە سەرچاوە دەگرێت و پەرە دەستێنێ، دەبێتە بابەتی دەربڕاو و بابەتی دەربڕ، بە ئاستی داهێنەرانەی خۆیدا دەڕوات و ڕێڕەو دەكاتەوە. گۆڕان و وەرچەرخان واقیع و خەیاڵ و دەنگە زرنگانەوە و سەرمەشقییەكان، لەدایكبووی جیاوازییەكانن، تەواوكەری ژیانێكی بێگەردن، واتاكانی نوێبەخشی دیاری دەكەن و پەیپێدەبەن، بەڵام زمانی هاوبەش و هێزی كاركردنی هەموومان نییە، جیاوازی نیازێكی مرۆییە و تێكڕای هەبوون لەخۆدەگرێت، لەناو قەوارەو ئاست و ویستی خۆمان دماندەهێنێتەوە))(ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٦٦)

لێرەدا، شاعیر هیچ شتێک لەسەرووی مرۆڤ و مردنەوە نابینێت جگە لە جیاوازی، بە بڕوای ئەو مرۆڤ ئەوکاتە ئەرکی مرۆڤبوونی خۆی تەواو دەکات کە جیاوازبێت، چونکە ئەوەی تاکۆتایی لەگەڵ مرۆڤ دەمێنییتەوە تەکمیلەی دەکا جیاوازبوونییەتی، ئەم جیاوازبوونەش بە جۆرناسی و بینین و دانپێدانانی جیاوازییەکان بەرهەم دێت. هەورەوەها جیاوازبوون بە نیازێکی مرۆیی دەزانێن و هەموو بوونی مرۆڤ لەجیاوزیدا دەبینێت، لە هەمان کاتیشدا پێی وایە کە ئەم جیاوازبوونە نەبۆتە زمانێکی هاوبەش و هێزی کاری هەموو شاعیرێک. بۆیە کاتێک باس لە (نالی) و ( گۆران) دەکات. بە دوو جادووگەر و خۆدارێژ لەزمان و وێناکردنی ناو شیعری کوردی ناویان دەبات و دەڵێ: (( نالی و گۆران، هۆگرییەکی تایبەتیم بۆیان هەیە، جادووگەر و خۆدارێژن لە زمان و وێناکردندا. دوو هێمای گەورەو جیاوازی زمانی کوردین. ئەو زمانەی داهێنەری زۆری پەروەردەکردوون و خستوونییە سەر سەکۆ و پێشانی داون. شەرمێکی ترسناکم بەرانبەریان هەیە، نموونەی داهێنانیان دامەزراندووە، لەناو خویندەوارانی کۆمەڵگەی کوردیدا لە شوینی شیاوی خۆیان دانراون، خاوەن تاج و تەختن، لە هەلومەرجی گونجاو و کراوەدا هەناسە دەدەن))(ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٦٦، ٦٧)

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ ئەزموونێک بە بێ کەموکورێ نابینێت، بۆیە پێی وایە، کە (نالی و گۆران) لەگەڵ ئەو هەموو نموونانەی لە داهێناندا پێشکەشیان کردووە، نموونەی شیعریشیان هەیە؛ کە نە دەبوو هەیانبێ. بۆ نموونە لەبارەی شیعری (مەستوورە)ی (نالی)یەوە، ڕای وایە، کە نالی لەم دەقە شیعرییەدا، نەیتوانیوە جیاوازبوونی خۆی بپارێزیت و ئەرکی مرۆڤبوونی خۆی تەواو بکات.، ئەوەی لە نووسینی ئەم دەقدا تەحەکومی بە بیری نالییەوە کردووە، دەرباربوون و تەرەفداری بووە بۆ میرنشینی (بابان) لە دژی میرنشینی (ئەدرەڵان)، هیچ گوومانێکیش بۆ ئەوە ناهێڵێتەوە کە ئەمە بەم بەست ومەرام بووە. بۆیە دەڵێ: (( (شیعری مەستووره، دیوانی نالی. ل:٦٠٣)ی لە ئەنجامی ناکۆکی نێوان میرنشینی بابان و میرنشینی ئەردەڵان، لە ژێر کارتێکەر و ڕاسپاردەی سەرلەشکر و فەرمانڕەواکانی بابان وەک دەربارێک فریوی خواردووە، بۆ شکۆشکاندن و و لەکەدارکردنی سەرلەشکرو فەرمانڕەواکانی ئەردەڵان نووسیوە. دەرباربوون ڕێگایەکی تایبەتی دەربڕینە، تیرت پێ لە کەوان دەترازێنێت و بەشیوە جۆرواوجۆر فریوت دەدات، وەک دەق، دەقێکی تابلّیی ئێستێتیکی و پڕ هونەری جۆراوجۆرە و خەیاڵی خوێنەر دەگەیەنێتە ئاستی باڵا، هەموو وزەی زمانی کوردی بەکار هێناوە. فۆڕمی گۆشە نیگای هەیە. مەستوورەی لە خەونێک وەرگرتووە، دەیەوێ قەدەغەکراوی لی لەدایکببێت. خەونی هونەری شیعرییەت، کاری لەسەر پێکهاتە زمانەوانییەکان و دیوی نهێنی زمان و وردبێژی کردووە، بە ئەندازیارییەکی ورد وریایی بیناکردنی نیشانداوە. هیچ بوارێکیش بۆ ئەگەر و گومان نەماوەتەوە، وەک مەبەست و مەرام ئاراستە کراوە، خۆرسکی چێژ و چەشەی کەسایەتی خۆی تێدا نییە، دەسەڵاتی ئاراستەکەریش پشتیوانی هەلی بۆ رەخساندووە))(ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٦٧)، چونکە پێی وایە ئەگەر مەبەستی نالی لەنووسینی ئەم دەقەدا مەبەستیکی سیاسیی نەبووە؛ خۆ

(حەبیبە)تاکە دڵخوازی پاک وبێگەردی هەستی خۆرسکی شاعیر بووە، ئەی بۆ نەهاتووە ئەم کردەی داهێنان و ئەزموونە پاکە لەگەڵ ئەو تاقیبکاتەوە؟.

هەروەها لە بارەی گۆرانیشەوە، بەهەمان شێوە پێی وایە کە لە هەندێ دەقی دا، بەها و هەستی خۆرسکی شاعیرانەی خۆی لەدەست داوەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیاوە، بۆیە دەڵێ(( مرۆڤێکی داهێنەر و پڕزانیاری، بە زانیاری هاوچەرخی وەک گۆران، ئاشتی شیعر لە ئاشتی ڕۆح دەستەبەر دەکات، تا ئاستی گەوهەری بابەت ناسین، گەشە بەو ئاشتی ڕۆحییە دەدات و بەدیدەهێنێ و جۆری جووڵەیان دەستنیشان دەکات. پاشتر شیعر دەخاتە ژێر کاریگەری پەیامی فریادڕەسەوە، پەیامی ئایدۆلۆژیا، کە ڕوویەکی بێ قووڵاییە، مەستبوون بە شەرابی ئایدۆلۆژیا وات لێدەکات هەموو شتێک بە ئارەزوو ببینی. پێوەری گەردوونبوونی شیعری بێگەرد و پاراوی تا ئاستێک لە چەند شیعریکدا بەتایبەتی لە شیعری: ( ڕێگای لەنین، دیوانی گۆران. ل:٣٠٦)، یان شیعری : ( مۆسکۆی ئەیار، دیوانی گۆران. ل:٣٢٤)... تاد، لە دەست دەترازێ، یان لێی دەگۆڕێ، بەهاو پیوەری هونەری و هەستەکانی سەرکوت دەکات.))( ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٦٧، ٦٨)

بەلای (ڕەنجدەر)ەوە، کاتێک شیعر دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیاوە مرۆڤانە نامینێتەوە، لەڕووی خوێنەریشەوە خوێنەری تاکی بێ جووڵەو بێدەنگ بەرهەم دەهێنێ، ئایدۆلۆژیا دۆزەخێکی زیندوو بۆ شیعری بێگەرد دەخوڵقێنێ و لەقولایی بڕیاردان و هەڵسەنگاندندا دەیهاڕێ، چونکە شیعری ئایدۆلۆژی کاتییەو تەنها بۆئێستایە، بەڵام ئاییندە بۆ شیعری هەستییە. ئەم تێڕوانینەی شاعیر، بەو مانایە نییە کە بییەوێ پشت لە کۆن بکات و شاعیرانی پێش خۆی بەتایبەت ( نالی و گۆران) بخاتە لاوە، بەڵکو بە شانازییەوە پێکهاتەی خۆی دەگەڕێنێتەوە بۆ قوڕی زمان و کەلەپووری ئەدەبی کوردی .((من لە قوڕێکی خوساو و شێلدراودا درووستبووم. قوڕی زمان و کەلەپووری ئەدەبی کوردی. هیچ شتێک نەگۆڕ نییە. زێڕیش نەجووڵێ ژەنگ لێیدەدا. دوازدە کتێبی شیعریم نووسیوە. وەک ئەوەی لە نووسینی هەرکتێبێکمدا بەجلوبەرگەوە لە ئاوێک بدەم و بپەڕمەوە))(ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٧١). بەڵکو ئەو جیاوزبوونی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە بە ئارەزوویەکی سۆفیانەو ئەزموونخوازنەوە دەنووسێت، هەستێک کە هێزی بەهرەی لا دەخولقێنێت و خۆشییەکی منالانەی پێ دەبەخشیت، کە بە خۆشترین کاتی تەمەن پێناسەی دەکات. لەنووسیندا تەنها پشت بە ئەزموونی خۆیی و ئەو هێزە دەبەستێ کە پێی بەخشراوە، هەموو ئەمانەش پەیوەسەتن بەو پەیوەندییە بەهێزەی، کە هەر لەزووەوە لەنێوان ئەو و ئەدەبدا درووست بووە، وەک خۆی دەڵێ: (( ئەدەب بەخشندەو میهرەبانە، لەگەڵیدا مامەڵەم خۆشە هەرزوو چێژ و چەشەی وشە و بوون و مانەوەم تێدا دۆزییەوەو شاگەشکە بووم، خوێن لە بڕبڕەی پشتمەوە بۆ مێشک و دڵم جما و هەڵکشا، خانەکانی سووڕی پێگەیشتنی چالاک کرد. هەمیشە لە ئاسۆیەکی دوور بە وێناکردنێکی زەینییەوە دەستپێدەکەم، خوینەریش ئاشنای ئەو هەستەم دەبێت توانایی و ئامادەیی من دەناسیت.))(ڕەنجدەر ٢٠٢١، ٧١)

هەروەها ئەوەش ناشارێتەوە، کە سەردەمانێک کە لەژێر کاریگەری  بیری سوریالزیمی دابووە، جۆرێک لە درێژدادڕی  هەندێک لە شیعرەکانیدا هەبووە، کە لەچێژی ئەدەبی ئەو دەقانەیان کەمکردۆتەوە مەیل  و ئارەزووی خوینەریان کوشتووە.بەڵام ئەوی بۆ ئەو گرنگە، ئەوەیە کە تا کۆتایی لەو جەنگەدا نەماوەتەوە کە بەرۆکی ئەو دەقانەی گرتبوو (( لەچەند شیعرێکمدا درێژدادڕیم کردووە و چەندان لێکچوون ، کەپێویستیان بە بژارکردن بوو، بژارم نەکردوون هێشتوومنەتەوە، یەک لە کەمتەرخەمی و نەزانینی من بووە. گرفتی چێژو چەشە دەهێننە پێشەوە و مەیل و ئارەزووی خوێنەر دەکوژن، وەنەوز دەداو پەرۆشی بۆ خویندنەوە کەم دەبێت. ئەوکات ئەم ڕووداوە لە شیعری من ڕوویدا، کەبیری سوریالیزمی بەسەرمدا زاڵبوو، وێنەم بە سەریەکدا کەڵکە دەکرد، جۆرێک تێکئاخنینیش دەهاتە ئاراوە. لەم جەنگەدا تا کۆتایی نەمامەوە، تەلیسمم شکاند و چوومە دەرەوە.))(ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٧١). چونکە ئەو بڕیاری دابوو کە دەبێت  بەئازادییەکی تەواو لە بنەڕەت و چۆنییەتییەوە جیاوازبێت. لەنووسیندا تەنها پشت بە بیرکردنەوەو توانایی و ئامادەیی خۆی  ببەستێت. جیاوازبوونێک لەدیوی و هەستەکانی خۆیدا، نەک جیاوازبوون لە شاعیرانی هاوچەرخ و دەوروبەری، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، کە لە ئەزموونی پێشتری بەتاڵبێتەوە بە ئەزموونێکی نوێوە دەست پێبکاتەوە. ئەم جیاوزبوونەشی لە هەستەکانییەوە پێبەخشراوە، کە بە ئاگاییەکی داهێنەرانەوە، سیزیف ئاسا کۆشش دەکا بۆ بیناکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگا. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی بە پەروەدەی شاعیرە جیاوازەکان دەزانێت و بەهاوپەیمانی بنەڕەتییان دەزانێت. وەک لەم بەشەی بەیاننامەکەدا دەڵێ: (( لە فەرهەرنگی هیچ نەتەوەیەکدا ڕووینەداوە شاعیرێک هێزی ئەوەی تێدابێ، شاعیرانی دی بداتە دواوەو بیانخاتە بازنەی مەترسییەوە، خۆی بە تەنیا ببێتە مێژووی داهێنانی ئەو نەتەوەیە. بەپلەی یەکەم نەمویستووە لە شاعیرانی هاوچەرخ و دەوروبەرم جیاوازبم، جیاوایم لە دیوی ئەودیودا نییە، لەدیوی هەستەکانی خۆمدایە... لە شاعیرە جیاوازەکان زۆر فێربووم هاوپەیمانی بنەڕەتین، تا خەون و بەرزە ئاواتەکانم بەرجەستە بکەم و دۆخی پەروەردەکردن وەربگرن، پەیوەندی جیاوازییەکان بەهێزن و منیان وەک شاعیرێک پەروەردەکردو پانتاییەکی لێحاڵیبوونیان بە کارکردن و نیشانەکردن بۆ کردوومەتەوە ، لەناویاندا ئەرکی بوون و بەخشین توانایی و ئامادەیی خۆم برسکێنم، بە کۆششێکی سیزیفیانە ژیان لە ناو شیعردا بگەیەنم بە واتا ڕاستەقینەکەی خۆی، کە دوا ئاراستەو باڵاترین پلەی خۆیی بوونە. پرسیاری کارکردن و نیشانەکردنی لی درووستدەکەم و وەک بەهاو پێوەر دەیخەمەڕوو. باش و خراپی لەبارەوە دەڵێم، هەندێک نیشانەو پرسیاریش بە هەڵواسراوی دەهێڵمەوە، لە ڕوونتری فۆڕمیشدا، چێژ لە پەڕانپەری کلاسیک و پەڕانپەڕی نوێبەخشی وەردەگرم.))(ڕەنجدەر، ٢٠٢١، ٧٢)

### ٣- کەریم دەشتی

یەکێکی تر لە شاعیرە دیارەکانی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو( کەریم دەشتی)یە، کە خاوەن ئەزموونێکی تایبەتییە لە شیعری نوێی کوردیدا. هەمیشە هەوڵی ئەوەی داوە لەڕێگەی ئەو ئەزموونە تایبەتەوە دنیایەکی جیاواز بۆ شیعر بخوڵقێنێت، لەڕووی زمان و فۆرم و دنیابینی خۆیدا گۆڕانێک بێنێتە ئاراوە.ئەم شاعیرە خاوەن (١٤) دیوانی شیعرییە،یەکەم دیوانە شیعری خۆی لە ساڵی (١٩٨٠)دا بەناوی ( خاک و هەڵۆ) بڵاو کردەوە.شاعیر لەبارەی ئەزموونی سەرەتایی هەر شاعیرێکەوە دەڵێ: ((شیعرە سەرەتاییەکانی هەر شاعیریک، یا دیوانە بەراییەکانی هەر شاعیرێک، بەشێک لە تواناو جیهانبینی ئەو شاعیرە دەست نیشان دەکات، چونکە هەوڵەکانی سەرەتا هۆیەکی گرینگن بۆ ئەوەی خوێنەری شیعر یاخود لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان، بیکەن بە سەرچاوەو هەوێنی قسەکردن یان نووسین لەمەڕ ئەو شیعرانە. هەموو ئەوانەی  کە مرخی خۆیان خۆشکردووە، لە هێنانەدی پێناسەی داهێنان لە مەودای شیعردا، دەبێ لێکدانەوەیەکیان هەبێ بۆ سەرەتای دەستپێکردنی  خۆیان، من بۆخۆم لە کتێبی  بەرەو منداڵی بەجلی پایزەوە کارێکی ئاوام کردووە، بەڵام مەسەلەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنم بۆ خۆم نەخستۆتە بڕیارەوە، بەڵکو ئەوە کاری خوێنەران و ئەوانی دیکەیە))(دەشتی ، ٢٠١٩، ٣٣، ٣٤) ئەم بۆ چوونەی کەریم دەشتی ڕەنگە بۆ خودی خۆی ڕاست بێت، بەڵام مەرج نییە بۆ هەموو شاعیرێکی تر دەست بدات، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەزموونی سەرەتایی( شێرکۆ بێکەس ) بکەین دەبینن، کەدیوانی (  تریفەی هەڵبەست) ئەو کاریگەری و دەنگدانەوەیەی  نەوبوو، کە لەدیوانەکانی دواتریدا هەیبوو.

کەریم دەشتی بۆ خستنەڕووی دیدو تێروانیی خۆی بۆ شیعر، ساڵی (٢٠٠٧) لە کتێبی ( بەرەو منداڵی بەجلی پایزەوە)دا دوو بەیاننامەی شیعری بڵاو کردەوە. بەیاننامەی یەکەمیان بە ناوی ( بەیانی یەکەمی ئەزموونی شیعریم- سرووتەکانی نووسین) و بەیاننامەی دووەمیان بەناوی( بەیانی دووەمی ئەزموونی شیعریم- سەرەتاو ئێستای خەمگینی تازەبوونەوە). پاشان جارێکیتر ئەم دوو بەیاننامەیەی لە کتێبی (کۆکردنەوەی شەونمی شیعر)ی (٢٠١٩) بڵاو کردنەوە.

ئێمە لێرەدا چەند بەشێک لەو بەیاننامانە دەخەینەڕوو، دواتریش بەپێی توانا کاریگەییان لەڕووی ڕەخنەییەوە هەڵدەسەنگێنین.

بەياننامەی( سرووتەكانی نووسین)

شاعیر لەم بەیاننامەیەدا، دیدگاو تێڕوانینی خۆی بۆ نووسین و شیعر بەجۆرێک بەیان دەکات، کە نووسین بۆ ئەو نهێنی ژیانەو مانەوەی ئەو لەژیاندا پەیوەستە بەنووسینەوە، بەجۆرێک، ئەگەر نووسین نەبێت هەست بەبوونی خۆی ناکات، هەر وەک لەبەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیەدا دەڵێ: ((نووسین بۆ من ڕەمزی مانەوەیە، ڕەمزی ناوەوەی ژیانە، بۆیەش هەمیشە لە هەر شوێنێک بم، بیر لە نووسین دەکەمەوە، چونکە دەزانم بێ نووسین ڕۆدەچم و دەتوێمەوە، بێ نووسین هەست بەهیچ ئاسەوارێکی خۆم ناکەم تەنانەت، ئەو کاتانەی کە نانووسم ، هەست بەبوونی تەواوی خۆم ناکەم، ڕەنگە هەبن ئەوە بە حەقیقەتێک نەزانن، بەڵام ئەوان خۆیان وان و هێشتاکە شارەزای ئەم لۆگۆسە نەبووینە، کاری نووسین پەڕینەوەیە بۆ جیهانێک، جگە لە خودی نووسەری ڕاستەقینە کەسی دیکەی تێدا نییە.))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٦٣). شاعیر پێی وایە، کە ڕەنگە بەم جۆرە (پەیوەست بوون بە نووسینەوە) باوەڕکردنی بەلای هەندێک کەسەوە قورسبێت، ئەگەرچی ئەوانیش هەروان، بەڵام ئەوان هێشتا نگەیشتوونەتە ئەو بنەما فکرییە، بەڵام لای ئەم نووسین بۆتە ئەرکێکی دینی جیاواز لە هەموو دینێکیتر. بۆیە کاتێک دەنووسێت، لە غەیبەوە ئاگری جۆشدان بەسەر ڕوحی دا دەبارێت، کە خۆشی پەی بەوە نابات ئەم ئاگرە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. بۆیە دەڵێ: (( زۆرجار لەخۆم دەپرسم و بە نێو کتێبەکانەوە دەگەڕێم، دەچمە قووڵایی هەموو کێشەکان، هەر بۆ ئەوەی بزانم ئاخۆ ئەو هەموو ئاگرە لە کوێوە دێ و هێندە بە لەززەت هەڵدەپرژێتە سەر ئەتڵەسی نووسەرەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکان بێهودەن.))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٦٤)

بەلای شاعیرەوە فەزای نووسین میحرابێکی موقەدەسە، کە هەرچی جوانییە لەناو دەرگاو پەنجەرەو تاقی ئەو میحرابەدا خۆیان حەشارداوەو هاوار بۆ قەڵەمەکی ئەو دەبەن تا لەو پەنهانییە دەریان بهێنێت، کاتێکیش نووسەر دەیەوێت لەو جوانیانە دەقێکی جاویدان بخوڵقێنێ، هەموو جوانییەکانی ڕۆحی خۆی لەدەست دەداو وجودی خۆی ون دەکات. بۆیە دەڵێ: (( کەواتە نووسین هەمدیس بۆ من ئەنجامدانی سرووتەکانی قەقنەسە لەسووتان و دووبارە زیندووبوونەوەی لە خۆڵە مێشەکەی خۆیدا، کتومت نووسینی شیعر سرووتێکی ئەفسانەیی سیحر ئامێزە، ئەلیرەوەیە کێشە سەختەکەی دێتە ئاراوە، ئیدی ئەو لافاوە دەست پێدەکاو هەڵدەچێ کە ئامان و بوار بە هەموو نووسەرێ نادات، نووسەر دەکەوێتە ژێر سرووتی شمشێرەکەی دیموکلیس هاکا بە جوانییەکان کۆتایی پێدیت.))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٦٤، ١٦٥). بۆیە ئەو لە نووسیندا لە هیچکەس ناچێ، شاعیرێکی (خودانی)یە، درووەدگای نووسینی ئەو درووودگایەکی جیاوازە، نە لە دەرەوەو نە لە ناوەوە لە درووودگای نووسینی هیچ نووسەرێکیتر ناچێ. چونکە درووودگای ئەو لە شووشەی شکاوی مرۆڤایەتی درووستکراوەو بەدەستی خۆی بنیاتنراوە و بەفرمێسکی خۆی ئاوی داوەو بە پارچەکانی جەستەی خۆی دەرەوەو

ناوەوەی ڕازاندووەتەوە. بوونی دروودگایەکی ئاواش، قوربانی دەوێ، شاعیر بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن درودگایەکی ئاوا دەبێ بەخوێنی خۆی رووخساری خۆی سوور بکا، هەروەک چۆن حەلاج لەسەر فەلسەفە تایبەتیەکەی خۆی بەدار دا کرا، بۆئەوەی خەڵک نەڵێن ترساوەوە لە بیرو باوەرەکەی پەشیمانەو ڕەنگی زەرد بووە ، بە خوێنی خۆی رووخساری سوورکرد. شاعیر بەم بیرو باورەوە ئە دروودگایەی خوڵقاندووە، بۆیە دەڵێ: (( کاتیک لە پرۆسەی نووسین شیعردا لەژێر ستوونەکانی ئەو دروودگا دەوەستم، خۆم تاقە کەسێکم سەلیبی خۆم لە دەستەو بیر لە پاڵەوانەکانی مێژوو دەکەمەوە( نیتشە) کە بە کوشتنی خواکان کۆتایی مێژووی ڕاگەیاند، مەسیح کە بە چوونە ژێر باری سەلیبەوە، ترۆپکی هەموو قوربانییەکانی داڕشت، کەواتە داهێنانیش بوارێکی دیکەیە بۆ دروستبوونی پاڵەوان، ئەوەی شیعریش دەنووسێ دەبێ سڵ لە چارەنووسێکی ئاوا نەکاتەوە، هەر بۆیەش جاروبار سەر بەرزدەکەمەوەو لە بەرزی ئەو ستوونانە دەگەڕێم کە نایانبینم، ڕەنگە سەریان لە حەوت تەبەقەی ئاسماندا بێ، ڕەنگیشە سەریان هەر لای خوا دابێ، کەواتە من لە ژێر سێبەرێکدا دروودگام تەی کردووە، کە لەهێز و قودرەتی مرۆڤ نەبێ بە بالآیدا هەڵگەڕێ، بەڵام دەبێ پێیدا هەڵگەڕێ جا یا سەردەکەوێ یاخود دەبێ بکەوێتە بنەوە، من لە ژێر ئەو ستوونانەوە بەدوای ڕۆحی بەردەوام بوونی شیعرێک دەگەڕێم جاویدان بێت))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٦٧)، شاعیر کاتێک لە پەنجەرەکانی ئەم دروودگایەوە بۆ دەرەوە دەڕوانێت، جۆرێک لە نائومێدی دایدەگرێت، تا ئەو ڕاددەیەی قەڵەم وشک بکات و نەتوانێت شیعر تا ئاستی داهێنان بەرێت. چونکە لە دەرەوەی دروودگاکەی هەموو ئەو ڕووداوە تراجیدیایانە دەبینێت کە شاعیر تووشی داڕمانێکی جەستەیی دەکەن. بەڵام هەر لەبەر ئەو پەنجەرانەوە فڕینی مەلە جواناکان و مەلەی کچی بەهەشت دیالۆژی عاشقەکانی ناو دروودگا بەهەشتییەکی دەبینێ جارێکیتر ئەو جەنجاڵییانە بۆ ئەو دەبنەوە بەشیعر و بانگیان دەکاتە ناو دروودگاکەی خۆیی و بەیەکەوە سەفەرێکی میعراجی بۆ بەدەست هێنانی داهێنان دەکەن. لەم سەفەرەشدا ( نالی و مەحوی) ڕابەرایەتی شاعیر دەکەن، هەروەک چۆن( فرجیل)ی گەورە هۆنەری ڕۆما ڕابەرایەتی(دانتی)کرد. چونکە بەلای شاعیرەوە، لەپێش ئەودا بەو پلە پیرۆزییەی نووسین گەیشتوون و لە دروودگای تایبەتی خۆیانەوە ئەو سەفەرە میعراجییەیان بەرەو ئاسمانی ئەدەب کردووە. هەروەک شاعیرخۆی لەکۆتایی ئەم بەیاننامەیەدا دەڵێ: (( ( نالی و مەحوی) فرجیلی ( دانت)ین بۆ هەمیشە و بێ وچان ڕابەرایەتیم دەکەن لەو میعراجە سەختەی نێو دروودگاکەی خۆم وەک دوو ئیمامی گەورە و نوورانی نهێنییەکانی نێو دروودگام بۆ بەرمەلا دەکەن، ئەمە چەند نهێنییەکی زۆر بچووکی چۆنییەتی نووسینی منە لە شیعرو تەنیا چەند ساتێکی ئاشکرای ناو ئەو دروودگا پیرۆزەیە.))( دەشتی، ٢٠١٩، ١٧٠)

بەیاننامەی ( سەرەتاو ئێستای خەمگینی تازەبوونەوە)

لەم بەیاننامەیەدا، شاعیر بەگشتی دیدی خۆی بۆ سێ قۆناغی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا دەخاتە ڕوو، ئەویش قۆناغی یەکەم( ١٩٧٠– ١٩٨٠) و قۆناغی دووەم (١٩٨٠–١٩٩٠) و قۆناغی سێیەم (١٩٩٠– ٢٠١٠)

بە تێڕوانینی شاعیر، تازەبوونەوە و نوێکردنەوە، بە تەنها بەسنییە بۆ بەرەوپێشبردنی بواری ئەدەبی، تازەکردنەوە تەنها بۆ زەمەنێکە کە دیدگاو جیهانبینییەکان توانای خۆیان لە پرۆسەی بیرکردنەوەی تازەدا لەدەست دابێت و تەنها دەتوانێت ڕاچڵەکانێک بەو دیدگاو جهانبینیانە بدات، چونکە تازەکردنەوە رۆح نییە تا جارێکیتر دەرفەتی ژیانەوەیان پێ بدات. هەروەک لە بەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیەدا دەڵێ: (( تازەبوونەوە ڕۆحێکی دیکە نییە وەبەر جەستەی مرۆڤێک یا درەختێک یا هەر نیهادێکی دیکەدا بکرێت. بەڵکو لەرزینێکی پڕ لە جۆش و خرۆشی بیرکردنەوە و دارمانی بونیادەکانی ئەو نیهادانەیە، کە بۆ یاسا و ڕێسای زەمەنێک کاریان کردووە و ئێستاکێ برستی ڕووبەڕوو بوونەویان لەگەڵ بویەر و مەرجەکانی هاوچەرخدا نەماوە و دەبێ بەدوای بابەتگەلێک بگەڕێین، کە مەودای دووبارە ژیانەوەیان پێ ببەخشێ.))( دەشتی، ٢٠١٩، ١٧١)

بە تێروانینی شاعیر، شاعیران و نووسەرانی نوێخواز لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، نەیانتوانی ڕێرەوی شیعری کوردی بەو ئاقارەدا بەرن کە بتوانین ئێستاو داهاتووی لەسەر بونیاد بنێین، چونکە ئەوەی ئەوان کردیان تەنها تازەکردنەوەیەک بوو بۆ سەردەمی خۆیان بوو، ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بارودۆخی ئەوکات کە بە کانگای بەڵا ناوی دەبات، ئەو بەڵایەش خەرەندێک بوو کە ئەدەبی کوردی لەو کاتەدا نەیدەتوانی خۆی لێ لابدات و ناچاربوو خۆی هەڵبداتە ناوی. هەروەک لەم بەشەی بەیاننامەکەدا دەڵێ: (( حەفتاکان کانگەی بەڵاو کانگەی سەرهەڵدانی فەوزاییەکی ئێستەتیکی ئەو بەڵایەبوو، بۆیە دەڵێم بەڵا، چونکە ئەودەم هەمان ئەو بەڵایە خەرەندێک بوو دەبوایە ئەدەبی کوردی بەخۆهەڵدانە ناوییەوە پرۆسێسی خۆکوژی نمایش بکات، کەیسی سیاسی لەلایەک کە لە ناو چارەنووسێکی نادیاردا هەنگاوی دەهاوێشت وە هێشتاکەش لەناو منداڵێتی خۆیدا دەژیا، هێزی بڕیاردان و دابڕانی نەبوو، لەلایەکی دیکەدا کۆمەڵگەی کوردی لەنێو ئەوپەڕی دواکەوتووی دەژیا و لە هەموو ڕوویەکەوە نەشارەزایی و دوورەپەرێزی و لە ژێدەرە بەرهەمهێنەرەکانی مەعریفی و فیکری پەنگاوەی دابۆوە، بەتایبەت ڕەوتێکی زمانەوانی وا هەڵیدەسوڕاند، کە هیچ پەیوەندییەکی نە بەزمانی دارشتنەوە هەبوو نە بەزمانی دیالۆگەوە، بەم جۆرە گوتاری سیاسی و گوتاری سۆسیۆلۆژی و گوتاری زمان، سی بەربەست و سێ زیرۆی بێ بونیادی هەوڵەکانی تازەگەریی بوون، بۆیە نەیانتوانی بە درێژایی ئەزموونی دە ساڵ ببن بە پرۆژەیەکی زیندوو کە داهاتوو و ئێستای لەسەر بونیاد بنێین.))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٧٢)

هەر لەبارەی ئەم قۆناغەوە، شاعیر دەڵی، ئەدەبی قۆناغەکە کاری تیۆربەندی تیوریزەکردنی لەگەڵدانییە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە زۆربەی داهێنەرەکان لە هەموو بوارەکانی نووسیندا دوورە پەرێزبن لە گەیاندنی بۆچوونەکانیان. چونکە ئەوەی ئەدەبی قۆناغەکەی بەڕێوەدەبرد ڕەوتێکی زمانەوانی بوو، کە هیچ پەیوەندییەکی نە بە زمانی داڕشتنەوە هەبوو نە بە زمانی دیالۆگەوە. لە کاتێکدا ئەو تێکستی پەیوەست بە داهێنانەوە بە کاری تاکەکەسی دەزانێ، هەروەها دەڵی کە ئەو داهێنانە تاکەکەسییەش بەتەنها ناتوانێ پرۆسەی دروستکرنی کلتوربەڕێوە ببات ئەگەر کاری تیۆربەندی و تیۆریزەکردنی لەگەڵدا نەبێت. بۆیە پێێ وایە،ئەوە بیرکردنەوەیەکی کوشندەیە کە بڵێین ئێمە پێویستمان بە پرۆسێسی تیۆریزەکردن نییە. لەم بەشەی بەیاننامەکدا دەڵی: (( بۆیە ئەلێرەو دەڵێم بەداخەوە شاعیرەکان جگە لە شیعر و چیرۆکنووسەکان جگە لە چیرۆک، شتێکی دیکەیان نەداوەتە دەست، کە ڕەنگە ئەمەش ئەوە بسەلمێنێ، ئەوان بو سوتفە چووبنەتە سەر ئەم دوو ژانرە ئەدەبییەوە، ڕەنگە هەمدیس ئەوە بسەلمێنێ کە هۆی نەبوونی شاکاری زۆر هەر ئەو دوورەپەرێزییە بێت، لە کاری بەرهەمهێنانی تیۆربەندیدا))(دەشتی،٢٠١٩، ١٧٣)

لە بەشێکیتری بەیاننامەکەدا، شاعیر باسی قۆناغی دووەم دەکا،کە قۆناغی دوایی حەفتاکانەو دەڵی، ماوەیی پەنجا ساڵە کە شیعری کوردی کەوتۆتە ژێر باری وەڵامدانەوەی هەندێ پێداویستی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ، لە کاتێکدا ئەمە کاری شیعر نییە، بەڵکو کاری شیعر گەڕانە بەدوای خوڵقاندنی فەزای جوانی و مەعریفەی ون و فەلسەفەی کاریگەردا، تا ئەو ئالۆزییانە بنووسیتەوە کە پەیوەستن بە هەراسانکردنی ڕۆحی مرۆڤی هاوچەرخەوە لە هەمان کاتیشدا ئەم بارەی لە ڕابردوودا ئەدەبی کوردی پێدا تێپەڕیوە، جێگەی نائومیدی نییە. هەرچەندە(( ئەم حاڵەتە بە هەمان ئاراستەو بەهەمان شیوە بەردەوام بوو، بەڵام لە ناوەڕاستی هەشتاکان شێوەی بیریوبۆچوون و لێکدانەوەی شاعیران خوێنێکی تازەی هەڵسووڕاندە ناو جەستەی شیعری کوردی و بابەتەکان بەرەو مەعالیمی تازە چوو، بەڵام بەداخەو لەوێش هەمدیس نەچووە ناو قوماشی تۆمارکردن، ئەگەرچی فۆڕمی جیاجیاو قسەو جیهانبینی زۆری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو.))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٧٤)

هەروەها لەچەند خاڵێکدا ئاماژە بە گۆڕانکارییەکانی ئەدەبی ئەم قۆناغە دەکات بەوەی، شاعیرانی ئەم قۆناغە توانیویانە قۆناغی لاواندنەوەو شین و شەپۆڕ بەجێ بهێڵن و بەرەو دیالۆگی ڕۆژانەی گەرموگوڕی بەرن لەمەڕ مەسەلە گرینگەکانی شیعر، هەروەها توانیویان کۆدەنگییەک دروست بکەن، لەڕووی چوون بەرەو هەرێمە شاراوەکانی شیعر و هەموو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکانیتریش بە تەموژمی تازەگەرییوە پەیوەست بکەن. ئەمانەو چەندین تایبەیمەندی تریش. دواتر دێتە سەر باسی قۆناغی دوای کۆتاییهاتنی هەشتاکان، کە قۆناغی سێیەمە و دەڵێ: (( هەر لەدوای کۆتایی هاتنی هەشاتاکانەوە و تۆخبوونی قۆناغی ڕزگاری نەتەوەیی، وەک چۆن لە سەرتای ساڵانی حەفتاوە کە

قۆناغی وچانی سیاسی و وەستانی کاتیی تفەنگ بوو، شیعری کوردی کەوتە سەر ئاوازی حەماسەت و درووود و لالانەوە و پیاهەلگوتن، دووبارە شیعری کوردی تازە کەوتە سەر ئاوازی مۆد و پۆرترێت ڕابردوو و لاسایی و گەمەی سەقەتی زمان و ڕەتابەتەوە، زۆربەی شاعیرەکان خۆیان گۆشەگیر کردو نەوەی تازە دەستی بە نمایشی گەنجانەی خۆی کرد، بێ ئەوەی زەحەمەتییەک بدەنە بەر خۆو هەوڵێک بدەن بۆ بەهێزکردنی ئەزموونی تازەی خۆیان، لەمەشدا تێکڕای میدیاکان و ڕۆژنامەکان ڕۆڵێکی نێگەتیڤیان بینی لە کوژاندنەوەی سەرهەڵدانی شیعرێکی بەهێزی هیومانیزمی، کە هاوشان بێ لەگەڵ تەواوی پەرەسەندنەکانی ئەو قۆناغە، بۆیە هەمدیس ئەدەبییاتیی کوردی بە گشتی بەر لەوەی گەورەبێ پیربوو، بەم جۆرە لە نێو ئەم قۆناغە شیعرییەدا دەنگی جیاجیاو دوور لە یەکگەیشتن سەری هەڵدا.))(دەشتی، ٢٠١٩ ،١٧٥، ١٧٦) لێرەدا شاعیر، نووسەرانی ئەم قۆناغە بەسەر سێ نەوەدا دابەش دەکات، نەوەی یەکەمیان ئەوانە بوون، کە لەسەرەتای زەحمەتی و خۆ ڕۆشنبیرکردن و سەرەتای بەشداریکردنێکی ئەکتیڤ بوون لە قۆناغی چەکداریدا، نەوەی دووەمیشیان، ئەوانەبوون، کە بەرهەمی شکست و تێکشکانی شۆرش نائومێدی نەتەوەبوون لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دڕندەترین دیکتاتۆری سەردەم. نەوەی سێیەمیش بەرهەمی نەوەی یەکەم و دووەم بوون، لەگەڵ ئەوەی گەورەترین کتێبخانەو بڵاوکراوەو میدیایان لەبەر دەستدا بوو بەڵام نەوەیەکی کەم ئەزموون بوون. بۆیە دەڵێ (( هەرسێ ئەم نەوەیە لە ناو ڕەوتێکی خاوی دوور لە گەرموگوڕی سالانی پێشوو لە جوڵەدان، بێ ئەوەی گۆڕانێکی گەورەی ئەوتۆ لە بوارەکانی تۆمارکردنی شاکارو داهێنانی بەپێز لە ئارادابێ. جگە لە هەوڵی چەندانێک نەبێ، کە ئەوانیش لەناو هەراو زنای ئەم ڕەوتە سڕبووەدا، خەریکە دەخنکێن یا ئەوەتا بە ناچار پەناگیر دەبن.))( دەشتی، ٢٠١٩، ١٧٦)

لەبەشێکیتری ئەم بەیاننامەیدا، شاعیر کۆمەڵێک پرسیار دەخاتە ڕوو. کە پێویستە شیعر کاریان لەسەر بکات و وەلامیان بداتەوە، بەبڕوای ئەو شیعری کوردی لە چوار دەیەی ڕابردوودا نەیتوانیوە کار لەسەر ئەم پرسیارانە بکات و وەلامیان بداتەوە، ئەمەش هۆکارێک بووە؛ بۆ ئەوەی تا ئێستاش کلتورێکی ڕەخنەیی وامان نەبێت، کە ببێتە پێشینەیەک تا لە ئایندەدا کاریان لەسەر بکرێت. پرسیارەکانیش ئەمانەن:

– ئایا لەنێو کۆمەڵگاییەکی دواکەوتودا داهێنەری گەورە درووست دەبێت؟ تا ئێمە باس لە تازەبوونەوە تازەگەرایی بکەین؟

– ئایا ئێمە دەتوانین باس لە پرۆژەی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم و مۆدێرنێتە بکەین، لە سەر زەمینێک کە تا تەوقی سەری نوقمی حەکایەتە گەورەکانی پیرۆزیی و قودسییەت بووە؟

– ئایا هاتنە کایەوەی شاکاری گەورە گەورە بەندە بە پەرەسەندنی باری سۆسیۆلۆژی و ئابووری و سیاسی و سەرهەڵدانی دەولەتی نەتەوەیی و هەبوونی کلتوریکی لە پێشینەی لێوانلێو لە داهێنان و شاکار، یاخود داهێنان بەندە بە هەوڵی تاکە کەسی و بەس یا هەبوونی کولتورو هەوڵی تاکەکەسی بەیەکەوە بەندن؟

– ئایا پێشکەوتن و سەرهەڵگەڕانی بزاوتی شیعری پەیوەستە بە فڕێدانی هەمیشەیی پرسیار، یا بەشێوەییێکی دیکە ئایا شیعری کوردی بەدرێژایی سالانی هەفتاکانەوە بەرهەمهێنەری پرسیاربووە؟))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٧٧)

دواتر شاعیر لە بەشێکیتری ئەم بەیاننامەیەدا، دیدو تێروانینی خۆی بۆشیعر دەخاتەڕوو، بە بڕوای ئەو؛ شیعر کاتێک دەتوانێ بێتە شاکار، کە شاعیر لەگەڵ جیاهاندا جیاوازبێت و هەوڵی ئەوە بدات کە شیعر بەناو (شەبەنگی هەزار ڕەنگی دژەڕێسای جیهان) دا ببات، بۆ ئەوەی لەوێوە بتوانێت قسە لەگەڵ نهێنییەکانی خۆیدا بکات. چونکە بەبڕوای ئەو (( لە بنەڕەتدا شیعر هەڵگری دیدگایەییکی پێچەوانەو جیاوازخوازییە لەگەڵ جیهاندا، واتە هاوکێشەکانی خۆی لەسەر پیلەکردن لەگەڵ جیهان و ژیان دادەڕێژێ، هەرکاتێ شیعر لەگەڵ بویەرو جیهاندا کۆک و تەبا بێت، ئەوا مەرگی جیهانبینی شاعیر ئاشکرا دەبێ، بۆیە شیعر هەمیشە لە ململانێ و کێشەو پرسە لەگەڵ دەوروبەر، هەمیشە هەوڵ دەدات خوێنەر بەو عاقارانەدا پەلکێش بکات، کە تژی گومان و نیگەرانییە، لە ڕاستی دا شیعر جگە لە خوڵقێنەری گومان هیچی دیکە نییە، گومانێک کە بەرهەمهێنەری سەرسامی و پرسیاربێ، لە خودی مرۆڤ و گەردون وشاراوەکان و وە دۆزی هەمان ئەو گێنگلانە بێ، کە بە درێژایی بوون ڕۆحی مرۆڤیان هەراسان کردووە.))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٧٨)

بە بڕوای شاعیر، لە قۆناغەکانی پێشتردا، شیعری کوردی نەیتوانیوە هەڵگری ئەم دیدگا پێجەوانە و جوداخوازییە بێت و لەگەڵ بویەرو جیهاندا کۆک و تەبا بووە، بەو واتایەی نەیتوانیوە خوڵقینەری گومان بێت و خوێنەر بەرەو ئەو عاقارانە بەرێت کە تژی گومان و نیگەرانییەکانن. بۆیە نەیتوانیوە کاریگەرێتییەکی گشتگیر بنیات بنێت. لەم بارەیەوە شاعیر دەڵێ: (( ئەگەرچی لەم چەند ساڵەی دواییدا– ١٩٩٠– ٢٠١٠– دەنگی جیاجیای شیعری کوردی سەری هەڵداوە، هەر یەک لە ئاوی میتۆدێکی جیاجیای شیعری دەخۆنەوە، بەڵام سەرەرای ئەم جیاوازییە دیسان بەبێ خوڵقاندنی کاریگەرێتی گشتگیر هاتووە، زیاتر گەمە کردنە لە فۆڕمی جیاجیای زماندا، کە پێویستیان بە شارەزاییەکی زۆری ناو زمان و فیکر و مەعریفەو ئێستەتیکاوە هەیە، کە کمتر بەر چاو دەکەوێ، ئەمشیان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تێرامان و دامان، لەو ناوەرۆکەی کە دەیانەوێ بیکەنە تێزی شیعری خۆیان، لەگەڵ ئەوەش لەم بیست ساڵەی دواییدا، ئەوانەی کە هەوڵیان داوە شیعری باش و خودان کاریگەرێتی گشتگیر بڵاو بکەنەوە، بە پشت بەستن بە زمانێکی پتەو و خویندنەوەیی فیکرو

مەعریفەییێکی زۆرەوە، توانیویانە هەڵگری قەدەرێک لەو پێداویستیانەی شیعر بن و لە ناو ڕەوتی شیعر بە دیار بکەون.))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٧٨، ١٧٩)

بەلای شاعیرەوە، شیعر هەڵگری پیرۆزییەکە، کە لە پیرۆزی خوداوەند دەچێت، بەبێ شیعر ژیان لە ناو کپی و وەستانێکی ئەبەدیدا دەبێت. شیعر ئەو ژانرەیە، کە توانای زیندوکردنەوەی دەمارەکانی ڕۆح و دڵ و هزری هەیە، بۆ یە دەبێ ئەم پیرۆزییەی شیعر بپارێزرێت، ئەوانەی کە درک بەم پیرۆزییە دەکەن، نووسینی شیعر لایان ئەستەم و دژوار دەبێت، بۆیە بە ئەزموونێکی تێرو تەواوەوە توخنی شیعر ناکەون. بۆیە دەڵێ: (( شیعر پێویستی بە فیکر و مەعریفەی ڕەها هەیە، بەڵام شیعر فیکرو مەعریفا نانووسێتەوە، بەڵکو وردوخاشیان دەکات دەیانکات بە سووتووی تێڕامان و گوزارشت کردن لە هەراسانی ڕۆح و جاویدانی.))(دەشتی، ٢٠١٩، ١٨٠، ١٨١)

دەشتی باوەڕی وایە ، بۆئەوەی شیعر بەرەو داهێنان بڕوات، پێویستی بە گۆڕانی بەردەوامە، گۆڕانێکی بەرەو لوتکە. بۆیە شاعیر دەبێ بەردەوامبێ لەگۆڕینی ستایل و ماناو فۆڕم و وشەو ڕامان و داڕشتنەوە، ئەمەش پەیوەندی بە زمەنەوە نییە، چونک شیعر لەڕێگەی داهێنانەوە خۆی خولقینەری زمانی خۆی دەبێت، بۆیە شاعیری وەستاو تەنیا خاوەنی ئەو ساتەیە کە تێیدا دەژی، بۆیە لە کۆتابەشی ئەم بەیاننامەیەدا دەڵێ: (( کاری شیعر تێپەڕاندنی ستایلە تەپیوەکانە، ئەو ستایلانەی بە درێژایی چەندین دەیەساڵە بوونەتە مۆتەکەی سەر سینەی شیعری کوردی. نە هیزی ئەوەیان هەیە وەهمێک دروست بکەن لە حەقیقەت بەهێزتر بێت، نە وەهمی ئەویان هەیە هێزێک دروست بکەن بۆ شیعر توانای دینامیکیەتی هەبێ، ئەوانە ئەو ستایلانەن کە وەستاون، چونکە نە لە ڕووی زمان هێزی دامەزراندنیان هەیە، نە لەڕووی ئەندێشەو تێڕامان و ئەبستیم.))(دەشتی: ٢٠١٩، ١٨٢)

ئەوەی تائێرە خستمانە ڕوو، دیدو تێڕوانینی ( کەریم دەشتی )بوو، سەبارەت بە نووسین و بەرهەمی ئەدەبی کوردی بوو بە تایبەتی شیعر. کە لەو دووبەیاننامەیەدا؛ بەیانی کردووە. ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە، کە لە ڕووی ڕەخنەییەوە تێڕوانین و بۆچوونی نووسەران، لەبارەی بەیاننامانەکان و ئەزمونی شیعری ئەم شاعیرەوە بخەینەڕوو.

سەبارەت بەکاریگەری هەردوو بەیاننامەکە، ئازاد حەمە شەریف دەڵێ: (( ساڵی ٢٠٠٧ ( کەریم دەشتی) شاعیر لە کتێبی (بەرەو منداڵی بە جلی پایزەوە) دوو بەیاننامەی شیعری بڵاوکردوە بەناونیشانی( بەیانی یەکەمی ئەزموونی شیعریم–سرووتەکانی نووسین) و بەیانی دووەمی ئەزموونی شیعریم). هەردوو بەیاننامەکە بە زمانێکی شیعری جوان نووسراون، بەڵام هێندە خودییانە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکان کراوە کە وای لەو ڕوانگە جوانە کردووە ناوی بەیانی شیعری بە گران لەسەر بووەستێت و پتر وەکو بەیانی ناخی شاعیر تەماشا بکرێت.))(حەمەشەریف، ٢٠٠٨، ٤١)

هەروەها لەڕووی شێوازی تایبەتی (کەریم دەشتی)یەوە، چەند نووسەرێک، بەم شێوەیە بۆ چوونی خۆیان خستووەتەروو، بۆ نمونە (ئارام سدیق ) دەڵێ: (( لێرەوە دەمەوێت لەسەر شیعری ( کەریم دەشتی) قسەبکەم، کە یەکێکە لە شاعیرە نوێخوازەکان، شاعیرێک دەیەوێت ڕێگای خۆی لەنێو شیعری کوردییدا بدۆزێتەوەو لەڕێی گەمەی زمانی و تەکنیکییەکانەوە دونیایەکی تایبەت بۆشیعر چێ بکات. ئەزموونی شیعری کەریم دەشتی لەو ئەزمونانەیە، کە هەمیشە بۆمن جێی سەرنج بووە، چونکە دەشتی لەو شاعیرانەیە زیاتر لە سی ساڵە بە وزەیەکی شیعری بەردەوامەوە دەنوسێت و بەبێ ئەوەی ئەم وزەیە دوایی هاتبێت. بێگومان لەم وزەیەدا بەرزونزمی دەبینین، بەڵام لە خاڵێکدا نەگەیشتۆتە کۆتایی و ئەمەش خاڵێکی گرنگ و سەرکەوتووی ئەم شاعیرەیە هەر بۆیە شیعری دەشتی لەگەڵ نوێبوونەوەکاندا ڕێی کردووەو تایبەتمەندی دونیاکەی خۆیشی پاراستووە. ))(سدیق، ٢٠١٧، ١٠٤)

هەر لەبارەی شێوازو ستایلی جیاوازی کەریم دەشتییەوە، لە هەڤپەیڤینێکدا کە شاخەوان سدیق لەگەڵیدا سازی کردووە ڕێبوار سیوەیلی دەڵێ ((من لە هەر شوێنێ شیعری کەریم دەشتی ببینم شێوازەکەی دەناسمەوە))(سدیق، ٢٠٢٠، ١٥٢)

هەروەها( سەباح شێخانی ) لە وتارێکیدا بەناونیشانی ( ڕۆژەکانمی کەریم دەشتی) لەسایتی ( وتاری کورد) بڵاوی کردۆتەوە دەڵێ: ((دەشتی لە زماندا پەنا ناباتە بەر ئاڵۆزکردنی دەق و زمان، بەوپەڕی سادەییەوە بە زمانێکی ڕەوان و بێگرێ مەبەستی خۆی دەپێکێ، شیعر لە ئەمڕۆکەدا زیاتر چوونە بۆ ئەو شوێنانەی هەموو کەسێ پەییان پێ نابات، زەمانی ئەوە بەسەرچوو لە ناو ئایدیای شیعردا یاری بە تاک بابەتی بکەیت، بەڵکو زەمانی ئەوە هاتووە بابەتی جوانتر دروست بکەیت. دەشتی لە نێو فەزای ئێستای ژیاندا بیر لە زیندەگی جاران دەکاتەوە، ژیان لای دەشتی گەڕانەوەیە بۆ نۆستالۆژیا.))(شێخانی، ٢٠١٥، لینک)

هەر لەبارەی زمانی نووسین لای کەریم دەشتی (ئارام سدیق)دەڵێ: ((زمان لای دەشتی نە هێندە چڕ کراوەتەوە، کە چێژی بۆ خوێنەر نەهێشتبێتەوە. نە هێندەش سادە کراوەتەوە، کە شیعرییەتی تێدا ون بووبێت. توانای ئەو لە کارکردن بە زمان لە خزمەتی زماندایە هەر ئەمەش سەرچاوەی نەبڕانەوەی وزەی شیعری ئەم شاعیرەیە.))( سدیق، ٢٠١٧، ١٠٤)

٤– بەیاننامەی ئەحمەدی مەلا

یەکێکیتر لە شاعیرە نویخوازەکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ( ئەحمەدی مەلا)یە،یەکێکە لە شاعیرانی تاراوگە نشین، کە لەساڵی ١٩٨١)ەوە کوردستانی جێهێشتووە، ئەم شاعیرە سەرتای کاری ئەدەبی بەشیعر دەستپێکردووە، لەپاڵ شیعرو لێکۆلینەی ئەدەبیش، ڕۆماننووس و وەرگێرە، لە ئێستاشدا مامۆستای مێژووی زمان و ئەدەبی فەرەنسییە لەزانکۆی ٠ کاستییا لامانچا) لە ئیسپانیا. یەکێکەلە دەستەی دامەزرێنەرانی گرووپی و٠ێران)، کە کاریگەرییەکی ڕاسەتەوخۆی سوریالیزمی لەسەربووە.

ئەحمەدی مەلا، بەیاننامەیەکی ئەدەبی بە ناونیشانی ( پەخشە شیعر: مایفێستێکیتر) لە ساڵی (٢٠١٥) بڵاوکردەوە. ناونیشانی بەیاننامەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ژانرە ئەدەبییەی کە( شارل پییر بوودلیر)شاعیرو رەخنەگری فەڕنسی لەسەدەی نۆزدەدا دایهێنا. هەروەک لە بەشێکی بەیاننامەکیدا دەڵێ : (( ئەم نە نەناسراوەیە کە من ناوی دەنێم "پەخشە شیعر" : لە ڕاستیدا لە دووبەش پێکهاتووە، " پەخش " ی پەخشان و " یعر " ی شیعر. نەشیعرە بەمانای ڕووت و نە پەخشانە شیعریشە، مەبەست ئەو ژانرەیە کە شارل بودلێر لە سەدی نۆزدەهەم دایدەهێنێ وەکو ئاداتێک، شیوازێک بۆ ئەوەی شار و سەرهەڵدانی مۆدیرنێتی پی بنووسێتەوە))(مەلا، ٢٠٢١، ٦٠)

لەدەستپێکی ئەم بەیاننامەیەدا، ئەحەمەدی مەلا باس لەوە دەکات، کە شیعر لەناوماندا نەماوە وپەیوەندی لەگەڵ خوێنەر بەتەواوەتی کاڵبۆتەوە. ئەم دوورکەوتنەوەیەش بەجۆرێکە،پێویستە بە جیاوازتر لەجاران بەرەوپیری شیعر بچین تا بێتەوە ناومان. هەروەها باس لەڕەوتی شیعری دەکات لە(روانگە)وە تا ڕاپەڕین ، بەبروای ئەو ، ئەم قۆناغە زیاتر لە توانای خۆی بە ئەدەبی کوردی بەخشیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەندێ ڕووەوە هەر وابەسەتەی زادەو بیری سەدەی نۆزدەهەم بوو، بۆنموونە لەرووی وێنەی شیعرییەوە نەیتوانیوە خۆی لە وێنە زەینییەکان دەرباز بکات وخۆی بە عەشقی یاری نەبینراوەو هەڵدەواسی.((شیعر دەبێ بێتەوە ناومان. یان دەبێ بەشێوەیەکی دیکە بەرەوپیری شیعر بچین. لە " روانگە "وە بۆ ڕاپەڕینی ٩١، بۆ چاند دەیەیەک، شیعر لەتوانای خۆی زیاتری بەخشی؛ بوو بەو ئاوێنەیەی کە نسکۆو خەم و خەباتی کوردی تیا رەنگی دایەوە. شانبەشانی ئەمەش، دەقی شیعری هێشتا، لە هەندێ ڕووەوە، بەستەی وێنەی زەینی بوو، خۆی بە عەشقی یارێکی نەبینراوەوە، زاد و کەلەپووری سەدەی نۆزدەهەم، هەڵدەواسی.))(مەلا، ٢٠٢١، ٦٠)

هەروەها باس لە ڕەوتی شیعری دوای ڕاپەڕین دەکات، بەجۆرێک کە دەقی شیعری قۆناغە گووتاری " من " تیایدا بە بەهێزی و باڵادەستی دەردەکەوێت. لەکاتێکدا راپەڕین ڕاچڵەکینێک بوو، نووسینی کوردی بەگشتی و دەقی ئەدەبی بەتایبەتی خستە بەردەم تاقیکردنوەیەکی نوێوە، بەتایەبەتی کە زمان تیایدا چالاکەو بەدوای سارێژکردنی جەستەی ئەدەبێکەوەیە. کە هێشتا برینە قوولەکانی مێژووی پێوەیە و بارستە کۆمەڵایەتییەکان کە پاشماوەی چاخەکانی ناوەندن هیشتا بەهێزوە خۆیان

له کۆمەڵگای کوردیدا یخ داوە، ئایدۆلۆژییەکان بەرەو پوکانەوە دەچن چەمکی ئاینیش لە دەقی ئەدەبی دەمێکە خۆری ئاوابووە. بۆیەم زمانە بەو بزێو ی چالاکییەیەوە بەدوای برکردنەوەی ئەو بۆ شاییانەوەیە، ئەو بۆشاییەش کە هاتۆتە ئاراوە بە " من " یکی تینوو پڕنابێتەوە. هەروەک لەم بەشەی بەیاننامەکەد ئاماژەی پێدەکات و دەڵێ: (( " من" زۆر بەهیزو پێزەوە ، بە وزەیەکی لە ڕادەبەدەر لە دەقی شیعری لە دوای ڕاپەڕینەوە دەردەکەوێت، بێ ماسک، بەڵام گووتاری " من " لە دقی شیعری خۆی دووپات دەکاتەوە، چونکە ئەو پانتاییەی کە کۆمەڵگە لەسەری خۆی ڕێکدەخات و لەسەری دەجووڵێ؛ دووفاقیی درووست دەبێت دەقی رەها بەرامبەر بە کۆمەڵگەی تەقلیدیی. دووفاقییەک دە ق دەگەیەنێتە شوێنێکی نەخوازراو. شیعری کوردی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتاکانای سەدەی بیستەم بە تەواوی و بەتێروتەسەلییەوە بابەتەکانی عیشق و غەزەلیاتی گەیاندییە چلوپۆپەی خۆی. بۆیە، بیر لەدەقێک دەکرێتەوە کە پاکبووبێتەوە لە ئایدۆلۆژیایەک کە خەباتە جیاوازەکانی چین و نەتەوە بکاتە گۆرەپانی مشتومڕە شیعرییەکان، پاکبووبێتەوە لە " من " یکی ڕۆمانسی کە زۆرجار هاوەڵ و هاوڕێی " منێکی" شۆڕشگێڕە و کە پێکڕا ئاڵا هەرە شەکاوەکانیان بە دەستەوە بووە؛ کەچی دوای چەندین دەیە دەمانگەیەنێتە بنبەستێک کە هەموو لە نێوان دوو ڕیانێک بەجێدەهێڵێت: یا ئەوەتا خۆمان دووپات دەکەینەوە یا ئەوەتا، وەکو هەموو ئەزموونێکی ئەدەبی بەرەو نەناسراو هەنگاو دەنێێن...))(مەلا، ٢٠٢١ ،٦٠)

هەروەها باس لە ئەزموونی شیعری خۆی دەکات، لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بیرۆکەی (پەخشەشیعر) دەگێڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی کە کۆمەڵە شیعری ( زەردک)ی لەساڵی ( ١٩٨٨)دا بە پەخشان نووسیوەو تیایدا لادانی لەو زمانە باوەدا کردووە، کەشیعری پێنووسراوە. هەروەک لەم بەشەی بەیاننامەکەیدا ئاماژەی بۆدەکات و دەڵێ: (( ئەو پەخشانە شیعرەی کە " زەردک " م پێنووسیوەتەوە. لادانێک بوو لەزمانی شیعری باوی ئەودەمەو ئاوازێکبوو کە لە کەلوپوورو دەقی نوێیدا توێشووەکانی دەقۆستەوە؛ سان جۆن پرێس، بۆدلێر، ڕامبۆ و دەقی فۆلکلۆری و دەقی ئاینیی و کەلەپووری شیعری کلاسیکی کوردی و ئەزموونێک تاڵی وجودی.))(مەلا، ٢٠٢١، ٦١)، بۆیە لە ڕێگەی ئەم بەیاننامەیەوە بانگەوازی ئەوە دەکات، کە " من " لە دەقی شیعری دوای ڕاپەرینەوە بەبێ ماسک و بە وزەیەکی زۆرەوە خۆی دووبارە دەکاتەوە، ئەوەتا لەدوای چەندین دەیە دەمانگەیەنێت بنبەستێک کە " هەموو " لە نێوان دووڕیانێکدا بەجێ دەهێڵێت. ئەم دووڕیانەش ئەوەیە: کە یان ئەوەت خۆمان دووپات دەکەینەوە، یان ئەوەتا بەرەو نەناسراو هەنگاو دەنێین. ئەوەی کە لەم دووڕیانە دەربازمان دەکات و بەرەو نەناسراوییەکمان دەبات تا خۆمانی تیادا بدۆزینەوەو بەردەوامبین لە گەڕان و پشکنین، (پەخشە شیعرە).چونکە(( " پەخشەشیعر " هەوڵدەدات، بەهێز، چالاکانە، ، هەموو هەوڵێک بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بوونی " من " لەدەقی شیعری کەم بکاتەوە تا ئاستی سڕینەوەی یەکجارەکی، جا ئە((من))ە منێکی لیریکی بووبێت، یا (( من))ێکی خوازراو.))( مەلا، ٢٠٢١، ٦١)

ئەحمەدی مەلا: یەکێکە لەو نووسەرانەی، کە ساڵانێکی زۆرە لە ئەورووپا دەژی و خاوەن بڕوانامەی  ماستەرە لە زانستەکانی زمان و دکتۆرایە لە ئەدەبی بەراوردکاریدا، ئەم بڕوانامانەشی لە زانکۆی (فرانش کۆنتی) لە فەرەنسا بەدەست هێناوە. لە هەمان کاتیشدا شارەزاییەکی باشی لە ئەدەبیاتی ئەورووپی و بەتایبەتی فەرەنسی دا هەیە، کاریگەرییەکی باشی نووسەرە نویخوازکانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەورووپای لەسەرە. هەر ئەمەش وایکردووە کە زمانی نووسینی زمانێکی قورس تاڕاددەیەک ئاڵۆزی هەبێت . هەروەک لەدەقی بەیاننامەکەشدا " زمان" بە یەکێک  لەو ئاستانە دادەنێت، کە دەکرێت ئەدەب خۆی تیادا ڕێکبخاتەوە. (( ئەم جۆرە دەقە ئەدەبییە لە چەند ئاستێک دەیەوێ خۆی ڕێکبخات وەکو:

– نەهێشتنی ((من)) لەدەقی شیعریدا؛

– کارکردن لەسەر زمان  لە هەموو ئاستەکاندا، دەنگ و شێوە؛

– نەهێشتنی هەموو جۆرە کێش و سەروایەکی لەدووگەڕاو؛

– نانەوەی تەڵەی زمانەوانیی و لە پێناو حەپەساندن و ڕاچڵەکاندن؛

– تێبینیکردنی واقیع بە شێوەیەکی سارد و سڕ و ئیشکردن لەو ئاستە ئەویش: بە بەکارهێنانی وشەگەلێک کە لەکۆزەینی خوێنەر بە ناشیعری ناسراون؛ کارکردن لەسەر زمان وەکو بەردەوامییەکی مێژوویی و زیندووکردنەوەی وشەگەلی فەرامۆشکراو و ئەرکی نوێیان پێ بسپێردرێ؛ پەنابردن بۆ کایە جیاوازەکان وەکو زانست و ئەزموون و تاقیکردنەوە هەنووکەییەکان و گواستنەوەیان بۆ ئاستێکی ئەدەبی..

– پشتکردن لە هەموو وێنەیەکی باو و سواو کە لەلای هزری خوێنەر وەکو کلێشەیەکی ئەدەبی بێ ڕۆح و بێ گیانی دووبارە دەبێتەوە.

– بوێری لەپێشنیارو

دۆزینەوەی ئەو پانتاییانەی کە تاکو ئێستا نەناسراون؛

– جلەوکردنی خەیاڵ لە پێناو ئافراندنێکی نوێدا؛

– لە پێناو بەرهەمهێنانی هۆشیارییەکی شیعریی نوێدا.))(مەلا، ٢٠٢١، ٦)

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەکرێت بڵێین، هەر چوار شاعیر (ئەنوەر مەسیفی، سەباح ڕەنجدەر، کەریم دەشتی، ئەحمەدی مەلا) لەو شاعیرانەن، کە لەسەر ئاستی تاکەکەسی خاوەن بەیاننامەن ، بەیاننامەکانیشیان تاڕاددەیەک توانیویانە  لەڕووی ڕەخنەییەوە، کاریگەرییان لەسەر  ئەدەبی کوردی هەبێت و وتارو بیروبۆچوونی ڕەخنەیی ئەرێنی و نەرێنی لەبارەیانەوە خراوەتەڕوو.

لە بەشی یەکەمدا چەند مەرجێکمان دیاریکرد ،کە بەشێوەیەکی گشتی پێویستە لە بایاننامەدا هەبێت، بۆیە لێرەدا پەیوەست بەو مەرجانەوە بۆچوونی خۆمان لە بارەی ئەم بەیاننامانەوە دەخەینەڕوو.

یەکێک لەو مەرجانە ئەوەیە، کە( بەیاننامە) دەبێ دەقێک بێ، لەڕووی ئەدەبییەوە دیاربێت، واتە ڕوون و ئاشکرابێ و هیچ دژوار نووسینێکی تیدا نەبێت، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەینە هەریەک لەو بەیاننامە تاکەکەسییانە. دەبینین لە گەڵ ئەم مەرجەدا یەک ناگرنەوە. بۆیە لەم بارەیەوە د. ئیدریس عەبدوڵڵا دەڵێ: (( سەباح نووسیویەتی: بەهای شیعری لە ناو زمان دایە، نەک لە ماناو مەبەست، بەڵام چێژ لە ئاستداری زمان و مانا و مەبەستدا دروست دەبێت. دیارە زمان ئەگەر ڕوون نەبێ، دەبتە زمانێکی تەمومژاوی ناڕوون و ئەگەریش وەهابوو، ئەوا واتاییک ناگەیەنێ، هێز ببەخشێت بەژیان، دەبتە شیعر بۆ شیعر و وەکو دادابیەکان دەڵین: ئیتر هیچ شتێک مانای نابێت، ئەوەش مۆدێرنەیە))( عەبدوڵڵا، ٢٠١٩، ١٢٥). بۆیە ئەگەر ئەم جۆرە نووسینە بۆ شیعر گونجاو نەبیت، ئەی بۆ بە بەیاننامە چۆن گونجاوە، لەکاتیک دا بەیاننامە دەبێت ڕوون بێت و هێما شاراوەکان بە دیار بخات!. ب ئەگەر سەرنج بدەینە بەیاننامەکانی( ئەنوەر مەسیفی، سەباح ڕەنجدەر، کەریم دەشتی، ئەحمەدی مەلا) بدەین دەبینین، تاڕادەیەک دژوارنووسی تێدایە، کە تیگەیشتن لەوبەیاننامانە بۆ خوێنەر کاریکی ئاسان نییە. چونکە نووسینێکە بە فۆڕمی گران نووسراوە.

پەویەست بە مەرجی دووەمیشەوە، کە دەبێت بەیاننامە دەرئەنجامی ئەندێشەی تاک یان کۆمەڵیک نووسەربێت، لە باسکردنی شێواز وبنچینەی ئایدیای نوێ کە لە کۆمەڵگادا بڵاو بۆتەوە. بەڵام دیسانەوە ئەم بەیاننامانە لەگەڵ ئەم مەرجەشدا یەک ناگرنەوە، هەروەک د. ئیدریس عەبدوڵا دەڵی: ((ئەوەی لە ناو ئەو بەیاننامانەدا هاتووە، زۆربەی تیۆری ئەدەبی نییەو هەندێکی هەر یاداشت نامەیە، مێژوو و بیرەوەرییە، شتی دیکەیە، کە ئەوانە هەموویان زیادەن و هیچ پەیوەندییەکیان نییە بە تیۆری ئەدەبی و نەدەبوو بخرێنە ناو بەیاننامەو بە مانیفیستی ئەدەبی ناوزەد بکرێن.)).

هەروەها بەیاننامەکان، بەشێوازێکی دوورو درێژ نووسراون، کە ئەمەش دیسان لە نووسینی بەیاننامەدا گونجاو نییە. بەتایبەتی ئەو نووسەرانەیان، کە زیاتر لە بەیاننامەیەکیان هەیە. جۆرێک لە دووبارە بوونەوە لە بەیاننامەکاندا دەردەکەوێت و زیاتر باسکردنە لە ڕابردوو و بیرەوەری خۆیان.

جگە لە ئەمانیش چەند نووسەرو شاعیری تر هەن کە لەسەر ئاستی تاکەکەسی خاوەن بەیاننامەن بەڵام، تا ئێستا کارەیگەرییەکی ئەوتۆیان لەبواری ڕەخنەییدا نەبووە و کاریان لەسەر نەکراوە، بەو پێیەی کە ئێمە بەدوداچوونمان بۆ کردوون، لەهیچ سەرچاوەیەکەوە بە ئەرێنی بێت یاخود بە نەرێنی قسەیان لەسەر نەکراوەو بابەتی ڕەخنەییان لەبارەوە بڵاو نەکراوەتەوە. لەوانە:

١- عەباس عبدوڵڵا یوسف لەساڵی (١٩٩٢) لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادیدا، بەیاننامەیەکی بەناونیشانی ( (سێ قوتابخانەی شیعری) بڵاوکردەوە

٢- فەرید زامدار لە ساڵی (١٩٩٦) بەیاننامەی (چەپی شیعر) بڵاوکردەوە، لە ساڵی(٢٠١١)دا لە ژمارە. (٥٦)ی گۆڤاری نووسەری نویٚ بەیاننامەی (هەرای پشیلە شیتەکانی شیعر)ی  بڵاو کردەوە

٣- عەبدوڵڵا سلێمان لە ساڵی (٢٠١٧) بەیاننامەی ( ئەدەبی کرێکاری ) بڵاوکردەوە

٤- نواڵە حەسەن لە ساڵی (٢٠١٨) لە دەستپێکی کتێبی (ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر) بەیاننامەی شیعری ( هەموو دەرگاکانم بە ڕوو داخەن من لەنێو خەون و هاواری شیعر دێمە ناو ژیانەوە) بڵاو کردەوە

ئەنجامی توێژینەوەکە :

لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان بەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو.

١- دەرکردنی بەیاننامە، ئەگەرچی مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە، بەڵام لەمێژووی ئەدەبی گەلاندا لەجیهان و ناوچەکەشدا گرنگی و بایەخی خۆی هەبووە، ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە بەرەوپێشبرنی بواری ڕەخنەییدا. هەردوو بەیاننامەی نوێخوازی( دادیزم و سوریالیزم) نموونەی ئەو بەیاننامانەن، کە نەک تەنها لەناو ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیان، بەڵکو کاریگەییان لەسەر ئەدەبیاتی جیهانیش هەبووە. لە ئاستی ناوچەییشدا، بەیاننامەی (شیعر٦٩)ی عێراق، ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا لەنوێکردنەوە و بەرەوپێشبردنی بواری ئەدەبی و شیعر بە تایبەتی. کاریگەری ئەم بەیاننامەیە ئەدەبی کوردیشی گرتەوە. لە ئەدەبی فارسیشدا بەیاننامەی (شیعر حجم) لەکۆتایی شەستەکان وسەرەتای حەفتاکاندا توانی هەنگاوێکی گەورە بنێ لە نوێکردنەوەی شیعری فارسیدا. ئەدەبیی کوردیش وەکو هەموو میللەتاینتر بێبەش نەبووە لە دەرکردنی بەیاننامە، بەتایبەت لە باشووری کوردستان، زۆربوون ئەو بەیاننامە (دەستە جەمعی و تاکەکەسی)یانەی توانیان جێگەی خۆیان لە فەزای ئەدەبی کوردیدا بکەنەوە. بە تایبەت بەیاننامەی( ڕوانگە) و ( کەرکوک-کفری).

٢- بەگشتی بەیاننامە دەرەکییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەبووە، بەتایبەتی بەیاننامە نوێخوازییە جیهانییەکانی وەک ( دادایزم سوریالیزم)، لە ئاستی ناوچەییشدا، بەیاننامەی (شیعر٦٩)ی عێراقی، یەکێک بوو لەو بەیاننامانەی کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی کوردی هەبوو.

٣- کاریگەری بەیاننامەی ( سوریالیزم) لە سەرەتاوە بەشێوەی ناراستەوخۆ و لەڕێگەی ئەدەبیاتی عەرەبی، بەتایبەت شاعیران و نووسەرانی گرووپی (شعر٦٩) ی عێراقی و بەیاننامەکەیانەوە بوو، کە لە سەرەتای شەستەکان و کۆتایی حەفتاکان؛ کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەردوو گرووپی (ڕوانگە و کەرکوک-کفری)هەبوو. دواتر لەقۆناغی هەشتاکاندا کاریگەری سوریالیزم زیاتر دەرکەوت، بەتایبەت لای شاعیران و نوسەرانی گرووپی( پێشڕەو). لەقۆناغی دوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) سوریالیزم بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گاریگەری لەسەر ئەدەبیاتی کوردی دانا، بەتایبەت شاعیران و نووسەرانی گرووپی (وێران، برادەرانی زناک، بزاڤی تەغریبی)، بنەماکانی ئەم ڕێبازە بەتەواوی لە بەرهەمی نووسەرانی سەر بەم گرووپانەدا ڕەنگی دایەوە.

٤- بەیاننامەی (شعر٦٩)ی عێراقی، کە لەژێر کاریگەری بەیاننامەی (سوریالیزم) دابوو کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەردوو گرووپی ( ڕوانگە) و (کەرکوک-کفری) هەبوو، بەڵام ئەم کاریگەرییە نەبووە هۆی لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەو کتومتی (شعر٦٩)

٥- سەبارەت بەکاریگەری، بەیاننامەی( شعر حجم) فارسی، لەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ئەگەرچی لەڕووی کات و شوێنی سەرهەڵدانییەوە ، نزیکە لە هەردوو بەیاننامەی ( ڕوانگەو

کەرکوک–کفری)یەوە، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ئەم دوو بەیاننامەیە و بەیاننامەکانی دواتریش نەبوو. ئەمەش لە لایەن نووسەران و شاعیرانی نوێخوازەوە پشتڕاست کراوەتەوە، کە بەهیچ جۆرێک ئاگاداری ئەو بەیاننامەیە نەبوون.

٦– بەیاننامە کوردییەکانیش، بێ کاریگەری نەبوون، کاریگەری خۆیان بەسەر ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە هەبووە. بەتایبەت بەیاننامەی ( ڕوانگە) و (کەرکوک– کفری)، هەر لەسەرەتایی دەرچوونیانەوە تا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت، مشتومڕێکی گەرمی ڕەخنەییان بەدوای خۆیاندا هێنا، ڕاوبۆچوونی ڕەخنەیی زۆریان لەبارەوە دەنووسراو لە لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەوکاتەدا بڵاو دەکرانەوە، بە تایبەت ڕۆژنامەی (هاوکاری) . ئێستاشی لەگەڵدابێت ئەم کاریگەرییەیان هەرماوە بۆچوونی ڕەخنەیی ئەرێنی و نەرێنییان لەبارەوە دەخرێتەڕوو. ئەمەش خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە کاریگەری.

٧– بەشێک لە بەیاننامە تاکە کەسییەکانیش، لەوانە بەیاننامەی ( ئەنوەر مەسیفی، سەباح ڕەنجدەر، کەریم دەشتی ، ئەحمەدی مەلا، فەرهاد پیربال) تا ڕاددەیەک کاریگەرییان بەسەر ڕەخنەی ئەدەبییەوە هەبوو، توانیویانە جێگەی خۆیان لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا بکەنەوە، بەڵام بەو جۆرە نەبوو کە لە بەیاننامە دەستە جەمعییەکاندا هەبوو.

٨– هەردوو گرووپی (ڕوانگە)و (کەرکوک–کفری)، دووگرووپی نوێخوازی، قۆناغی شیعری حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بوون، ئامانجی ئەم دوو گرووپە نوێکردنەوەو بەرەوپێشبردنی ئەدەب بەتایبەتیش شیعری کوردی قۆناغەکە بوو، بەڵام بە دوو ئاراستەو بری جیاواز کاریان بۆ دەکرد، ئەمەش خاڵی سەرەکی ناکۆکی نێوانیان بوو.

## لیستی سەرچاوەکان :

کتێب :

ا– کوردی

– بێکەس، شێرکۆ (٢٠٠٩). دیوانی شێرکۆ بێکەس(من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ)، بەرگی یەکەم، سلێمانی

– بێکەس، شیرکۆ (٢٠١١). ڕوانگە، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

– بەرزنجەیی، هەڵۆ (٢٠٠٥). پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن، چاپی یەکەم، سلیمانی، چاپخانەی بەردخان.

– بەرزنجی، عەلی (٢٠٠٨). کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا.

– بەرزنجی، عەلی (٢٠٢٠). ئاسۆی دەق، چاپی یەکەم، ئێڤا بۆ چاپ و ڕیکلام.

– بەرزنجی، عەبدوڵڵا، عەلی (٢٠٢٣). فەرهەنگی ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

– پیربال، فەرهاد (٢٠٠٦). ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.

– تاهیر، تەلعەت (٢٠١١). چوونە ناو سووڕی مانا، سلێمانی، چپخانەی دیلان.

– حسێن، سالار (٢٠٢١). نووسینی ئۆتۆماتیکی لە شیعری نوێی کوردیدا، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.

– حەسەن، ناڵە (٢٠١٨). ڕووبەڕوو لەگەڵ شیعر، چپی یەکەم، هەولێ، چاپخانەی ئازادی.

– حەسەن، حەمەسەعید (٢٠٠٨). بەفرو گڕکان، چاپی یەکەم، هەولێر، بڵاوکراوەی ئاراس.

– حەسەن، شادمان (٢٠٠١). بزوتنەوەی ڕوانگەو شیعری نوێ ی کوردی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

– حسەینی، ڕەزا (٢٠١٨). قوتابخانە ئەدەبییەکان، و.حەمەکەریم عارف، چاپی دووەم، سلێمانی ،ناوەندی سارا.

– حوسێن، هیمداد (٢٠٢٠). ئەدەبی نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری هەولێر.

– حوسێن، هیمداد (٢٠٢٠). ئەدەبی نوێی کوردی، بەرگی دووەم، ناوەندی ڕۆشنبیری هەولێر.

– حیتۆ، ئەرشەد (٢٠١٢). دادایزم د هۆزانا نویخوازا کوردیدا(١٩٨٥–٢٠٠٣)، دهوک، چاپخانە هەوار.

– نووسەرانی بەیاننامەکە (٢٠١١). ڕوانگە، چاپی یەکەم، سلێمانی ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

– ڕەنجدەر، سەباح (٢٠١٩). چوار کتێب لەنارەی شیعرەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری.

– ڕەنجدەر، سەباح (٢٠١٨). دیوانی سەباح ڕەنجدەر، چاپی یەکەم، تاران، چاپخانەی تاران.

سەعید، زاهیر(٢٠١٤). ڕۆڵی گرووپی نوێخوای " وێران " لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا. نامەی ماستەر.

– زیاب، ئەبوعوبەید (٢٠٠٥). هۆزانا نوێخازی ل دەڤەرا بادینان ژ دەستپێکێ هەتا سالا ٢٠٠٠ ێ، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

– سابیر، پەرێز (٢٠٠٦). ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

– سدیق، ئارام (٢٠١٧). زمان و شیعرییەت، چاپی یەکەم، سلێمانی، ئەندێشە.

سدیق، شاخەوان (٢٠٢٠). شیعرو ئازادی، ڕێخراوی زەریاب بۆ خزمەتگوازریی کولتووری و ڕۆشنبیری.

– سلێمان، شەمێران (٢٠١١). ڕووبەڕوو لەگەڵ لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، هەولێر جاپخانەی ئاراس

– سۆران، حسێن (٢٠٢١). سەدساڵی سوریالیزم لە مەخلوقاتی شیعری ئازاد صوبحیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران.

– عارف، حسێن (٢٠٠٥). کۆکتێل، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

– عەبدوڵڵا، ئیدریس (٢٠٢٠). دەقناسی ئەدەبی کوردی،٢٠٢٠، چاپی دووەم، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر بۆچاپ و بڵاوکردنەوە.

– عەبدوڵڵا، دکتۆرئیدریس عەبدوڵڵا (٢٠١٩). ئەدەبی هاوچەرخی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر

– عەبدوڵڵا، ئەحمەد (٢٠١٣). سوریالیزم لەشیعری کوردیدا دوای((ڕاپەڕین–١٩٩١))، سلێمانی، چاپخانەی بینایی.

– فەللاح،شەریف (٢٠١٣). ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرگی دووەم ،سلێمانی، چاپخانەی کەمال.

– کەریم، ئازاد (٢٠١١). ڕەنگاڵەکانی دەق، چاپی یەکەم، کەرکوک، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی.

- گەردی، عەزیز (٢٠١١)، ڕوانگە، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

- محەمەد، سمکۆ ( ٢٠٢٠). ژانرە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی هەرێمی کوردستان.

- مەنتک، حەمە (٢٠١١). سوریالیزم لە ئەدەبی نویی کوردیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس.

- مەنتک. حەمە (٢٠١٨)، میتۆدەکانی ڕەخنەی ئەدەبی،، چاپی یەکەم، هەولێر، نووسینگەی تەفسیر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە

- میسری، فوئاد (٢٠٢١). من نەیاری ڕوانگە بووم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.

- میرە، ئەحمەد (٢٠١٢). کاریگەریی بزووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییە کوردییەکان لەسەر کۆمەڵگای کوردی باشووری کوردستان(١٩٧٠-٢٠٠٣)، چاپی یەکەم، سلێمانی چاپخانەی ڕەنج.

- نووری، محمدئەمین(٢٠٢١). شەقڵی نوێخوازی لە شیعری کوردی و فارسی سەدەی بیستەمدا(١٩٠٠-١٩٧٥)، چاپخانەی ئەزمەڕ.

- هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٣). شیعر- خەنافس تەنوورەی مینیجۆب، چاپی یەکەم، سلیمانی، چاپخانەی بەدرخان.

- هەڵمەت، لەتیف (٢٠٠٥). ئەو وشانەی دڕ بە تاریکە شەو دەدەن، چاپی یەکەم، کەرکوک، چاپخانەی ئارابخا

- هەڵمەت، لەتیف (٢٠١٤). دیوانی لەتیف هەڵمەت، چاپی یەکەم، جاپخانەی تاران.

ب– عەرەبی

– بروتون، اندريه (١٩٧٨). البايانت السوريالية، ت. سلاح برمدا، دمشق، منشورات الثقافة و الارشاد القومي.

– العامرى، كامل (٢٠١٨).معجم النقد الادبى الحديث، ترجمه و تحرير، الطبع الاولى، دمشق، دار نينوى.

كاصد، عبدالكريم (٢٠٢٢). رهان الستينات، نقد البيان الشعرى، الطبع الاولى، بغداد، منشورات اتحاد الادباء

ت– فارسی

ابادى، عليرضا رعيت حسن( ١٣٩٦)، مانيفست و تلقى از ان در گفتمان شعر مدرن و پسامدرن فارسى.

گۆڤارەکان :

ا– کوردی

– حەمەشەریف، ئازاد (٢٠٠٨)، هەڤپەیڤینێکی بەرفراوان لەگەڵ نووسەرو وەرگێڕ(د. ئازاد حەمە شەریف)، ڕامان، ١٣٦،(٤٠، ٤١).

– ڕەشید، سابیر (١٩٩٢). جوانکاری دۆزینەوەی شوێن لە بەردی سەبردا، پڕۆژە،٢، (٢٨).

– ڕەنجدەر، سەباح (٢٠٢١). گەردوونی یەکەم مانیفێستی شیعری. وانەر، ٣، (٦٥).

– زامدار، فەرید (٢٠١١). هەرای پشیلە شێتەکانی شیعر، نووسەری نوێ،٥٦، (١٨٨).

– ساڵح، ئەندازیار (١٩٩٢). پایزی دەریا، پڕۆژە،٢،( ٧).

– سدیق، شاخەوان (٢٠٢٢). ڕەخنەی ئەدەبی یان سوکایەتی بەناوی ڕەخنەوە، وانەر،٧،(٧).

– فەرەج، بەرزان (٢٠٢٢). ئەو مەشخەڵە وشەیەی گەڕایەوە ئامێزی خاک، وانەر،٧، (١٠).

– مەسیفی، ئەنوەر (٢٠٠٥). مانیفێستی دووەمی فۆڕمی گران، مانیفێستی چوارەمی فۆڕمی گران، مانیفێستی شەشەمی فۆڕمی گران، گۆڤاری شین، ٢٠٠٥، ١٥، (١٤١، ١٤٣،١٤٦ ).

– مەلا، ئەحمەد (٢٠٢١٩ پەخشیعر: مانیفێستێکیر، وانەر، ٤،( ٥٩).

– نووسەرانی بەیاننامەکە (١٩٩٢). وتەیەک، بەیانی ڕەخنەیی،  پرۆژە،١،( ٧، ٨)

– نووسەرانی بەیاننامەکە (١٩٩٤). مانیفێستی وێران، وێران، ١،( ١ ، ٩).

نووسەرانی بەیاننامەکە، ٢٠١٦). دەستپێکرن.... شیعر،١، (٥، ٦، ٧، ٨، ٩، ١٠)

– هەڵمەت، لەتیف (بەهارو هاوینی ٢٠٢٢). مێژووی چەند ناوێکی تایبەتمەندو جیاکار لە نەخشەی شیعری نویی کوردیدا، گەلاوێژی نوێ، (٦٩–٧٠)، (٥١).

ڕۆژنامەکان :

– الفواز، علي (٢٠٠٦).بيانات الشعرية العراقية، جريدة الصباح الجديد ٢٠٠٦، ٥٠١، ٩.

ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان:

ا– کوردی

– ئەحمەدی نیا، ئیبراهی (٢٠١٦). خوێندنەوەیەک بۆ بەیاننامەی شیعری پێشڕەوی کوردی (داکار)، ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

www.amazhe.com

– بەرزنجی، عەبدوڵڵا (٢٠٢٢). چاوپێکەوتن، ٢٠٢٢/٣/١٢

https://www.youtube.com/watch?v=b9s5uKo6cV8

– حەسەن، حەمەسەعید (٢٠٢١). شیعر وەک هونەری بێدەنگی، ٢٠٢١/١١/١٠

https://www.basnews.com/so/babat/694385

– حەکیم، بژار (٢٠١٦). ئەوەر مەسیفی... شاعیری هۆنیگران و دژەباو، ٢٠١٦/٩/٢٦

https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/26092016

– سلێمان، عەبدوڵڵا (٢٠١٧). مایفێستی ئەدەبی کرێکاری، ٢٠١٧/١٠/١٠.

https://dengekan.info/archives/4571

– شێخانی، سەباح (٢٠١٥). (ڕۆژەکانم)ی کەریم دەشتی، ٢٠١٥/٤/١١

https://www.wtarikurd.info/2015/04/11/%D8%B3%DB%95%D8%A8%D8%A7

– محەمەد پوور، کاوان (١٣٩٥). نویخوازی لە دەلاقەی مانیفیستە یەدەبیەکانی کورد شرۆڤەی ڕوانگە، کفری، داکار. ١٩٩٧/١١/١٧.

http://haje.ir/newsdetails.aspx?itemid=1263

– مەنتک، حەمە (٢٠٠٩). مانیفیستی سێیەمی وێران، ٢٠٠٩.

https://l.facebook.com/l.php?u=http%3A%2F%2Fdengekan.ca%2Farchives%2

ب– عەرەبی

– الحفار، نبیل (٢٠١١). البیان الادبیة، الموسوعة العربیةو ٢٠١١/٦/٢٩

https://l.facebook.com/l.php?u=https%3A%2F%2Fwww.google.com%2Furl%3

فارسی :

– پور حاجی، مرتضا (١٣٨٧). شعرحجم و موج نو، ١٣٨٦.

http://ensani.ir/fa/article/181763/%D8%B4%D8%B1%D8%B7-%D

چاوپێکەوتن :

– بەرزنجی، عەلی (٢٠٢٢)، چاوپێکەوتن، ٩ / ١١ / ٢٠٢٢، کۆلێجی زمان–زانکۆی سلێمانی

– خەلیل، زانا (٢٠٢٢). چاوپێکەوتن، ١٢ / ١١ / ٢٠٢٢، هەولێر

پوختەی توێژینەوەکە :

دەرکردنی بەیاننامە، کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی ڕەخنەو ئەدەبیات هەیە، بەیاننامە جیهانییەکان، لەوانەش( دادایزم و سوریالیزم ) کاریگەری خۆیان لەسەر ئەدەبی جیهانی هەبووە، بە هەمانشێوە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆش کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی کوردی هەبووە، له عیراقیش بەیاننامەی(شعر٦٩)ی عێراق، کە فاضل العزاوی و خالد علی مصطفی و فەوزی کریم دەریانکرد. لە کوردستانیش، بەیاننامە دەستەجەمعییەکانی وەک بەیاننامەی (ڕوانگە)، کە (جەلالی میرزا کەریم و وحسێن عارف وشیرکۆ بێکەس و جەمال شارباژێڕی و کاکەمەم بۆتانی) دەریانکرد، بەیاننامەی ( کەرکوک-کفری)، کە لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر(فەرهاد) شاکەلی دەریانکرد، هەروەها بەیاننامەی ( پرۆژە)، کە عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی و محەمەد ئەمین ئەحمەد و حەمید ڕێبوار دەریانکرد، بەیاننامەی گرووپی (وێران)، کە ( ڕزگار عەبدوڵلا، هاشم سەڕاج، ع.ع. یووسف، دڵشاد عەبدوڵلا، نامیق عەلی قادر، عەتا قەرەداغی، سەلاّح عومەر، ئازاد حەمەشەریف، فەرهاد پیربال) دەریانکرد. بەیاننامە ( بزاڤی تەغریبی)، کە ( ڕۆستەم باجەلان، عەباس عەبدوڵلا یوسف، کەمال مەعروف) دەریانکرد. لەسەر ئاستی تاکەکەسیش بەیاننامەکانی( ئەنوەر مەسیفی و سەباح ڕەنجدەر و کەریم دەشتی، ئەحەمدی مەلا) بێبەش نەبوون لەو کاریگەرییە. هەروەها لەئاستی ناوچەیشدا بەتایبەت لە ئێراندا، چەند بەیاننامەیەک دەرچوو، لەوانە بەیاننامەی (حەجم) کە (یدوالله رؤیایی) و هاوڕێکانی لەکۆتایی شەستەکاندا دەریانکردووە. بەگشتی، دەرکردنی بەیاننامە بەشێوەی دەستەجەمعی یان تاک دەبێت ، کە تێیدا بۆچوون و تێڕوانینی خۆیان دەخەنەڕوو. یەکەم بەیاننامەی ئەدەبیش، لە ئەدەبیاتی کوردیدا بەشێوەی دەستە جەمعی بوو، ئەویش بەیاننامەی ئەدەبی( گرووپی ڕوانگە) بوو، کە لە ١٩٧٠/٤/٢٥ لە ژمارە (١)ی گۆڤاری ڕوانگەدا بڵاویان کردەوە.

ملخص البحث:

لاصدار البيان أثره الايجابي في التيارات الادبية و النقدية. لقد اثرت البيانات الادبية و الفنية العالمية على الادب العالمى، و اداب شعوب العالم، منها الادب الكردي على نحو مباشر أو غير مباشر ففي العراق اصدر الشعراء فاضل عزاوي، خالد على مصطفى، فوزى كريم، سامى مهدى (بيان شعر٦٩) و فيه اهتمام بارز ببيان السوريالية و الدادائية. و فى كوردستان العراق اصدر الادباء شيركۆ بيكەس، جمال شارباژيرى، جلال ميرزا كريم، كاكەمەم بۆتانى، حسين عارف، بيان روانگه (المرصد) الذي كان له وقعه في الوصت الادبي والثقافي، و بيان جماعة كفري من قبل الشاعرين المبدعين ( لطيف هلمت و فرهاد شاكلى ) الزى وزع فى حينه و نشر فيما بعد في مجلة ( بروژه ) العدد المزدوج عام ١٩٩٢. و فى عام ١٩٩٢ اصدر الناقد عبدالله طاهر برزنجى بيانا نقديا وقعه معه عدد من الادباء نشر في العدد الاول من مجلة بروژه فى السليمانية، ترجمة الى العربية الناقد عبدالله طاهر برزنجى و نشر في مجلة ( القافلة) التابعة لوزارة الثقافة في اربيل. و بيانات جماعية منها بيان جماعة ( ويران ) الموقع من قبل مجموعة من الادباءو منهم هاشم سراج، فرهاد پيربال، عباس عبدالله يوسف، دلشاد عبدالله. وهناک بيانات جماعية أخرى (بزاف تغريبي) ،اصدر الادباء روستم باجلان، عباس عبدالله يوسف، كمال معروف. اما على الصعيد الفردي فقد اصدر الشاعر الرحل انور مسيفى، كريم دشتى، و احمد ملا، سباح رنجدر بيانات شعرية عدة في التسعينات و فترات أخرى، طرح كل واحد منهم رأيه في صدد الشعر و الشعرية. ان التفكير في اصدار البيانات الادبية لا يحصر في بلد او مكان و زمان محددين، فهو ظاهرة ثقافية انسانية عالمية، ففي ايران الجاره القريبه منا، اصدر الشعراء يدالله رؤيايى و لفيف من الادباء بيان حجم في أواخر ستينيات القرن منصرم.

تناول البحث تعريف البيان الادبى و تأثيره في النشاط الادبي مع التركيز على الخطوت الخاصة لكل بيان من تلک البيانات، و ذلک بالاستناد الى محتوى كل بيان و تأثيراته في تطوير المفاهيم الادبية بالتعويل على مصادر و مراجع هامة في هذا المجال.

Abstract :

Publishing manifestos have their fair share of influence on the criticism and literary trends. The international manifestos, including Dadaism and Surrealism, have had their own impact on the world literature; they have also influenced the Kurdish literature, whether directly or indirectly. The same goes for the Iraqi literature, the *Poem 69 manifesto of Iraq* is an example of this, published by Fazil Al-Azrawi and Khalid Mustafa Fawzi. In Kurdistan, there were manifestos published by certain guilds that were under the influence of the two aforementioned philosophies, some examples of these includ *The Rwanga Manifesto*, published by Jalal Mirza Karim, Hussein Arif, Sherko Bekas, Jamal Sharbazheri and Kaka Mam Botani; the *Kirkuk-Kifri Manifesto* published by Latif Halmat and Anwar (Farhad) Shakali; *the Proje Manifesto* published by Abdullah Tahir Barzinji, Mohammed Amin Ahmed and Hamid Rebwar, the Weran Group Manifesto published by Rzgar Abdullah, Hashm Sarajm, Ain Ain Yousif, Dilshad Abdullah, Namiq Ali Qadir, Ata Qaradaghi, Salah Omer, Azad Hama Sharif and Farhad Pirbal, and the Taghribi bzav Manifesto published by Rostam bajalan, Abas Abdullah yusuf, Kamal maruf. On an individual level, manifestos published by Anwar Masifi, Sabah Ranjdar, Karim Dashty and Ahmedi Mala were also under such influence. On a regional level, Iran in particular, a number of manifestos were published: the *Hajm Manifesto* is a good example, published by Yadullah Ruyaii and colleagues in the late 60s. Manifestos can be published by individuals and guilds alike; in them, they introduce their opinions and views. In the Kurdish literature, the first literary manifesto was a guild-published one; this was the *Rwanga Group Manifesto* published on April 25, 1970 in the first issue of Rwanga Magazine.

# بەشی یەکەم
# زاراوە و چەمک و پێناسەو گرنگی بەیانناما

# بەشی دووەم

# بەیاننامە دەرەکییەکان

# بەشی سێیەم

# بەیاننامە کوردییەکان